# مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

واسینی ئەلئەعرەج

# مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە

دوا شایەتحاڵ لەسەر کوشتنی شارەکانی دەریا

وەرگێڕانی:

سەباح ئیسماعیل

ناوی کتێب: مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە – ڕۆمان
نووسینی: واسینی ئەلئەعرەج
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٥٣
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقیان
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٣٦ی
سالّی ٢٠١٠ی دراوەتێ

پێڕست


وەرگێڕانی بۆ کوردی، جوانترین دیارییە بۆ من. واسینی ئەلئەعرەج ........ 7

پێشەکی ........ 11

دەستپێکی حیکایەتخوان ........ 19

بەشی یەکەم: نیشانەکانی بەرایی ........ 21

دەروازەکانی شێتی ........ 23

شەقامی مەهدیی کوڕی محەمەد ........ 39

گەڕانەوەی مەهدیی کوڕی محەمەد لە دوورخراوگەکەی ........ 56

ئەرشیفی ترس ........ 73

پەردەهەڵماڵین لەسەر شاردنەوەی سەرهاتە کۆنەکە ........ 87

بەشی دووەم: سەرەتای گەشتەکە ........ 107

ڕووخسارە نامۆکان ........ 109

گەڕانەوە بۆ هەقایەتە کۆنەکان ........ 150

وردەکاریی ڕۆژانە ........ 168

دیوارەکانی نەخۆشخانەی جوانکاری ........ 187

بەشی سێیەم: هەرەسهێنانی شار ........ 211

ژێرزەمینە داخراوەکانی شار ........ 213

دوایەمین گفتوگۆ نهێنییەکان ........ 230

ئەو دادگاییەی پێش خۆرگیرانەکە کەوت ........ 243

مردوو لە بێشکەوە بۆ گۆڕ ........ 276

# وەرگێڕانی بۆ کوردی، جوانترین دیارییە بۆ من

واسینی ئەلئەعرەج – فەڕەنسا

هەر کاتێک بەرهەمێکم وەربگێڕرێتە سەر زمانێک، سەیرم لە فراوانیی جیهان و لە هەمان کاتیشدا بەبچووکییدا دێتەوە، مرۆڤەکان چەند بەهەڵەدا دەچن، ئەو کاتی وا هەست دەکەن لە سەرووی ئەوانی ترەوەن. خەمی مرۆیی یەکن و خۆشییەکەیشی هەر یەک. تەنیا پێویستمان بەوەیە یەکێک گوێ ڕادێرێت. کەمێک گوێ بۆ ئەو بانگەوازانە هەڵخات، کە لە دەوروبەریدان، بگرە لە ناخیدان، کە گەلێک جار خۆشگوزەرانیی ژیان دەیانکاتە ژاوەژاوێکی لاوەکی، لەوانەشە هاواری بەهانا گەیشتن بێت و داوا نەکرێت، مەگەر تۆزێک دەستی بۆ درێژ بکرێت، بێ ئەوەی زیانێک بکات.

ئەوە مرڤەکانن زمان دەکەنە هۆیەک بۆ خۆشەویستی، یاخۆ ئامێرێک بۆ ڕق و کینە. بۆیە سەرەنجام یەکسان دەبن، زمانێک نییە باڵا و ئەوی تر نزم، بەم لۆجیکە، شتێک نییە ناوی زمانی گەورە و زمانی بچووک بێت. مرۆڤەکان لە هەر کوێیەکدا بن، خێرخواز و شەڕانگێزیشیان تێدان، ئەوە زمان نییە هزر دەستنیشان دەکات، بەڵام هزر ناسنامەیەک بەزمانەکەیان دەبەخشێت، بۆیە لە میانەی زمانەکە خۆیەوە، چاک و خراپ، فشۆڵ و توندوتۆڵ، لێبووردە و توندڕەو، دڵکراوە و ڕقئەستوور، پیاوچاک و شەڕانی، خەباتگێڕ و سەرشۆڕ، تاوانکار و بێتاوان، جەلاد و قوربانی، دەناسین.

هەموو زمانەکان یەکسانن. زمانی عەرەبیی حەلاج و میر عەبدولقادری جەزایری و حوسێن مەروە پێی دەدوێن، هەروەها دیکتاتۆرە کۆن و نوێیەکانیش قسانی پێ دەکەن.

فەڕەنسی زمانی ڤۆڵتێر و مۆلێر و لامارتینە، هەروەها زمانی نەیارانی گشت جیاوازییەکانیشە، فیشی و جۆن ماری لۆپین و میگری و ئەوانی تر. ئیسپانیی سێرڤانتس و لۆرکا هەیە، هەروەها ئیسپانیی فرانکۆ و

داروده‌سته‌که‌ی له‌ دوژمنانی ئازادییه‌ مرۆییه‌کان.

ئینگلیزیی شکسپیر و پۆڵ ئۆستێر و فیلیپ ڕۆس و ئینگلیزیی بووش و دروستکه‌رانی ئامێری کوشتن و وێرانکردنیش هه‌یه‌. عیبریی عامۆس عۆز و عیبریی شارۆن و عیبریی پیاوکوژانیش هه‌یه‌.

هه‌ڵوێستی پێشوه‌خت له‌ هه‌ر زمانێک هه‌ڵوێستێکی دوژمنکارانه‌یه‌، هیچ پاساوێکی نییه‌ مه‌گه‌ر نه‌زانی و ڕه‌گه‌زپه‌رستیی ناواخندار و بۆماوه‌، ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ خراپترین کانگه‌ی ڤایرۆسی دژ به‌مرۆڤایه‌تیی مرۆڤه‌کان.

هه‌ینێ پێشنیازی وه‌رگێڕانم پێ ده‌گات، هه‌رده‌م تووشی سه‌راسیمه‌یی دێم و هه‌رگیز له‌ مه‌ودای بڵاوبوونه‌وه‌ی زمانه‌که‌، یاخۆ به‌رته‌سکی ناپرسم. پرسیاری سه‌ره‌کیی من ئه‌وه‌یه‌، داخۆ چۆن ده‌قه‌که‌م له‌ وڵات و خه‌یاڵگه‌ و ڕۆشنبیرییه‌کی تردا ده‌په‌ڕێته‌وه‌، پارادۆکسه‌کانی چین؟ ئه‌ی جیاوازی و ته‌باییه‌کانی چین؟ ئایا ده‌قه‌ ئه‌ده‌بییه‌که‌م له‌ دواڕۆژدا شتێک له‌ ڕوحی هاوبه‌شماندا ده‌دۆزێته‌وه‌، ئه‌ی له‌لایه‌نی ژیان و بوون و ڕۆشنبیرییه‌وه‌ چی سه‌رقاڵمان ده‌کات؟

ئه‌مه‌م له‌ وه‌رگێڕاندا بۆ زمانی فه‌ڕه‌نسی و ئه‌ڵمانی و ئیتاڵی و ئینگلیزی و سویدی و ئیسپانی و عیبری و زمانه‌کانی تریشدا تووش هات، ئه‌وه‌تا ئه‌مڕۆ له‌گه‌ڵ زمانی کوردییشدا به‌ره‌وڕووم ده‌بێته‌وه‌. زمانی گه‌لێکی به‌رهه‌ڵستکار له‌ پێناوی مافه‌کانیدا، له‌ بوون و جیاوازیی ڕۆشنبیری و ژیانیی خۆیدا. زمانی میلله‌تێک خودان تایبه‌تمه‌ندیی ڕۆشنبیری و هزری و ئه‌و هاوبه‌شییه‌ مه‌زنانه‌یه‌، که‌ له‌ خزمه‌تی مرۆڤه‌کاندان.

هه‌ینێ سه‌باح ئیسماعیلی برام پێی ڕاگه‌یاندم له‌ وه‌رگێڕانی ڕۆمانه‌که‌م "مرۆڤێک ناوی له‌ ناواندا نییه‌"(*) بووه‌ته‌وه‌، له‌به‌ر چه‌ند هۆیه‌کی تایبه‌ت

---

(*) ناوی ڕۆمانه‌که‌ "ضمیر الغائب"ـه‌ واتا "ویژدانی نائاماده‌" یان "ئه‌و"، یاخۆ "ڕاناوی سێیه‌م"یش ده‌گرێته‌وه‌ و هه‌مووشیان ڕاستن، بۆ ئه‌وه‌ی له‌و دژوارییه‌ خۆم ده‌رباز بکه‌م و ناوێکی لێ بنێم تا ڕاده‌یه‌ک هه‌موویان بگرێته‌وه‌، ڕۆمانه‌که‌م ناو نا "مرۆڤێک ناوی له‌ ناواندا نییه‌". (وه‌رگێڕ)

خۆشیم پێدا هاتەوە.

یەکەم، پێوەندیی بەهاوسۆزیی لەمێژینەمەوە هەبوو لەگەڵ دۆزی کورد و لەدەستدانی چەندین خۆشەویست و دۆست لەو کوردانەی ئامێری ستەمکاری و کوشتنی بەکۆمەڵ لووشی دان، کەسانێک ئێش و ئازاری پەناهەندەییم لەگەڵیاندا لە پایتەختە عەرەبی و ڕۆژئاواییەکاندا بەش کرد، هەروەها گۆرانییەکانی تاراوگە و دوورەوڵاتی و بڕوابوون بەداهاتوویەک ڕەنگە دوور نەبێت، لەوانەشە نەوەیەکی تر تێیدا بژین لە دەرەوەی ئەو شەڕانەدا بن، کە باوباپیران باجەکەیان دایەوە.

من باش دەزانم مانای لەدەستدانی باوک لە دۆزەخی شەڕی بێبەزەییانەی ڕزگاریخوازیدا چی دەگەیەنێت.

وەرگێڕانی "مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە" بۆ من زۆر دەگەیەنێت، چونکە بەردەوام دەمگەڕێنێتەوە بۆ باوکم، کە شەڕی سەربەخۆیی جەزایر لێی دزیم، ئەو کات تەمەنم پێنج ساڵی تێپەڕ نەکردبوو. پاشان پرسیم باشە بۆ وەرگێڕ "مرۆڤێک ناوی لە ناودا نییە"ی هەڵبژاردووە؟ هەرچەندە یەکێک لەو ڕۆمانانەیە، کە لە ڕەوشی بێ هیواییدا نووسیبووم، لە پرۆژەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵگەی جەزایر لە سەربەخۆییەوە تا ئەمڕۆ، کەچی وەکو ڕۆمانێکی کەمێک شاراوە مایەوە لە چاو ئەو ڕۆمانانەی پێوەند بوون بەسەختییەکانی قۆناغی ئێستاوە، وەکو (سیدة المقام - خاتوونی شکۆیی)، (حارسة الظلال - پاسەوانی سێبەر) و (ذاکرة الماء - یادەوەریی ئاو)، کە جەزایر لە ژێر سایەی توندڕەویی ئایینییەوە تێیاندا ژیا و هێندەی نەمابوو وڵات کاول بکەن.

"مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە" چی لە ناواخندایە، تاکو کارێکی وا بکات خوێنەری کورد بۆ خۆی بەکێش بکات؟ چیرۆکەکەی؟ ڕەنگە، چیرۆکێکە لە گەڕانەوەی شەهیدێکەوە ڕەوتی خۆی وەرگرتووە. شەهیدێک وەک شەهیدەکانی تر نییە. دەگەڕێتەوە تاکو ببینێت میراتگرەکان چییان بەو زەوییە کردووە، کە ڕزگاری کرد و لەپێناویدا گیانی بەخشی؟ شەهید داوای

ئەو بەها بەرزانە دەکات، کە لەپێناویدا منداڵەکانی هەتیو کەوتن؟ میراتگران لە جەزایردا لە ئاستی قوربانیداندا نەبوون. سەربەخۆییان دزی و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیان گۆڕی، ئەمە گەوهەری ڕۆمانەکەیە.

کاتێک بۆ مێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕێمەوە، بۆم دەردەکەوێت لە زۆرێک لەو وڵاتانەدا ڕووی داوە، کە لە شەڕی دڵڕەقانەی ڕزگاریخوازی دەرچوونە. داخۆ ئەمە وانەیە؟ لەوەیە نووسەر وانەیەک بداتەوە، لێ هەستەوەرییەکی قابیل بەرامان دەهێڵێتەوە. مرۆڤایەتی لە دڵڕەقی و خۆشەویستیدا هاوبەشە. پاشان هەندێک تایبەتمەندی هەن، تەنیا خوێنەری کورد دەرکیان پێ دەکات و لە میانەی کاردانەوەی دوای خوێندنەوە پێمانیان دەناسێنێت، ئەو دەم منیش منەتباری دەبم.

لە کۆتاییدا، ئەم وەرگێڕانە جوانترین دیارییە بۆ من پاش دیسانەوە دەرچوونم لە قەیرانێکی تەندروستیی سەختدا.

# پێشەکی

ئەدەبی ئەفریقی، کە ئەدەبی جەزایرییش بەشێکی دانەبڕاوە لێی، لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی داگیرکاری فەڕەنسیدا گەشەی کردووە و تا دەورانێکی زۆریش زمانی فەڕەنسی زمانی یەکەمی ئەو نەتەوە و وڵاتە داگیرکراوانە بووە. تا هەندێک لەو وڵاتانە شۆڕشیان دژ بەداگیرکاری فەڕەنسی هەڵگیرساندووە و داگیرکاریان لە وڵاتەکەیان وەدەر نا، ئینجا بەخۆکەوتن و بەزمانی ڕەسەنی خۆیان کەوتنە نووسین.

پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی جەزایری لە یەکی نۆڤەمبەری ١٩٥٤دا و ڕاگەیاندنی لەدایکبوونی "بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی" وەکو تاقە نوێنەری ڕەوای خەباتی گەلی جەزایر، هەڵوێستی حزبەکانی ئەوسا جیا بوون لە یەکتر، لە نێوان لایەنگیری و دژوەستانەوەدا. هەندێکیان بەسەرکێشی و هەندێکی یتریشیان بەکارێکی تێکدەرانە و ڕەفتارێکی مایەپووچانەیان لە قەڵەم دا.

حزبی کۆمۆنیستی جەزایریش هەر لە دەستپێکەوە شۆڕشەکەی بەدەستکردی دەوڵەتانی عەرەبی و بەشۆڕشێکی پۆپۆلیستی و نەتەوەیی دانا و هەڵوێستی لە بەرابەردا وەرگرت. بۆیە باڵی چەکداری خۆی "شەڕوانانی ڕێگەی ڕزگاری" خستە گەڕ.

دوای شۆڕش (١٩٥٤-١٩٦٢)، کە بابەتێلی بەپێز و بێشومار بۆ بەگەڕخستنی نووسەران ئامادە بوون. گەلێک لە نووسەرانی جەزایری بابەتی دەقەکانیان بەدەوری بازنەی ڕەوایی شۆڕش و بەپیرۆزکردنی و نەبەردییەکانی موجاهیدەکان و تاوانەکانی داگیرکاری فەڕەنسیدا دەخوولایەوە.

لە هەمان کاتیشدا ڕەوتێکی تر، پێچەوانەی ڕەوتی باو دەیاننووسی و لە دەقەکانیاندا ڕەخنەی توندیان لە شۆڕشی جەزایری و بەرەی ڕزگاریخوازی

نیـشـتـیـمـانی دەگـرت و نـەوەیەک لە سـەرەتاوە ئەو کـۆڕپەی شـۆڕشـەیان بەلەبارچوو وێنا دەکرد و ئاوات و مافـە ڕەواکانی چین و توێژەکانی کۆمـەڵیان تێـدا بـەدی نەدەکـرد و کـەوتنە نووسـینـەوەی مـێـژوویەکی ناتەبا بـەمـێـژووی فـەرمی. لەوانەش ڕۆمـاننووسـانی وەک (مەولود مـەعمـەری و تاهیـر غەمـەری و واسینی ئەلئەعرەج و ئەحلام موستەغانمی و....).

واسـینی ئـەلئـەعـرەج لەم ڕۆمـانەیدا هـەڵوێسـتی باڵی چەکـداری حـزبی کـۆمـۆنیـسـتی جـەزایری نیـشـان دەدات، دەسـتـەیەکیـان بۆ ڕۆڵ بینین و بەشداریکردن، بەمـەبەستی ئەنجامدانی شۆڕش لە ناو شۆڕشدا، پێوەندییان پێوە دەکـەن. سـەرەنجـام پلانی کوشـتنی بەکـۆمـەڵ بۆ سـەرجـەم ئـەو گرووپە دادەنرێت و بەپیـلانی ڕێبـەرانی شـۆڕش لەناو دەبرێن. هەر بەڕاسـتـیش تا ئێستا لە مێژووی جەزایردا زانیاریی زۆر کەم سەبارەت بەکۆمۆنیستەکان لە قۆنـاغی شـۆڕشـدا بەدەست دێت. بەگـشـتی ڕەشـوڕووتەکە بـەدەست ئەوانەی دوایی خەباتی دوێنێیان پێ دەفرۆشنەوە، هیـلاک و ماندوو بوون. ئەوان ئێستا دەسـتیـان بەسـەر سامـانی وڵاتدا گـرتووە و هـەموو شـتـەکان بەموڵک و مـافی ڕەوای خـۆیان دەزانـن. لەم ڕۆمـانەدا جـەلادانـی شـۆڕش بۆ ئـەوەی هەردەم خۆیان وەکو قوربانی دەربخـەن و جـەلادێتیی خۆیان بشارنەوە، قوربانییـان وەکو جـەلاد نیـشـان دەدەن. ئەم ڕۆمـانە لە ڕێی دەنگی بیرەوەرییـەکانەوە کـار لەسـەر گـومـان دەکـات و ڕاسـتـیـیـە حـاشـا هـەڵنـەگرەکـانی شـۆڕش ئاوەژوو دەکـاتەوە و ئەفـسـانەی شـۆڕشی ئازادیخـوازی جـەزایری تێک دەشکێنێت و ئەوە دەسـەلمێنێ شـۆڕشەکان تەنیا لاپەڕەی سـپی و بێگەرد نین، بەڵکو لاپەڕەی زۆری ڕەشیشیان تێدان.

ئەوان دەیـانگـوت: هـەمـوو جـەزایرییـەکـان بـران و هـەمـوو کـات وایان دەردەخـست ڕاسـتی لای ئەوانە. کـەچی پێـچـەوانەکـەی ڕاست بوو. چـەندێک بانگەشـەی سـۆشـیـالیـزم و یەکسـانییـان دەکرد، هـێندە لە سـەرمـایەداری و جیاوازی نانەوە نزیکتر دەبوونەوە، چەندێکیش قسەیان لە یەکسانی لە ماف و ئەرکـدا بکردایا، ئـەوەندە قـەڵشـتی جـیـاوازیی چینـایەتی و نەتەوایـەتی و

کۆمەڵایەتی لە نێوان چین و توێژەکاندا فراوانتر دەبووەوە. چەندێکیش باسیان لە ئاشتی و پێکەوەژیان بکردایا، هێندە لە ژێرەوە کەسانی پێشکەوتنخوازیان تیرۆر دەکرد و جێی ڕای جیاوازیان تێدا نەدەبووەوە و نەتەوەی تر، وەکو ئەمازیقیان زیاتر بێ مافتر و بێبەشتر دەکرد و دانیان بەبوونیاندا نەدەنا.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا زیاتر کار لەسەر فەنتازیا دەکات و چینە خەوتوو و قووڵەکانی ناومان دەدوێنێت، پێوەند بەگشت ئەو شتانەی ناوترێن و بێدەنگییان لێ دەکرێت. لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانێکەوە، کە دەیەوێت ڕیپۆرتاژێک لەسەر هۆیەکانی شەهیدبوونی باوکی بکات، دەستپێک سەرنووسیاری ڕۆژنامەکە لە ترسی لەدەستدانی کارەکەی و نانبڕین ڕێگەی ئەوەی پێ نادات.

بۆ چاوبەستی، مۆنۆمێنتێک لەسەر ڕێگەیەکی لاچەپی گوندێک بەمەبەستی ڕەواندنەوەی گومان و دوودڵی، بۆ باوکە لەبیرکراو و فەرامۆشکراوەکەی چێ دەکەن. کوڕەی ڕۆژنامەنووس سەرەتا پەنا بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەکە دەبات، تا بزانێت چەندە ڕاستی لە ڕابردوودا دەدۆزێتەوە.

سەرەنجام پاش ئەوەی لە ڕێگەی نەخۆشخانەی جوانکارییەوە هەموان لە مرۆڤبوون دادەماڵن و ئامێرد ئاسا ڕەفتار دەکەن و خۆ لە قسەکردن لەو بارەوە دەبوێرن. ئەو شەهیدەکە لە چوارچێوەکەی دەردێنێ و دەیدوێنێت، وێڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دەیخەنە سەر ڕێگەی، لەسەر ئامانجەکانی بەردەوام دەبێت و کێشە و چەرمەسەرییەکی زۆری دێنە ڕێ.

***

واسینی ئەلئەعرەج ساڵی ١٩٥٤ لە تەلسمانی جەزایر لە زێدی محەمەد دیبی ڕۆماننووسی ناوداری جەزایری هاتووەتە دنیاوە. دە ساڵ لە دیمەشقی پایتەختی سووریا ماوەتەوە و هەر لەوێندەرێش بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرا بەدەست دەهێنێت. ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی جەزایر و سۆربۆنی فەڕەنسی. یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی ڕۆمان لە نیشتیمانی عەرەبیدا. بەهەردوو زمانی عەرەبی و فەڕەنسی دەنووسێت. سەر بەقوتابخانەی نوێیە و لەسەر تاقە شێوازێک لە نووسیندا ئۆقرە ناگرێت، بگرە هەردەم لە گەڕاندایە

بەدوای شێوازی نوێدا و لە بەرهەمەکانیدا پتر کار لەسەر زمان دەکات. لە دوا ڕۆمانیدا (بانیژەکانی دەریای باکور) دەکۆشێت ئەوە لە بیر خۆی بباتەوە، کە نیشتیمانێکی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر بابەتێکی تر قسان بکات، چیرۆکی ئەوینداری دەنووسێت، چونکە بەلای ئەوەوە خۆشەویستی ئەو دۆخە مرۆییەیە، کە هەرگیز ترپەی دڵی لە لێدان ناکەوێت.

ساڵی ١٩٧٧ ڕۆمانی (دۆنکیشۆت لە جەزایر) بەیەکێک لە پێنج ڕۆمانە هەرە باشە دەرچووەکان لە فەرەنسادا دێتە ئەژمارکردن. هەڵبەت ئیلهامی ناوی ئەم ڕۆمانەی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، سێرڤانتسی نووسەری ئیسپانی پێنج ساڵ بەنیمچە بەندکراوی لە جەزایردا ماوەتەوە و هەلی نووسینی یەکێک لە دەقە باشەکانی مێژوو (دۆن کیشۆت)ی بۆ ڕەخسا.

ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ڕۆمانی جەزایریی وەرگرت.

ڕۆمانەکانی بۆ زمانەکانی (فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، سویدی، ئینگلیزی، ئیسپانی) وەرگێڕراون.

***

ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەو ڕۆمانە قورسانەی زۆر بەزەحمەت وەرم گێڕا و گەلێک پێوەی ماندوو بووم، چونکە لە ڕووی تەکنیکیشەوە بەسانایی خۆی بەدەستەوە نەدەدا، واسینی خۆی دەڵێت "لە شتێکی پەنهان دەگەڕام لە ناو ئەلفوبێی نووسینی عەرەبیدا نووستبوو". هەڵبەت ئەم شێوە نووسینە لە ڕۆمانەکانی "ڕەشید بو جەدرە و جیلالی خەڵاس و زاوی ئەمین"یشدا بەدی دەکرێت.

ڕۆمانەکە بەدەیان ڕستە و دەستەواژەی جەزایریی وای تێدان ئەگەر زانیاریی زۆرت لەسەر داوونەریت و مێژوو و جوگرافیای ئەو وڵاتەدا نەبێت وەرگێڕانی ئەستەمە. منیش ناچار بۆ دۆزینەوەی کلیلی قفڵی ئەو ڕستە و دەستەواژە و کۆپلە شیعرانە پەنام بردە بەر چیرۆکنووس و لێکۆڵەری جەزایری "حوسێن لیشۆری"، تا ئەو ڕستە و دەستەواژە جەزایرییانەی بەشێوەزاری جەزایری نووسراون وەرگێڕێتە سەر عەرەبیی پەتی.

نووسەر دوای چەند ڕۆژێک بەرسڤی دامەوە و بەزمانێکی تووڕەئامێزەوە

نووسیبووی "ئێستا تێ گەیشتم چۆن لاوانمان بەلاڕێدا دەبرێن و ئاکاریان تێک دەدرێت، ئەمەش لە سۆنگەی برەودانە بەم جۆرە ئەدەبە، کە بەئەدەبی ئاودەستخانە ناو دەبرێت، من لێرەوە پێشنیازی ئەوەت بۆ دەکەم لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە پاشگەز ببیتەوە.."

هەڵبەت نووسەر لە جێی خۆیەوە هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەر ڕۆمانەکەدا هێنابوو، تەنیا لەبەرئەوەی بەدیدێکی نوێوە لە شۆڕشی جەزایری دەڕوانێت و ڕەخنەی توندی لێ دەگرێت. ئیتر دەستم لەمیش بەربوو و نامەم بۆ چەند نووسەرێکی جەزایریی تریش نارد. چون ئەم ڕۆمانە بەر نەفرەت کەوتبێت، کەسیان وڵامیان نەدامەوە و دەستەوستان دانیشتم.

دوای دوو مانگ لە چاوەڕوانی، لەم ماوەیەدا "ڕابەر فاریق"ی شاعیر ڕووی لێ نام و ئامادەیی خۆی دەربڕی، کە بەپێی توانا هەوڵێکم بۆ بدات. توومەز پەنای بۆ خانمە شاعیر "ڤینۆس فایەق" بردبوو، خوا هەڵناگرێ ئەویش بەدڵێکی کراوەوە و بەهاوکاری برادەرێکی جەزایری، بەعەرەبیی پەتی و بەکوردی وڵامی ئەو ڕستە و دەستەواژانەی دوای سێ ڕۆژ بۆ ناردبووەوە.

هەر بەڕێککەوت دوو ڕۆژ دوای ئەوە «نەوارە حەرەش»ی شاعیر و ڕۆژنامەنووسی جەزایرییش وڵامەکانی بۆ ناردمەوەو ڕوونکردنەوەی لەباری نووسیبوو، ئیتر تاڕادەیەک کارەکەم بە کەماڵ گەیشت. بەڕاستی هەوڵ و مندووبوونی ئەو خەمخۆرانە نەبووایا تا ئێستاش ڕۆمانەکە ڕووناکیی نەدەبینی.

***

ماوەتەوە بڵێم لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا نووسەرانی دڵسۆز و بەئەمەک (مامۆستا ئەمین شوان، کامەران تاهیر، حەمە سەعید زەنگنە، لوقمان حوسێن) یارمەتییەکی زۆریان دام، بەدەقە کوردییەکەدا چوونەوە و بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی، پێشنیاز و تێبینیی جوانیان وێدام، سوپاسیان دەکەم و منەتباریانم.

سەباح ئیسماعیل

٢٠١٠/٢/١ کەرکووک

ئەوی زێڕی بزر کردووە،
لە بازاڕی زێڕینگەراندا دەیبینێتەوە.
ئەوی خۆشەویستی گوم کردووە،
دەشێت دوای ساڵێکی لە بیر بکات.
لێ ئەوی وڵاتی ون کردووە،
نیشتمان لە کوێندەرێی بدۆزێتەوە؟

## دەستپێکی حیکایەتخوان

دوای ئەوەی ڕووی دا چی بڵێین!؟

بەپێی قسەی ئەوانەی بەخت دەگرنەوە و بەقووڵی تەماشای چاوی خەڵکی دەکەن، ئاپۆرەی خەڵکەکە لەو هەواڵە وردبوونەوە، کە لە گۆشەیەکی ڕۆژنامە لەبیرکراوەکەدا دانرابوو:

**لەبەر بارودۆخی تایبەت و لەدەست ئێمە دەرچوو و پێوەند بەنەخۆشییەکەیەوە، هاوکاری ڕۆژنامەنووسمان حوسێنی کوڕی مەهدیی کوڕی محەمەد لە مۆڵەتێکدا، کە ڕەنگە درێژە بکێشێت، بەرەو پاریس جێی هێشتین. خوێنەرانی لە دڵا شیرین، ئەوانی نامەیان بۆ ناردووین و لە تەندروستیی دەپرسن دڵنیا دەکەینەوە، سوپاس بۆ یەزدان تەندروستیی باشە. هەروەها پێیان ڕادەگەیەنین، گۆشەی "شتێک لە ئەرشیفەوە"، گۆڕا بەگۆشەی "لەگەڵمدا وەرە"، ڕاستەوخۆ لە پاش بەساغ و سەلامەتی گەڕانەوەی حوسێن لە نەخۆشییەکەی، کە لەپڕ لە مێشکی دا، وەک جاری جاران دەگەڕێتەوە. (...).**

خەڵکەکە قسەیان لەسەر هەواڵەکە نەبوو، لێ باش باش پاشماوەکەیان دەزانی. لەوەیە حوسێن مەهدی محەمەد هەرگیز نەگەڕێتەوە، گۆشەکەیشی لەگەڵ چاوی منداڵاندا سووتا.

دوای ئەوەی ڕووی دا چی بڵێین؟

بەر لەوەی ناوی شارەکە و ڕۆژنامەکە و ڕووخساری خەڵک و شێوەی مرۆڤەکان بگۆڕدرێن، بەملیۆنان، بگرە بەملیاران خشۆک، کە لە زاڵو دەچوون کشانە ناوجەرگەی شارەوە، زارووی ڕەش دەتگوت قەترانن.

هەندێک دەبێژن وەک خـۆرگـیـران، بەسـەر پـەڕەی ڕۆژنامـەکـاندا ڕژان و کرۆشتیان، دیوارەکانیان سمی، دەمی خەڵکەکەیان بەست، دەموچاوە شەکەت و مـاندووەکـانـیـان کو کرد و تا مـاوەیەکی درێژ لە نێوان لۆچەکانیدا جـێگیـر بوون. گـڵی سـەر زەوییـەکـەشیـان تێک دا و جگە لە وشکانـی هیـچی بەرهەم نەدەهـێنـا. زارووی ڕەش نە چاو و نە پێی هەبوو. ئەوانی بـەخت دەگــرنەوە و چاوی مـردوو دەخـوێننـەوە دەڵێن؛ ملـملانێیـەک لە شـێوەی ملـملانێی مـەرگ لە نێوان ئەمـان و جرجی شارەکەدا لە ئارادایە. خوێن بەڕووی بێدەنگیی شـەقام و باڵەخانەکان و دیمەنی هاموشۆکەرانەوە دیارە، کەسیش نازانێت کەنگێ ئەم کوشتوکوشتارە دەبڕێتەوە.

ئەوی ڕەشـــە خــەڵکەکــە دەیزانـن ئەوەیە گـــڕەبایـەک هەڵی کـــردووە و بێ ئومـێدییـەک بـەئیـشـتیـاوە بەرەو گۆڕی شـەهیـدان، کە گـیـای زیانبـەخش دای پۆشیـون، دەکشـێت. کـەسـیش نازانێت سـەرەنجامـە مـەترسـیدارەکەی بەکوێ دەگات.

**"ئەم ڕووداوانە لـە سـەرەتای مـانگی باوبۆرانـەکـە و زۆریش بەری وی، لـە سـاڵی خۆرگیرانە مەزنەکەدا ، لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/١٢/٢٧"ڕوویان داوە.**

بەشی یەکەم

# نیشانەکانی بەرایی

# دەروازەکانی شێتی

١

چ واتایەکی هەیە وڵاتێک مرۆڤەکانی شێت بن و گشت خەڵکەکەشی خۆیان بەژیر بزانن؟ ئەی مانای چییە لە نێوەندێکدا تۆ ژیر بیت، کەچی ئەوان نەزانن شێتن؟

بەهەرحاڵ من ئەمڕۆ دەتوانم گەواهی ئەوە بدەم، کە شێتخانە خراپ نییە. گەواهی کەسێکی زانیار و بەئەزموون. مرۆڤ تێیدا پشووی تەواوی خۆی وەردەگرێت و دۆخەکانی مێشک پاراوی وای لێ دەکەن ببێتە ناسکترین مرۆڤی سەر زەوی. لە سەرووی ئەمانەشەوە، بەو شێوەیەی دڵ حەزی لێ دەکات دەبێتە ئاغای خۆی.

تا ئێستا خۆرگیرانەکە بەردەوامە، ئەوی لە جوانیی شارە دڵڕفێنەکەدا ماوە لووشی دەدات. خەڵک، گشت خەڵکەکە وەکو کوێریان لێ هاتووە، کەس نەک دراوسێکەی تەنانەت خۆشی نابینێت.

بەر لەوەی وردەکارییەکانی ژیان و خۆڵەمێشی ئەستێرە سووتاوەکانم لە یاد بچنەوە، دەمەوێت خۆمتان بیر بخەمەوە. ڕەنگە بیرتان چووبێتەوە. هەندێک جار تاریکی چاو کوێر دەکات. ببوورن، شارەکە یادەوەریی هەزاران کەس لەوانەی شەیداین ڕیشەکێش کردووە.

ناوم حوسێنە. باوکیشم ناوی مەهدیی کوڕی محەمەدە، یەکێک لە شەهیدانی ئەم وڵاتەیە، کە لە پێناویدا سووتا کەچی بیری چوو ئێسک و پرووسکی لە چۆڵاییی دارستان و دۆڵەکاندا فڕێ دراوە. تەنانەت نزیکترین هاوەڵیشی پرسیاری نەکرد. ئەوی من بیزانم، درێژیم لە مەتر و نەوەت

سانتیمەتر تێپەڕ ناکات، چونکە لە ڕۆژانی خوێندنمدا لە دواناوەندییەوە درێژیی خۆم نەپێواوە. چاوەکانم شەش لەسەر شەشن، لە سۆنگەی پاڵەپەستۆی خوێنەوە سوورییەک لە چاوی چەپمدا بەدی دەکرێت. ڕۆژنامەنووسێکی لەخۆبوردووم، لە ڕۆژنامەیەکی نیشتیمانیدا کاری ڕیپۆرتاژم پێ سپێرراوە، کە خەریکە لە دوای دەرکردنی ستافە کۆنەکەی (بەڕێوەبەر و سەرنووسیار) بەیەکجاری شکست دەهێنێت.

لێتانی ناشارمەوە ئەگەر پێتان بڵێم، من لە هەمبەر ئەوی دەیبیسم قەناعەتی تایبەت بەخۆم هەیە، هەروەها لەوەی لە دەوروبەرم ڕوو دەدات پەرچەکرداری خۆم هەن، وەلێ هەموو کات ئاشکرای ناکەم لەبەر بارودۆخێک بەخۆتان دەیزانن، زۆر جار دایکم ئاسا دەمگرێت، هەینێ لە شتێک دڵنیا دەبێت و یەکێکیش دێت دژ بەوە قسان دەکات. خوا سەروەرە، خەڵکی مسیردییە و زیاد لەوەش وەکو شاوییەکان کەللەڕەقە. بەڕاستی کارەساتە.

چیرۆکەکەی من هێند درێژ نییە، لێ هەندێک سەیرە. وێڕای پشتگوێ خستنی بەشێکی گرینگ لە وردەکارییە لاوەکییەکان بۆتانی دەگێڕمەوە، هەرچەندە پێشوەخت دەزانم تەنیا بڕوا بەسەرەتاکەی دەکەن و ئەو دواکەی بەو دۆخی شێتییەوەی دەبەستن، کە ماوە ناماوەیەک دەمگرێت. خۆ ئەگەر بڕواش بکەن ئەوا بەزەحمەتییەکی زۆر دەبێت، چونکە ئێوە بەلۆجیکێک بیر دەکەنەوە و ئەو شارەیش، کە خەریکە خۆرگیران لەناوی دەبات بەلۆجیکێکی تر.

زانایان و شارەزایان لە بواری زانستدا و هەندێک لە ئەستێرەناسان، دەزانن خۆرگیران دەستی پێ کردووە، بەڵام کەس نازانێت کەنگێ دەڕەوێتەوە. هەرچەندە چیرۆکەکەم دەستی پێ کرد، لێ کۆتاییەکەی بەتوانای ئەقڵی و جەستەییمەوە گرێ نەدراوە، ئەگەرچیش لە ئاوەز بەدەر بێت. بڕێک لە هاوەڵە هەرە نزیکەکان، لێکچوونێکی فرە دەبیننەوە لە نێوان کلۆڵیی حوسێنی کوڕی مەهدی و کلۆڵیی حوسێنی کوڕی عەلیدا، خوا لێیان ڕازی بێت و لە خراپەی ئەم جۆرە خەڵکەیان بەدوور بگرێت، لێ من هەردەم ئەم لێکچواندنە ڕەت

دەکـەمــەوە. من شــانازی بـەوەوە دەکـەم، بەرهـەمـی نیـوەی دووەمی ســەدەی بیستـەم بم، کە لەسـەر بەرمیلێکی نەوتی خێرا گڕگرتوو نووسـتووە، کەس ناتوانێ پێـشــبـینیی ئەوە بکات کـەی کـڵـپـە دەکـا و تـەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ، نەک هەر ئەمە، بگرە هیوای بنیاتنانی نیشتیمانێکی عەرەبی، کە بێ ناسنامە تێیدا بسووڕێینەوە، تێک دەشکێنێ، نیشـتیـمانێک چەندێک لە سووڕانەوە گەشتوگوزارییەکانماندا لە هەر پایتەختێکی عەرەبیدا ڕێککەوتی گومـرکەوانێک بکەین، یاخود هیچ نەبێ بەم ئاوایە خـەیاڵ دەکەم، وێنەیەکی گــەشــتــوگــوزاریی لە تەکـدا بگرین، چونکە لـە ڕەگــەزە لەناوچووەکــانن. نیشـتـیـمانێک گومـرکی تێـدا نەمـێنێ و تەڵەکـەباز و پیـاوکوژ و تاوانکاری سیاسی و ئەو مفتەخۆرانەی کار بۆ ئاغاکانیان و بازرگانانی پارە دەکەن، بفەوتێن...

بمبەخشن لەم وڕێنانەی دەیانکەم، چونکە جاروبار واقیعی تاڵ و خەونە پڕ لە دڵەڕاوکــێکانم لێ تێکەڵ دەبن. جــارێکی تر ڕێگەم پێ بدەن هـەندێک وردەکاریتان بیر بخەمەوە، تاکو وا دیار نەدەم لە قوڕقۆشم قورسترم.

بەر لەوەی دەست پێ بکەم، وا ڕوو دەدات قــســە دەکــەم و مــەریەمم بیــر دەکەوێتەوە. کەمێک پشـووتان لەگەڵمدا درێژ بێت، ئەو بەر لەوەی ئۆتۆمۆبێلێک بەتوندی هەڵی داتە بەر پێم، مـۆڵگەی دڵنەوایی من و نموونەی شـیـرپاکی بۆ خەڵکی شارۆچکەکە و چووزەرەی جوانی و پاکڕەفتاری بوو.

شێوەی ئۆتۆمۆبێلەکەم بیر نییە، وەلێ ئەوی باش بیزانم ئەوەیە ڕەنگی ڕەش و بێ ژمـارە بوو. من جگە لە ڕەنگەکـەی و بێ ژمـارەیی و ڕەنگی خـوێنی ئەو مـەریەمـەی بەبزرییـەکـەی تاسـەی شـارۆچکەکـەم و مـەمکی دایکمم کـرد، کـە کلۆڵی و قرچەی گەرمای سووتێنەر پووکاندیانەوە، هیچی ترم نەبینی.

ڕۆژەکـان بەخـێـرایی تێ دەپەڕن، ترسـێنـەر و دووبارە و نەزۆکن. هەینێ لە ناوەڕاستی شاردا مەریەمم لەدەست دا و گۆڕێکی سارد لە دەستی کردمەوە، زۆر نەگـریام، لێ لە چرکـەسـاتی داڕووخـاندا لـە پێسـتـەی دەست بۆ بردووی خـۆم دامـاڵرام، تـا هـەسـتم بەپووچی دنیـا و دەسـتـپێکی هـەرەسـهـێنانی و بەو

کرمە ڕەنگاڵەییيانەی ناخم کرد، کە بۆ بوونەوەری ڕەشی قەترانی دەگۆڕێن. ئەوسا لە ڕۆژنامەکە پێیان گوتم ساتێکە و ڕادەبوورێت. کەچی وێڕای ئەوەی لەگەڵ ئافرەتێکی تردا ژیانم دەست پێ کردەوە، ئینجاش هەر نەڕۆیی.

تا هەنووکەش ڕۆژانە هەست بەو داڕووخانانە دەکەم، لە پاشماوەی ئەم پێوەندییە بەزۆرە دەخوات، ئەم بارانانەش چەندێک تەڕم بکەن، مەریەم و دڵئێشەم بیر دەکەونەوە.

**ئای حوسێنی برام. مەریەم سێوی دوورە دەستی وڵات و بۆنی گڵی گوندە دڵگیرەکان و دڵۆپە بارانی بەهاری و شنەی بەیانیان بوو. داخۆ لە گەورەیی کارەساتەکە دەگەیت؟**

بوونم لەم کونجە تاریکەی شار و بەم شێوە ترسناکە هەرگیز ڕێککەوت نییە. دوای ئەوەی ئەم شەقامانە زۆریان ئازار دام و داخیان خستە دڵمەوە، بۆ من زەحمەت بوو بڕوا بەڕێککەوت بکەم. گشت شتەکان دەستی نادیار بەهەماهەنگیی بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتداران و پیاوکوژە بچووکەکاندا دەیانکێشێ، تەنانەت خواش جار جار چاوی دەنووقێنێت، تاکو ئەو قەسابخانەیە نەبینێت، کە لەبەر پێیە سست و خاوەکانیدا لەسەر لمی بیابانەکاندا ڕوو دەدەن.

٢

شتەکان گەلێک بەسانایی دەستیان پێ کرد.

وڵات لە گەرمەی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکانی. هەروەها سەرقاڵ بوو بەڕێکخستنی ئیشەکانییەوە. کەچی لە شارە پان و بەرینەکەدا خەڵکەکە و ئیستگە و تەلەفزیۆن و سەرجەم دەزگەکان چاوەڕوانی سەرەتای خۆرگیران بوون، کە چاوی شوێنانی تا ماوەیەکی دیارنەکراو داپۆشی. لە ناوچەرگەی گرینگترین شەقامی شاردا نەخۆشخانەی جوانکاری، یاخۆ نەخۆشخانەی نوێ وەکو گوومەزی پیاوچاکە تۆقێنەرەکان قوت بووەتەوە.

هەندێک لەوانەی لە نزیکەوە ئاگەدارن دەگێڕنەوە، ڕەنگە ڕووبەرەکەی لەم سنووره بچووکە تێپەڕێ و لە ماوەیەکی کەمدا شەقام و خانوو و کۆڵانەکانی دەوروبەر هەڵلووشێت.

ئەی حەمۆ؟ کۆتری شارە سەربڕاوەکە، لە وتنەوەی سرووده ڕۆژانەکەی و گۆرانییە دێرینەکەی نەدەکەوت، کە لە ژێر کاریگەریی خراپیی ڕۆژگار و ساردیی کەش و هەوا و چاوە داخراوەکانەوە نەفەوتان.

**"حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو".**

لە شارۆچکەکە لە مۆڵەتەکەم گەڕامەوە، پاش ئەوەی ئەو چاوە بێ گوناهانەی لە خەمی ڕۆیشتنم و دایکم و ڕێگەی هات و نەهاتدا بۆم گریان، لە دوای خۆمەوە جێ هێشتن و سەرلەنوێ خۆم خستە ناو سەرێشەکانی شارەوە. تا ڕادەیکی زۆر بەسرووت و کارەکانی و سەرهاتی خەڵکەکەی و ئەفسانەکانی، کە لە مێشکیدا هێلانەیان کردووە، لە وڵاتی واق واق دەچێت. هەندێک جار لە ناوەڕاستی ئەم مەرگەدا، وا هەست دەکەم بوومەتە مێش. مەگەزێک بێ ئامانج دەخوولێتەوە، باڵەکانی هەڵقرچاون و هەناسەی سوار بووە. سەرەڕای ئەمەش مکوڕم لەسەر مافی خۆم لە ژیاندا و پاراستنی تایبەتمەندییەکانم، کە بێگومان لەگەڵ هی کەسێکی تردا جیان. بۆ نموونە، من ڕقم لە ڕۆژی هەینییە، لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەرئەوەی ڕۆژێکی بێ مانایە، هەر لەبەر ئەمەشە پشووی من لە ڕۆژنامەکەدا بەبەردەوامی ڕۆژی شەمموو، تەنانەت ئەگەر هەندێک نەزان بەجوولەکانەیی و دوای هەوای نەفس کەوتن و فەرەنگی پەروەری و بەمامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەشدا تاوانبارمان بکەن. بەلای منەوە ڕۆژی شەمموو شتی زۆر ناگەیەنێت، ڕۆژێکە شەقامەکان پڕ لە خەڵک دەبن، تێیدا خەمەکانم هاوشان لەگەڵ ماندوویی ئەوانی تردا لە بیر دەکەم، لەمە بترازێت، ئەوا هیچ نازانم.

ئەمجاریان، سی بلقاسم باش و بەخشندە بوو. هەفتەیەکی تەواوی پێ دام. من داوای هەفتەیەکم نەکردبوو، لێ داوای ئیشم کردبوو بۆ ڕیپۆرتاژەکە. پێی گوتم، تەنیا خەممان ئەوەیە، دەمانەوێت بەئاسوودەیی بتبینین.

هەستم بەشەکەتییەکی توند دەکرد، هەر بۆیەش بەم مۆڵەتە قایل بووم، تاکو لەبارەی ئەو ڕیپۆرتاژەی لەسەرمە ئەنجامی بدەم لەبارەی ئەو ڕەوشە ناوازەیەی وڵات تێیدا دەژێت، بەکۆمەڵێک پێشنیازەوە بگەڕێمەوە. کەچی هەینێ گەڕامەوە تا بڵێی دڵتەنگ بووم و وەکو چڵە زەیتوون تێک شکابووم.

هەستم کرد دەروازەی ڕۆژنامەکە بەپێچەوانەی جارانەوە وەکو زاری دێو فراوان بووەتەوە. شل و شەکەت و بێبەش لە هەموو شتێکی جوان. بیرم هاتەوە، بەر لەم مێژووە داوام کرد ڕیپۆرتاژێک لەسەر ئەو نەخۆشخانە تازەیە بکەم، کە لەنکاوڕا لە ناوەندی شاردا بنیات نرا، لێ بەتوندی ڕەتیان کردەوە، بەم ڕەتکردنەوەیەیان لاپرەسەنییەکەمیان زیاتر کرد. لە دڵی خۆمدا گوتم دەبێ ئەنگێزێکی پەنهان بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە هەبێت، لەسەرمە بیدۆزمەوە.

وام هەست کرد شتێک لە ژێر کەوڵی ئەو شارەوە ڕوو دەدات، کە بەخۆشەویستی لەبەریان کردووە، نایانەوێت ئێمە پێی بزانین. پیاو لە ناو ئەم وێرانەیەدا چی دەست دەکەوێت، جگە لەو وردەکارییانەی باسکردنیان زەحمەتە، هەروەها ئەم لووتە درێژەی وڵاتی واق واقیش بەرگەی ناگرێت. ئەمە کارێکی نەکردەنییە. نازانم کێ ئەم ڕستە ورد داڕێژراوەی وتووە، دەبێ وەردە جەزایری[1] نەبێت؟ دەی گرینگ نییە.

لە ڕێگەم بەرەو نووسینگەی ڕۆژنامەکە، پاشماوەی پەیڤە جوانەکانم بینی دوا هەناسەیان دەدا و درەختەکانیش کۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان دەکوشت و بەدەستی خۆیان لقەکانی خۆیان دەسووتاندن. بەم چاوانەی خۆم ڕۆژەکەم بینی دەبووە قەرەبرووت و پاسارییەکانیش دەبوونە پشیلە و پشیلەکانیش دەبوونە مشک و مشکەکانیش دەبوونە فیل، فیلەکانیش دەبوونە ڕمووزن و ڕمووزنەکانیش دەبوونە شتێلێک لە ترس و نادیار دەچوون. ئینجاش سەرلەبەری شتەکان لە شارەکەدا بەشێوەیەکی ڕۆتینی و ئاسایی بەڕێوە

(١) وەردە جەزایری: سترانبێژێکی ناوداری میسرە. ساڵی ١٩٤٠ لە باوکێکی جەزایری و دایکێکی لوبنانی لە فەڕەنسادا هاتووەتە دنیاوە. (وەرگێڕ)

دەچوون. دەزگـەکـان. ڕۆژنامـەکـان. ئیـستگەکان. خـەڵکی. خـەسـتـەخـانەی جـوانکاری، کـە خـەتەنەکردنی تێـدا گۆڕا بۆ لووت بڕین و مێـشک دەرهێنان، کتومت دەتگوت قەسابخـانەیە. هەندێک لە خەڵکەکە دوای بیستنی ئەم قسانە بەواقـوڕمـاوییـەوە دەرچوون. نارەزاییـیـان گـشت کـونج و کـەلەبەرێکی شـارە تاریک و نووتەکەکەی گرتەوە. سەرەتا بەقسەی شرین بێدەنگیان کردن. جاری دووەم بەئاوپرژان بەسەریاندا بڵاوەیان پێ کردن، وەلێ لە دوا جاردا زۆر کەس لە شەقامی شاردا بەدەرنەکەوتن و گوم بوون.

پاش چـەند ڕۆژێک لـە داخـسـتـنی، نەخـۆشـخـانەکـە بەچڕی و لێـزانانە بەچالاکی کـەوتـەوە. لە دەوروبەری گـەڕەکـە دەردەدارەکـاندا وا دەگـێـڕنەوە؛ کـابرایەکی پارەدار لە خـۆشـەویسـتـیی خـوا و هـەژاران و بەزەیی هاتنەوە بەدایکیـدا، کـە لە کـاتی وردەبەرد هاویشـتندا، لە ژێر پێی حـاجی و ئەوانی بـەدەوری کــەعــبــەدا دەســووڕانەوە، پلیــشــایەوە، پارەیەکی باشی بۆ خـەسـتـەخـانەکـە نارد. هـەروەها دەڵێن؛ دەسـتـێلی درێژ بەڕێوەی دەبەن، دەستیان دەگاتە بنی دەریا و سەوزاییيەکەی لە ڕوبعلخالی[٢] دەدزێت.

ئەو پەروەندەی (فـایل) دوای گەشـتی هەفتەیەک لێی بوومەوە، بارکرابوو لە ژمـارە و وشـە و هێـڵکاری و تێـبینی. هـەوڵم دا هیچ نەبێ وا هەست بکەم، لە شـارێکدا لە ژیاندا مـاوم، کـە کـاتێک شنەی گـەشـانەوەی بەبەر گـوێـتـدا دەچرپێنێت، دەڵێی دەســتــێکە دەچێــتــە نـاو هەناوتەوە و لـە بێــخـــەوەی هەڵدەکێـشێت. ئێـسـتـاش ئەم شـەکەتییـە یەک یەک شـانەکـانی جـەسـتـەم دەکـرۆژێت، وا هـەست دەکـەم ئەو هەفـتـە مـۆڵـەتەی بلقـاسم پێی بەخـشـیم (بەڕاست، وێڕای ئەوەی لەگـەڵ بلقـاسـمـدا تازە یەکـتـرمـان ناسـیـوە، هیچ داواکــارییــەکم ڕەت ناکــاتـەوە) جگە لە نەفــرەتێکی تر بۆ ئەم بێــزاری و

(٢) ڕوبعلخـالی: بیـابانێکە لە خوارووی ڕۆژهـەڵاتی دوورگەی عـەرەبی، گـەورەترین بیـابانی لمینە لە جیـهـاندا، درێژییـەکـەی ١٠٠٠کم و پانییـەکـەی ٥٠٠کم ـە. دەوڵەمەندترین ناوچەی جیهانە لە نەوتدا. (و)

پەڕاوێزخستنەی هەموو کاتی داگیر کردووم، چی تر نییە. ڕاستییەکەی هیچ کات من ناچاری ڕیپۆرتاژکردن نەکراوم، لێ ئەو حەزی سووسەکردنەی دڵی کون دەکردم، هەندێک جار وام لێ دەکات بەوردی لە خۆم نەگەم. خۆ لە توانای منیشدایە لەسەر ئەم کورسییە کۆنەی لە ڕۆژگاری وێرانییەوە بۆمان ماوەتەوە، دانیشم و چاوەڕوانی خولی ناودەرکردن بکەم، کە بەپێی دۆخی مادی و دەروونی درێژ و کورت دەبێتەوە، هەروەها ئەوی زۆربەی خەڵک لەم ڕۆژنامەیەدا دەیکەن، منیش بیکەم.

دوای ئەوەی سڵاوم لە مام بوخاریی دەرکەوان کرد، کە سەرقاڵی هەڵگلۆفینی چاوە کزەکانی بوو، چاویلکە لەمێژینە سپییەکەی لای ڕاستی ئەوەندە یاری پێ کردبوو، ئەملا و ئەولاکەی شکابوون و بەلاستیکی ڕەش بەستبوونی، لە دەرگەی دواوە خۆم بەژووردا کرد. ویستم بەپەلە بەپلیکانەکاندا سەرکەوم، چونکە گەلێک درێژ، چون ڕێگەیەک بڕینەوەی نەبێت ئاوام هاتە بەرچاو. بەرەو ژووری بەڕێوەبەر ملم نا. کاتێک بینیمی بەخەدێی خۆی لێبوردووانە بەرەو پیرم هات و باوەشی پێدا کردم.

– ها. ئەوە تۆی کاک حوسێن. برا بەخوا ماوەیەکی زۆرە بەتاسەوە بووین بۆت.

وشەکانی جوان بوون. لێ من لە گۆشەیەکی تاریکی ناخمەوە قووتدانی ئەم قسانەم پێ قورس بوون.

– وچانەکەت چۆن بوو؟ ئینشاڵڵا ئاسوودە بوویت.

– بەخوا خراپ بوو. زۆر خراپ بوو مامۆستا.

– خێر ئینشاڵڵا؟

– ڕۆژگارێکی خراپە مامۆستا. شار سەرلەنوێ حەمۆ دەکوژێ و ئێمەش سەیر دەکەین.

– ئاخ حەمۆ شێت. تا لێی دەگەیت چی دەڵێت، مێشکت لەدەست دەدەیت.

– سەرم بووەتە کوولەکە سەنگەری. وام لێ هاتووە لە هیچ ناگەم.

– پێم بڵێ. چیت بۆ هێناوین؟ داخــۆ بیــرت لە ڕیپــۆرتاژە نوێیــەکــە کردووەتەوە؟ بەم زووانە بەبۆنەی یادی پازدەساڵەی سەربەخۆیی نیشتمانەوە ئاهەنگ دەگێڕین.

بەر لەوەی زار هەڵێنم یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان خۆی بەژووردا کرد، کۆمەڵێک کاغەزی نابووە بن باڵیەوە، لەگەڵ بلقاسمدا بەچپەچپ کەوتنە قسان و چاوی زەق هەڵات، ئەوی بەر گوێم کەوت ئەو ڕیپۆرتاژەی کردبووی لەسەر نەخۆشخانەی جوانکاری و سیمای کۆنی شارە، کە خەریکە سیمیەکانی لەدەست دەدات، بەم زووانەش چاوان و خۆشەویستانی لەدەست دەدات، ڕەت کردەوە.

ئاوڕێکی لێ دامەوە و زەردەخەنەیەکی هێند زەردهەڵگەڕاوی بۆ کردم، تا بووە لیمۆ.

– بەو دەبەنگییەیان هیلاکیان کردووین. شت زۆر گەورە دەکەنەوە، نەخۆشخانەی جوانکاری و چی تر؟ نەخۆشخانەیەکی وا لەسەر شێوازی جیهانی بۆ وڵات بەزۆر دەزانن؟ خوا لە ڕۆژنامەنووسانمان ببوورێت. واز لەو سەرێشەیە بێنە، پێم بڵێ چیت پێیە؟

– هیچ. وازم لە چیرۆکی نەخۆشخانەکە هێنا. شتێکی ترم لە مێشکدایە.

ئای بلقاسم ئەگەر دەزانی؟ بەڕاست هیچ نازانیت؟ خوا لەوێیە. شار وا گیان دەدا و خەڵکەکەش لەسەر تەرمەکەی شایلۆغانیانە.

دوای دە ساڵ لە ڕیپۆرتاژ ئامادەکردن بۆ ئەم ڕۆژنامەیە، سەبارەت شەهیدانی شار و دەرەوەی سنووری شارەکەش. لە هەمبەر کەسانێکەوە هیچ بەمنەوە گرێی نادان، جگە لە یادەوەری و خۆشەویستی و وشەی ناو کتێبەکانی مێژوو نەبێت، وێنەی باوکم، کە لەم ئاپۆرە ترسناکەدا ونم کرد و لۆچەکانی ڕووخساریم بیر نایەنەوە، شەوانە لە چوارچێوەکەیدا لە گەشتەکانمدا لەگەڵمدایە و دەیبینم. دوای دە ساڵ لە خزمەتی خەڵک و وڵات وابزانم مافی خۆمە لە نیشتمان بخوازم گوێ بۆ تامەزرۆییەکانی ناخم

ڕادێرێت و ڕیپۆرتاژی ئەمجارە لەسەر مەهدی بێت. مەهدی گیای ئەم وڵاتە باشەیە، گۆشتی لە گۆشتی ئەوە و ترپەی لە دڵی ئەمەوەیە. مەترسیش نییە لەسەر ئارامی. کەمێک ئەویان بیر هاتەوە و مۆنۆمێنتێکیان لە لاڕێیەکی تەنگ بۆ دانا، کە خەونی ڕۆژانەی ئەوەیە ببێتە ڕەشمارێک تا ناوی ئەو هەڵگرێت.

پاشان باسی ئەم لاڕێیە دەکەین. مەهدی هیچی نەماوە جگە لە چوارچێوەکەی نەبێت، کە لە مانەوە و لە سەفەردا لەگەڵمدایە. توێشووی چەمەدانی سەفەر و ئەم دڵە خەمبارە و هەندێک وردەکاری، کە لەو دایکەی دڵڕەقیی دنیای نەهێشت، بۆمان ماوەتەوە، ترووسکاییی چاوەکانیان ڕەشتر کرد. سوودێکی فرەم لە پەروەندی ژنانی شەهیدان، کە دایکم بۆی هێنام، بینی. وەسپی، نیشانەکانی، لەدایکبوونی، دەربارەی ڕۆژی مردنە پەنهانەکەی، وەکو چاوی ئافرەتانی شارەکە. لەگەڵ هەندێک لەو شایەدانەی لەگەڵیدا بوون یەکتریمان ناسی. ئەلبوحەفسیی مامم، هاوینی ڕابردوو وەک کۆتەرەدار گڕی گرت، لە ئامادەکردنی ئەم پەروەندەدا یارمەتییەکی زۆری داین. هەردەم وێڕای حەسرەتێک، کە بەربینی گرتبوو، دەیگوت:

– کوڕم لە زیندان تەمەنێکمان پێکەوە گووزەراندووە.

تەماشا حوسێن. ئەلبوحەفسیی مامم دەڵێت، لە گرتیگەی ئەسوانی لەگەڵ بابتدا بوومە. سزای بەیەکجاری دوورخستنەوە لە یەکتر و تینوو و برسیکردنیان داین، بەتایبەت مەهدی، خوا لە گوناهی خۆشبێت. هەینێ تینووی دەبوو، لە کونی پەنجەرە تەنگەکەوە بەهۆی پارچە قوماشێکی لە ئاو هەڵکێشراوەوە ئاوم بۆ ڕەت دەکرد، ئەویش وەکو زارۆکان دەیمژی. هەرچی کوتە نان و پارچە کاغەزی نهێنی و هەواڵی تۆقێنەر بوون، لە دوای خوێندنەوە قووتی دەدان، دەچووین بەدەزوو بەبان پشتی قالۆچە و جرجەوە دەمانبەستی. ئینجا لە دیوارەکەمان دەدا و بەرەڵامان دەکردە ئەو کونەی دەچووەوە سەر ئەو ژوورەی پەیتا پەیتا مەهدیی کوڕی محەمەدی دەکرۆشت. هەندێک جار دوای چەندین دەمژمێر لە چاوەڕوانیی ئەو قالۆچە و جرجە ئازیزانە، ئینجا دەگەیشتە دەستی. جاری واش هەبوو هەر ناگەیشت.

من ئەمجار ئیشەکە بەشێلگیرانەترەوە وەردەگرم.

ئای بلقـاسـم ئەگــەر دەزانیت؟ وەلـێ تۆ هیـچ نازانیت. ئەوی زیاتر ئازار و دنەی تەواوکردنی ڕیپۆرتاژەکەی دام، سەرۆکی شارەوانی بوو.

ڕۆژێک بەر لە کردنەوەی گوندە نوێیەکە گەلێک دڵخـۆش بووم، چۆلەکەیەک و هەنسکی خـۆشی کوشتی. بۆ یەکەمین جار و پاش گڕدانی دەیان ساڵ، ناوی باوکم بەسـەر تابلۆی لاڕێیـەکی گوندەکەوە دەبینم: شـەقامی مـەهدیی کوڕی محەمەد. یان لە شارەوانییەوە وام بیست. خۆشنووسان لە شارە گەورەکانەوە هـاتبـــوون و لە چاوەڕوانیـی ئاهەنگی کـــردنەوەدا وێنـەیان دەکـــێـــشــــا و دەیاننووسی. هـەستم بەئۆخـژنێکی بێ پایان و بەخۆبـەزلزانییەکی سـەیر کرد خـتـــووکــەم دەدا و ناخم دەهەژێنێ، هـەروەهـا هـەســتکردن بـەوەی کـەپووم لە ڕادەبەدەر درێژ بـووەتەوە. شـارەکە بـەتامی هەنگوین و بۆنی بارانی بـەهار لە شەوق و ڕۆشناییدا مەلەی دەکرد.

پیلـی دایکە پیـرەکـەم گـرت، کـە لە جـێـیـەکـەیدا ڕاکشـابوو، هـەروەها برا بچـووکەکـەم، ئەوی باوکم بەر لەوەی لە دۆخـێکی نەزانراودا شـەهیـد بێت، لە سکی دایکمدا جێی هێشت. کۆمـەڵێکی زۆر لە گوندە نوێیەکە کۆبووبوونەوە، جگە لە سیـمـای بارودیی مـامم، کە ئەوی مـابێتـەوە لە پاکیی کـولتووری ئەم شارە تـەنیا ئەوە، هیـچیـانم لە یاد نییـە. سـەیرم بەگرژ و مۆنییـەکـەیدا هاتەوە، پاشان لە نهێنییەکەی گەیشتم.

کـــاتێک خـــۆشنووســـەکـــە گـــەیشت بەچاوێکی منداڵکارانـەوە دیقـــەتی دەسـتەکـانیم دەدا چۆن دەلەرزین. چاوەڕێم دەکرد تا ناوی مەهدی بنووسێت، کەچـی ئەوی ڕووی دا، ناوی کەسێکی سـەیری نووسی، کە بۆ تاقە سـاتێکیش لە بەرابەریدا هـەستم بەسۆز و خۆشەویستـی نەکردووە. ڕەنگە هـەڵوێستەکە لە خۆوە بووبێت، لێ بەوردی ئەمـە ڕووی دا، نازانم بۆ لەو کـاتەدا ڕۆژی هـەینی و خەڵوەتگەکـانی خواپـەرستـی و برا بچووکەکـەم، کە ڕووخسـاری بابمی نەبینی، هـەروەها باڵندەی نەورەس، کە منداڵ بووین باڵیـمـان دەکرد و بێهوودە هـەوڵی فــڕینی دەدا، بەبیــرمـــدا هاتنەوە. تـەنانـەت گـــوومـــەزی نەخـــۆشـــخـــانەی

جـوانكارييـەكەش خـۆی بەمێـشكمـدا كـرد. ويسـتم چاوانم بنووقـێنم كـەچی نەمتـوانی. هـەسـتـم بەباروديی مـامم كـرد دەبێتـە بـارسـتـاييـيـەک لە گـۆشـتی هەڵقرچاو و هۆن هۆن فرمێسكێک دەڕێژێت كتومت بزمـارە، بەدەموچاوييەوە بووەتە قەرەبرووت. كێشەكەی زۆر باش بەوردی دەزانی.

– ئای كوڕی خۆم، گشت شتێكيان لە شارەوانی گۆڕيوە. ئەمە ناوی يەكێک لە ئەندامانـی خێزانی سـەرۆک شارەوانييە. باشـی دەناسم، هيچ پێوەندييەكی بەشۆڕشـەوە نييە. هەموو ئەو ناوانەی نووسـيويانن ناوی خـزمەكانـی خۆيانن. چەندێک بژيت شتی زياتر دەبينی.

دايكم، كە لەتاو مەهدی ديدەكانی و بەشێک لە بيستنيشی لەدەستدان، لێی پرسيم:

– چييان نووسيوە حوسێن؟

– مەهدی دايە.

لە ناخـەوە بەدڵێكی بريندارەوە وام گوت، بەر لەوەی فـرمـێسكەكانم بسـڕم، كـە خـەريک بـوون چاويان دەسـووتاندمـەوە. بەدەنگی بڵند سوپاسـی يەزدانی كرد و بەدەم شەقامەكەوە ڕۆيی، گۆچانەكەی بەڕۆخی شۆستەكەدا دەكێشا و بەدوای ئەو گوزەرانەدا دەگەڕا، كە دەيانگەياندە دڵی خەڵكی.

– ئاخـرێكەی مـەهدييـان بيركـەوتـەوە. خـەڵكينە ناوی مـەهـدييـان لێ ناوە.. مەهديی كوڕی محەمەد. خوا هەميشە حەق سەردەخات.

گـوندەكـە كـرايەوە و دەنگی ئاژەڵ لە بازاڕ و شـەقـامـەكـاندا گـوێی كـاس دەكرد. تا نووكەش خەڵكی دەڤەرەكە هـەر وا دەزانن ناوی شەقامەكە مەهديی كوڕی محەمەدە.

ئێوارەيەكيان وەک منداڵ زۆرە زۆڕ گريام. گـرينگ نييـە. ئەوی لەم پرسـەدا گرينگ بێت ئەوەيە، لەم مۆڵەتەدا گەيشـتمـە ئەو دەرەنجـامـەی، پێويسـتـە ئاوڕ لەو پيـاوە بدرێتەوە، كـە ئەم گڵە خـوێن و گۆشت و ئێسقانی ئەوی خـواردووە، هەروەها ئاوڕ لە ترپەی دڵی ئەم خـەڵكە سـادە و سـاكـارە بدەينـەوە، كـە لە

پێناوی ئێمەدا خوێن لە گیانیاندا وشکی کرد.

ئەودەمی بلقاسم پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی نووسینێک بووەوە بۆ ڕۆژنامەکە نووسرابوو، جارێکی تر ڕووی تێ کردمەوە، ڕاشکاوانە سووربوون و نیازی خۆم پێ ڕاگەیاند.

– بڕوام پێ بکە بلقاسم، ئەوپەڕی بابەتی دەبم لەگەڵتدا.

– بەڵام کێشەکە.. بەرپرسیاریەتیی تێدایە.

– بەمە دەزانم و لە هەڵوێستت دەگەم. کابرا وەکو زۆرێک دەیناسن بێزراو نییە. هەندێک لە بەرپرسان بەڕێزێکی بێ پایەنەوە لە بارەیەوە قسەیان بۆ کردم، هەروەها زۆرێک لە ڕۆژنامە فەرمی و نافەرمییەکانیش لەسەریان نووسی.

لە سەرەتادا لاریی لەسەر نەبوو، وەلێ لەپڕ ترسێک بەشێوەیەکی پەنهان بەر بینی گرت.

– لە گشت حاڵەتەکاندا، بابەتێکی وا لەسەرەوە پێویستی بەڕاسپێری هەیە.

– داوا لەم سەرەوەیە بکە ڕا لەسەر پرۆژەکە بدەن.

متەقی نەکرد و زاری هەڵنەهێنایەوە.

لە ساتێکدا، کە نەمتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ بم، هەستم بە بۆنێکی گەنیو کرد لە دەمیەوە، یاخۆ ڕەنگبێ لەگشت جەستەیەوە دەهات. خۆی خڕ و گرمۆڵە کرد، تاکو بووە ژیژکێک لە گۆڕەپانێکی تژی لە گیا و گوڵ و مێروو. وەک بووکێکی مۆمیاکراوی پاشماوەی بووکی فیرعەونەکانی میسرم هاتە بەرچاو، مەگەر بۆ تازەکردنەوە دەربکرێن و بگەڕێنرێنەوە ناو تابووتە ڕزیوەکەیان، کە بۆنی پێچەری مۆمیایان لێ دێت، ئەگینا لە شوێنی خۆیاندا ناجووڵێن.

– سبەی وەرە بۆ لام تا پێکەوە قسە لەسەر بابەتەکە بکەین. ئەو کات من لەلایەن خۆمەوە ڕێوشوێنی پێویستم گرتووەتە بەر.

بەر لەوەی هەست بەنەساغی و ژانەسک بکەم، ترسێکی شێواو و نادیارم لە

چاوانی بلقاسمدا بەدی کرد، ڕەنگە ئەو بەخۆشی بەتەواوی نەیزانیبێت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. داخ و کەسەری خۆم و گوندەکە و ئەو ناوە سەیر و سەمەرانەی وڵات و شەقامەکانیان گرتووەتەوە و دەستیان بەسەر شەهیدانیدا گرتووە، بەکوڵدا داوە. بڕیارم دا سەرلەبەری چیرۆکەکە بخەمە چنگ بلقاسمەوە. لەو ڕۆژەدا گشت شتەکانم بیر چوونەوە و جگە لە ڕووخساری ئەوانەی چاڵەکان لووشیان دان، هیچم نەبینی. جیاوازیم نەدەکرد لە نێوان ڕۆژ و سەعات و ڕۆژگار و سیمای خەڵکەکە. کاتێک بۆ دووەم جار سەرم لێ دا، چاوەکانی کوژابوونەوە. وام هەست کرد دە ساڵە لەو شوێنە دوور کەوتوومەتەوە. هەر بۆ دووربینی، یاداشتنامەی دەست لە کار کێشانەوەکەم لە گیرفانم نابوو.

– مامۆستا بلقاسم بەیانیت باش.

– نازانم بۆ مکوڕیت لەسەر گرفت نانەوە؟ هەموویان شەهیدن. ئێمەش پێویستمان بەئاڵۆزی نییە. وا دیارە دۆخی مەهدی کەمێک سەرێشە دەخاتە ڕێی ئاسوودەیی هەندێک لە بەرپرسان، ئیتر دواییەکەی بەخۆت دەیزانی. ڕەوشتمان ناچارمان دەکات بۆ ماوەیەکی کاتی پەروەندەکەی بپێچینەوە.

هیچم نەگوت. لە ڕووخساری ڕامابووم، لەودیو لۆچەکانی دەموچاویەوە پیاوێکی تا سەر ئێسقان بەزیو خۆی مەلاس دابوو.

من پێم لەسەر ناوەکە داگرت، ئەویش سوور بوو لەسەر گۆڕینی.

– من لەسەر مەهدی مکوڕم. دەخوازم ئەم ڕاستییە سەیرە بزانم، کە خەڵکی لە کاتی باسکردنیدا چاو دەقرپێنن. ئەگەر ناپاکیی کردبێت، ئەوا من یەکەم کەسم لە بیری خۆمی دەبەمەوە، ئەگەر شەهیدیشە، لەسەر دەوڵەتە لەبارەی شێوەی کوشتنەکەیەوە ڕاستی بڵێت و درۆ و دەلەسە ڕێک نەخات.

پێشنیازی هەفتەیەکی تری بۆ پشوودان و بیرکردنەوە بۆ کردم. دەنگۆکانی ناو دەزگەی ڕۆژنامەکەی، پێوەند بەگواستنەوەم لە لاپەڕەی ڕیپۆرتاژەوە بۆ لاپەڕەی جاڕدان و پرسە، بیرخستمەوە. هەڕەشەکەی توێکڵدار بوو. من

پێشوەخت دەمزانی ڕۆژێک دێت سەرپشک دەکرێم لە نێوان شەقام و مەرگی لەسەرخۆدا لەسەر لاپەڕەی ڕیکلام و پرسە.

بڵمەبڵمێکی کرد:

– من دەستەوستانترم لەوەی بتوانم داکۆکیت لێ بکەم.

دەست لە کار کێشانەوەکەم لەسەر مێزەکەی دانا. حەسرەتێکی گەورەم نەبینی گەشی چاوەکانی و هێمنییە هەمیشەییەکەی بشێوێنێ.

دەست لە کار کێشانەوەکەم مامۆستا بلقاسم لەبەر ئەوەیە، دڵم ماندووە و باڵ شکاوم، ناخیش بەتاڵ و بەقوڕ و کا پەستێنراوە. سەریشم گڕکان ئاسا دەتەقێتەوە. بلقاسم ئەگەر من بمێنمەوە، ئەوا ئیتر ڕووم نامێنێ و حەمۆش لەدەست دەدەم، ئەو شەهیدەی داوێنی هەڵکردووە تا پیس نەبێت. دەبمە شێتێک بەوڕێنە مەرگ هێنەرەکانی شەقامەکانی شار پڕ دەکات.

بۆ دوایەمین جار ویستی قایلم بکات:

– تۆ بەم کارەت خۆت دادەنێیت. ڕەنگە لە سۆنگەی وەڕسییەکی کەڵەکە بووەوە بێت. هەفتەیەکی تریش وەربگرە و بەچوست و چالاکییەکەی جارانتەوە بگەڕێرەوە لامان. ببە کەسێک وەک ئەوانی تر.

بەم ڕەتکردنەوەیە ڕازی نەبووم.

– براکەم، ڕۆژنامە وەکو سەربازگە وایە، جێبەجێی دەکەین، ئینجا دوای ئەوە قسەی لەسەر دەکەین.

قسەکەیم بەدڵ نەبوو. دوور نییە من هەڵە بووبم، وەلێ تاقە شتێک بیزانم ئەوەیە مەهدی سەرتاپای یادەوەری و بوونمی تەنیوەتەوە.

– تۆ ناچارم دەکەیت من دڵڕەق بم.

– "بەویژدانی خۆت بکە".

– نایەڵم لەگەڵتدا بگەمە ئەم ئاستەی خراپی.

– سوپاست دەکەم.

جارێکی تریش دەست لە کار کێشانەوەکەم لە بەردەمی دانا، پاشان بەرەو پەنجەرەکەی دەیڕوانییە سەر شەقامەکە هەنگاوم هەڵێنا. هەستم کرد جووڵەی خەڵکەکە دەبێتە دەریای بەشەپۆل. خوێن سووری خۆی دەگۆڕێت. مێشکم لە بیرکردنەوە دەوەستێت. لەودیو ئەم پەنجەرەیەی گشت سپێدەیەک باڵندە ڕەنگاڵەیییەکان سەردانیان دەکرد، ئێستا لێی تۆراون. وەرزە جوانەکان کۆچیان دەکرد و زستانیش دڵڕەقتر دەبوو. سەرنجی پاسە جەنجاڵەکان و پۆلیس و منداڵی قوتابخانەکان و بەرەڵاکانی سەرشەقام و قاوەخانەکانم دا.

هەینێ ئاوڕم لە بلقاسم دایەوە، لە ژوورەکەدا نەمابوو و دەست لە کار کێشانەوەکەمیش واژۆ کرابوو، دڵم لە ناو مستمدا، هەزاران شێوەی وەردەگرت و لە ملیۆنان ڕەنگ خۆی هەڵدەکێشا. خوێن بەپێچەوانەی سووری ئاسایی خۆی دەخوولایەوە. چاویش جگە لە ڕەنگی خۆڵەمێشی، کە باڵی بەسەر شاردا کێشابوو، چی تری نەدەبینی.

– "ئۆف، وازهێنانم پێ چاکترە لەوەی بکرێمە ئاژەڵێک لە لاپەڕەی ڕیکلام و پرسە".

بەمنجە منجەوە ژوورەکەم جێ هێشت.

## شـەقـامـی مـەهـدیی کوڕی مـحـەمـەد

**ئای، دایە گیان چەند میهرەبانی**

**چەند سەیرە من لەوێم**

**گەر بخۆم پێمەوە دیار نییە،**

**ئەگەریش بخۆمەوە ژیوان دەبمەوە (...)**

**حوسـێنی کـوڕی مـەهدیی کـوڕی مـحـەمـەد بکەوە ڕێ. بڕۆ و ئاوڕ لە دواوە مەدەرەوە. دواوەت سەرێشەی ڕۆژانە و لاپەڕەی پرسە و ئەو ڕێککەوتنانەن، کە لەسـەر سـەرت دەیکەن. تۆ و ئەوان و ئەو شـەوانەی وەکو چـەقۆ بەناو خـوێنتدا دەکشێن و ژار ئاسا بەگیانتدا دێن و دەچن.**

بڕۆ و ئاوڕ مـەدەرەوە، کـەپووە درێژەکەت بخـەرە نێو دەسـتـەکـانتـەوە و بەر لەوەی قـاچییـەکی زەبەلاح سـەرت بخـاتە نـێوان پێیـەکانتـەوە، دەست بەملتدا بهـێنە. شـەقـامـەکە مـاندووکـەرە، ئافـرەتێکی تا سـەر ئێسک ئاوس بەخـەمی هامـوشـۆکارانە. جـەنجاڵ بـەقـاچی خـەڵکی و بۆنـی گـەنیـو، کە ئاگر لە لووت بەردەدات. درێژ، درێژ، وەک ئـەمـرۆ، کـە بەچڵـێسـییـەوە خـولـەکاکـانی لووش دەدات. بەبێ مەبەسـتێکی ڕوون و ئاشکرا بەنێو ئەم هەرا و زەنایەدا دەهاتم و دەچووم، وەک یەکێک بیەوێت زەوییەکی وشک و برینگ و مردوو بکێڵێت.

دەنگی ئافرەت و منداڵ و ئاژەڵ و تایەی ئۆتۆمـۆبێلە کۆن و درزەکـان و زرەی زنجـیری قـورس، کـە لە شـوێنێکی نادیارەوە دەهات، ئاوێتـەی یەکـتـر بوون. شـەقامێک چۆلەکەی تێکشکاو و ئەو شـتـانەی ڕەنگیـان بۆزە، تێیدا لە دایک دەبن. پڕە لە بازرگان و کڕیار و گەواد و دەڵاڵ و ئەوانەی بەکەیفی دڵی خۆیان دەکەن و بەهەر دە پەنجەیان دەخۆن و لەسـەر پەڕ دەنوون. بەدرێژاییی ڕۆژانی

حەشر زماندرێژی دەکەن. تێکەڵ و پێکەڵە.

من سوور بووم لەسەر بەدواداچوونی پرسەکە تا دوایی. گشت قسەکانی بلقاسمم بیر هاتنەوە. بۆ ساتێک هەستم کرد بەدرێژاییی شەقامەکە شکامەوە، چون ناتەواوییەک لە مێشکمدا هەبێت، یاخۆ جووڵەی خوێنەکەم بەشێوەیەکی نائاسایی بەگەرمی بێ و بچێ. ناگەهان ئەوەم بەمێشکدا هات خەریکە شێت دەبم. دوای تێرامانێک، بیرم لەوە کردەوە خۆم بخۆم، کەچی دامابووم لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ لە سەرمەوە، لە قاچەکانمەوە؟ قۆڵەکانم؟ هەموو ئەندامەکانی خۆمم لا شیرین بوون، لە خۆخواردنم پەشیمان بوومەوە و لە خلۆربوونەوە بەردەوام بووم.

مانای ئەم هەموو وچانە خۆڕاییییە چییە؟ داخۆ ئەم بەخشندەییییە لە بلقاسمەوەیە، کە هیچ شتێک بێ فەرمانی سەرەوە ناکات؟ ئەم دەستبڵاوییە چییە لە کاتێکدا ڕۆژنامەکە لە هەر کەسێک پێویستی بەکاری زیاتر هەیە، تا بەردەوامی بەخۆی بدات؟ ڕەنگە داوای ساڵێکی ڕەبەق بکەم، بێ دوودڵی پێمی ببەخشێت. شتێکی سەیرە.

لە وێڵی و سەرگەردانیی خۆم بەشەقامەکانی شاردا وەک سەربازێک هەر لە یەکەم شەڕ لەگەڵ خۆیدا بەزیبێت، بەردەوام بووم. لەپڕ سەرم هەڵبڕی "دووشی شادی"م بینی. بیرم کەوتەوە، کە چەندین ڕۆژە جەستەم ئاوی بەر نەکەوتووە، کەچی ئینجاش بۆ ساتێک بەبیرمدا نەهاتووە ئاوێک بەخۆمدا بکەم. لە نێوان من و گەرماوەکاندا ڕق لێ بوونەوەیەکی کۆن هەیە لەو شارەوە بۆم ماوەتەوە، کە تا ئێستاش زایەڵەی لە دڵمدایە.

لەو گومڕاییییەمدا لەبەرخۆوە قسەکردنی پیاوێک، کە لە پشتمەوە دەهات و ترپەی پێی، کە لە دەرگەی مێشکیان دەدام، ورییایان کردمەوە.

– مام حەسەن، مام حەسەن، کەمەک حەشیشەت پێ دەوێت، تاکو ئارامت بکاتەوە.

هەینێ ئاوڕم دایەوە، منداڵێکی بچکۆڵە بوو. مشکێک بوو هێشتا چاوەکانی

نەترووکـابوون. هێند دەسـتـبـەتاڵ نـەبووم تا تەواو لێی وردببـمـەوە. لێ لە چرکەیەک کەمتر هەستم بەخەمێکی قووڵ کرد زێتر لەوەی پێویستم بەو بێت. هەوڵم دا ورد و درشتی مۆڵەتی هەفتەکە بیر خۆم بێنمەوە. ئازاری مەریەمی دایکم، کە وەک ئاگر لە ناوەوە زیاد دەکات. سەرۆکی شارەوانی، قسە لەسەر شەهیدان و کڕین و فرۆشتن زیاتر نازانێت. برا بچووکەکەم، لە هەموومان زۆرتر هەستی بەهەتیویی خۆی دەکرد. چاوی بەسەر باوکێکدا کردەوە دارستانەکان قووتیان دا و دایکێک سۆمای چاوانی و گوێیەکانی لەدەست دان، وا خەریکە زمانیشی و قسەکانی مامە بارودی و ڕووخساری ئەلبوحەفسیی مامیشم لەدەست دەدات، ئەو ئەلبوحەفسییەی هەر هێندەی ناوی مەهدی دێت، لە لاواندنەوەی خەمەکانی ناکەوێت: خوا لێی خۆشبێت، پیاوی ناو پیاوان بوو.

ئەلبوحەفسیی مامم وەک پشیلەیەکی بریندار بەدەست ئازارەوە دەتلێتەوە.

– تۆمان لە کیس چوو مەهدی. زۆڵ و کوڕی سەگەل پێت فێر بوون.

لە نهێنیی ئەم ڕستەیە نەگەیشتم، تا ئەو دەمی دوای ماوەیەکی زۆر منیان دایە دادگە:

نەخۆشخانەکەم بیرکەوتەوە، کە دوو گوێی درێژی لەسەر خواستی خۆی بۆ سەرۆکی شارەوانی دانا.

ئای حەمۆ تۆ لە کوێیت؟ دەزانی نهێنیی ئەوەی دەیڵێیت چییە؟ قسەیەکی زۆر گەورەیە. خەریکە شارەکەمان ئەو ناموسەی ماویشێتی لەدەستی دەدات.

سەرلەنوێ دەنگی ژنە نان و هێلکە و تەڕە فرۆشەکە وەستاندمی، کە زۆربەی دانیشتووانی گەڕەکە میللییەکان ئەوانە خواردنی سەرەکییانن. لەو کاتەوەی بەزۆرەملێ هاتووەتە ئەم شارە، بەڕووخساری ڕنراوی ئەو ژنە سپێدە و شێوان دەکەمەوە، کە لەگەڵ ڕۆژگاردا بەهەزاران چاڵ و چۆڵی تێدا دروست بووون، دەڵێن گوایا ژنە شەهیدە. پیاوەکەی لە شوێنێک ، یاخۆ لە دۆخێکی پەنهاندا پێکرا، بەڵگەیەکی نییە بۆ شەهیدبوونی، هەرچەند بەسەری سوێند

دەخوات، کە ئەم زەوییە لە خوێنی ئەوی خواردووەتەوە. دایکە حەننا کاغەزی دەوێت، کێ بەڵگەنامەکەی بۆ بهێنێت، ئەو ئێستا جگە لە ئێسک و پرووسکی ساڵح چی تری ناوێت، تاکو کۆیان بکاتەوە و بەرێکی بیاننێژێت و چیرۆکی ئەو بابەی بەخوێن جەنگا و لە چاڵە گۆڕێکدا لە بستێک زیاتر نەبوو، بۆ کیژە هەڵاتووەکەی بگێڕێتەوە. کچە بچووکەکەی بەتەنیشتییەوە بوو قامکە پیسەکانی دەلێستنەوە. خەڵکی لێرە پرسیاری زۆری لەبارەوە دەکەن. ئەویش دەڵێت گرتوومەتە خۆم، لە شوێن ڕەحمە، کە شەوێکیان سواری کەشتییەک بوو سەری هەڵگرت و ئیتر نەهاتەوە. وەلێ ڕووخسار و چاوی کۆرپەکە کتومت لە ژنە نان و سەوزە فرۆشەکە دەکات. لە نێوانیاندا نزیکایەتیی خەم و ئەو ئەستێرانەی، خەریکبوو ڕەنگە خۆڵەمێشییەکانی ئاسمان دەیانخواردن، بەدی دەکرا. دەستپێک، هەینێ شتەکانی لەسەر لێواری شەقامەکە دانان، خەڵکەکە پرسیارێکی زۆریان لەبارەوە کرد، دوای ئەوە هەر کەسە و بەترسێکەوە سەرقاڵ بوو و مەگەر بۆ گاڵتەکردن یاخۆ یادگاری، ئەگینا ئەو ژنەیان بەلاوە جێ بایەخ نەبوو. لای ئێمە لەم شارەدا وایە. شتەکان بەگەرمی دەست پێ دەکەن، لێ بەتێپەڕبوونی کات پشکۆ ئاسا دادەمرکێنەوە، تا لە کۆتاییدا دەبێتە خۆڵەمێش و هێندە نابات بای زستان پەرش و بڵاوی دەکاتەوە.

لە سەرەتای دروستبوون و جار بۆ کردنیدا هەمان شت بەسەر نەخۆشخانەی جوانکاریدا هات. لە سەرەتادا بەتوندی ڕەتکرایەوە، پاشان ئیستگە و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان، کە گەڕانەوە سەر کاغەزی زەرد و فلێکسی گلۆپدار بۆ ناودەرکردن، داکۆکییان لێ کرد.

ئای حەمۆ، شارەکانمان بەئازارن، لەوەش بەئازارتر زامەکانمانن، کە کەس نییە چاریان بکات. تاقە جارێک شەهیدانمان تووشی حەسرەتیان کردین، ئەوێ ڕۆژێ، کە یەکێک لە شارەکان بوومەلەرزە لێی دا و دوو جاران شەهید بوو. ئەوسا بینیم دایکم گەردانەکەی، کە بەلایەوە خۆشەویستترین شت بوو لە یادگارییەکانی زەماوەندی لەگەڵ مەهدیدا بۆی مابێتەوە، لە ملی داماڵی و بەسندووقی لێقەوماوانی بەخشی. بەر لەم مێژووە، بەڵێنی دامێ لە

شاییەکەمدا پێمی ببەخشێت.

- "ئەم گەردانەیە بۆ تۆ و براکەتە هەینێ ژن دێنن".

کاتێک بەڵێنەکەیم بیر خستەوە، خەنییەوە.

- ماڵوێرانی لە سەرووی گشت وادە و بەڵێنێکەوەیە. نەداری خەمبار لە دڵخۆش ئاتاجترە. بەزەی خوا سنووری نییە. ئەمڕۆ بمژێنە و سبەی بمکوژە.

بوومەلەرزەکە کوڕەی محەمەدی (ئاوای ناو دەبرد) بیرخستەوە. ئەو ئێوارەیە زۆر گریا، لە کاتێکدا لە ناخی ناخیەوە دەیزانی دوور نییە ئەو حەوت بادەمەی گەردانەکەیان پێ هۆنراوەتەوە پیاوانی شارەوانی لە نێو خۆیاندا بەشی بکەن و هەر نەگاتە ئەو شارەی دوو جاران شەهید بوو. پێی دەچن بۆ یەکێک لە قەحپەخانە دوورەکان، یانیش بوتڵێک وێسکیی پێ دەکڕن. مەست دەبن و پاشان بەدەمی وەک سەگ بەشکراویانەوە پێ دەکەنن. گرینگ نییە. دەبێ لەم دنیایەدا کەسانی باش هەر هەبن، ئەگینا دەبێتە دۆزەخێک بۆ خۆی. دەنگی ژنە نان و هێلکە و سەوزە فرۆشەکە لە نێوان هەزاران دەنگدا دەناسمەوە. بەگەرمی وەکو گڕەبای بیابان بۆم دێت.

- کوڕی باش گوێ بگرە، هەی ڕۆژنامەوانی ئاخیر زەمان. ئەمجار لە گیرفانە کونەکەتدا چیت بۆ شاردووینەتەوە؟ وەستانەکەتم بەدڵ نییە، یاخۆ هاتووی ڕیپۆرتاژ لەسەر ئافرەتە جوانەکانی سیدی هواری بکەیت؟

جارێکی تر ئاوڕی لێ دایەوە. کۆرپەکەی جووتێک چاوی گەورەی هەبوو، بزەی دەبەخشییەوە و چوکلێتێکی خراپی بەدەمەوە بوو دەیمژی. هەستم بەشەرم کرد. ئەو ڕێگەیەی خۆم دابووە پاڵ دەچووەوە سەر تاقە تیاترۆخانەکەی شار. ئەویش خەنییەوە. ددانە ئاڵتوونییەکانی لەودیو نیمچە گرژییەکەیەوە بەدەر کەوتن، کە گاڵتە پێکردن و فەدییەکی وایان تێدا بوو. پەردەیان لەسەر سەرۆک شارەوانی، یاخۆ پارێزگاری شار هەڵدەماڵی. ویستم وەکو پێشوو بەڕاشکاوی قسانی لەگەڵدا بکەم.

- دایە خێرە سەرگەردانین. بەگۆڕی ساڵح سەرگەردان و بزرین.

نازانم داخۆ بەدەنگی بیستراو لەگەڵیدا دوام، یاخۆ لە مێشکی خۆمدا ورتاندم؟ ناشزانم ئایا دەنگی بیستم یان نا؟ ئەوی بیزانم لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا لە بیری کردم و سەرقاڵی پیاوێکی تر بوو، قسەی خۆشی بۆ دەکرد و شۆخیی لەگەڵدا دەکرد، تاکو نان و هێلکەیەکی کوڵاوی لێ بکڕێت.

– کولێرە، ماڵ کاول لەوە باشتر نییە، پرسیاری نانەواکەم لێ دەکەیت. لە کوێ بۆتی بێنین؟

بەر لەوەی هەستێ شەرەف و نامووسی بەرێت، کابرا لە نێو خەڵکەکەدا خۆی ون کرد، بێ ئەوەی ئەم حەسرەتی بۆ هەڵکێشێت. سەرلەنوێ چاوەکانی بەسەرەتای شەقامەکە و ڕووخساری شەکەتی خەڵکەکەوە نووسان. باران بەلێزمە باری. کاریگەرییەکەیم لە ناخدا تا ڕادەی سام لێنیشتن بەدڵبوو.

ئەم دۆخە مەریەمم بیر دەخاتەوە، کە ڕۆژگاری بەسەرچوو لووشی دا. چەندێک بیبینیایا بەری ئاسمان بەهەور گیراوە، وەکو پشیلەیەکی دەستەمۆ لە ژێر پاڵتۆکەمدا دەنوست. قاقای بەرزی پێکەنینی تێکەڵ بەکوتینی بارانەکە بەسەر سەربانە بەچینکۆ و قرمید داپۆشراوەکان دەبوو. بۆنی خاک بەر لووتی دەکەوێت. دوو جگەرەی خراپ پێ دەکات. یەکیانم بۆ درێژ دەکات و داوام لێ دەکات ئەوی تر بخەمە سەر لێوی. بزە منداڵانەکەی دنیا بەند دەکات.

– خۆشمان دەوێی و بۆت دەمرین. زەحمەتە ژنێک بدۆزیتەوە وەک من شێت بووبێت بۆت. گڕ بەجیهانەوە بنێ برادەر. لە بیری خۆتی بەرەوە و خەمیش لە بیرت دەکات. جگەرە بەبا بدە و بیدەرە دەست خواوە.

بەدەنگی بڵند دەخەناینەوە. چون پاساری خۆمان ڕەنگ دەکرد و ڕامان دەکرد، ڕامان دەکرد، شەختەی گۆلاوەکان لە ژێر پێماندا قرچەی دەهات و دەشکا. غارمان دەدا تاکو تەمی شار و زایەڵەی خۆشی و ئەو قاقایانەی سنووریان نەبوو، بزریان دەکردین.

بەر لەوەی بگەڕێتەوە ماڵە خنجیلانەکەی، کە بەقەدپاڵی شاخەکەوە بوو و خەڵکێکی زۆری هەژاری لێ نیشتەجێ بووبوو. لە چاوانی، کە دەڵێی ڕۆژە

دڵگیرەکانن، ڕادەمێنم. ورتە ورتێک بەلێوانمدا دەکات، هەست بەگڕی هەناسەکانی دەکەم.

– حوسێن منت خۆش دەوێ؟

– خۆشم دەوێی.

– هێندەی دەریا. هێندەی ئاسمان؟

– ئەوی چاوت دەیبینێ فراوانتری بکەرەوە. خەونە قەشەنگە بێ سنوورەکانیش گەورەتر بکەرەوە.

پاشان ون دەبێ و منیش لە لێژاییەکانی شاردا لەگەڵیدا بزر دەبم.

ئەو ڕۆژەی تایەکانی ئۆتۆمۆبێلێکی ڕەش لێی ڕفاندم، تێکڕای شەقامەکان لە ماتەمینیدا بوون. بوونە کۆمەڵێک تابووت و لە نێوان تەختەکانیدا هەزاران کەسیان لە خۆ گرتبوو. بەتاقی تەنێ بەدڵشکاوی بەرەو ماڵ گەڕامەوە، ئەو شتانەی بەدەورمەوە بوون، بەخێرایی مانای خۆیان لەدەست دا. لە نێوان ئەو هەرا و هوریایەدا دەنگی دایە خەیرەم بیست بەدوامەوەیە و وەکو ترس بەپێشمدا دەکشێت:

– لەسەرمان بنووسە هەی ڕۆژنامەوانی ئاخیر زەمان. خوا نەفرەت لەو پیشەیە بکات. تەنیا درۆ و سۆزانییەکانی سیدی هواری دەناسن. بڕۆ. یاخوا نەگەڕێیتەوە. ئامین خوایە ئامین.

خەڵکی لەم وڵاتەدا گومڕابوون. خەڵکانێکی بێ سەرپەرشتن. پشێوییەکی بەربڵاو کەس نازانێت بەکوێ دەگات. خەریکە شێتی بەرەو دڵ و مێشکیان سەردەکەوێت.

بەگەرمی قسەکانم قووت دا و بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن و لە سەرلێ شێواوییەکەم.

بۆ خوا! ئاخۆ ئەم خاتوونە دەزانێت من لەو زیاتر خەم لێ نیشتووم و دەستم لە کارەکەم کێشاوەتەوە و ئێستاکێ بێ کار و دەست بەتاڵم؟ هیچ نەبێ ئەو پێوەندیی خۆی لەگەڵ ژیاندا بڕییەوە، ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵناگرێت، کە

ناوجەرگی خواردووم.

هەندێک جار لە خۆم دەپرسم، هێشتا ئەم شەقامانەی کلۆڵی و مەرگ و گومان و شتە پەنهانەکان دێننە کایەوە فێر نەبوون، کە بەهێمنی و ئارامی ئەوانە پەروەردە دەکەن، دوای چەند ساڵێکی کەم سەری دەخۆن و ئێستا وا لە بەرچاون؟

برینی گەدەم دەستی بەڕشتنی ترشەڵۆکەکانی کرد. هەستم کرد ژانە سکەکەم پەیتا پەیتا زیاد دەکات. جارێکی تر ویستم خەمەکانم لە بیر خۆم بەرمەوە و خۆم بە بوونی خەڵکەکە و بەم جووڵەیەی هەرگیز نامرێت خەریک بکەم، هەروەها ئەم شەقامەی زیاد لە دە ساڵە شارەزایم. جادەکە زۆر نەگۆڕاوە، تەنیا ڕووخسارە نادیارەکان نەبێ، کە لەملا و لەولایدا وەکو کرم لە زیادبووندان. هەروەها ئەو مناڵانەی وەکو وردە لم زۆرن، هەتیو و ئەو کۆرپە ناشەرعییانەی لە سەرەتای تەمەنیاندا لێرەدا فڕێ دەدرێن. ڕۆژانە لە قەراغ ڕێگەکاندا دادەنیشن. هامشۆکەران دەژمێرن و هەوڵ دەدەن لە کاتی پێویستدا ڕووخساریان لە بیر نەکەن، ئەو ئەسپانەی شێوەی دەرەوەیان لە هێستر و کۆنە ئۆتۆمۆبیل دەچێت، کە جیرەیان گوێ کەڕ دەکات. ئینجاش چاوەڕوانن.

هەمووان لە چاوەڕوانیدان و نازانن چاوەنواڕی چین. شار بەدزییەوە سەرسەختترین دوژمنی خۆی، لەوانەی بێ دوودڵی سەریان دەخوارد و جگەریان دەجاوی و تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند، دروست دەکرد.

چاوەڕوانی شتێکی نامۆ دەکەن، لە ناو پریاسکەیەکدا حەشار دراوە، کە ناوەڕۆکەکەی لەوە خامۆشترە.

کاتێک قرچەی گەرما لە نێوان پەڵە هەورەکاندا دەنێژرێت، وەکو پیرەمێردی ئوفتادەی حەفتا ساڵە بەنقەنق هەڵدەستن. هەندێکیان پاڵ بەعەرەبانەی کشتوکاڵییەوە دەنێن. هەندێکیشیان بلیتی یانسیب و وێسکی و مادەسڕکەرەکان دەفرۆشن. ئەوانی تریش فێری پیشەی گیرفانبڕین بوون،

چاویان دەڵێی چاوی باڵندەیە، لە شوێنێکدا سەقامگیر نابن. دێهاتی لە دیدەکانی و شێوەی زەردەخەنەکەی و جووڵەی دەستەکانی و ڕەنگ گۆڕینی دەموچاوییەوە دەناسنەوە. وەکو پشیلە کێوین. نازانیت بەقسەی خۆشیانەوە لە کوێوە بۆت دەردەچن: مامە حەز لە وێسکی و کاکاو دەکەیت؟ مامە حەز دەکەیت چەمەدانەکەت بۆ هەڵگرین. دەتەوێت ئوتێل یاخۆ گەرماوت پێ نیشان بدەین، لە کوێ دەمێنیتەوە؟ یاخۆ هەر بەئاشکرا گەوادی دەکەن.

– کورە هەی بەستەزمان. ئەوی حەزت لێیە بیکە. ئافرەتێکی جوان تەنیا بە دە دینارە. نرخەکەی زۆر هەرزانە، قوربانی سۆمای چاو و پەرچەمی لۆنجا بێت.

منیش لای خۆمەوە مشتێک بادەمت دەدەمێ تا باش دەرۆستی بێیت.

ئاوڕ دەدەمەوە. هەستم بەهۆگری کرد. لەپڕ بیرم هاتەوە، کە من ئەم دەنگە دەناسم.

– ئەمە تۆی کەریمۆ؟ چی دەکەیت لێرە؟ دایکت لای کێ جێ هێشت؟

– دایکم جێی خۆی کردووەتەوە و منیش خەریکی ئەم ئیشەم.

– کەریمۆ!! ئەمە ئیشێکی خراپە.

– گەوادی. بیلێ. کورە کاکە سکم تێر بکە و با هەر گەواد بم. خەڵک دوو جۆرن، یان گەوادن یانیش گەوادییان بەسەردا دەکرێت. منیش لەم ئیشە زیاترم نەدۆزییەوە... کاکە خەڵک ئاوەزیان لە ناوگەڵیانە، هیچ شتێکی تریان بەلاوە گرینگ نییە، منیش توانای گۆڕینیانم نییە. تەنیا خوا براوەیە.

بەر لەوەی لە وردەکاریی دەموچاوە منداڵانەییەکەی ورد ببمەوە، خۆی بەنێوان خەڵکەکە و ئۆتۆمۆبێل و دەستفرۆشەکاندا کرد و لە چاو ون بوو.

ویستم دەستم بگەزم. تاڵ تاڵ قژم دەربێنم. بەدەنگی بەرز هاوار بکەم، وەلێ هەستم کرد زمانم وەکو کەوچک لە قوڕگمدا بزر دەبێت.

**"ئەی خوا بەرەو کوێندەرێ دەڕۆین؟ تەنانەت کەریمۆی منداڵی باشی گەڕەک، تەپوتۆزی شارەکە دووی کەوت. پێغەمبەر هاوار!".**

لە پێچێکی تر، جارێکی تر بینیمەوە. بەشێوەیەک قسەی لەگەڵدا کردم وەک ئەوەی نەمناسێتەوە. منیش وام نواند خەڵکی ئەم ناوە نیم:

– تەنیا دە دینار. بەتوندی هەڵمەتی بۆ بەرە. جوانە وەک چرا. سپییە وەک مۆم. دوور نییە. دەستت درێژ بکە. هۆ لەوێیە.

پاشان بەدەستی ئاماژەی بۆ تەلارێکی بڵند کرد، لە بانیژەکەی سەرێ ئافرەتێک لە تەمەنی دایکم دەبوو خۆی نیشان دا.

– چوارشانە و پەرزان. بەشێوەیەکی خۆش لەگەڵتدا ڕادەبوێرێت.

هەرچەندە لە دەرگەی تەلارەکە بەتەواوی لەگەڵ چوونە ژوورەوەدا بەختەتی گێڕی فەرەنسی نووسرابوو: ماڵی بەناموس Mason honnete.

بلقاسم لە پلە و پایەکەی دەترسێت، نازانم بۆ لە سەرەتاوە تێبینیی ئەمەم نەکرد. وەکو زاروو پێوەی نووساوە. هەینێ پێشنیازی ئەوەمان کرد ڕیپۆرتاژێکی بەکۆمەڵ سەبارەت بەم شەقامە بکەین، گوتی؛ ئەم ئیشە زۆر ئاڵۆزە و ئەگەر دەرگە بخەینە سەر گازی پشت، هەرچی زۆڵی شارەکە و سۆزانیی شەقامەکان هەن داوامان لێ دەکەن لەسەریان بنووسین. پرسەکە لەوە ئاڵۆزتر بوو ئێمە وێنامان دەکرد، بەڵکو هێنانەدی زۆر ئەستەم بوو. وای بەسەر یەکدا دا هەر لێی نەگەیشتین.

نازانم بۆ ئەو هەستەم لەلا ڕوواوە، کە گشت چاوەکان ڕوو لە من و دنیام بەسەردا دەڕووخێت. شەقامەکە لای من تازە نییە. وا دە ساڵە من بەهاتوچۆ دەیکێڵم. بەڕاستی، خەریکە گومان لە توانای ئاوەزم دەکەم. ئەمڕۆ، لە ناو ئەم تەنیاییيەدا وەک ئەوەیە بۆ یەکەم جار پێی بزانم. وام وێنا کرد گشت خەڵکی شێتن. لە مێشکی خۆمدا گوتم، حوسێنی کوڕی مەهدیی کوڕی محەمەد تەنانەت تۆش لەوانی تر کەمتر شێت نیت. جیاوازی لە نێوان شێتی ڕاستەقینە و کەسی ژیر دروست کراوە، یەکێک تەنانەت دایکیشی بەیاد نایەتەوە، ئەوی تریش وردترین وردەکاریی پڕ لە سوێی لە بیرە. حەمۆ تاقە شێتە، کە هەموو شتەکانی لە یادە. لە مێشکیدا یەک یەک ڕووخساری

شـەهیـدەکـانی پاراسـتـووە. لە دڵیـدا تابووتی ڕیزکراویانی بەناو و هێـمـاوە پاراسـتووە. وردەکارییـەکانی ژیانیـان دەگێـڕێتـەوە، کـە کـەسـانێکی زۆر کـەم لێیان دەگەن.

– حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو.

– ئێوارەت باش، یاخۆ بەیانیت باش، مامە حەمۆ.

– ڕۆژت باش کوڕی خۆم. ون بوون. گشت شـتێک لـەدەست چوو. هـەر هیچ نەما. هـەمووی ڕۆیی. خوا لە گوناهـی شەهیدان خۆشبێت.

– مامە حەمۆ، برسیتە؟

– چاوت تەرازووە.

ڕووی زەرد هـەڵگەڕابوو. چاوی تـێ بڕیم، پاشـان گـەڕایـەوە، تاکـو لەگـەڵ ئەوانەی یـاریی کـاغـزێن دەکـەن، سـەرقـاڵ بێت. بیـبـەوە هـەی سـەرکـەوتوو. زەردەکە دەیباتەوە. زەردەکە دەیدۆڕێنێت. خۆت و بەختت بەستەزمان.

بۆنی ناخـۆش لووتیان دەکرووزاندمەوە. وا ئەو ناوەی پڕ کردبوو خەریکبوو دەڕشـامـەوە. نازانم چی وای لێ کردم بیر لە دەست لە کار کـێـشـانەوەکـەم بکەمـەوە. ئاخـۆ ئەوی کردم هـەڵە بـوو. ئۆف، دەبوومە پیرەهێـسـتر. بڕوا ناکـەم هـەرگیز هـەڵەم کردبێت. بڕوا ناکەم.

**"ئای حـوسـێنی کـوڕی مـەهدیی کـوڕی مـحـەمـەد، ناتەواویت ئەوەیە کـاتێک هـەڵە دەکەیت، لە پاساوێک دەگەڕێیت بۆ ئەو هـەڵوێستەت، دەکەویتە هـەڵوێستی بۆش و بەتاڵی کـەسـێکەوە، جگە لە پاسـاو دیتنەوە بۆ گـشـت ڕەفـتـارەکـانی هیـچـی تر لەدەست نـایەت و بەجـۆرێک خـۆی دەپەڕێنێـتـەوە، کـە بنڕیشـەیی دەروونی کپ بکاتەوە".**

ئۆف. من پاسـاو ناهێنمـەوە. من تێکشکاوم و مـێشـکم وەسـتـاوە. من دان بەواقـعـێکدا دەنێم هێـشـتـا لە مـێـشـکمـدا نـادیارە. تەنانەت ئـەگـەر وازیشم نەهێنایا، ئەوا جیایان دەکردمەوە، یاخۆ بۆ لاپەڕەی پرسـە و سەرەخـۆشییـان دەناردم. جگە لـە دوودڵی هیچ زیانێکم نەکردووە. بەڕێپـۆرتاژەکە هـەڵدەسـتـم.

ئەگەر سەریشم لەسەری دانابێت بەدوای گشت وردەکارییەکاندا دەگەڕێم. بەدوای ژیانی ئەم پیاوە ئاڵۆزەدا دەگەڕێم، کە لە نێومان دایە و کەس زاتی ئەوە ناکات پرسیاری ئەوەی لێ بکات و بڵێ تۆ کێیت؟ ئایا لەسەرمانە خۆشمان بوێت، یاخۆ ڕقمان لێی ببێتەوە؟ من هەر دەچمە نەخۆشخانەی جوانکارییەکەوە ئەگەر ناچاری ئەوە بم بەدیوارە بڵندەکانیشیدا هەڵگەڕێم. داخۆ شتێک ماوە لەدەستی بدەم؟ چش.

بەر لەوەی بەتەواوی لە شەقامەکە بپەڕێمەوە، بەرەو کۆڵانێک، کە شەقامی مەهدیی کوڕی محەمەدی لێ دەبێتەوە، بام دایەوە. جارێکی تر سەرنجی ئەو تابلۆ ئاسنینەم دا، کە ناوی گەڕەک و شەقامەکەی لەسەر نووسراون. بەتێپەڕبوونی کات سپی بووبووەوە و هەندێ وشەشی هەر بەجارێک سڕابوونەوە. ڕەنگە دوای ساڵێکی تر شتێک نەمێنێت ناوی شەقامی مەهدیی کوڕی محەمەد بێت. شارەکە یادەوەریی لەدەست دەدات.

بەسەرکێشییەکی لاوازەوە لێم ڕوانی. هەستم بەفرمێسکی سووتێنەر کرد بەچاوانمدا دێنە خوار، بای بیابانیش لە خوێنمدا هەڵ دەکات و ئەو سروودە نیشتیمانییانەی بوونەتە وێردی سەر زمان، چون چۆلەکەی لە پەلوپۆ کەوتوو، ئاوا پەلەخوار دەبنەوە.

لەو کۆڵانەی بەئازار و پیسییەکانی درێژ بووبووەوە، ئافرەتانێکم بینی زۆر بەهەرزان لەزەت دەفرۆشن و سروودی خۆیان دادەنێن.

**ئای دایە، وەی دایکە گیان**

**وەڕس بووم لە قسەی خەڵکی**

**بەر لەوەی خەومنووتکە بمگرێتەوە، وەرە**

**لە هێلانەی دڵتدا بمکە بەکۆتر**

**ئای دایە، وەی دایکە گیان**

مەریەمی جوان، ئێستا ئەم دڵە شەکەتە چی بەسەر دێت؟ ئێوارە بەتاڵەکان دەمکوژن. نازانم چی وای لێ کردم بیر لە منداڵیم بکەمەوە، کە لەسەر ئاقاری

شار پارچە پارچە بوو و چاوی خەڵکی و لێڵیی شتەکان گەمارۆمان دەدەن. تا نووکەش چاخانەی مێرگی سەوز چاوی منداڵیمانی لە یادە، چۆن لە ترساندا بەشەقامەکاندا هەڵدەهاتن. من هەموو کات پێت دەڵێم، ئەودەمی بەڵێنی هاتنم پێ دەدەیت، وەرە کۆرپەکەم، یاخۆ داوای لێبوردن بکە. بۆ تاقە خولەکێکیش دوا مەکەوە. چونکە مانەوە لە چاوەڕوانیتدا ئازارە و خۆشەویستیشت ژان. خۆشییش لەگەڵ تۆدا ئێش و ئازارە. سەربارى هەموو ئەمانە، تۆش وەک منیت، هێشتانەکینێ خەڵکانی باش و دەریا و ئاسۆگەی جوان و کەنار و ئەو کێوانەت خۆش دەوێن، کە چوار وەرزە سەوزن.

حوسێن تۆ بەخدێی خۆت وڕێنە دەکەیت. وڕێنە دەکەیت. لە ئیشەکەت و لەگەڵ برادەرانتدا لە قەیرانداین. کچە هاوەڵەکەت شار لووشی دا، کەچی تۆش تا ئێستا وەکو دەبەنگێک لە ناوەڕاستی شەقامە تەواو نەبووەکەدا بێ هەست وەستاویت. دەنگی مەریەم لەگەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەکدا لە گوێتدا دەزرینگێتەوە. ئەو بەختی لە چاوەکانتدا دەخوێندەوە.

– لەم وڵاتەدا پێوەندیی تەندروست دروست نابێت، تاکو لە ناوەوە هۆشیار نەبین. ئێمە هەموومان نەخۆشین.

بەجەستەیانەوە لە بەرابەر پارچە نانێکی سووتاوی کۆنە تەنوورێک کەوتنە دوای لەزەت. کاتێک لەوسەری شەقامەکەوە دەتبینن ملیان شۆڕ دەکەن. هەندێکیان لێت دەپرسن: کوڕە لاو چۆنیت؟ ئەی کوڕانی شارە بەدبەختەکە چۆنن؟ بۆچی ئێمەت لەگەڵ خۆتدا بۆ لای دایکت هانی؟

ئەو ڕۆژەم لەبیرە، ڕوقییەی کارەکەری عێشە درێژ. جارێکیان چون گشت نەخۆشەکانی ئەم وڵاتە دەچنە نەخۆشخانەوە، ئەویش خۆی بەسووڕخانەکەدا کرد. تا سەر ئێسقان شەکەت و ماندوو بووم. گیانم تێکشکابوو. هەر پارچەیەکی جەستەم لە شوێنێکدا دەنووست. هەستم بەپێویستییەکی پێداگر کرد بۆ قسە و دانیشتن و گریان. بەنیازێکی پاکەوە لەسەر ئەم شەقامەی ناوی بابمی هەڵگرتووە، قسەم بۆ کرد. هێند خەنییەوە تا لە پەلوپۆ کەوت.

– حوسێن تۆ هێشتا منداڵی.

– لەبەرچی؟ هەر لەبەرئەوەی بەگێلییەوە پرسیارم لێ کردیت؟

– بەپێچەوانەوە. ئەگەر یەکێک هەبێت من خۆشم بوێت، ئەوە تۆی. نا، من سەیرم لەوە دێ تۆ تا ئێستاش دنیات بەهەند وەرگرتووە.

هەستم بەخۆم کرد پیرە دارێکم بایە دڵڕەقەکان چڵەکانیان لێ داماڵیوە. پاشان جارێکی تر لە هەمبەر کچە هاوەڵەکەمەوە، کە شارە بەردینەکان لە دەستیان کردمەوە و ڕفاندیان، قسانم بۆ کرد. سەرلەنوێ خەنییەوە. بەدەنگی بەرز لە قاقای پێکەنینی دا. ئینجا لە قوڵپی گریانی دا و دەیقیژاند، چون کۆرپەیەک بێ و لە مەمکە وشکەوەبووەکانی دایکی دوور خرابێتەوە. نازانم بۆ، لێ ئەوی بیزانم ئیتر لەو ڕۆژەوە نەگەڕامەوە لای. هەرچەندێکیش بەشەقامەکەدا ڕەتبوومایا، کەمێک لە سەربانەوە بەو جلەوەی، کە هاوین و زستان تەنک لەبەردەکات تەماشای دەکەم و بۆ ماوەی پێنج خولەک بەرگەی پاڵنانی خەڵک و هاوار هاوار و سەرێشەی ئەو هاموشۆکەرانەی بەزەییان نایەتەوە، دەگرم. ئەویش لە جێی خۆیەوە بەچاوە منداڵانەییەکەیەوە لێم ڕادەمێنێت. جگە لە چاوە خۆشی بەخشەکەی جوانییەکەی نەماوە. پاشان یەکسەر بەرەو مۆنۆمێنتەکە دادەبەزم. لە ئامێزی دەگرم. بەر لەوەی یەکێک لە مەیخانەکانی شار لووشم بدات، چەند سەعاتێک لەوێ دەگوزەرێنم.

لە چرکەساتێکدا وام هەست کرد لەودەمی بەر لەقە دەدرێم، نیشانەکانی شێتی خەریکن دەچنە مێشکمەوە. بێگومان بەهەمان چارەنووسی حەمۆ دەچم. شارەکە وا تەنگ بووەتەوە، تا وای لێ هاتووە لە کونەدەرزی دەکات.

حەمۆ گیان، وا ڕێککەوتووە حەزت بەخەونێک بێت و دەستێکی زەبەلاح هاتبێت لێی دزیبیت؟ خەونە منداڵانەییەکەت حەمۆ. ئایا ڕووی داوە لەسەر سینگی ئافرەتێکی جوانی سەرخۆش نووستبیت و لەودەمی مەمکە پڕەکانی دەمژیت، مردبیت؟ داخۆ ڕووی داوە چاوانی ئافرەتێکی بزێوی وەک خۆت لە ئامێز گرتبێت و کاتێک چاوت هەڵێنابێت خۆت لە جیهانێکدا بینیبێتەوە

نەتزانیبێت بەهەشتە، یاخۆ سەرەتای شێتی؟

حەمۆ من بڕوا بەڕاستگۆیی ئەزموونەکەت دەکەم، کە لێی دەرچوویت. بۆ تاقە جارێک وەرەوە خۆت و ئەوی لە دڵتدایە بەڕاشکاوی بیڵێ، پاشان ئەگەر دەتەوێت بۆ خۆت بمرە. بمرە و لە دڵ و لە ئێسقاندا دەمێنیت، تاکو ئەم بایە بیابانییانە چاومان لێک دەنێن.

ڕوقیە مات و مەلوول و خەمبار بوو.

ڕوقیە چاوانی لێک نابوون. لە بانیژەی خانووەکەوە وەک پارچە قوماشێکی هەرزان چەند جارێک شۆڕابێت و بەتەلدرێکەوە کرابێت، لە چاوەڕوانیی بایەکی بەتیندا لە گەشتە بەردەوامەکەیدا لەگەڵ خۆیدا بیبات.

هەینێ گەیشتمە مۆنۆمێنتی شەهید تابلێی شەکەت و لە خەونەکانم وەڕس بووم. هەر شتێک دەستی مرۆڤ بیگاتێ، یاخۆ بەچاو بیبینێت هەڵدەوەرێ و دەرمێت.

یەکێک لە سەوزەفرۆشە کۆڵانگەڕەکان، گوێدرێژەکەی لای مۆنۆمێنتی شەهید دەبەستییەوە و پڕ بەدەم هاواری دەکرد: تەماتە، کوولەکە سەنگەری، تۆڵەکە، باینجان، کەرەوز، مەعدەنۆس (...) لێرە هەموو شتێک هەرزانە.

حەمۆم بینی دەستی بەسەر پەیکەرەکەدا دەهێنا، گڕ لە هەناوی بەر بووبوو و ناخی پڕ بوو لە دارستانی خۆڵەمێش و بزماری ژەنگاوی.

– حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو. ئەوەتانێ کردوویانە بەشوێنی بەستنەوەی کەر و هێستر.

ئەی حوسێنی کوڕی مەهدیی کوڕی محەمەد، ئەم هەموو بەدبەختییە لە کوێ خۆیان مەڵاس دابوون؟ خۆت لە کوێ مات دابوو؟ داخۆ دێمەوە سەر خۆم، یاخۆ ئاوەزم لەدەست دەدەم؟ حوسێنی برام ئەمە ئەو هاوکێشەیەیە، کە هەست بەهەڵگەڕانەوەی دەکەم.

تەڕەفرۆشەکە دەنگی لێ هەڵبڕیبوو و گوێدرێژەکەشی لە بن پێی مۆنۆمێنتەکە لە سێبەر دەگەڕا . ئەوانی لە قاتی سەرەوە بوون دابەزین و چوون

یانسیبفرۆش و ژماره و بەختگرەوە بێت، وەکو هەنگ لە دەوری پوورەیان بەست. خەریکە سەرم دەتەقێت. جیاوازییەکی بەرچاوم لە نێوان سەوزەفرۆشەکە و بلقاسمی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکەدا نەدەبینییەوە. هەردووکیان بەپێی زیرەکیی خۆیان دەکڕن و دەفرۆشن. وێڕای ئەوەش، ئەم هەواڵە بەخەتی درشت لەو ڕۆژنامەیەی بایەکە بەڕووخسارییەوەی نووساندم، هەر مایەوە. هەستم کرد چوکڵەچزێم دەکات و ئەم ڕۆژنامەیە لەو شتە جوانانەیە بۆم ماوەتەوە و لە ناخی ناخمەوە نوستووە:

**"لەبەر خواستی کڕیارەکانمان پێمان خۆشە پێتانی ڕابگەیەنین، کە هێڵی ئاسمانیی سعوودی خۆشحاڵە بەباڵەفڕەکانی خۆی جۆری ترایستارTRISTAR، لێرەوە تاکو شاری جەددە سێ جار لە هەفتەیەکدا پێشوازیتان لێ بکات. سعوودیە هیوای گەشتێکی بەختەوەرتان لەسەر هێڵەکانی بۆ دەخوازێت و گواستنەوەی کەلوپەلەکانیشتان مسۆگەر دەکات. بەخێر بێن بۆ جیهانەکەمان. بۆ زانیاریی زیاتر پێوەندیی بەنووسینگە تازەکەمانەوە بکەن. (...)".**

لە گۆشەیەکی هەمان ڕۆژنامەدا هاتبوو:

**"مژدەی دامەزراندنی کۆمپانیا نوێکەمانتان (خەونەکان بۆ گەشتوگوزاری نیشتیمانی و جیهانی) پێ ڕادەگەیەنین. ئەگەر دەخوازن گەشت بۆ بەهەشت بکەن، دوودڵ مەبن لە پێوەندیکردن بەنووسینگە نزیکەکانمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتان".**

وام لێ هاتبوو ئەم ڕیکلامانە دەیانترساندم. ئەمانەش لەگەڵ هاتنی بلقاسمدا لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانەوە هاتە کایەوە، کە دەستی بەهەموو لایەنەکانی ژیان دەگەیشت.

ڕەنگە حەمۆ بەو لەناوچوون و هەڕەتی شێتییەیەوە، زێتر هەستی بەو مەترسییانە کردبێت، کە وڵات دەرگیریان بووبوو.

– ڕێگە برا ڕێگە. یا بکرە یانیش ڕێگەمان بدە تێپەڕین.

وەک بەردێک گڕکان تووڕی هەڵدابێت، لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا بووم.

زۆر ماندوو بووم. بارانەکە بەتینتر دای کرد و لە شێوەی جەلادێکی ناوچەی کەنداو بەر قامچیی دەداین. ڕۆژنامەکە بەرە بەرە بەدەستمەوە تەڕ دەبوو، لێ من فرێم نەدا، نازانم بۆ؟ لە ڕووخساری مۆنۆمێنتەکەم ڕوانی. وا هاتە بەرچاوم ڕووگرژ و خەمبارە. ئەو ناونیشانە گەورانەم لە سیمایدا خوێندەوە، کە بەزەحمەت بینییانم. سەری بەرەو ئاسۆیەکی نادیار وەرچەرخاند. هیچی نەگوت، لێ تفێکی ڕۆ کرد. خەڵکی لەبەر پێیەکانی لەگەڵ سەوزەفرۆشەکەدا شەڕیان بوو. بەتوندی سەیری کردم. سەرم دانەواند و بەرەو **مەیخانەی باوەڕ**، کە دەمی تەواو بەش کردبووەوە، لێژبوومەوە. تەڕ بووم. سەرما و خەمبار.

لە نێو گلێنەی چاوەکانمدا جووڵەی مۆنۆمێنتەکە چەسپی، هەینێ بەتەواوی جەستەیەوە بەرەو شوێنێکی نادیار ئاوڕی داوە.

ویستم لە ڕاستی و دروستی ئەوەی بینیم دڵنیا بم، کەچی **مەیخانەی باوەڕ** بەرەو خۆی کێش کردم، ئیتر خەریک بوو چێژم لە ڕووخساری خەڵک و گەرمییەکە و دووکەڵی لێرە و لەوێ بەئاسماندا چوو و بۆنی بیرەی زۆر ماوە، وەردەگرت.

## گەڕانەوەی مەهدیی کوڕی محەمەد لە دوورخراوگەکەی

خەم کرم ئاسا خۆی لە دڵدا گرمۆڵە دەکات.

ڕووخسارە شێوە پەیامبەرییەکەتم لە بیرە و هەرگیز لە مێشکم دەرناچێت. یەکەمین ماچ دڵمی هێنایە لەرزین و دوای ئەوە هەستم بەسەرمایەکی سەیر کرد بەخوێنمدا گوزەر دەکات. نازانم چەندێک بەسەر ئەو ماچەدا تێپەڕیوە. ئەو وەکو من و تۆ بێ نەوا و جوان بوو، مەریەم. شتەکانی دەوروبەر لە ڕێککەوتنێکی سەیردان. بۆنی وا دەگرنە خۆیان زەحمەتە سروشتیان دیار بکرێت. هەر بۆنە و بوویەرێکی ژیانم بیر دەخەنەوە. تەنانەت کیژە هاوەڵەکەم، کە شار گومی کرد، بۆنێکی وای هەبوو چەندێک بۆنم پێوە دەکرد بەرەو خۆشییەکانی منداڵی و خاکی گەرم و کاریگەریی وەرزە باران و ئەو گوندانەی بەدڵدا چووبوون، دەگەڕامەوە. نەمدەزانی چی لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەبردم. لێ بەدڵنیاییەوە، زۆر بەزەحمەت پێڵووەکانم هەڵدەهێنان نەکو لاپەڕی ڕیکلام و پرسە ڕووبەڕووم ببنەوە و سەرودڵم بگرن، یاخۆ ڕووخساری بێ سیمای بلقاسم و نەخۆشخانەی جوانکاری، کە لە ناوەڕاستی شاردا چەقی بەستبوو، هەروەها ئەو تیزابەی بەتوندی گەدەی کون دەکرد و ئازار و ڕەنگی شێوە قوڕقۆشمی ڕەشهەڵگەڕاوی شەقامەکە و مۆنۆمێنتەکەی نازانم بۆ لەو کاتی چوومە مەیخانەی باوەڕەوە ڕووی خۆی لێ وەرگێڕام.

گشت شتەکان سووتان، بوونە خۆڵەمێش و لە ناخمدا بوون بەقەرەبرووت.

ئای خوایە! خاوەنی ئەم میوانخانەیە چەند وەڕسکەرە. هەست بەبێنرخیی دەکەم. حەز دەکەم برشێمەوە. بەچاوە نەگریسەکانی تەماشای دەکردم. چاوە ترسێنەرەکانی هێند تیژن دەڵێی ئاگرن. دەرپۆقیویی چاوەکانی دەموچاویان بچووک نیشان دەدا، ڕیشە درێژەکەیشی لە ڕیشی باپیرمی دەکرد. هێند

سەرنجم نەدایێ. من زیاد لە پێنج ساڵە لێرەدا نیشتەجێم و بەر لە سەری مانگ مانگانەکەی بەرێکوپێکی دەدەمێ، تەنانەت ئەگەر ناچاری ئەوەش بووبم قەرز لەو برادەرانەی نان و نمەکی یەکتریمان کردووە، بکەم. ئەو ناتوانێت لەسەر رێگەم بووەستێت، هەرچەندە هەندێک جار وا هەست دەکەم قەلەڕەشی ترسناک لە دڵیدا هێلانەیان چێ کردووە و چاوەڕێی ساتی گونجاون تا هێرش بێنن. دڵی باش نییە، لێ بەردەوام لە رۆژنامەوانان زەندەقی چووە. ناوی ناون، یاخۆ بابلێین بەرقێکی گەورەوە بەسەگی شاری chiens de la ville ناو دەبردن، تا سەر ئێسقان حەزی بەفەرەنسی ئاخاوتن بوو.

هەندێک دەڵێن گوایا باپیری حاخامێکی جوولەکە بووە، ویستی لە ئاگرەکە رزگار بێت، ئەو بووە قەرەبرووت و قاسە ئاسنینە کلۆمکراوەکە هیچی لێ نەهات. زۆر بەزەحمەت کرایەوە. لە دەڤەرێکی نادیارەوە هات و لەم شارەدا گیرسایەوە. هەندێک دەڵێن خەڵکی سیدی بلعەباسە و ئەوانی تریش دەڵێن باپیرە گەورەی خەڵکی تەلسمانە و گشت ساڵێک دەچێتە سەر گۆڕەکەی. چاوی کەس نابینێت تەنیا گیرفان و جلەکانیان نەبێت. هەروەها بەمل وتیاری دەڵێن؛ دەخوازێت مەملەکەتەکەی فراوان بکاتەوە، تاکو ئوتێلەکەی ببێتە چوار، یاخۆ پێنج ئەستێرە.

لەسەر پلیکانەکە رەتێکم برد، هەستم بەدڵشیوان کرد، لێ خۆم گرت. بەتوندی پاڵێکم بەدەرگەکەوە نا. وام هاتە بەرچاو گەورە و قورس و ماندووکەرە. لە ناکاو میچەکە پەیتا پەیتا دادەبەزی، دیوارە دارماوەکانیش دەهاتنەوە یەک و هەناویشم کرژ دەبووەوە و دەبووە پارچە لاستیکێک چەند جارێک سووتا بێت.

خۆم دا بەسەر کۆنە کورسییەکی دارینداً، لێکچوونێکی مەزن لە نێوان کورسییەکە و نەنکمدا کە پار مرد، دەبینمەوە. وەکو قامیشێکی وشکەوەبوو ناوی کلۆر بووە. ئەم کورسییە هیچ رۆڵێکی لە ژوورەکەدا نەبوو. من هەستام چاکم کردەوە، هیچ نەبێ بتوانم لە کاتی پێویستدا پێشوازی لە دۆست و خۆشەویستانم، کە لەم رۆژانەدا کەم بوونە، بکەم. هەموویان بەم دوادواییە

بەهەمــان دەردی مــۆنۆمــێنتــەکــە ڕووم لێ وەردەگــێــڕن. تەنانـەت حــەمــیــدی مـەشـخـەڵی ئەم شـارە بەکورتترین ڕێگەدا تێپـەڕ دەبوو. سـەرلەنوێ لە دیوارە داڕووخــاوەکــان ڕامــام. پاشــمــاوەی جــەنگێکی نـەزانراو بـوون. تەنـانـەت بۆیاخەکەی لە سۆنگەی شێی تەڕییەوە لە هەندێک جێگەدا پەنماو و هەڵوەری بوو. زەوییـەکەی پیس و پۆخڵ. بۆنێکی تا بڵێی ناخـۆش دەهات، لە گۆشـەیەک لە گۆشەکانی ماڵەکەوە، کە تەنگی پێ هەڵچنیبوون.

سـەرێشـەکەم زیادی کرد و سـەرلەنوێ ڕشـانەوەکەم هەڕەشـەی لێ دەکردم. چاوانم نـووقــاندن، بەتوندی هـەڵم گــلــۆفین. ئەوی دیتم دیتم. ڕەوە ئاسـک لە ترسی تفەنگێک، کە خاوەنەکەی نە ناوی هەبوو و نە چاو، هەڵدەهاتن.

ئامێرێکی زەبەلاحم بینی، ئەوە یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا شتـی وا ببینم، کە لەشی لەڕ و لاوازی مرۆڤـەکانی دەهاڕی. وێنەی هیـتلـەرم بینی، نازانم بۆ، کەچی وەکو خوێنی ناو دەم ڕقم لە چارەی دەبێتەوە، موو لە سـەرە کەچەڵەکەی ڕووابوو و سـمێڵـە قەیتانییـەکەی تاشـیبوو. لە دانیشـتنێکدا ڕووبەڕوو لەگەڵ دایکیـدا بینیم، هێندەی نەبرد کــەوتە خـواردنی ســەری، تا بەیـەکـجـا هـەڵی لووشی. پاشـان کـە پێی هەرس نەدەکرا، وەکو سـەگی هار دەتلایەوە، ئیـتر تا ڕۆژی ونبوونەکەی دووچاری قەبزییەکی بەردەوام بوو.

شـتـێک لە ناخـمـدا خــەریکبـوو جووڵە ئاسـاییـیـەکـەی خـۆی دەگـۆڕی. لە تەنیـایییـەکەمـدا حـەزێکـی زۆری گریان و تاسـەم دەبزوا. ڕەنگە ئەوە هـەمـان وردەکاریی ئـەو دۆخە بێت، کـە پێش شێتی دەکەوێت. گەورە و فراوان بووەوە، تا هـەسـتم بەجـیـهـان کرد لـە بەرابەرمـدا تەنگ دەبێـتـەوە و ناتوانێت لاشـەم هەڵگرێت. لە سـاتێکدا، ناتوانم بەخـولـەک و چرکـە دیاری بکەم، بـوومـە نیـوە ئەسـپـێکی ئەفسـانەیی، بەهـەزاران دەست درێژبوونەوە، تـاکـو بیـخـەسـێنن. یەکـیــان، پارچە پەڕۆیەکـی ڕەشی بەدەمـوچاویدا دادابوو، مـووسـێکـی تیـژی دەرهێنا، لەســەر پشت درێژیان کــردم لای خـــوارەوەمــیــان توند گــرتبــوو. هێـدمــەیەکی گــەورە بوو. بەهەمــوو دەنگمــەوە هاوارم کــرد، لێ چون پـارچە قـومـاشــێک، یاخـۆ لۆکــەیەکی لە ئاو و خــوێ هەڵکێـشــراویان پەسـتـابێـتـە

قورگمەوە، هیچ دەنگم دەرنەدەچوو. لنگمیان تەواو کردەوە. تا هێزم تێدا بوو قیژاندم. هاوارەکەی ناخم گەڵا وشکەوەبووەکانی پایزی هەڵوەراندن. تاق و تەنیا مامەوە. ئەی خوا تۆ لە کوێی؟ ئەمە ئەو ساتە گونجاوەیە دەرکەویت و هەموو شتەکان بەسەر سەر و پشتیاندا سەرەونگوون بکەیت. تەنیاییيەکەم خەستتر بووەوە. مووسێکی جیلێتیان لە کاغەزەکەی دەرهێنا، سپی و تیژ، دواتر یەکیان بەدەستە بەهێزەکانی گونی گرتم، بای دەدا و ڕای دەکێشا، بای دەدا و ڕای دەکێشا، هەوڵی دەدا بەتوندی پاڵی بنێت، تا وای لێ هات چەرمەکەی لەو هەستەم ناسکتر بووەوە، کە بۆ سروودە مردووەکانم هەڵگرتووە. ویستم خۆم لە دەستیان دەرباز بکەم، کەچی ئەوان لە بەرگریکردنەکەی من بەهێزتر بوون. جارێکی تریش بەنائومێدییەوە هاوارم کرد: ئەی خوا تۆ لە کوێی؟ ئەی تۆ لە کوێی حەمیدی مەشخەڵی شار؟ پێم بڵێ چی بکەم؟ من بەدوو چاوی زەقەوە لە دۆخی مردندا دەژیم. تاق و تەنیا بووم. لەگەڵ ئەو زایەڵە ترسناکانەی لە دوورییە پەنهانەکانەوە دێن. ڕێک لەو کاتەدا، وام بەبیردا هات دەست لەو بابەتە هەڵگرم. ئەگەر ساسافنداى هاوەڵم بەم سەرچڵییەم بزانێت، وازم لێ دێنێت. ئەو ڕقی لە ئاریشە و سەرێشەیە. خوا. مەهدی محەمەد، وەکو شەهیدەکانی تر، دەبا لە جێی ئەو پیاوەی عەلی بلقاسم پێشنیازی کرد، ئەم ببێتە بابەتی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە. چی دەبێت. کێ دەزانێت من پاشەکشێم کردووە؟ هەر بەخۆم پێم لەسەر داگرت و هەر خۆیشم ژیوان بوومەوە. تەنانەت ساسافنداش بەهیچ نازانێت. لێ بەچ ڕوویەکەوە لە بەرابەر ئاوێنەدا بووەستم؟ هیچ ڕوویەکم نامێنێت. لە خۆڕا ویستم خۆم قایل بکەم. داوام لێ کردن ڕۆژێکی دیم بۆ زیاد بکەن. تکاتان لێ دەکەم لێم بگەڕێن، سبەی بۆ لای بلقاسم دەچم و قاچەکانی ماچ دەکەم. پاشان دوودڵ بووم. تۆ شێتی و شایانی ئەوە نیت ناوی حوسێنی کوڕی مەهدی محەمەد هەڵبگریت. نا. نا. ڕازی دەبێت بگەڕێمەوە ڕۆژنامەکە، وەلێ لە چاوی ئەوەوە دەبمە مشکێکی بچووکی وا لە نێو دەستەکانیدا هیچ هێزێکی نەبێت، وەک چۆن لەگەڵ ئەوانی تردا کردی. بەلای ئەوەوە دەبمە مرۆڤێکی

بوودەڵە، بڕست لەبەر بڕاو، پیرەمێردێکی کەنەفت، لە گۆشەیەکی نووسینگە دێرینەکەیدا چاوەڕوانی لە ناکاوی مەرگە. ئەی تۆ مەهدی چۆن بەم ڕووخسارەی سیمای لەدەست داوە، ڕووبەڕووت ببمەوە؟ نا.

مەهدی لە ناو ماڵ دوو چاوی ئارامی تێ بڕیبووم، سەرنجی جووڵەی گەورە و بچووکی شتەکانی ناو ماڵەکەی دەدا. لە چاوترووکانێکدا، ئەو هەستە دای گرتم، کە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە. نە گۆڕ، نە ئێسک و پرووسک، نە وڵات، نە ناو، هیچیان نیین. نا. نا حوسێن ئەمە دۆخی وڕێنە و بێ ئومێدییە مێشکی داگیر کردوویت. ئەگەر وا بکەیت مەهدی تێک دەشکێت. شەهیدان پەیامبەرانی ئەم سەردەمەن. تا نووکەش هێشتا ئێسک و پرووسکیان لە چاڵە فەرامۆشکراوەکاندا، لە دارستان و ئەشکەوتە کۆنەکاندا دەردەهێنین، تا سەرلەنوێ بیاننێژینەوە.

حوسێن، تا ئێستاش خوێن لە ئێسقانەکانیاندا دەچۆڕێتەوە. هەموو شتەکان لە مندا وەکو ڕووبار خوێنیان لێ بەردەبوو، یەکێکیان پارچە پەموویەکی دەرهێنا، سووکدەستانە چەرمەکەی هەڵدڕی و جووتەگون یاریی منداڵ ئاسا دەرپەڕین. لە حەوشەی ماڵ گوێم لە دەنگدانەوەیان بوو. خوێن وا فیچقەی کرد لە میچەکەی دا. کابرای نەناسراو دەمی چەرمەکەی کردەوە و لۆکەی پەستایە برینەکەوە و چون پارچە قوماشێکی دڕاو ئاوا دووریبەوە. قیژە و هاوارم دەگەیشتە ڕوبعلخالی.

هەینێ بەقورسی چاوەکانم هەڵێنان چاوم لە جووتەگونەکانم دەگێڕا، جگە لە چەرمێکی بۆش و بەتاڵی کونکون و دووراو لە چەشنی کۆنە توورەکە هیچی دیم نەدیتەوە. هەستم کرد بەترس دەورە دراوم. زەندەقم چوو. مامزێکە و ترس لە چۆڵەوانی ڕفاندی. ئای دایە گیان چی بەساسافندا بێژم؟ ئەی چی بەخۆشەویستە خۆهەڵقورتێنەرەکەم بڵێم، کە وەک دیواری ئەم شارە پەڕپووتە دارزاوە. چاوم زیاتر کردەوە، ئاوساردکەرەوە و تەلەفزیۆنە ڕەنگاوڕەنگ و هەواڵەکانی ئێوارێم بەرچاو کەوتن، ڤیدیۆکانیش جار دوای جار لە هەوڵیاندا بۆ بنجبڕکردنی یادەوەریم، کە زۆری وەڕس دەکردم، شالاویان بۆ دێنام.

وەکو ئاژەڵێکی ئەفسانەیی خرۆشابووم. کاتێک جێیان هێشتم. لەگەڵمدا خەنینەوە. لە قاقای پێکەنینیان دا. دەستیان بەسەر و قژمدا هێنا، چاویان لێک قرپاند و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆیشتن. ویستبوویان هەمان شت بەحەمۆش بکەن، کەچی ئەو سەرسەختانە بەرگری کردبوو و دەرۆستی نەهاتبوون، چونکە ئەو لە چرکەساتێکی دۆنای دۆنی نامۆدا بووە دێوێک توانای لووشدانی شارەکەی، بەخەڵکەکەی و مەیخانە و چاخانە و ئافرەت و گەرماو و بارەگای ڕۆژنامە و دەزگەکانییەوە هەبوو.

لەسەر زمانم هەستم بەسوێرییەکی تیژ کرد. هەینێ لە خۆم بەئاگا هاتمەوە دەبینم وا ئەندام بەئەندام و پارچە بەپارچەی جەستەم دەخۆم. کەچی ئینجاش لەو دۆخەدا هەستم بەجۆرە ئاسوودەییەک کرد، چون منداڵێک بەتەنیا لە جەنگەڵێکدا جێ هێڵرابێت، کەوتمە شین و شەپۆر.

**ئای دایە گەر حوسێنی کوڕت دەدیت؟**

سەرلەنوێ هەوڵم دا چاوم بکەمەوە، لەودیو سوێرایی فرمێسکەکانمەوە ڕووخساری مەهدیم بەدەم بزەیەکی هێمنانەوە کەوتە بەرچاو، ئەو چوارچێوە بچووکەی لە شوێنانی دوور و لە وەختێکەوە کۆنتر لەو زەمەنەی تێیدا دەژین و ناچاری ئازار چێشتنین، لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتبوو. ئەمە لە یادەوەریی ئەو ڕووخسارەدا ماوەتەوە، کە خۆڵی گڵکۆکەی و پەنهانی خواردیان. دایکم دەڵێت مەهدی نەمردووە و هەرگیزیش نامرێت. زەردەپەڕێک هەر دەگەڕێتەوە. دوور نییە ئێوارانێکی سارد بێت. لێ دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو خوێنەی سەوزاییی دارستانەکان خواردیانەوە تەنیا بەگەڕانەوەی ئەو پیت و فەڕی دەبێت، هەندێکیان دەبێژن و سوێند دەخۆن مەهدی لەگەڵ سەرەتای خۆرگیراندا دادەبەزێتە ناو کڵێساکانەوە. لەگەڵ سوپایەک لە شەهیداندا خۆی بەم شارەدا دەکات، کە وەک پیرە گورگێکی لێ هاتووە. حەمۆش بەئاوازە خۆشە لەدەستچووەکانی جەخت لەسەر ئەو چیرۆکە دەکاتەوە.

دە هەستەوە مەهدی، یاخۆ پێم بێژە بۆ بێدارکردنەوەت چی بکەم، ئەی ڕووخسار لە ڕووخساری پەیامبەر چوو، کە بەمردن لە بەرابەر مردن جەنگا و

ژیانی بەژیان خۆشویست. ڕابە، تەنیا تۆ لەم شارەدا ماویت. هەموو شتێکت لەدەست دا، ڕەنگە مەشخەڵی شارەکەشت لە کیس چووبێت، ئەو حەمیدەی وەکو قوربانیی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە خەریکە دەکەوێت، کە نوقمی پووچیی مردنیان کرد. سبەینێش ساسافندا چەشنی ئەو نەورەسە سپییانەی شاریان جێ هێشت، باڵ دەگرێت.

گشت شتەکانم لەدەست دان: جووتەگون، کار و ئەو شارە دوورەی بەرگەی لاسارییەکانی منداڵی و بێ مێشکییە بچووکەکانمی گرت. بڕوام پێ بکە، هەندێک جار ئاواتی ئەوە دەخوازم وەکو پەڵە هەورێک خۆم بەناو وردەکارییەکاندا بکەم و نەزانم چی لەم دنیایەدا ڕوو دەدات، سەرلەنوێ بگەڕێمەوە سەر بنەچەی یەکەمم، بۆ تاسەی منداڵی، حوسێن، کوڕی باشی شار، لە ژیانیدا فەلسەفە بەسەر کەسدا لێ نادات. بەجۆش و خرۆشێکی بێ پایانەوە کار دەکات. ئێوارانیش هەینێ بەشەکەتی دەگەڕێتەوە، چێژ لەو دۆخە دەبینێت، کە بەزەحمەت لێک دەدرێتەوە. ئاو گەرم دەکات. خۆی لە ئارەقەی ڕۆژ خاوێن دەکاتەوە، پاشان بەئاسوودەیی دەنوێت، ئەودەمی منداڵەکانی چاو لێک دەنێن (زۆڵانە نانوون، چاوەدزێ دەکەن) دەچێتە پاڵ ژنەکەی، تاکو لەسەر سینەی لە دڵەوە دان بنێت بەخۆشەویستییەکەی و ئەو کەرێتییانەی بەر لە ناسینی کردوونی.

ئای مەریەم، بڕیاری مەرگمان بەسەردا دراوە، ئەنجامدانیشی بۆ دوای ڕۆژگیرانەکە هەڵگیراوە. ئای مەهدیی کوڕی محەمەد، ئەگەر پێ دەزانیت. ئەگەر دەزانی لە کون و کەلەبەری ئەم شارە ئەتک کراوەدا چی بەناوەکەت دەکەن. وات لێ دەکەم گشت شتێک بزانیت، چونکە باش ئاگام لە تەواوی ئەو وردەکاری و کاڵفامییانە هەن، کە بەرپرسان دەیدەنە سەرمانا. وات لێ دەکەم لە مەرگی خۆت پەشیمان ببیتەوە.

بەزەحمەت لە شوێنەکەی خۆم هەستام. زیاتر لە وێنەکەی مەهدی نزیک بوومەوە. زەوی دەریا ئاسا شەپۆلم پێ دەدات. چوارچێوەکە ون دەبێ و بەدەر دەکەوێتەوە. لەسەر دۆخێک سەقامگیر نابێت. ڕووخسارەکە شێواو و وێنەکە

ڕوون نییە. چەندێک چاوم زیاتر دەکردەوە ڕوونتر دەبووەوە. ڕابە حوسێن. هەڵمەستە. پێم گوتی هەستە هەی زۆڵ، بەشکۆوە لە بەرابەر ئەم پیاوە نائاساییەدا بووەستە. پاشان وەکو شەیتان مەکە، بەهەشت و دۆزەخ لەدەست خۆت بدەیت و لە ناشوێندا بژیت. سەرلەنوێ هەستامەوە. لێ پێیەکانم هێند هەڵیان نەگرتم. زەوییەکە تەمومژاوییە. هەستم بەخۆم کرد بەردێکی زلم لە شاخێکەوە تووڕ دراوم و لەسەر کەنارێکدا گیرساومەتەوە، قەدپاڵێکی گەورەیە و خواریەوە خەرەندێکە جگە لە بۆشایی هیچی تر نییە. لە شوێنەکەم لێژ بوومەوە. هەوڵێکی ترم دا. هەستم بەئازارێک لە ناوگەڵمدا کرد.

جارێکی تر لە چوارچێوەکە ڕامام. ئەمجاریان چون سپێدەیەکی بەهاری، چاوانی مەهدیم ڕوونتر و فراوانتر و دڵگیرتر هاتنە بەرچاو.

مەهدی، ئای کوڕەکەی محەمەد. دەبێ لەو بورجە عاجییەت بێیتە خوارێ. هێند چاوەڕوانم کردیت ماندوو بووم. دەبێت بەر لەوەی شار دامگرێتە چاڵێکییەوە و تەنیا لە خەوندا بتبینم، دابەزیت.

نازانم لەو ساتەدا چیم لێ هات و نهێنیی ئەو دۆخە چییە مێشک و گوێ و چاوانی تێکدام. دەنگێکم بەرگوێ کەوت ئەو زەوییەی بەپێی پەتی لەسەری وەستا بووم، شەق دەکرد. هەموو شتەکان دەستیان بەجووڵە کرد، تەنانەت بچووکترین شتی ناو ژوورەکەش. تاوێک چاوانم لێک نان تاکو هێزم کۆ بکەمەوە، هەینێ کردمنەوە زۆرم بەزەیی بەخۆدا هاتەوە. دڵم بووبووە پارچە تەختەیەک لە سەراسیمەیی.

ئۆخەیش، مەهدیی کوڕی محەمەد وەجووڵە کەوت؟ دەستم پێدا هێنا. دەستەکانم کەوتنە لەرزین. ئەوا محەمەد دەبزوێت. لێوەکانی کرانەوە. بزە شیرینەکەی فراوانتر دەبێت. چاوانی بەشێوەیەکی جوان دەکرێنەوە و بەسۆزەوە دەپرووکێن. چوارچێوەکە زیاتر و زیاتر گەورە دەبێتەوە، تا دەگاتە سەری ئەستێڵکە کۆنەکە. دەستەکانی جووڵاندن. لەڕ و لاواز و شەکەت دیار بوون، پاشماوەی بارووت و کەلەپچە ژەنگاوییەکانیان پێوە دیار بوو. جلە

سـەربازییـەكـانی بەو شنەبایەی لە درزی پەنجـەرەكـەوە دەهات، لەرینەوە. بێرییەكەی لە سەری كەوت. بەئاسپایی داچەمییەوە، تا دوای تاقە چركەیەك بیگەڕێنێتەوە شـوێنی خۆی. سەرنجی دایە ئالا شـەكاوەكـەی وڵات، كـە من پێشی ماڵەكەم پێ دەڕازاندەوە. بەشانازییەوە ڕاست بووەوە و وەستا. دەستی نایە سـەر تەوێڵی. پتر لە خولەكێك وا مایەوە، دوایی لەگەڵ زەردەخەنەكەیدا دەمی تەواو پەل كردەوە بەشێوەیەك ددانە عاجییە جوانەكانی بەدەر كەوتن.

دایكم دەبێـژێت، ئەو مـرد و تاقـە ددانێكی نـەكەوت، ددانەكـانی سـپوسـاغ بوون.

دەستی بۆ درێژ كردم، لە هەمان كاتدا بەرەو گۆشەیەكی پشتگوێ خراوی دیوارەكە پاڵی بەچوارچێوە بەتاڵەكەوە نا. لە ساتی سەرسوڕماندا لێی ڕامام، بەلامەوە ئەستەم بوو بڕوای پێ بكەم. قونجڕكم لە خۆ گرت، تاكو لەو خەونە بێـمـە دەرێ، وەلێ جـووڵەی مـەهدی لە وەسـتـان نەدەكـەوت. وێڕای ئەو گەشانەوەیەی لە سیمای دەڕژا، كەچی ئینجاش لە دیدەكانیدا خەمێكی قووڵم بەدی كرد.

سەرلەنوێ چاوانم سڕینەوە، تاكو زیاتر بۆ دیمەنەكە تەرخان بم. گوێم لە ورتەورتی بوو، یاخۆ هیچ نەبێ ئاوام هاتە بەرچاو:

نا حوسێن، تۆ لە كرۆكی واقیعەكەدایت. كوڕی دایكم تۆ لە خەوندا نیت. ئەمە ڕاستییە هەی كوڕەكەی عێشە منەوەرە.

دەستپێك بەترسەوە دەستم لێ دا. لە شـوێنەكـەمدا بەلادا هاتم، پاشان كەوتمە ماچكردنی، هێند گریام تا وام هەست كرد قەپێلكی چاوەكانم بۆش و بەتاڵن. شانەكانی هەڵتەكاندم. چیتە؟

گوڕێكم دایە بەرخۆم و لە بەرابەریدا ڕاسـتـەپێ هەستام و وام نیشان دا هاوسەنگیم تەواوە. بینیم زەردەخەنەكان بەلێوییەوە دەڕەوێنەوە. دەموچاوی یەك پارچە بووە ئاسنێكی سوورەوە بوو. ڕەنگە ئەو پەڵە خوێنانەی ناوگەڵمی بینیبێت، كە لە ئەنجامی خەساندنمدا لێم دەهات. چونكە چاوی لە ناوگەڵم

بڕیبوو. لە ساتێکدا زەندەقم لێی چوو. وام بەمێشکدا هات سەرلەنوێ دەنگە خەمبارەکەی دەبیستمەوە:

نا حوسێن، تا ئێستاش کوڕی مەهدی محەمەد و کوڕی عێشە منەوەرەیت. تۆ هیچت لەدەست نەداوە. بالآت بڵند و چاوانت چەشنی چاوی هەڵۆ تیژن. سەر هەڵبڕە، دەمانەوێت ڕووت ببینین.

لە ناخەوەڕا هەنسکێکم دا. ئای مەهدی ئەی پیاوە مەزنەکە. ئەگەر دەزانیت لە دوای تۆ چی ڕووی داوە. ئەگەر دەزانیت چییان پێ کردین.

سەرلەنوێ قوڵپی گریان دای گرتمەوە. بەبالآی بەرزیەوە بەسەرمدا نووشتایەوە و ڕوومەت و دەستەکانی ڕامووسیم. ماچەکەی وەک پشکۆ گەرم بوو. ئەویش خەم دای گرتبوو. بەرگەی ئێش و ئازاری زیاد لە بیست ساڵ لەبیرکردنی گرتبوو. دای بەسەر شانمدا، پاشان بەتوندی ڕای وەشاندم. حوسێن چیتە؟ تا ئێستا ڕۆڵەی ئەم شارەیت و کانزایەکی بەنرخیت. ئەوان دەیانەوێت قایلت بکەن، کە تۆ پیاوێکی خەسێنراویت. ئەوە ئەو خەونە بەدفەساڵە خوێناوییەیە، لەو دەمی چاوت لەم وڵاتە بەرفراوانەدا کردووەتەوە، خستوویانەتە مێشکتەوە. ورە بەرمەدە. شەهیدان نانوون. هەڵە نەکەیت.

خەریکبوو شتە ژەنگ هەڵاتووەکان لە مێشکمدا دەجووڵان. کەچی مەهدی ئینجاش خەساندمیان، ئەوەتا هێشتا پەڵە خوێن بەشەرواڵەکەمەوەیە، لە چرکەیەکدا بیرم لەوە کردەوە، ناپاکی لە خوێنەکەت بکەم و پاشان ژیوان ببمەوە. یەکێکیش بیر لە شتی وا بکاتەوە مانای وایە کاتێک بارودۆخ لەبار بێت، توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی هەیە. لەپڕ بینیم ڕووی گرژ بووەوە و وەکو تۆزی خۆڵەمێش ڕەش هەڵگەڕا. پێم گوتی هێشتا توانای ئەوەت هەیە بەتوندی لەسەر چۆکەکانت بوەستیت. مەهدیی کوڕی محەمەد خۆت بەبچووک مەزانە. لە زەمەنێکی قورس و درۆی وادا خۆت سووک و ڕیسوا مەکە.

لەنەکاوڕا بێداربوونەوە چاو و دڵی گرتمەوە. گشت پەنجەرەکانم خستنە سەر پشت و ویستم وردەکارییەکانی ئەو ساتە بیر خۆم بهێنمەوە. گەلێک

خەمبار بووم بەوەی یادە پەیکەرەکە لێم ڕەنجا و ڕووی خۆی لێ وەرگێڕام. ئەو کاتی خۆم پەستایە گۆشەیەکی گەرمی مەیخانەی باوەڕەوە بارانەکە زۆر بەتین بوو. من و حەمۆی مامم گەلێکمان خواردەوە. زۆری سەبارەت بەوان قسە بۆ کردم، کە بەر لە شەهیدبوونیان دەیناسین. وەکو تا دایگرتبێت، بردمیە جیهانی شێتەکانەوە، ئەوانەی لە چاویاندا تەرمی شەهیدەکانت دەبینی.

حەمۆ هەرگیز شێت نەبوو و زۆریش تەواو بوو. لە کاتی قسەکردندا بۆ جارێکیش زمانی تێکەڵ و پێکەڵ نەدەبوو، وەلێ لە کۆتاییدا بەر لەوەی لە مەیخانەکە دەربچین، وەکو گورگێک دەشتودەر شەکەتی کردبێت، دەستی بەلووره لوور کرد، پاشان دەرچووە دەرێ و کەوتە غاردان، پێش ئەوەی جارێکی تریش قسانی لەگەڵدا بکەم، شەقامەکانی پشتەوە قووتیان دا و جگە لە هات و هاواری، کە بێدەنگیی شەوە تاریکەکەی شەق دەکرد، هیچی ترم نەدەبیست.

حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو.

سەرلەنوێ گەڕامەوە مەیخانەکە، بەلادا دەهاتم و چاوم وردەکارییەکانی شاری نەدەبینی. شتەکانم و کاغەزەکانم برد و دەرچووم. گەلێک بەزەحمەت بەپلیکانەکانی شاردا سەرکەوتم. بەرەو دەستشۆرەکە ملم نا. سەرم تەڕ کرد و شەپێک ئاوم بەدەموچاومدا دا. هەستم کرد هەر بەڕاستی تا سەر ئێسقان سەرخۆش بووم. سوپاسی خوام کرد ئەمە مەستییە و دوای ئەوە دەگەڕێمەوە سەر خۆم. چیرۆکی مەهدییش تێکەڵکردنێکە بەدمەستان تووشی دەبن. ئەو بایە ساردەی لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژوورێ بووژاندمیەوە. چاوم تەواو زەق کردەوە. ڕاستەوخۆ ڕووم لەو چوارچێوەیە کرد، کە بەپێش ماڵەوە هەڵم واسیبوو. نەمبینییەوە. دۆخەکەی پێشووم وەک خۆی بینییەوە. چوارچێوە گەورەکە لە گۆشەیەکەوەیە. چەندین پەڵە خوێن. بۆنی ناخۆش. قەیرێک سەرم لەقاند، تا دڵنیابم دۆخی بەدمەستییەکەم ڕەویوەتەوە، وەلێ بێهوودە بوو. هەموو شتەکان ڕاستییان ڕادەگەیاند. مەهدی بەر لە چوونم بۆ دەستشۆرەکە، چۆنم جێ هێشتبوو ئاوا لە شوێنی خۆیدا بوو. هیلاک و ماندوو بوو، لە سەر

کورسییە شڕەیەک دانیشتبوو. ڕووخساری خۆڵاوی، چاوە شەکەتەکانی وێڕای بەقووڵا چوونیان بێگەردییەکیان تێدا دەگەشایەوە.

داوای خاولیی لێ کردم. دەمودەست گەیاندمێ. بەرەو دەستشۆرەکە ڕۆیی، بێ ئەوەی پرسیاری شوێنەکەیم لێ بکات. گوێم لە خوڕەی ئاو بوو لە دەستشۆرەکەوە دەهات. هەینێ گەڕایەوە ڕووخساری ڕوونتر بوو. قژی شانە کردبوو. ڕیشە پڕە سووتاوەکەی تەواو تەنک کردبووەوە. پێڵاوەکانی لە گەرماوەکە داکەند و هات لە تەنیشتمەوە دانیشت. دەستی خستە سەر شانم. ناولەپی بەدەموچاومدا هێنا، دوایی قامکەکانی بەناو قژمدا گێڕا و وەک ئەوەی منداڵ بم سەری خوراندم.

– وەڵا حوسێن گەورە بوویتە و بوویتە بەپیاو. پێم بڵێ ئەم دنیایە چۆن دەبینیت؟

– هیچ. لەسەری ڕاهاتووین. جارێک بۆ خۆمانی ڕادەکێشین و جارێکیش ئەو بەتوندی بۆ خۆیمان بەکێش دەکات.

– خەمبار دێیتە بەرچاو.

– نا. تەنیا ئەوەندەیە دڵم کرمێ بووە. باوە مەهدی ئەم شارە لە پیاوەتیمان دەخات.

تاوێک بێدەنگ بوو و زاری هەڵنەهێنا.

بەکەسەرەوە نێوچەوانی خوراند. هەستم کرد فرمێسک دەڕژێنێ و بەگەرمی لە دڵی جێگیر دەبێت. جارێکی تر دەستم لێدا، تا لە بوونی دڵنیا بم. کتومت خۆیەتی و هەر ئەو شەرواڵەشی لە پێیە، کە دوایەمین جار وێنەی پێوە گرت.

– چاکە حوسێن، تۆ نەتدەویست بمبینیت؟ ئا ئەوەتام لە بەردەمتدا.

– نازانم داخۆ بەڕاستی دەزانیت دەست بەگرفت نانەوە بکرێتەوە؟ بێنەی بەرچاوی خۆت مەهدی، هەموو شتم لەدەست دا. کار. خەڵکی. خۆشی. شار.

– دۆخێکی بێ ئومێدیی کوشندەیە. تۆ ئێستا لە وڵاتێکدایت ئازاد بووە،

هەر بەتەنیا ئەمە بەختەوەرییەکی مەزنت پێ دەبەخشێت، چەندێک دەرگەی دنیات بەڕوودا دابخرێت.

– بەدبەختییەکە ئا لێرەدایە. دەزانی باوە مەهدی خەونی گەورەی من چییە؟ ئەوەیە تا مردن بەدوای کێشەکەی تۆدا ڕابکەم. تۆ تووشی بێ خەویت کردووم، جا نازانم لەسەرمە خۆشم بوێیت، یاخۆ ڕقم لێت ببێتەوە؟

– حوسێن باش تێ نەگەیشتم!

– بڕیارم داوە بەدواداچوونێک بکەم پێوەند بەگشت وردەکارییەکانی ژیان و مردنتەوە. بەلاشمەوە گرینگ نییە ئەگەر لە سۆنگەی ئەمەوە لە ئیشەکەم دەرکرابم.

– بەڵام پرسەکە هێند ئاسان نییە بەو شێوەیەی یەکەم جار وای دەبینیت.

– خەریکە لەوە دڵنیا دەبم.

لەو شەوەدا باسی سەرلەبەری ئەو شتانەم بۆ کرد، کە بەدەستیانەوە ئازار دەکێشم. ئەوا بۆ دەیان ساڵ دەچێت من بەدواداچوون لەسەر ئەو شەهیدانە دەکەم، کە نایانناسم مەگەر لە کتێبەکان و دەمی خەڵک و ئێش و ئازارەکانیانەوە ناوم بیستبن. وابزانم مافی خۆشمە لەگەڵ ئەم شەرعیەت پێدانە قەدەغەیەدا دەست و پەنجە نەرم بکەم. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر تۆ و ئەو دۆخە پەنهانەی دەوری مردنەکەی داویت. شەهیدبوونت. کوشتنت. باوە مەهدی من زۆر ئازار دەکێشم. لە چاوانتدا تاسەی گوندە دوورەکان و شەرمی مەریەم دەبینم. مەریەمی بەستەزمان. ڕۆژێکیان لەوەدەمی لەسەر سینەم دەکڕووزایەوە وتی؛ دەبێت چاوانت ئاگەدار بکەمەوە. دەترسم بخزێمە ناو دڵتەوە و ئیتر نەتوانم بەرگەی ئەوینت بگرم. دەبێ لە خۆتت ئاگەدار بکەمەوە حوسێن. خۆشم دەوێی و لەو شارەی بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە دەترسم، هەروەها لە چاوی مرۆڤەکانی، کە تفەنگ ئاسا سێرەیان لە هەموو شتێکی جوان گرتووە.

باوە مەهدی دڵم کوترە کوترێتی و دەترسم ئێوارانێک دڵم بوەستێت، یاخۆ مێشکم بتەقێ.

لەبارەی گشت وردەکارییەکانەوە قسانم بۆ کرد. سەبارەت بەدایکم، کە گڕی فرمێسک گلێنەکانی سڕینەوە. لە هەمبەر برا بچووکەکەمەوە، کە ڕووخساری ناناسێت و پشیلە ئاسا زوو لە شیر بڕایەوە. سەبارەت ئەلبوحەفسیی مامم، کە مەرگ پاشماوەی ئێسک و پرووسکی هەڵلووشی. لەبارەی سرووتی شارەکەوە، کە لەو سەرلەبەیانییە بەهارییەی جێی هێشتووە هیچ نەگۆڕاوە، ئەو کات دارستانەکان لە ترسی زرمەی پۆستاڵەکان دەتوانەوە.

تا سەر ئێسک شەکەت و ماندوو کوڕەکەی محەمەد.

بەئێش و ئازارێکی بەرچاوەوە دەدوام. لە کاتێکدا ئەو گوێی دەگرت، لە هەمان کاتیشدا لە ژوورە پیسە تەنگەکەی میچەکەی هەڵاوسابوو و ڕۆژانە هەڕەشەی بەسەردا ڕمانی لێ دەکردین، ڕامابوو. بەشێوەیەک ئەگەر منداڵێکی بچووک بەسەربانەکەدا غاری دابا، وات دەزانی قیامەت بەسەرتدا دەڕووخێت. چاوی بەناو ئاشخانەکەدا گێڕا. ژووری نووستن. ئەو پێخەفەی لەو ڕۆژەوەی خودان ئوتێلەکە بەر لە چەند ساڵێک دەستی بەسەر خەزێنەی باوکە بەقەرەبرووت بووەکەیدا گرت، نەیگۆڕیوە. ورتەورتێکی کرد ئەوپەڕی لێبوردنی تێدا بوو، من ئەو کات باش لێی نەگەیشتم، لێ لە هەمان کاتدا حەمۆی کۆتری سەربڕاوی شارم بیر هاتەوە. هەستم کرد چاوەکانی تووڕەم دەکەن.

– لەم ڕۆژنامەنووسییە پیلانگێڕییە زیاتر کارێکی تری نەبوو بیکەیت؟ دەبوو وەک دارخورما لە ئاگردا بمێنیتەوە و دەست لە کار نەکێشیتەوە. گۆڕان لە دژوارترین و ئاڵۆزترین باردا لە ناوەوە دەبێت. هەڵاتن بۆ پێشەوە سەرشۆڕییە حوسێن.

چەندێکم حەز دەکرد پڕ بەدەنگ بەسەریدا بشیرێنم، وەلێ تۆقینم لە لەدەستدانی، ترسنۆکی کردم.

ئای مەهدی قسەکانت ڕەقن و چاوانیشت بێ بەزەیی. سەردەم گۆڕاوە باوە

مەهدی. ئەگەر لە ناوەوە بمێنیت، هیچ شتێک ناگۆڕێت. ئاسیاوێکی زەبەلاحە، چی لە بەردەمیدا بێت ڕای دەماڵێت. ئەوە منم ڕووەو خراپتر دەگۆڕێم. ئەی مەهدیی کوڕی محەمەد، ئەوان زۆر بەسام و چاوی شکاوەوە لەگەڵ شەهیداندا مامەڵە دەکەن. مەهدی گیان، شەقامەکەت لەزەتی بەکەمترین نرخ تێدا دەفرۆشرێت. مۆنۆمێنتەکەت گوێدرێژی سەوزەفرۆشە گەڕۆکەکانی لە پاڵدا دەبەسترێنەوە.

لە ساتێکدا هەستم بەچاوانی کرد سوور هەڵگەڕابوون. شتە پەنهانەکانی ناخی لە گەرووییەوە سەریان کرد. ویستی هاوار بکات، لێ نەیتوانی. مووی سەری ڕەق ڕاوەستابوون.

- کوڕی سەگانە دەست خۆیان وەشاند. ئێمەیان ناشت و پاشان چوون بکڕن و بفرۆشن. گەیشتینە ئەو ڕۆژەی لێی دەترساین. بەزیندوویەتی لە گۆڕیان ناین و دواییش بەسەرکەوتوویی گەڕانەوە پێکی شەهیدانیان هەڵدا. دنیا بەلنگەوقووچی ڕێ دەکات. تۆ بێ کاریت و منیش لە ناوەوە وەکو پارچەیەک مەڕمەڕ درزم بردووە.

- ئەوان بەقیست نینۆکتان دەکەن باوە مەهدی.

لە ژێر کورسییەکەوە هەندێک تیلمە کاغەزی ڕۆژنامەم بۆ دەرکرد، کە بۆم دانابوو. لە گشتیان ورد بووەوە. لە پڕ چاوی لەسەر یەکیان گیر کرد:

**"ئوتێلی پێنج ئەستێرەی ڕۆزفۆڵت لە پایتەخت. بەستافە بیانییەکەیەوە ڕۆژانی هەینی نەبێت گشت ئێوارانێک لەگەڵ تیپی ئەلبۆنی - ئێم و پەرییەکانی تاهیتی سەرلەنوێ بەخێرهاتنتان دەکاتەوە. بۆینباخ و دیمەنی ڕێک، شتێلێکی پێویست و ناچارییە. وەرن و تامی حەوانەوەی میوانخانەی ڕۆزفۆڵت بکەن. خۆشی دەخاتە دڵتانەوە و ئاسوودەتان دەکات".**

لە هیکڕا دەستی نایە سەر سینگی. بەزەحمەت کۆشا تاکو خاڵی ئێشەکە دەستنیشان بکات. چاوانی کرانەوە. کاتێک ویستی تیلمە کاغەزەکە بسووتێنێت، نیوەی لای خوارەوەی بووە بەردێکی گڕکانیی وشک و برینگ،

وەک ڕەگی خـەیارچەمـەر تا گـڵـەکـە درێژ بووەوە. بەدژواری دەقـەکـەی خوێندەوە. وەلێ هەینێ ویستی بگرییێت، نەیتوانی.

– هەمـوو شـتێک گۆڕاوە حوسێن. تەنیا ڕابواردنی شەوانی میوانخـانەی ڕۆزفۆڵت وەک خۆی ماوە.

– باوە مـەهدی تۆ هیـچت نەبینی. بنەچەت خـەریکە قـڕی تێ دەکـەوێت. ئێستا وا ڕەچەڵەکی بەنی کەلبۆن دەژێننەوە.

تاوێک چاوانی لێک نان. جارێکی تر زەردەخـەنە بەلێوانیـەوە کوژایەوە و ڕووخسارێکی ئاسنین جێی گرتەوە، ڕێکردن و تۆز و خۆڵ و ترس و تۆقین و وژەی مـاشـێنە سـەربازییـەکـان، کە مـەرگـیـان لەگـەڵ خـۆیاندا بار کـردبوو، بڕستیان لەبەر بڕیبوو.

– دەکرێت قاوەیەکم بۆ بهێنیت حوسێن؟ سەرم وەختە دەتەقێت.

پاشان چاوانی نووقاندن و لەبەر شەکەتی خۆی بەردایەوە سەر کورسییە شـڕەکـە. دنیـا لە بەرچاویدا دەسـووڕایەوە. لە سـاتێک لە سـاتەکاندا ئاواتی ئەوەی خواست هەر نەگەڕابایەتەوە. منیش وەڕسم نەکردایا و بەو وردەکارییە تژی لە دڵەڕاوکـێیانەی نەزانیبـایا. ئێمـە واین. گـیـایەکی نـامـۆ. دەمـانەوێت بەهەمـوو وردەکـارییـەکـان بزانین، کـاتێک پێی دەزانین و دەمـانسـووتێنێت، پلەکانی شێتی لە مێشکماندا بەرز دەبنەوە.

هەینێ قـاوەکـەم بۆ هێنا، دەمـاودەم سـەری شـۆڕ کـردبووەوە سـەر کـۆنە مێزەکە و نووستبوو. نەمدەویست جاڕسی بکەم، چونکە پێشوەخت دەمزانی خەریکە گڕکانێکی خامۆش لە سـەریدا وەجووڵە دەکەوێت. باوە مەهدیی کوڕی محەمەد ڕۆژگار لە نێوانماندایە، خۆتیش بەڵێنت پێ دام چەندێک داوات بکەم بێیت. بەدەم زەردەخـەنەیەکەوە بەر لەوەی لەسـەر پشکۆی وشـە و هەواڵەکانی ئێـسـتگە بسـووتێت، گـوتت؛ پێک دەگـەین و تاوێک وەک دۆست و هـاوەڵ لە خەڵوەتدا دادەنیشین. ڕۆژانی ڕابردوو و چاوانی زارۆکە بێ دایک و بابەکان و شـینایی ئەو دارسـتـانانـەی بوون بەخـەڵووز و ئەو شـەهیـدانەی نەفـرەت لە

گۆڕەکانیان دەکەن و ئامادەی گەڕانەوەن، بیر خۆمان دێنینەوە. پەروەندەکە ئامادە دەکەین، هەر یەکە و لە لای خۆیەوە. تۆ هەواڵ و ئەزموون و شارەزایی جەنگاوەرت هەیە، منیش ڕۆژگار و هەڵچوونەکانی. ئیتر لە هیچ ناترسم، چونکە شارم بەهەموو جوانییەکانی و چاوە گەورەکانییەوە لەدەست دا. دوور نییە سبەینێش ساسافندا پاشماوەی سەرم بخوات، کە خەریکە ژانەکەی پشتم دەچەمێنێتەوە.

هەستم بەمەهدی کرد، چەند شەکەت و ماندووە و ڕۆندک لە چاوانیدا قەتیس ماون.

نازانم ڕاستی بوو یاخۆ چاوچوونە خەوی جەنگاوەر بوو! لێ ئەوی دەتوانم لێی دڵنیابم ئەوەیە لەسەر مێزەکە دەموچاوی خستبووە نێوان قۆڵەکانییەوە.

سەرجەم ئەو پەنجەرانەی لەسەر پشت بوون دام خستن، پاشان ڕووم لە گەرماوەکە کرد. دەستم بەقوڕگمدا کرد و ڕشامەوە، تا وام هەست کرد دڵم لە چاو و دەممەوە دێتە دەر.

– باوە مەهدی شار ئاسوودەییتان لێ تێک دەدات، لە ئێسک و پرووسکی ئێوە ئوتێلەکانی بنیات دەنێت و بەیانیان و ئێوارانیش پێکی ئەوانە هەڵدەدات، کە لە پشتەوە سەری بڕین.

بەرپەرچی نەدامەوە. هێشتا لە خەوە نووتکەکەیدا بوو.

لە ناو جێگە ترسێک دایگرتم نەمزانی چی بوو.

# ئەرشیفی ترس

ڕێگەی قەدبڕ و کورتکراوە ماندووکەرە.

دوای ئەم هەمووە چیتان پێ بڵێم؟ ئەی ئەگەر تەواوی شتەکانم گوت؟ هیچ شەرم و فەدییەکی بۆ کەسێکی وەک من تێدا نییە، کە لە شێتخانەدا بم. داخۆ من تا ئەم ڕادەیە ترسناکم، کە ببمە ئەگەری ترس و تۆقین لە شتێک لەودیو چاومەوە هەڵم گرتووە و لە پەنهان دەکات؟ مەریەم هەردەم بەشێوە خەمبارییەکەوە دەیگوت: دەزانیت حوسێن؟ هەندێک جار لە ترسی تۆ لە خۆم دەترسم. هەروەها لە ترسی خۆمیش لە تۆ. من لە ناخی ناخمەوە حەزێکی تێکدەرانەم هەڵگرتووە، توانای تێکدانی گشت شتە جوانەکانی هەیە. دەترسم چاوەکانت بمسووتێنن و بەرهەڵستی کردنم لە بەرابەریدا بەتاڵ ببێتەوە. ئیتر نازانم چۆن، لە دەستت هەڵدێم و بۆ لات ڕادەکەم. شتێک لە ناوەوەمدایە تێی ناگەم و پێم هەرس ناکرێت. دەمەوێت بەخشکەیی لە چاوانت دەرچم، کەچی لە هیکرا خۆم دەبینمەوە وەکو پەپوولە لە نێو دەستەکانتدا دەسووتێم. تۆش کەللە ڕەقیت. مسیردییە و وەکو شاوییەکان کەللەڕەقە. مەگەر خوا بەخۆی بزانێت ئەم پێوەندییە بەکوێمان دەگەیەنێت. ڕەنگە لە بنەڕەتدا جوانیی ئەم دۆخە لە پەنهانییەکەیدا بێت. لە دۆخی سۆفییەتییەکەیدا. زۆر وردەکاری، کە نازانم چین، تەنیا من و تۆ پێکەوە بردمانە سەر. ئەوە گۆشە ڕەشەکەیە، ماڵی نهێنیمانە، کە لە مێشکی هەر یەکێکماندایە. هەندێک جار هەوڵ دەدەم خۆم قایل بکەم، کە هەرگیز نەتبینم و کەمێک لە دڵت دوور بکەومەوە. ماڵئاوایی لەو چاوانە بکەم، کە پاکی و منداڵییان ئازارم دەدەن. لێ بەڕادەی دوورکەوتنەوەم، وا هەست دەکەم لە هەر سەردەمێکی تر زیاتر لێت نزیک دەبمەوە. ئەمە ئەو دۆخەیە حوسێن، کە ناتوانم لێی بگەم.

بەڕواڵەت ترسەکەی بلقاسم هیچ پاساوێکی نەبوو، کەچی لە قووڵاییدا هەنگاوێک نانێت ئەگەر بەوردی حسێبی بۆ نەکردبێت. وای لێ هات وەکو ئەوەی من تاوانکار بم و خزاندبێتمیانە نێو پیت و وشە و لاپەڕە زەردەکانی ڕۆژنامەکەوە، سڵی لێ دەکردمەوە. سەرۆک چەتەیەکە کەس ڕووی ڕاستەقینەی ناناسێت، تێکڕای ناوەکانی خوازراو و واژۆکانی درۆن.

ئەی شار؟ ئەم شارە لە ڕاستگۆییەکەم و هەڕەتی منداڵیمدا دەمچەوسێنێتەوە. عێشە منەوەرەی دایکم، کە زێتر لە بیست ساڵ بەپەروەندەکەتەوە خەریک بوو، زۆر ماندوو بوو باوە مەهدی، خەریک بوو کێشەکەت بۆ ئەو پیاوباشانە هەڵگرێت، کە ڕەنگە دوای زەمەنێکی هەرگیز دیارنەکراو پەیدا بن، یاخۆ بۆ شەهیدێک لە چۆڵاییی دارستان و شیو و دۆڵەکانەوە بگەڕێتەوە، تاکو بەکاغەز و بەرووداو و ڕاستییەکان بیسەلمێنێت، کە تۆ شەهید بوویت و برادەری گیانی بەگیانی و خوێنیی ئەو بوویت.

ئای باوە مەهدی گەر دەزانیت؟ ئەوان گومان لە سیفەتی شەهیدیی تۆ دەکەن. ئەو ژنەی سۆمای چاوانی لەدەست دان، لەتاو تۆ، چەشنی قووڵبوونەوەی پەیامبەران و سۆفیگەریی پیاوچاکان ژیا. ساڵانێک لەسەر شیکردنەوەی خوری و زەکات دەژیا، کە خاڵۆژنە خواپێداوەکانم پێیان دەدا و ئەوی من لە قاچاخ بەدەستم دەهێنا. من ئەو منداڵەم بەتۆپزی پشتی لە گوند کرد، تاکو زوو ببێتە پیاوێکی چل ساڵان. زارۆکێک لە خورجین و بازاڕە میللییەکانەوە دەرهاتووە. دەخرێتە تای ڕاستی خورجینەکەوە، لە تایەکەی تریشیدا بەردێک دەکەم بەپارسەنگ بۆی، دوا بەدوای ئەوەش لەگەڵ نەنکمدا پێکەوە دەکەوینە نزا خوێندن.

سەریش تەواو تاشراوە نەکو ئەسپێ لێی بدات، کەپوویش چڵمەشۆڕە برینداری دەکات، کە بەهاوین و زستان ناوەستێت. چاوم لەوە زیاتر بڕ ناکات، کە لە دووکانە بچووکەکاندا دەبرێن و لە ڕێی قاچاخەوە ئاودیوی سنووورە نزیکەکان دەکرێن.

حاجی ژنی دەڵەسەگ بەزەیی نایەتەوە. ئەمە قسەی سەر زار و بن زاری

داپیرەم بوو، وەک ئەوەی لەو زیاتر کەس نەناسێت. لە شەڕە ماڵوێرانکەرەکەدا هێستریکی نەگریسمان بۆ مایەوە، کەچی ئینجاش سوودی زۆری بۆ خێزانەکەمان هەبوو، هەر لە گرفتی بارکردن و گەنم هاڕینەوە تا گواستنەوەی شتە قورسەکان. باوە مەهدی ئەگەر دەزانی لە دوای تۆ دایکم چی بۆ کردیت، ئەوا بەپیرۆزی دەزانی و دەیپەرستیت. بڕوا ناکەم ئەوی ئەو بۆ تۆی کرد، تۆ بۆ ئەوت بکردایا. وا مەزەندە دەکەم پیاوان بەشێوەیەکی خراپ لێک دراون. زوو نائومێد و بێ هیوا دەبین.

لەگەڵ ئەلبوحەفسیی مامدا (خوا لێی خۆشبێت) گەیشت، تاکو بۆ هەموو دنیای بسەلمێنیت، کە لە شوێنێکی ئەم گۆی زەوییەدا گۆڕێکت هەیە، کێلێکی مەڕمەڕی بۆ دانایت و لەسەری نووسی:

**"ئالێرەدا شەهیدی خوالێخۆشبوو مەهدیی کوڕی محەمەد، مێردی عێشە منەوەرە ڕاکشاوە. خوا لە گوناهی خۆشبێت و بەهەشتی بەرینی پێ ڕەوا ببینێت".**

تا نووکەش پارچە مەڕمەڕەکانی پاراستووە و چاوەنواڕی ئەو ڕۆژەیە ئێسک و پرووسکت کۆبکاتەوە و پارچە پارچە ڕێکی بخات و لەم وڵاتەدا گۆڕێکت بۆ چێ بکات و لای سەرتەوە دای بنێت.

ئەلبوحەفسیی مامم لە پیاوە باشە دەگمەنەکانە، ئینجاش شار لە کەسانی وەک ئەو بەتاڵ نییە. چاکە و پیاوەتیی زۆرە. باوە مەهدی لە نێوان ئەوەی بخوێنین و فێربین، یاخۆ ببینە قاچاخچیی ناودار، تەنیا بستێک، یاخۆ کەمترمان مابوو. هەندێک جار دەڵێم ڕێککەوت شای ژیانە. هەندێک جاریش دەبێژم ئەگەر هەڵوێستی ئەلبوحەفسیی مامم نەبووایا، ئەوا هەموو شتەکان هەرەسیان دەهێنا.

بەهەژاری خوێندمان.

بەنەبوونی پێگەیشتین.

بەنەداری خۆشەویستیمان کرد. ئا ئەوەتانێ هێشا ڕووتوڕەجاڵین باوە مەهدی.

دەزانی شەهیدبوونت وای لێ کردین لە خوێندندا سوود لە بەشی ناوەخۆ وەرگرین. هەر لەو ڕێگەیەوە چووینە ئەو شارە گەورانەی تەنانەت لە خەونیشدا نەماندەبینین. جووتیاری تا سەر ئێسک سیاچارە، لەپڕ لەسەر زەوییەک بوون جگە لە وشکی هیچیان نەبینییەوە. دەستپێک دژوارییەکی زۆریان لە گونجان لەگەڵ کەشوهەوای بەئۆکسید بووی شاردا بینییەوە. لە ساتی خەم و تاسەدا مانەوەت لە نێوانماندا باشتر بوو لەم بەشە ناوەخۆییە بەخۆڕاییە. ڕۆژانی یەکشەم، کە بەخێراییەکی سەیر تێ دەپەڕین، بەتەنێ لەو باوکانە ڕادەمام، کە سەر لە کوڕەکانیان دەدەن و بەیەکەوە سەفەر دەکەن. پێک دەگەن. باوەش لە یەکتر دەدەن. من ئەو دەم بەچاوی گوندییان بچووک بووم. دەنگی پێکەنینیان دێت. لە ناخیشیاندا گڕکانی سووتێنەر هەڵدەچێت، لەگەڵیشیدا شتێلێک گەرمییان لە گەرمیی خوێن دەکات پێ دەگەن. لە کاتی پشوودا ئەوی بیەوێت دەرچێت دەردەچێت. ئەویشی بێتە ژوورێ ئەوا دێت، منیش بەتێکشکاوی بۆ یەکێک لە هۆڵە فەرامۆشکراوەکانی ناو ئەم دواناوەندییە تۆقێنەرە دەگەڕێمەوە. تەنانەت دایە عێشە منەوەرەیش ناتوانێت هەفتەی جارێک سەرم لێ بدات. بۆیە زۆر جار ناچار دەبم بەتاقی تەنێ بەو پاسە کۆنانەی ژەنگ ئەملا و ئەولای دەرگەکانی تەنیوە، سەفەر بکەم. بەنێو ئاپۆراکەدا تاو دەدەم، تاکو تکتێکم بەر بکەوێت، بیریش لە گەڕانەوە و لە دایکم و لە نرخی بلیتی گەڕانەوە دەکەمەوە. هەینێ لە پاسەکە لە شار دادەبەزم، لە هیکڕا بیر لە بێدەنگییەکی ترسناک دەکەمەوە. ئەو لادێییانەی هەموو کاتیان بەپشت دانە دیوارەکانی قوتابخانە کۆنەکەوە، یاخۆ پاشماوەی قوتابخانەکە دەبردە سەر، بەخێسەی چاویان پێشوازییان لێ دەکردم. دایکم لە دوورەوە دەمبینێت، ڕاکردنەکەی تێکەڵ بەکەروێشکەی گەنم و جۆ و گیا بەرزەوەبووەکان و تیشکی خۆرە بەهارییەکە دەبوو. تەوێڵ و ملم ڕادەمووسێ، چەرغەتەکەی توند دەکات، سەگەکە وەدەردەنێ بەر لەوەی بەنێوگەڵیدا بێتە ژوورێ.

چۆنی کوڕی خۆم، ئەی خەڵکی شار چۆنن؟ وتیان دوێنێ یەکێکیان لە

بەردەم قوتابخانەکە کوشتووە. پێم بڵێ ڕاست نییە. ڕاست نییە دایە. خەڵکی شت گەورەوە دەکەن. ئەی تۆ چۆنیت؟. بەخەمبارییەکەوە ورتەیەک دەکات: بەخۆت دەبینی، وەکو ئەوانی تر دەژیین. دەخۆین و دەخۆینەوە و شوکری خوا دەکەین. هەندێک جار فەرامۆشی و فێنکاییەک بەدڵماندا دێت و جارجاریش خەم و کەسەر دامان دەگرێت. خوامان هەیە و کەسیش لە برساندا نامرێت.

ڕاستە دایە کەس لە برساندا نامرێت، وەلێ لە داخاندا دیق دەکا و دەمرێت. باوە مەهدی، دایکم کاتێکی زۆری بەپەروەندەکەی تۆوە بردە سەر. دەبێ هەموو تەمەنت لای پێیەوە دانیشیت و منەتباری ئەو لەخۆبوردووییەی بیت. خەمی ئەو پارە نەبوو، داپیرەم، هەموو تەمەنی لەگەڵ ئێمەدا ژیا، بەر لەوەی بیخەنە ژێر گڵەوە و کرم ددانە دەستکردەکانی هەڵکۆڵێت، دەیگوت؛ پارە نرخی خۆی هەیە.

پێش ئەوەی سەر بنێتەوە، داوای لێ کردین تەسبیح و پشتێنە ئاوریشمییەکەی لەگەڵیدا بنێژین. دەیگوت؛ هەرچۆنێک بێت نابێت مرۆڤ بەجلی شڕ و دەمی بێ ددانەوە ڕووبەڕووی خوای خۆی ببێتەوە. فریشتەکان لە دەست شتی پەڕپووت هەڵدێن.

گشت خەمی عێشەی دایکم ئەوە بوو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە، تا ڕێزت بۆ بگەڕێنێتەوە. خەریکە ئێسک و پرووسکت ون دەبن. زۆرێک لەوانەی تۆیان ناسی پشتیان لێ کردیت، مەهدی. پشتیان لە تۆ و لە دایکم کرد، ئەوەبوو هێند گریا خوێن بەچاوانیدا دەهاتە خوارێ.

لەسەر لێواری شیوەکە دادەنیشت، جلە پیس و چەرچەف و حەسیرەکانی دەشوشتن و هۆن هۆن دەگریا، ئەگەر یەکێکیش تێبینیی سووربوونەوەی چاوی بکردایا، ئەوا دەچووەوە ماڵ و تەشییە کۆنەکەی دەردەهێنا و ئەو خورییەی لە کونج و کەلەبەرەکانی هەڵگرتبوون، دەڕستن.

هێند پێڵاوی شڕی میکای لە پێ کردبوو پێیەکانی بووبوونە تەختەدار. پسا هێند بەدوای خوری ڕستندا ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بکات. هەروەها لە

شـارەوانیـیـەکـەوە بۆ شـارەوانیـیـەکی تر، تاکـو ڕووناکی ئەو چاوانـەت بۆ بگەڕێنێتەوە، کە بەر لە وادە نووقان.

وەکو بەخۆی دەیگوت، تەنیا ئەستێرەکان دەزانن چەندە ماندووە. ئەوانی دەیانناسیت دەستیان لە خوێن و ئارەقەت شوشتبووەوە. هەر یەکیان دەیگوت لە ناسـینی دیوارەکـانی ئەم شـارە زیاتر نەیاندەناسـیت. ئەوانیـشی لە دانپـێـدانانەکـانیـان بەشـتـە جـوانەکـانتـدا زیاد ڕۆیشتن، گـوتیـان، سەرلەبەیانییەکی سارد بینیوتیانە شار جێ دەهێڵیت و یەک یەک منداڵەکانت مـاچ دەکـەرد، پاشـان خـۆت بەلێـڕەوارێکدا کـردووە، ئیـتـر لەو ڕۆژەوە کـەس هەواڵی تۆی نـەزانیـوە. بەیەکجـار ون بوویت و نە کـەس بینیـوتی نە کـەسیش شتێکی لەبارەوە بیستوویت. وتیان بەر لەوەی بەرزاییەکانی سەرەوە قووتت بدەن و ناو و خوێنت لە بێدەنگیی دۆڵەکاندا بنوون، بینیوتیانە هەردوو دەستت بۆ منداڵەکـانت و ئـەو شـارەی خـۆشـەویسـتـیت بۆی دەیگەیاندیتـە ئەوپەڕی شـێتـی، بڵند کردووەتـەوە. شایەدیی مامەکانم ئەلبوحەفسی و بارودی بەهێز بوو. دیواری زیندانی هاوبـەشـتـان لە ئێـسـقـانەکـانتـانی خـوارد. دایکم لە سـاتەکانی ڕووخـانیدا بیری لە وازهـێنان لە هەموو شـتـەکان کردەوە. هەردەم دەیگوت، دەبێ درۆ لەگـەڵ مـردووانـدا نەکـەین. زیندوو لێـمـان خـۆشـدەبێت، هەرچی مردووە ناتوانێت. ئەم جۆرە خەڵکە لـە ئاستی پێغـەمبـەر و نەمراندان. گشت مـاڵی دنیا بکەیتـە ئاڵتوون و لە گۆزەیەکی بنێیت، ناتوانێت کەسێکی بەنرخ بگەڕێنێتەوە، کە بێدەنگی دای ڕزاندووە. گڵکۆی شـەهیدان بەگژوگـیا داپۆشـراون، کەچی ئێـمـە تاکو ئێستـا ئەو گۆرانییـانە دەچڕین، کە تامیـان نەماوە. ئەو سترانانە بەگوێی منداڵانماندا دەدەین، کە ترووسکاییيان خامۆش بووە. پاشـان بـەر لەوەی بەنـەرمی قـسـە بکات لە بەرابەر کـارمـەندەکـەی شارەوانیدا شیڕاندی:

– گەورەم، بەخوێنی شەهیدان سوێندت بۆ دەخۆم، بەپاکی مرد.

– بەڵام حاجی ژن هیچ کاغەزێکت نییە، پەروەندەکەی بەتاڵە.

– سوێند بەسـەری منداڵەکـانت دەخـۆم، ڕۆیشت و نەگـەڕایەوە. گـەورەم دڵی

زۆر بەم دنیایە خۆشبوو.

– بەڵگەت هەیە، کە شەهید بووە، بۆ نموونە ڕێگر و چەتە نەیانکوشتووە؟ پاشان زۆرێک لە خەڵک دەڵێن گوایا...

– کەس هەیە بتوانێت لە بەرابەر پیاوی ناو پیاواندا زار هەڵێنێت و قسەی دەرۆست بکات؟

– ئەوان وا دەڵێن. ئێمە گوێ لە کەس ناگرین. ئێمە بەڵگەنامەمان دەوێت.

– خوێن و چاوی منداڵە هەژارەکانیان لە بەڵگەنامە گەورەترن.

– ئەم قسانە بەس نین. چوارشەمی داهاتوو بگەڕێوە بزانین چیمان پێ دەکرێت.

– کوڕی خۆم، پتر لە ساڵێکە ئێوە ئەم قسەیەم پێ دەڵێن. من ماندوو بووم، کەچی ئێوە لە دووبارەکردنەوەی ئەم قسانە هیلاک نابن.

– کەسی تر لە ڕیزدایە. دەی فەرموو حاجی ژن ڕێگە بدە.

دایە عێشە منەوەرە بەدڵشکاوی دەردەچێت، تاکو ڕۆژی چوارشەمی داهاتوو بێتەوە و دڵشکاوتر و خەمبارتر بگەڕێتەوە.

– تەنیا پایتەختت لە بەردەمدا ماوە. لەوێ لەو دۆخە تێکەڵکراوە تێ دەگەن.

– لەوێ کەس ناناسم.

– کەسانی باشن. پێم گوتی لە پایتەخت شەهیدانیان خۆش دەوێت.

بەقەشمەرییەوە قاقا پێ دەکەنێت. دەستم ڕادەکێشێ و دەردەچین.

لە دەشتایی ئەم شارە وشکەدا ئەوانی شەهید نەبوون دەبوون بەشەهید. شەهیدانیش دەچوونە ناو بێدەنگیی شتەکانەوە، ئەو وردەکارییانەش کە لە وڵاتدا لە زیادبووندا بوون و کەسیش پێی نەدەزانین، کەنگێ ئەو گەورە ناپاک و گەوادانەی شەڕە بچووکەکان و کرمی شێرپەنجە هاڕیونی، دەبنە گەورە شەهیدانی شار؟ ڕۆژگارێکی ڕەشی وا دێت سەرجەم شەهیدان دەکشێنەوە و دەستەیەک شوێنیان دەگرێتەوە وا ئەم زەوییە دەدۆشن، تا خوێنی لێ

دەچۆڕێ، گوانەکانی وشک دەکەن و بێ شیر و ئاو دەبێت.

لە شـارەوانی، تـا ئێسـتـاش دوای داننان بەشـەهیـدییـەکـەی ئینجـاش لە مـەهدیی کوڕی مـحـەمـەد دەترسن. سێبـەری بەسـەر هـەمـوو کونج و کـەلەبەرە ترسێنەرەکانی شاردا دەکشێت.

ئۆف. بۆ ڕاسـتـی دەڵێم، بۆ ئامـادەکـردنی ئەم پەروەندە زۆرم سـوود لەم وردەکارییانـە وەرگرت. ئێستا بەڵگەنامەیەکی زۆری مەهدیی کوڕی مـحـەمـەدم، کـە بەگـشـتـی پێـوەند بەژیانین، لە ژێر دەسـتـدایە. بەڵگەنامـەی بەشـدارییـە خـەمهێنەرەکانی. کاغەزی شـەڕی. کارکردنی لە فـەڕەنسا. ناوی بەڕێوەبەری ئەو دەزگـایانەی کـاری تێـدا کـردوون. هـەندێک بەیاننامـەی پێـوەست بەو مـانگرتنە کرێکارییانەی تێیاندا بەشـداری کردووە، یاخـۆ ڕابەری کردوون. تیلمـە ڕۆژنامـە و بەڵگەنامـەی سـەندیکایی، وێڕای کـەڵکەڵە و خـەمـە ڕۆژانەیییەکانی.

دایکم دەترسـا. زۆریانی سـووتاندن. ئێـمـە نەمـاندەزانی. دایکم دەیگوت، ڕۆژێک دێت ئەم کـاغەزانـە نرخی خوێنی مـەهدیی کوڕی مـحـەمـەدیان دەبێ. لە سـاتی بێ ئومێدیدا نەفرەتی لە گشت شتـەکان دەکرد. تەنانەت مـەتەڵەکانی داپیـرەشـمی بەر نەفـرەت دان، چونکە جـوانتـرین شت بوون لە پاشـی جێ مابوون و بەپیرۆزی دەزانین.

سـەر لە ئێـوارەیەکی سـارد، بەرەو مـاڵ گـەڕایەوە. زۆر گـریا، پاشـان بەر لەوەی فـەرمان بەفـریشتـەکانی بدات سـەرپێچییـەکەی لە هـەنیـەی بنووسن، داوای لێخۆشبوونی لە یەزدان کرد.

ئەگـەر ئـەلبوحـەفسـیی مامم نەبووایـا، کە بەهیـلاکی هـات بۆ لای و لە یەک ڕۆژدا بەر لـەوەی لە دۆخـێکی پـەنهـانـدا بەخـۆی و مـاڵ و منداڵیـەوە شـار جێـهێڵـێت و دوای سـاڵێک بگەڕێتـەوە لای جـەنگەڵ و ئەو زێدەی لەسـەری لە دایک بوو و لـە دوورەپـەرێزیدا بمرێت، ئەوا دایکم گـشت شـتـەکـانی دەسـووتانـدن، تەنانەت مـاڵەکـەش. مـامم لەگـەڵیـدا بـەڕێکەوت و لە بـەرابەر

سەرۆک شارەوانیدا هەموو شتێکی گوت. بەداخ و کەسەر و ژانەوە قسانی لەسەر وردترین شت دەکرد، کە لە بیرم نەماون، لێ کرێکارانی شارەوانیی تاساند. لە چرکەساتێکدا فرمێسکێکی مێژینەم بینی پیریی ڕووخسارە ڕەشتاڵەییەکەی دەکاتە سپییەک لە چەشنی چوڕی شیر. دارخورمایەک بوو، پیرێکی لێوانلێو لە شکۆ و سەربەرزی. هەموو کات سوور بوو لەسەر گەڕان بەدوای مەهدیی کوڕی محەمەددا، دەیتوانی لە بەردەم هەمووواندا بەبێ ترس ڕاستییەکان بڵێت، مەهدی بەدوو باڵ لە ڕووناکییەوە لەوپەڕی دنیاوە دێت، ئەو دڵانە کوێر دەکات، کە لە گوتنی ڕاستییەکان دەتۆقن. هەر ئەو بوو هانی دام بایەخ بەقسەی هەندێک لە بەرپرسان بدەم. هی وایان تێدا بوو لە هەموو بۆنە نیشتیمانییەکاندا بەڕێزێکی گەورەوە قسانی لەسەر دەکرد. هەندێکیشیان هەروا سەرپێیی چۆن مامۆستایەکی تەمبەڵ لیستی قوتابییەکانی لە قوتابخانەیەکی وێرانە و دوورەدەستدا بیر دەکەوتەوە، ئاوا ناویان دەهێنا.

هەینێ پێشنیازەکەم بەیەکێک لە هاوکارە دڵسۆزەکانی شار گوت، بینیم لە چاوانیدا چۆلەکە مردووەکان و یادەوەرییە شاراوەکان لە هەمبەر شەڕەوە ڕادەبن.

– جوانترین شتە لە ژیانتدا پێی هەڵدەستیت.

– بڕوام پێ بکە من سوورم لەسەری، هەر بەگەڕانەوەم بۆ شار پێشنیازی ئەم بابەتە بۆ بلقاسم دەکەم.

– جوانترین دۆخی شێتی ئەوەیە لەسەر مەهدی بنووسیت حوسێن. نووسین لەسەر مەردان دژوارە، لێ پێویستە.

شتێک لە پەنهانی بەڕووی ئەم هاوکارەوە دیار بوو، وەلێ مەشخەڵێک بوو لە هۆش. ڕۆژێکیان بەر لەوەی مۆڵەتەکەم دوایی بێت، بزر بوو. ئیتر نەمبینییەوە. ئەوە دوا قسەی بوو. پاش ماوەیەک پێیان گوتم بەناچاری لە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازیدا نوستووە، کە وەک گوللە دەڕۆیشت.

هیچ شتێک نییە کۆئەندامی دەماریم بگۆڕێت. تا ئێستا لێرەم، لەم

نەخۆشخانە گەورەیە. هێشتا مکورِم لەسەر نەخشەکەم، گشت رِۆژێکیش سەرەرِای مەترسی و کەوتنەکان، زیاتر لەسەر رِێگە رِاستەکەم دڵنیا دەبم.

**-"عیسا شار ئاوەزی لەدەست داوە".**

یەکێک لە رِاگوزەران وای بەهاوەڵەکەی گوت. کاتێک بەدوودڵییەوە ویستم لە شەقامەکەوە بەرەو بارەگای رِۆژنامەکە بپەرِێمەوە، سەرم بەدەستمەوە بوو لەگەڵ دنیایەک لە ژمارە و پەیڤ، کە تا نەهۆش مامەکانم ئەلبوحەفسی و بارووودی لە سینگیاندا هەڵیان گرتووە.

دەترسام بوخاری بۆ چوونە ناو بارەگای رِۆژنامەکە رِێم لێ بگرێت، کەچی وا نەبوو. وا دیارە تا ئێستا بەوازهێنانەکەم نازانێت. چوومە ژوورەوە، بەپێچەوانەی خدێی خۆمەوە، کە هەمووان پێی ئاشنا بوون، سڵاوم لە کەس نەکرد، مەهدی تەنیا شت بوو مێشکە شەکەت و ماندووەکەمی داگرتبوو. مام بوخاری چاوی تێ برِیبووم، بەسەدان پرسیاری سەرسورِهێنەر، کە لە دڵەوە دەیویست لاپرەسەنییەکەی ئۆخژنی پێیاندا بێتەوە، لە سەریدا گینگڵیان دەدا. ئەویش لە پاشماوەی ئەم شۆرِشە بوو، کە وای بەباش زانی بیکاتە دەرکەوان.

ئەو زانیارییانەی لە جانتاکەمدا بوون یەکلاییکەرەوە نەبوون، وەلێ بەس بوون بۆ ئەوەی رِێگە لە بەردەممدا واڵا بکەن. رِەنگە لە رِێگەیانەوە توانیبێتم بگەمە ئەوەی بەردەوام خەونم پێوە دەبینی. وێرِای هەموو ئەمانەش ئاتاجی ئەرشیفی رِۆژنامەکە بووم، تاکو شوێنپێی هەنگاوەکانی مەهدی هەڵگرم.

لە دوورەوە بینیم. مەیموونیی ئەفریقی، لە حەوشەی رِۆژنامەکەدا بوو. ئەو بەرپرسی ئەرشیف بوو. دڵی باش بوو، لێ لەو کەسانە بوو، کە شار گۆرِیبووی. دەترسام بەکەلەشە ترسێنەرەکەیەوە رِێم لێ بگرێت، لێ وای نەکرد. بەڵکو بەپێچەوانەوە، مەردانە هاتە پێشەوە. لێی پرسیم:

- چییە کاک حوسێن ماوەیەکی زۆرە دیار نیت. پێویستت بەهیچ هەیە؟

- پیاوەتییەکی گەورەم لەگەڵدا دەکەیت ئەگەر لە ئەرشیفی ساڵانی پەنجاکاندا یارمەتیم بدەیت، بەڵکو شتێکی گرینگ بدۆزمەوە شایانی لێتوۆژینەوە بێت.

– ئەم بەختیارە کێیە تۆ لێتوێژینەوەی لەسەر دەکەیت؟

– شەهیدێکی نەناسراوە، تا ئێستا گۆڕی نییە.

باش شارەزای ئەرشیفم. زۆرم بەکار هێناوە، کەچی ئینجاش هەندێک جار هیچ جێگەی یارمەتیی مەیموونی ناگرێتەوە. ئەو پیشەیە هەموو لاویی برد.

هێند ڕۆژنامە لە پێشمدا هەڵدرابوونەوە ترسیان دەخستە دڵەوە. بۆنی تەختەی گەنیو و مشکی نێو ئەم ونستانە لە کاغەزە زەردەکانەوە دەهات. بێگومان، ڕێگەی تایبەتم لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە ئەرشیفییەکاندا هەبوو، واتا بەدەستهێنانی گەورەترین ڕێژەی زانیاری بەکەمترین هەوڵ و خێراترین کات.

هیچم نەخوارد. تەنانەت ئەو نیوە بابۆڵەیەی مەیموونییش بۆی درێژ کردم. ڕۆژەکە تەواو بێ بەدەستهێنانی زانیاریی گرینگ، کە شایانی باسکردن بێت، تێپەڕی، جگە لە هەندێک وردەکاریی گشتی نەبێت، ڕەنگە بۆ تاوتوێکردنی ئەو شتە پەنهانانەی لەگەڵ شەهیدبوونی مەهدیی کوڕی محەمەددا هاوکات بوون، پێویستم بووبن. ماندوو بووم. چاوم لەبەر تۆز سوور هەڵگەڕابوو. لەگەڵ ئەو ڕۆژگارەی بەکەیفی دڵی خۆم کاتی نەدەدامێ، لە کێبەرکێیەکی گورچکبڕدا بووم.

بەر لەوەی هەستم و شتەکان بپێچمەوە، هەندێک شت ڕایان گرتم، لەبری گرێ کوێرەکانم بکەنەوە زیاتر برینداریان کردم. لە ڕۆژنامەکانی تردا بەهەمان مێژوودا، یاخۆ نزیک لەوەوە چوومەوە. ساتی لاپرەسەنییەکەمی قووڵتر کردەوە. وێڕای هیلاکی و ئەو تاریکییەی کۆڵانەکانی شاری گرتبووەوە، بەردەوام بووم لە گەڕان بەنێو ئەو شتانەی مایەی سەرسوڕمانم بوون. ڕۆژنامەکان لەو ڕۆژانەدا چییان نووسیبوو وەکو خۆیان بۆتانی دەخەمە بەرچاو، دەستکاری هیچ وشەیەک ناکەم:

ڕۆژنامەی L,Echos d,Oran. بەمانشێتی گەورە:

**"کوژرانی تازە تیرۆریستێک. ساڵی .../.../١٩٥٩ دوێنێ ئێوارە پۆلیسی**

**فـەڕەنسـی توانی سنووڕێک بۆ تیـرۆریسـتی سـوور، بەناوی مـەهـدیی کـوڕی مـحـەمـەد، یاخـۆ سی عـەبدولکەریم، بەخـۆی و گـرووپەکـەیەوە دابنێت. کـەس لاشـەکەی نەبینی، لێ پێ دەچێت تیـرۆریسـتانی هاوڕێی بردبێتـیـان. بەپێی دانپێدانانی ڕۆژنامە نهێنییەکانیان مردنەکەی سەد لە سەدە".**

لە هەمـان مـێژوودا ئـەم هەواڵە بچـووکـەم لە ڕۆژنامـەیەکی تردا دۆزییـەوە، زۆربەی ژمـارەکانی لـە ئەرشیـفـدا هەبوون، ئـەمـەش بەیارمەتیـی مەیموونی، کـە یەکـێک لـە چاوە بچـووکـەکـانی سـەرقـاڵی گـەڕان بوو بـەدوای هـەواڵ و وردەکارییەکاندا، چاوەکەی تریشی بڕیبووە ئەو کـاتژمێرە جوانەی لە دەسـتم بوو. لـە سـەرەتادا ئـەوم پشـتگوێ خـسـت و گـەڕامـەوە سـەر خـوێندنەوەی هـەواڵەکە:

ڕۆژنامەی فەڕەنسـی: L,Humanite، بەمانشێتی گەورە:

**خوێنی ونبوو. ساڵی .../.../١٩٥٩ خەریکە لە ناو شۆڕشدا یەکتر دەخۆن. دوێنێ نیوەڕۆ لە ڕەوشێکی نادیاردا مەهدیی کوڕی محـەمەد کوژرا. ئەمـەش سێیەمین کەسایەتیی بەرپرسە لە کەمتر لە مانگێکدا دەکوژرێت. دوور نییە کوشتنەکەی لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوخۆدا بێت.**

لە دەقی هەواڵەکەوە وا دیار دەدات لـە یەکێک لە ڕۆژنامـە نهێنییـەکـانەوە وەرگیرابێت، کە من تەنانەت دانەیەکیشم لێ دەست نەکەوت.

لە ڕۆژنامە فەرمییە عەرەبییەکاندا تەنیا هەواڵێکی کورتم بەدەست هێنا، کە لەبری سوودم پێ بگەیەنێت، تووشی هێدمەی کردم:

**دوێنێ شـەو شـەهیـدی شـۆڕش مـەهدیی کوڕی مـحـەمـەد، ناسـراو بەسی عـەبدولکەریم، لە کـاتێکدا ئـەرکی نیـشـتـمـانیی خـۆی ڕادەپەڕاند لە مـەیدانی شـەرەفدا گیانی لەدەست دا، انا لله وانا اليه راجعون.**

تەنیـا تێبینی، کـە دەکرێت تۆمـار بکرێت ئەوەیە، لیسـتی درێژی شەهیـدان، کە لە ڕۆژنامـە بەعـەرەبی کراوەکەدا هـاتبـوو، بە بیسـمیلا دەسـتی پێ دەکرد، بەخـەتی قـەشـەنگی ڕوقـعـە، تەنیـا ئەو چوارگـۆشـەیە نەبێت، کـە هـەواڵی

شـەهیدبوونی مـەهدیی تێ ئاخنرابوو، چون بۆشـاییـیـەکی ڕۆژنامـەکەی پێ پڕ کرابێتەوە. تەنانەت هـەواڵەکەشم بەزەحمەت بینی، چونکە خرابووە گۆشـەیەکی پشـتگوێ خراوی ناو ڕۆژنامـەکەوە، پیتەکانیشـی خـەریک بوو لەگەڵ پیتەکانی وتارەکەی بەشێکی زۆری لاپەڕەکەی بردبوو، تێکەڵ دەبوون.

ڕاسـتـە ئەو زانیـارییە لە لێـتـوێژینەوەکـەمـدا زۆری پێش نەخسـتم و هێندەش بەبایەخ نەبـوو، تا بڵێم دەرگەی بۆ خـسـتـمـە سـەر گـازی پشت. کەچی وێڕای ئەوەش وردەکـــاریـی گـــرینگی وای تێـــدا بوو دەکـــرا کـــەڵک لە بـاکگراوندە پەنهانەکانی وەربگیرێت.

ئێـسـتـا تـا ئەندازەیەک بۆم دەرکـەوت، بۆچی نـاوەکـەی ترس دەخـاتە دڵی شـــارەوە. بۆچی نـاو دڵی بلقـاسم لـەرزی و بۆچی ئەلبـوحـەفـسـیی مـامم تا فرمێسک لە چاوانیدا هات کڵوکۆی بۆ مـەهدی دانەمرکایەوە. لە پشت ئەم ترســەوە دوو شـتی گـەلێک گرینگ خـۆیان مـەڵاس داون. یان بیـرۆکـەیەکی پێشوەختـە و مـەهدی نرخەکەی دەداتەوە ئەگەر لە گۆڕەکەیشیدا بێت، یاخۆ مەهدی لە هەڵسەنگاندنی شۆڕشدا هەڵەیەکی گەورەی کردووە. هەرچەندە من، تەنانەت لای دوژمنەکانیشی، شتێکم لەبارەی ناپاکیی مەهدی بۆ شیری شار و خـاکی وڵاتەکـەی نەبیـسـتـووە. ئەو هەواڵانەشـی بەچنگیـان دەهێنم نە ڕاسـتـەوخـۆ و نەش بەنـاواخن ئامـاژە بەمـە نادەن، وەلێ لـە بەرابەر هەمـوو شیمانەکاندا دەرگە لەسەر پشت دەهێڵێتەوە. ئەگەر مەهدیی کوڕی محـەمەد، سی عەبدولکەریم، بیری لەوە بکردایەتەوە، خاک و خۆشەویستانی بفرۆشتایا، ئەوا ڕۆژنامەکان هەواڵەکەیان بەخەتی ڕەش و لە سەرووی لاپەڕەی یەکەمەوە دەنووسی. کەواتە دەشێت مـەهدی لە بارودۆخێکی نادیاردا شـەهید بووبێت، کە پێوەند بەو ڕۆژگارە بووە زیاتر لەوەی پرسی تاکێک بووبێت.

هەینێ ویستم دەربچم، مـەیمـوونی دەستی خستە سـەر شانم و چاوەکانی لە مەچەکی ڕاستم و کاتژمێرەکە جیا نەدەبووەوە:

– خـوا تەندروسـتیت پێ ببەخـشێت کاک حوسێن. ڕۆژنامـەوان ئاوا دەبێت یان نا.

– مەیموونی گیان ئەمە ئەرکی سەر شانمانە. ئەمە کەمترین شتە بەو خەڵکەی ببەخشین، کە خۆشمان دەوێن و خەریکە لە بیریان دەکەین.

چاوانم بەشێوەیەکی سەیر دێشان و مێشکیان ماندوو کردبووم. دڵم بەیەکجار گووشرابوو. تەماشای کاتژمێرەکەم کرد. بیرم لە خواردنەوەی قاوەیەکی گەرم لە کافتریای ڕۆژنامەکە کردەوە، کەچی کافتریاکە داخرابوو و کاتیش زۆر درەنگ بوو. تا پێم کرا وێنەم گرت، گشت سەرنجەکانی خۆم نووسین، پاشان بەڕاکێشان خۆم بەکێش کرد.

سیمای مەهدی هەموو ئەو شەقامانەی پڕ کردبووەوە، کە پێیاندا تێپەڕیم، نازانم زۆری برد یاخۆ کەم؟

لە تۆژینەوە و گەڕانەکەمدا زۆر نەچوومە پێشێ، وەلێ لەسەر ڕێگەی دژوار و ڕاستەقینەدا بووم.

## پەردەهەڵماڵین لەسەر شاردنەوەی سەرهاتە کۆنەکە

لە هەوڵێکی بێ ئومێدانەدا بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو دۆخی وەڕسییەی دای گرتبوو، بەتووڕەییەوە تەلەفزیۆنەکەی پێ کرد:

– ئەی خوایە! ئەم تەلەفزیۆنە وەک ژنەراڵێکی خانەنشین کراو جگە لە فەرمان و بەیاننامە دەرکردن هیچی تر نازانێت. پێم بڵێ چیت بینی؟

– ئەوی هێمنی و ئارامیت دەشێوێنێت.

ڕاستییەکەی سەخڵەتکردنی ئەوی تر پیشەیەکی خراپە، لە کاری ڕۆژنامەوانییەوە بۆم ماوەتەوە، کەچی وێڕای ئەوەش بەسوودە بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر ڕاستییە شاراوەکان.

– باشە برا ئەم سەرودڵگرتنە بۆ؟ پێم گوتی ناپاک نەبوومە و شتێکم نییە لێی بترسم. نیشتمانەکەم لە چاوانمدا بوو، ڕەنگە هەڵەکە لە تێگەیشتنم بۆ ڕەوتی شۆڕشەکە بووبێت، هەرچی ناپاکییە، قسەیەکە تەنانەت دوژمنەکانیشم نەیانگوتووە.

– وەلێ هەڵەکە کوشندە بوو باوە مەهدی.

– حوسێن، تۆ دەبێ فێربی بڕیار بەسەر گریمانەیەکی هەڵەدا نەدەیت. تۆ ڕۆژنامەوانێکی چوست و چالاکیت، بەڵام بابەتیی نیت. وەکو ئەوانی تر بوویت، تاقی دەکەمەوە و هەڵەدەکەم، وەکو ئەوان چۆن بەهەڵەدا دەچن. پاشان بۆ بەرپرسیارییەکە بەتەنێ بەسەر مندا دەدەیت. خۆ من فریشتە نیم. لە ئەلبوحەفسی بپرسە، خوێنێک لە دڵیایەتی چک هێنان نازانێت. بۆ ئەوەی لە بەرابەر ئەوی ئەمڕۆ دادگاییمان دەکات سەرشۆڕ نەبین ئاسن و ئەشکەنجەمان بینی. وەک دارخورمایەک چون بەرهەڵستیی گەرمای بیابانێک

دەکات، کە خۆری ئاگرە، ئاوا سەربەرزانە مردین. چاکیش دەمانزانی ڕۆژ دوای ڕۆژ گەرماکەی لە زیادبووندایە.

حوسێنی ئازیز، بڕوام پێ بکە، ئێمە وەکو گای کۆریدا[٣] وابووین. ڕامان دەبوارد و بەرگریمان دەکرد، باشیش دەمانزانی ملمان بەدەمەشیر دەپەڕێت.

– ئای باوە مەهدی قسەکەت گەورەیە. لێ گشت ئەمانە گرێی پرسیارەکانم ناکەنەوە. بەهەرحاڵ قاوەکەت بخۆرەوە دوایی دەست بەقسان دەکەینەوە. باوە مەهدی مەترسە، بەڵگەنامەکان شوێنپێی خوێنەکەتیان هەڵگرتوون. هیچ شتێک نامرێت دڵەکەم.

هەینێ بەتوندی بەمێزەکەیدا کێشا بەباشی سەیری جووڵەی دەستیم نەکرد، لە زرمەی لێدانەکە پەرداخەکە بەر دیوارەکەی بەرابەر کەوت و وردوخاش بوو.

– ببوورە، بەڵام بەڵگەنامەکان هەموو شتێک نین. من ئێستا وەک بەچکە پشیلەیەک لە ڕۆژی یەکەمیدا، ئاوا بەڕووتی لە بەردەمتدام، جارێکی تر مردن هەڕەشەم لێ دەکاتەوە، کەچی تۆش باسی بەڵگەنامەم بۆ دەکەیت؟ من ئێستا بۆ ئەم مەبەستە لێرەم، ئەگینا نەدەهاتم بۆ لات. ناو گۆڕ گەلێک لەم گومانانە ئاسوودەترە. تۆش دەبێت بەر لەوەی قسانم لەسەر بەڵگەنامە بۆ بکەیت، لێم بگەیت.

– بەڵام تۆ نەتخوێندوونەتەوە.

– ئاخ. هەر بەزیندوویەتی کوشتمانیان. ئەی ئێستا، کە لە ژێر خاکین دەبێت چیمان پێ بڵێن؟

سەرلەنوێ ئاخ هەڵکێشانەکەی تێکەڵ بەدەنگی ژنەراڵە خانەنشینکراوەکە بووەوە، کە بەیاننامەی دەخوێندەوە:

**یەکەمین هەواڵ، بیری هاووڵاتییانی خۆشەویستی دێنینەوە و تکایان لێ دەکەین لە ماڵ دەرنەچن، تەنیا بەئاگەداریی ئێمە لە بەیاننامەیەکی تردا،**

(٣) گای کۆریدا: ئەو گایەی لە ئیسپانیادا بۆ زۆرانبازی بەکار دەهێنرێت. (و)

**خۆرگیران شارە خۆشەویستەکەمان دەگرێتەوە، تەنیا ئاواتمان ئەوەیە درێژە نەکێشێت. بەپێی زانایانی کەشناسی، ئەستەمە ڕۆژ و ساتی ئەم خۆرگیرانە دیار بکرێت، بۆیە تا ئەم دۆخە سروشتییە تێ دەپەڕێت، داوای هێمنی و ئارامیتان لێ دەکەین و تکامان وایە بەچاوی ڕووتەوە تەماشای ڕۆژەکە نەکەن، نەکو تووشی کوێری ببن. سوپاس بۆ بەدواداچوونتان بۆ بەرنامە تایبەتەکانمان بەڕۆژگیرانەوە.**

مەهدی هیچی نەگوت، وەلێ بەدوو چاوی شەکەت و ماندووەوە، کە تروسکاییەکی سەیریان لێ بەدی دەکرا، تەماشای کردم. ویستی ئەو دۆخی شڵەژانەی سینگی هێنابووە ژان هێور بکاتەوە. پاشان بەشەکەتییەوە گوتی:

– برستمان لەبەر براوە حوسێن. زیاد لە بیست ساڵە ئەم تۆمەتە بەشانمانەوەیە. هەرچەندە وێڕای ڕاستگۆییمان لە بەرابەر ئەوەی شار بڕیارە پێشوەختەکانی هەڵگرێت، ڕازی بووین لە ملمان بدرێت. ئەمە ئەو تاوانەیە بۆ ساتە وەختێک چییە بواری بیرکردنەوە و بەرگری لەخۆکردنت نادات. هێشتانەکینێ تۆمەتەکە وەک شتێک بەربینی پیاوێکی سیلاوی گرتبێت و بێهوودە بەرەنگاریی دۆخی قورسی تێکشکاندن بکات. بڕوام پێ بکە حوسێن سەرەڕای بەدوای یەکدا هاتن و سووڕانەوەیان جیاوازییەکی گەورەیان لە شێوەی شەو و ڕۆژدا لە نێواندایە، لە هەڵسەنگاندندا جیاوازی هەیە لە نێوان هەڵە و ناپاکیدا.

– نهێنیی گرفتەکە ئا لێرەدایە باوە مەهدی. ئەوانی تۆمەتباریان کردن جێ پێی خۆیان گرت.

بەزەحمەت ویستی بخەنێتەوە کەچی نەیتوانی.

– لە هەڵسەنگاندندا بەهەڵەدا چووین. هیچ نەبێ ئەمە بۆچوونی تایبەت بەخۆمە. وەلێ ئێمە خوێنمان بەم خاکە و ئەو چاوە گەشانەی ئەمرۆ وڵاتیان پڕ کردووەتەوە، بەخشی. ترپەی دڵی سووتاو و سیحری ئەوەی چاو دەیبینێ پێمان دان. بەهەرحاڵ ئەوی دەستی لە تەنوورە وەک ئەوە نییە دەستی لە

ئاودایە و ئەوی بەمێشکیدا نەچێت بەر ڕەخنەی بدات.

– چاکە دە گوێ بەم هەواڵە دژبەیەکانە بدە. یەک یەک بۆتی دەخوێنمەوە، ڕەنگە بەهۆیانەوە بتوانین بابەتەکە دەستنیشان بکەین.

– دەزانم حوسێن چەند بەپەرۆشیت. تۆ لە دڵەوە حەز دەکەیت من بێتاوانیم بسەلمێنم. بەڵام من لەو دۆخەدا نیم.

دوایی سەرخەوێکی شکاند تا گوێ لەو ڕاپۆرتە بگرێت، لە هەمبەر ڕەوشی شەهیدبوونەکەیەوە، یاخۆ تیرۆرکردنە پەنهانەکەی و ئەو دۆخەی هاوکاتی مردنەکەی بوو، هەروەها ئەو هەواڵانەی دژ بەیەک بوون، ئامادەم کردبوون. بەدرێژاییی کاتی خوێندنەوەکەم بەردئاسا چرکەی نەکرد. جارناجار لە چاوانم ڕادەما، کە لە ناو ئەم وێرانەیەدا بەدووی وێستگەیەکی ئارامدا دەگەڕان.

– حوسێن تۆ کەسێکی چاکیت، لە جیهانێکدایت پێویستی بەچەندین سەدەیە، تا لە باشیت بگات.

– بەڵام تۆ تاکو ئێستا وەڵامی شێوەی مردنەکەت نەدامەوە!

جارێکی تر هەستم بەچاوە لێڵە سوور هەڵگەڕاوەکانی و سیمای ڕووخسارە بەرز و بڵندەکەی کرد کرژ دەبێتەوە. کەچی لەولاوە تەلەفزیۆنیش وەکو جەنەراڵێکی خانەنشین کراو لەپڕ کودەتاکەی سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت و تووشی بێ هیواییەکی دڵتەزێن هاتبێت، بەردەوام بەیاننامەی دەخوێندەوە.

– تۆ بەشێوەی ١ + ١ = ٢ دەمخەیتە گۆشەیەکی قورسەوە. ئەگەر قسەت لەسەر ئەم هەواڵانە کرد بێ ئەوەی لە پاشخانە ڕاستەقینەکە و تایبەتمەندییەکانی بگەیت، ئەوا لە هەڵسەنگاندنی من و ئەوانی تریدا دەکەویتە هەڵەوە.

– من زیاد لە لێکدانەوەیەکی دۆخەکەم ناوێت. خۆ ئەگەر ویستت بابەتەکە بگۆڕیت دەیگۆڕین، نامەوێت هیلاکت بکەم، چونکە تا بڵێی ماندوویت.

ڕووخساری وەکو توێکڵە لیمۆ زەرد هەڵگەڕا.

– کاتێک من بابەتەکە دەگۆڕم، مانای وایە لەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵمان ڕادەکەم. من لەخۆمەوە لێرەم. کەس ئەم ئیشەی پێ نەسپاردووم. ئابڕوومان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

– ئاوات دەخوازم لێت بگەم مەهدی.

– بەهەرحاڵ خۆ من بەزمانی ئیسپیرانتۆ نادوێم.

– ئێ.

– سەردەمەکە زۆر لە پێشەوە بوو. ئەگەر تا نووکە بمابایا بەدڵنیاییەوە ئێستا تەمەنم لە سەرووی پەنجا ساڵییەوە دەبوو.

– تەمەن پاکانە بۆ هەڵە ناکات.

– کەچی وێڕای ئەوەش، سەرەتایەکە بۆ ژیانی هەر یەکێک لە ئێمە.

– ئەوەندە بەس نییە. مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.

– بۆ خاتری خوا ئەوە چیت بەسەردا هاتووە؟ هیچ نەبێت ماوەم بدەرێ تاکو لە وردەکارییەکان دەبمەوە.

هەستم کرد لە هیکرا سیمای دەگۆڕێت. جارێکی تر وەڕس بوو و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

– تۆ بەم مۆڕبوونەوە وەڕسکەرە و چاو سووورکردنەوەیەت، کە بەرگەی گرەکەی ناگرم، دەمکوژیت. ڕەفتار ناشیرینیی ئەوانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردم، بیر دەخاتەوە. ختووکەت دەدەن، ئەگەر وەڵام نەدەیتەوە، ئەوا دڵڕەقانە دەکەونە وێزەت، تاکو یادەوەریت لەدەست دەدەیت، ئیتر پاساوێکی باشیان دەبێت تا بتخەنە تەندوورەوە.

– چونکە تۆ هەندێک جار قسەی پڕ لە پێچوپەنای وات دەکرد، بەزەحمەت لێت دەگەیشتم.

– چاکە. کەمێک گوێ بگرە پاشان ئەگەر ویستت ئارەزووی ڕۆژنامەوانیت

پیادە بکە. داوای چارەسەری دیموکراتییانە بۆ کێشەکە و ڕێزگرتن لە بەرژەوەندیی سەرجەم دانیشتووانی وڵاتمان کرد. هەر لە موسڵمان و عەرەبەوە تا فەڕەنسی و جوولەکە و کرستیانەکان. یاخۆ هەر هیچ نەبێت ئەوەی لە کەسانی لە خۆم گەورەتر فێری بووم.

– چارەسەرێکی دیموکراتییانە لە چوارچێوەی پێکەوەژیانی گشت نەتەوەکان.

– تا ڕادەیەک بەو چەشنە.

– لەو بڕوایەدایت ئەم پێکەوەژیانە لە ژێر سێبەری چەتری داگیرکەردا بێتە دی؟

– ڕەنگە هەڵەکە لێرەدا بێت. ئێمە بەدیدێکی ستراتیجیی گشتییەوە لە شۆڕشمان دەڕوانی، نەک تەنیا گرینگی بۆ نیشتیمانەکەمان هەبێت، بەگرە پێوەند بوو بەپەکخستنی تەواوی ماشێنی ئیمپریالیزمەوە. ڕاستە ئێمە پشتگیریمان لە هەوڵە تاکەکەسییەکان نەدەکرد. شۆڕش بەو شێوەیەی هەڵگیرسا بێ بڕوایی لە کرداری جەماوەرەکەی دەگەیاند. هەینێ دامانە پاڵ شۆڕش، لەگەڵ هاوڕێیانی سەرکردایەتیدا لە ناکۆکییەکی گەورەدا بووین، وەلێ بەخوێن و گۆشتمان چووینە ناویەوە. لەگەڵ چوونە ناوەوەمان ئایدیۆلۆجیای پێشینە بەدەورماندا دەسووڕایەوە. ئێمە وەکو ئەوانە وابووین، کە بڕیاری ڕاگیرانی لەسێدارەدانیان بەسەردا درابوو. چەشنی گای کۆریدا کوڕم، دەمانزانی دەمرین، کەچی بەرەنگاریی بێ بەرابەرمان دەکرد.

– واتا بێ قەناعەتی تەواو چوونە شەڕەوە.

– ئێمە بەڕێکخراوەکەی خۆمان «جەنگاوەرانی ڕێگەی ڕزگاری» چووینە ناویانەوە، دوای ئەوەی وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی سەرکەوتنمان بەدەست نەهێنا، ئەمەش لەبەر ئەو ئایدیۆلۆجیا پێشینانەی بەر لە تۆزێک باسیانم بۆ کردیت. ئێمە نیازمان نەبوو هێزێکی سەربازی دژ بەهێزە سەربازییە بنەڕەتییەکە دروست بکەین. وابزانم چەندین جار داوامان کرد لەگەڵ سوپای

ڕزگاریخوازدا تێکهەڵکێشمان بکەن (بەر لەوەی بەمەرج وەربگیرێین)، دڵنیایی تەواویشمان پێ دان، کە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەیی، یاخۆ سیاسیمان لەگەڵ حزبەکانماندا نەبێت، وەلێ کەس ناتوانێت ڕێگە لەو قەناعەتەی هەمانە، بگرێت. دوای زیاد لە ساڵێک لە دانوستاندن، ئینجا تێکهەڵکێش کراین. کەچی فەرماندەیەک مکوڕ بوو لەسەر چاودێریکردنمان.

– کێ؟

– نامەوێت ناوی بهێنم، ئەو کات دەیگوت، گرینگ ئەوەیە ڕێ لە بوونی هەر هێزێکی سەربازیی تر بگرین، بەتەواوییش مەبەستی کۆمۆنیستەکان بوو. هەرچی ئەوانی تر بوون، وەکو ئەو دەیگوت، هێند جێی بایەخ نین، خۆمان چاریان دەکەین. وەکو دەبینیت، بەر لەوەی ڕووی ئاگرمان لە دوژمن بکەین، بەزیندوویەتی خراینە تابووتەوە، لە هەموو لاوە جێی گومان بووین.

– هێشتا سەبارەت بەچۆنیەتی مردنەکەت زۆر نەچوومەتە پێش.

– دان بەخۆتدا بگرە، نیگەران مەبە.

بۆ یەکەمین جار دوای ڕۆژگیرانێک، کە ڕووخسارە ماندووەکەی گرتبووەوە، ئەمەی بەدەم زەردەخەنەوە گوت. دەمویست هەموو شتێک بەتایبەت لەبارەی ئەوەوە بڵێت، دەرفەتێکە و ڕەنگە هەرگیز دووبارە نەبێتەوە. شەهیدان وەکو شەوی قەدرن، دێن و بریسکە ئاسا دەڕۆن.

مەهدی فڕێکی لە قاوەکەی دا. ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. هەستم بەشتە ڕەقەکانی ناخی کرد پەیتا پەیتا نەرم دەبن و بۆ یەکجاری دەتوێنەوە.

– خۆمان گەیاندە شۆڕش، ئایدیۆلۆجیای پێشینە و بێ بڕوایی لە بەرابەر برادەرانی خەباتی نیشتیمانیدا، بەدوامانەوە بوون. لە گەلێک شوێندا قۆچی قوربانی بووین. ڕەنگە بڕوام پێ بکەیت ئەگەر پێت بڵێم، زۆرێک لە ئێمە لە تاو برسییەتی مردن، یاخۆ ئاژەڵی دڕندە خواردنی. لەو دەڤەرە مەترسیدارانە داندراین، کە شارەزایان نەبووین. زۆرمان چەکمان نەبوو. کەچی بەو حاڵەشەوە ئەوی لەسەرمان بوو کردمان. دۆڵە وشکەکانیش ئەوانی تریان

لووش دا. بێنەی بەرچاوی خۆت تەنیا خەمی مرۆڤێک ئەوە بێت نیازپاکی نیشان بدات، کەچی لە بەرابەردا هەر جووڵەیەکی، پێچەوانە لێک بدرێتەوە؟ ڕەوشێکی دۆزەخ ئاسا بوو، ئینجاش لە پێناو نیشتماندا قبووڵمان کرد.

– هەڵوێستی لاواز. ئەوی گومانی لە خۆیەتی، بەردەوام دەکۆشێت بێگوناهیی خۆی بسەلمێنێت، کە کەس بڕوای پێ ناکات.

– لەمانەش زیاتر. ڕێگەیان پێ نەداین بەرگری لە خۆمان بکەین. بەهەرحاڵ وێڕای هەڵەکانمان سەلماندمان، تا ئێستا دەکارین بەسەربەرزییەوە بۆ ئەم خاکە شیرینە بسووتێین. تا ئاستێکی باشیش توانیمان ئەو بڕوا ونە بگەڕێنینەوە. سی حوسێن، ئەمە تا ڕادەیەک ئەو چوارچێوەیەیە، کە لەسەرتە گرفتەکەمی تێدا بخەیتە ڕوو، بەر لەوەی شەیتان سواری سەرت بێ و بەکەمتەرخەم، یا لەوانەیە بەناپاک، کە ئەمڕۆ بووەتە باو، تۆمەتبارمان بکەیت. هەروەها ڕێگەی کورت بگریتە بەر، وەک چۆن خەڵکانی تر بەئاسانی دەیکەن. حوسێن گیان مێژووی ئێمە هێشتا نەنووسراوەتەوە. تا نووکەش شپرزەیی و ترس و شەرم پەنجە و مێشکە لە کار کەوتووەکانمان ماندوو دەکەن.

– بەهەڵەداچوون و پەنجەرەی دەجاڵیتان بەڕووی خۆتاندا کردەوە.

– ئێمە هەڵەمان کرد و هەڵوێستی خۆمان لە کاتی گونجاودا ڕاست کردەوە. یەکێکی تر کەوتە هەڵەوە، من دڵنیام تا ئێستاش لە هەڵەی خۆیدا مەلە دەکات و کەسیش باسی ناکات.

– پلە سەربازییەکەت ڕێی ئەوەت پێ دەدات هەر بڕیارێک بەڕاستی بزانیت وەری بگریت. ئەوانەی ئابڵووقەیان دایت لەم پلە و پایەیەیان بێبەری نەکردیت.

بەداخ و کەسەرەوە خەنییەوە. وام هەست کرد ئەم پێکەنینە لە ناخەوە دەردەچێت، وەک خەنجەرێک تا مشتووەکەی لە دڵدا چەقیبێت، پاشان بەهێمنی و خوێنساردییەکەوە دەرهێنرابێت.

– پلە سەربازییەکەم، چی لەبارەوە دەزانیت؟ نە بەخێر پێم ڕەوا بینراوە و نە دەستەندەی کەسیشە. سەر و ماڵم لە پێناوی ئەم نیشتمانەدا بەخت کرد، کەچی ئێستا تانە لە شکۆمەندیم دەدات. وەلێ هێشتا زۆر بڕوام پێیەتی.

داوای بەرابەرم لێ نەکردوون و ئەستێرە و شاخم بەکۆڵدا نەداوە، تاکو بدەمە سەر ئافرەتانی گوندە هەژارەکاندا و بۆ حەزە گرتێبەربووەکانم ناچاری ملدانیان بکەم.

من وەفاداری ئاکارە باڵاکانی خۆم بووم، وا دیارە شار سووکایەتیت پێ دەکات و تۆش ئابڕووی من دەبەیت.

زوو هەستی بەو گەمەیە کرد، کە لەگەڵیدا سازم کردبوو. زارم هەڵنەهێنایەوە. دیسانەوە فڕێکی لە قاوەکەی دایەوە. چون بەدوای شتێکی پەنهاندا بگەڕێت، کاغەزەکانی ڕیپۆرتاژەکەی بۆیم هێنابوو هەڵدانەوە.

– ئەوی لێی دەترسام حوسێن ئەوەبوو ئەم شۆڕشە ڕەوتی سروشتیی خۆی، کە دەبوو لەسەری بڕوات، بگۆڕێت و ڕوو لە کورتترین ڕێگەی ئابڕووچوون بکات. لە پێناویدا شەهید بووین و سپێدەیەکی سارد ناچارمان کرد بەخوێنی ئێمە خۆی لە خەنە بگرێت، بەهەڵهەڵەوە لە قوڵپی گریان بدات و خۆشیی بەو کۆرپەیەدا بێتەوە، کە سیمای ڕوون نەبوو لامان.

– ئەمە باش دەزانم و ڕێز لە ئازایەتی و جوامێریت دەگرم. ئەلبوحەفسیی مامم خۆشی دەویستیت و قسووری لە بەرابەرتدا نەکردووە. ورد و درشتی شتەکانی لەبارەی تۆوە بۆ گێڕاومەتەوە.

نەمزانی تێبینیی ئەوەی کرد قسەکانیم بڕی یان نا، لێ ئەوی من بیزانم مژووڵی بیرکردنەوە بوو. چاوی لە میچەکە بڕیبوو، کە ڕۆژ بەڕۆژ کەمێک دادەبەزی، بزەیەک ڕووی گرتەوە، دڵی کرایەوە و لە فراوانبوونەوەی شار و ڕووناکی و دەنگە نادیارەکان ڕامابوو، پاشان ناگەهان زەردەخەنە کورتەکەی تێکەڵ بەخەمێک لە چاوانی بوو.

– وەرزی زستان بوو. سەرماکە وەک چەقۆ دەیبڕیت و بارانەکەشی وەک ئەمڕۆ سارد بوو.

تاوێک بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی بیەوێت شتە گەورە و بچووکەکان بیر خۆی بهێنێتەوە.

– ئاگــەدار بە ئەمــە بۆ تۆ گــرینگە. لە چالاکــیــیــەکی ســەرکــەوتووی پێشمـەرگەیی دەگەڕاینەوە. شـەمـەندەفـەرێکمـان بەتفـاقی سـەربازی و شـتی ترەوە تێک شکاند. ڕاستییەکەی من لەسەر ئەو چالاکییە ڕازی نەبووم، چونکە لە شـوێنێکی بەرچاودا ئەنجـام دەدرا، ئەمـەش زۆر مـەترسیـدار بوو. کـەچی ئینجاش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرەوە بووم و پێشڕەویی تیپەکەم کرد. هەینێ گەڕاینەوە چەند کەسێک مابووینەوە، بەپەنجەکانی دەست دەژمێرراین. حوسێن گیان دڵم لەت لەت دەبوو، بەڵام ئەمە شەڕە کوڕی خۆم، لە شـەڕیشدا یان ئەوی ڕووی تفـەنگی لێت کـردووە دەکوژیت، یانیش دەکوژرێیت. ڕۆژێکی سـارد بوو. ویسـتـمـان خـەم و خـەفـەت لە بیـر خـۆمـان بەرینەوە. قـاوەمـان خواردەوە. پێکەنین، یاخۆ هەر بەلای کەمەوە هەوڵمان دا شتێکی وا بکەین. لە هەمبـەر چالاکییەکەوە گفتوگۆمان کرد، زۆربەی زۆرمان شتێک لە ناخیدا هەبوو، وەلێ نەیدەتوانی بیدرکێنێت، کەچی ئینجاش بزەخەنەکانمان ئاوێتەی بێـدەنگیی تاریکیـیـەکـە و خـوێنبـەربوونی زامــە دەم کـراوەکـان و خـشــەی مێرووەکان دەبوون، کە ئەوانیش لە جێی خۆیانەوە تێکەڵ بەکزەبای بەربەیان دەبوون. چاوانم هەڵهێنان. لە دارسـتـانەکـە ڕامـام، تا بڵـێی کشـومـات بوو و بایەکەی ترسـاندمی. هەسـتم بـەمـەترسی ئەوە کـرد، کـە ئـەم شـەوەی بەزوویی تێپەڕی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

کۆمـەڵێک هـاتن و پێیـان گوتم، فەرمـاندەی دەڤـەرەکە داوام دەکـات، منیش چاوەڕێی ئەمە بووم، تاکو ڕاپۆرتی خۆم لەسەر چالاکییەکە پێشکێش بکەم.

جارێکی تر مەهدی چاوانی لێک نان. هەسـتم بەگەرمییەک کرد لە هەنـاسە هەڵکێشـانەکەیەوە بەرەو دڵی هەڵدەکشـێت. پاشـان وەک ئەوەی بیەوێت جیـهان پارچە پارچە و سات بەسات ببینێت، بەئاسپایی چاوانی هەڵهێنان.

– دەزانی حوسێن، بەر لەوەی مرۆڤ زار هەڵێنێت، هەست بەسارد و سڕیی مەرگ دەکات. لە ڕووخسارە ساردوسڕەکانیانم دەڕوانی. زاریان هەڵنەدەهێنا. لۆچی قـووڵ کـەوتبـووە تەوێڵـیـانەوە، دەتگوت پارچە نانی کۆنن و سـووتاون. لە چاوانیـانـدا خـوێنی کـارمـامزێک هـەڵدەقـوڵێت، کـە سـەری بـڕابێ و بەدارێکەوە

هەڵواسرابێت، تاکو داوڵ ئاسا باڵندەی پێ بتۆقێنرێت. پاسارییە زەندەق چووەکان لە ترسی شوومەهێنەرێک یەک لە دوای یەک دەکەوتن و ئێسکە نەرمەکانیشیان لەبان یەک کەڵەکە دەبوون. شتێک هەبوو زەحمەت بوو بەتوندی پەی پێ ببەم، وەلێ هەستم بەژانە تۆقێنەرەکەی دەکرد. هەنیەیان شتێکی دەشاردەوە بۆنی مردنی لێ دەهات.

– ئەوی باش تێی نەگەیشتم ئەوەیە بۆچی چالاکییەکەت ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا گوتت بڕیارەکانیان گەڕانەوەی نییە؟ تۆ بەوە چەکێکت دژ بەخۆت دانە دەست.

– لە چەک دژ بەمن پەکیان نەکەوتبوو. من ئەرکی سەرشانم بوو لە شەڕی خۆترێنیان ئاگەدار بکەمەوە. زۆربەی زۆریان پلانی لەسەر مێزەکەیەوە هەڵدەبژارد. ناڕازی بووم لەسەر چالاکییەکە، چونکە مەترسیدار بوو و خۆئامادەکردنی گەورەتری دەویست. لە گشت ئەمانەش زیاتر هەستم کرد خۆهەڵقورتاندنێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئازایەتیمان، بێ ئەوەی هیچ حسێب بۆ گیانی ئەوانی تر بکەن. من لەلای خۆمەوە ئاواتم دەخواست چالاکییەک ئەنجام بدەم پلانی بۆ داڕێژرابێ و سەرکەوتن تێیدا مسۆگەر بێت، بەتایبەت ئەمە یەکەم چالاکیی دوای هەڵاتنم بوو لە زینداندا. پێم دەڵێیت گرینگییەکە لەوە دایە چالاکییەکەتان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و تەواو. ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام خوێنێکی زۆر ڕژا. ئەوانی لە چالاکییەکە ڕزگار بوون کوژران، ئەوانیشی تەنیا فەرمانیان دەدا، سبەینێ هەموو ئەستێرەی پلە سەربازییەکان دەچننەوە.

– لە گشت حاڵەتەکاندا پرسەکە هەر لە دەستپێکەوە مەترسیدار بوو.

– لە میانەی قسە وشک و ساردوسڕەکانیانەوە هەستم بەشتێکی نامۆ دەکرد. زانیم من لە ژێر چەقۆی برادەرانێک نان و نمەکمان پێکەوە کردووە، کۆتاییم دێت. ئەوە شەڕە حوسێن.

– کەواتە هەندێک هەواڵی ڕۆژنامەکان ڕاست بوون.

– وەکو خـۆت گوتت، ئەو کـاغـەزانەی بەدەسـتـتـەوەن جـیـاوازن. شـتـێک لە ڕاستییـان تێدایە، وەلێ هـەمـوو ڕاستییـەکە نین. هـەینێ داوایان کـردم، هـەر لە سەرەتاوە ئاسوودە نەبووم. هـەستم بەترسـێکی سـەیر کرد. هـەستێک بڕوام پێ بکە بەهـەڵەدا ناچێت. بەغـەریزەیەکی سـەیری ئاژەڵانە بۆنی تـرس دەکـەم. وام لێ هـات هـەنـدێک بۆچوونم لا کۆ دەبـوونەوە، چون منداڵێک یـاریی مـیکانـۆکـەی پارچە پارچـە لێک بدات، گشت چـالاکییـە سـەربازییـەکەم لە سـەرەتـاوە تاکـو کـۆتایی لێک دەدایەوە. من و ژنـێکیـان بـرد. پێشـمـەرگـەیەکی هاوڕێمـان بوو. مێردەکەی ویستی پرسـیاری هۆیەکەی بکات، لێ ڕێگەیـان پێ نەدا و بەڵێنیان دایێ، کـە دوا نـاکـەون. کـاتێک چووینە ناوچـەرگـەی دارسـتـانەکـەوە، داوای ڕاپۆرتی چالاکییەکەیان لێ نەکردم، کە ئەو ژنە جوامێرە هـەڵی گرتبوو، بەڵکو داوایان لێ کـردم پەنجـەی شـایەدمـان بەرز بکـەمـەوە، تاکـو بەکافـری نـەمـرم. ڕاسـتـیـیـەکـەی ترسـام. لە شـێـوەی ترسـانی بـاڵندەیەک، کـە لە پڕ تفـەنگی ڕاوچییـەکی دەسـتـڕاست تۆقـاندبێـتی. تا ئەو سـاتەش مـەزەنـدەی قـوتاربوونم دەکرد. کەچی بەتێپەڕبوونی کات تەواو دڵنیا بووم لەناوم دەبەن.

یەکەمیـان لێم هـاتە پێشێ. ئاوڵە دەمـوچاوی چـاڵ کـردبوو، وەک کڵـۆ بەفـر سارد بوو.

– ئەوێ ڕۆژێ، کە لە ڕیزەکانی خۆماندا قبـووڵمان کردیت، بەڵێننامـەمان لێ وەرگـرتیت، ئەوەتـا ئـەمـڕۆ ناپاکیـمـان لەگـەڵدا دەکـەیت. گـوتت ئیـتـر پێـوەندیی ڕێکخراوەییت لەگەڵ بەرپرسـەکانی پێشووتدا نامێنێت. سوێندت بەنیشـتمان و بەخوێنی شەهیدان خوارد.

– شتی وا ڕووی نەداوە.

– نا. کردت و چالاکییـەکەشت ڕەت کردەوە. سـەربازەکانت بەرەو ئاگـر پاڵ پێوە نان و خۆتیش وەکو هیچ نەبووبێت گەڕایتەوە. دەبوو لە پێشەوە بوویتایا.

– لە پێشی پێشەوە بووم. وەلێ فەرمانی ئێوە بوو گەورەم.

– فـەرمـانی ئێـمـە ئەوەی تێدا نەبوو بەسـاغی بێیتـەوە، لە کـاتێکدا زیاد لە

نیوەی تیپەکەت ئاگر لووشی دەدان.

– دەمزانی سەرەڕۆییەکی دۆڕاوە، وەلێ ئێوە لەسەری مکوڕ بوون.

شتێکی پێشوەختەیان لەسەردا بوو. هەرگیز ڕاپۆرتی چالاکییەکەیان بەلاوە گرینگ نەبوو. ئەوە تەنیا هەوڵێک بوو، تاکو پاساوێک بۆ کوشتن و ڕزگاربوون لە من بدۆزنەوە.

پێوەندیی نێوان من و سەربازەکان لەوە گەورەتر بوو، کە بەشێوەیەکی خۆڕایی بەرەو ئاگریان بنێرم. لەمەندە زیاتر ڕای کەسیان وەرنەگرت.

یەکیان دەستی بەچەقۆکەی لای چەپیدا هێنا. کۆرپە سەربڕاوەکە لە نێو قامکەکانیدا، کە خوێنێکی زۆریان بەسەردا ڕژا و ڕەنگە سوورەکەی کاڵ بووەوە، دەپلکایەوە.

ئیتر بڕیارەکان وەکو کەرتەشاخی دۆڵەکان بەدوای یەکدا دەهاتن.

– جێگەی ترسنۆک و ناپاک و بزووتنەوە لە نێو ئێمەدا نابێتەوە. شۆڕش بەبازووی پۆڵایینیەوە لە هەموو ئەوانە دەدات، کە دەیانەوێت دەستی بۆ درێژ بکەن.

سەرم هەڵکڕاند، مەهدی دەڵێت: هەینێ ئاگەدار بوومەوە کەس ئاگای لەوە نییە من دەیڵێم، ئاوڕم لەو ئافرەتە دایەوە، کە وشەیەکی نەگوت، زۆر لەوە دڵگران بووم، وەکو پیاوێک باڵبەست کرابوو و بێ ئەوەی بواری بەرگری لەخۆکردنی بدەنێ، بەرەو ملبڕەکەیان دەبرد. لە پاساوی بوونی ئەم خانمە لەگەڵماندا نەگەیشتم. ئیتر بەم شێوە ئازاردەرە کابرا ئاوڕێکی لێ دایەوە.

– ژنەکە تۆ، بڕوای زۆرمان پێت هەبوو، کەچی سوێند و بڕوات خستە ژێر پێوە. پێوەندیت لەگەڵ مەهدیدا جێی گومانە. کێ دەزانێت، ڕەنگە کفر و داوێنپیسی کۆی کردبنەوە. لە ئایدیۆلۆجیای ئێوەدا شتی وا حەرام نییە.

وەکو جووجگێکی سەربڕاو بەتیغێکی تیژ، چاوانی دادەخستن و هەڵی دەهێنانەوە. بڕوای نەدەکرد و هیچی نەدەگوت. خۆی بەشانە داهێزراوەکانمەوە گرت. لە دۆخێکی بەرچاوی تۆقێنەردا چاوەڕوانی من بوو

شـتێک بڵـێم. لە چاوانی مندا ئەوەی خوێندەوە، کـە ئەمانـە بڕیاریان لەگـەڵ خۆیاندا هـاوردووە، نەک بەدوای زانیـاریدا هـاتبن. پاشـان بەئاسـپـایی سـەری دانەواند و لێگەڕا دڵۆپە ئارەقـەی ترس بتکێنەوە، تاکـو زەردیی دارسـتـانەکـە لووشیان بدات.

کاتێک گوێی لە دوا قسەی کابرای تۆقێنەر بوو: گۆڕی خۆت هەڵکەنە.

زانی شۆڕش کاغەزێکی سپی نەبوو، وەکو هەموو کات وای بۆ دەچوو.

ئەوان سوور بوون لەسـەر لەسێدارەدانمان، هەر قسەیەکیشمـان بکردایا لە دژمـان بەکار دەهێنـرا. زاری هەڵنەهێنا. لە فـەرمانەکانیـان یاخی نەبوو، وەلێ لە قـوڵپی گـریانی دا و دنیـایەک خـەمی خـوارد، پیـاوەکەی بیـر کـەوتەوە، کـە چاوەڕوانی گەڕانەوەی بوو.

دەنگمان لە نێوان درەختە بەئاسمـاندا چووەکانی دارستانەکەدا گوم دەبوو. شیـوەکان وشک و برینگن، ئـەو شـارۆچکەیەی لێی هـاتینە دنیـاوە و منداڵیی لە ئـامــێــز گــرتین، دوور بـوو. دوور و وەک ئـەمــڕۆ نامــۆ بـوو، لە شــێــوەی ئەو ئەستێرانەی ئەو سەرلەبەیانییە زوو هەڵهاتن و بەپەلە ون بوون، جوان بوو.

گۆڕی خۆم لێ دا و بەبێدەنگی یارمەتی ئەویشم دا، تا گۆڕەکەی هەڵکەنێت. هیـچ نەبـووین جگە لە زرمـەی دەمـەپـاچ نەبێـت، کـە بەتونـدی زەوییـەکـەی شـەق دەکرد. ئاوڕم لێ نەدانەوە و زەحمەتییەکی زۆرم لە دارسـتـانەکەدا نەبینییەوە، چونکە گڵەکەی تەڕ و فشۆڵ بوو.

تێــبــینیی ئـەوەم نەکــرد کــێــمــان لە پێــشــدا ســەربڕاین، وەلێ مـن لە چرکەساتێکی تیژتێپەڕدا، هەستـم بەخەنجەرە ساردەکە کرد بەملمدا هات. لە بەراییدا ژانی زۆر بوو، دوای چرکەیەک نەما و هەستم بەهیچ نەکرد.

هیـچ وردەکـارییـەکم بیـر نایەت، چونکە تاریکیـیـەکی گـەرم لـە شـێـوەی ڕۆژگیرانی ناکاو شالاوی بۆ چاوەکانم هێنا.

بیـرم چوو پێت بـڵـێم لەو دەمی پێـڵـووەکانم قـورس بوون، گـوێم لە قـیـژە و هاواری ئەو خانمە بەرێزە بوو. لاشەکەشم خەریک بوو سارد و شی دەبووەوە.

– ئای مەهدی برام بۆ وا؟

بێ ئەوەی بەخۆم بزانم دەستم بەملمدا هێنا. هەستم بەخەمێکی قووڵ کرد دەمکرۆژێت. ئەو خۆشییەی تێمدا مابوو دەیبرد. مەهدی تەواو تێکشکابوو.

– ئەگەر ئیشەکە لە من بووەستایا ئەهوەن بوو. ئەوی لێی دەترسام ڕووی دا. ئیتر ئەم شێوازە گشتێنرا. بڕوا بکە دەمزانی ڕۆژێک دێت چەقۆکانیان بەمله باریکەکانمان تیژ دەکەن و ئەو بیرە کۆنانەش دەمانخۆن، تاکو نەوەیەک دێت ڕەنگە نەوەیەکی جیا لە ئێمە و ئێوەش بێت، بڕیارەکان دەگۆڕێت. لە دڵە گەرموگوڕەکەیدا خوێنێک ڕێ دەکات، کە دەرفەتی شەهیدبوونی پێ نەدراوە. هەینێ ئەم خوێنە نرخی لەدەست دەدات، شار دەبێتە ئافرەتێکی ڕیسواکراو و گشت داوێنپیسانی خێڵە ڕەوەندەکان چێژ لە گۆشتە پڕەکەی وەردەگرن و ئەو شارۆچکەیەی لە منداڵیمانی نۆش کرد، تەنیا دەبێتە یادەوەری و وەکو بەساڵاچووانی شار کاتێک بیرمان دێتەوە، بۆی دەگرین.

حوسێن گیان، لە کاتێکدا بۆ دوا جار چاوانم لێک دەنێم، ئەو شارۆچکەیە وەک دەرزی لە دڵمدا دەچەقێ و لە ناومدا دەژێت. دەنگی سمی ئەسپەکان لەو دەمی ڕێگە شاخاوییە سەختەکانیان دەبڕی. باعە باعی مەڕ و بزن و زریکەی منداڵی گەڕەکە هەژارنشینەکان. وەرزی بەهار و خۆشی هاتنەوە بەهێلانە پۆڕ، کە لە ژێر دەوەنە تاوکەکانەوە کۆمەڵێک هێلکە دەکەن. کوڕم حوسێن، ئەوە تەنیا میراتییە، کە ناکرێ لە بیر بکرێ و پیس بێت. ئێستا سەردەم گۆڕاوە. بێگومان کەسانێک هەن خۆیان بۆ بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان تەرخان کردووە، هەردەم لە دژی دەجووڵێتەوە، ئێستاش بەدزییەوە فرمێسک بۆ ئەوانە دەڕێژێت، کە شەڕ لە ناوی دان و لە نێو چاڵەکاندا ون بوون. کارێلێک نە تۆ و نە منیش دەسەڵاتمان بەسەریاندا ناشکێت. وێڕای ئەمانەش تاوانی ناپاکی لە بەرابەر نیشتیماندا دەدەنە پاڵمان.

– وا دیارە ئێمە لە ئاوەزی خەڵکی سەر زەوی هەڵدەکۆڵین. ئێمە بەهەویری گومان هەڵنەگری و ڕەهایی شێلراوین. لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی ئەوی لەگەڵمدا نەبێت دژمە.

دارستـان و شـتـه جـوانەكـان لە نـاخـمـدا دەجـەنگان. بـوێریی ئەوەم نەدەكرد لەسـەر ئەو قسـە تاڵانە بەردەوام بم، كە بۆنی خوێنیان لێ دەهات. تەنیا ئەوی مـەهدی، كـە بێدەنگ و ئارام بـوو، بۆی دەگێـڕامـەوە و من ڕێكم دەخـسـتـنەوە. جووڵەی چاوەكانی سەقامگیر بوو، برووسكەیەكی تایبەتیان لێوە دەردەپەڕین. وێڕای ڕۆژگـار وشكیـان نەكـرد. سـووتـانەوەی دەمـوچاوی. دەسـتـە مـاندوو و شەكەتەكانی. قاچەكانی، كە لەبەر زۆر ڕۆیشتن ئاوسابوون.

– شەهیدان پەیامبەرن. پەیامبەرانیش لەملیان بدەیت درۆ ناكەن.

ئەو شارەی سەرنجی دابوویێ، زوو نووست.

– هـا گـەورەم. بۆچی بێـدەنگیت؟ بیـر لەوە نـاكـەیتـەوە ئـینجـا تۆ داوەریم بكەیت؟ ئەوەتا دەستەكانم بۆ درێژ كردوویت. دەتوانیت پێم بڵێیت گۆڕی خۆت هەڵبكەنە و چەقۆكەت بەملمدا بێنیت.

– باوە مەهدی، قسەكانت هێندەی قوربانیدانەكەت گەورەن. من كێم تا پێت بڵێم ئەمـە بكە و ئەوە مەكە؟ ڕۆژنامـەوانێكی سـادە و سـاكـارم، لە نێـوان من و ئەزمـوونەكـەتدا تـەمـەن و هـەڵوێسـتـێكە تـەنیـا بەهێـزان وەری دەگرن، منیش لەوانە نیم. ئێوە لەسـەر شتێك پەروەردە بوون ئێمە ئەمڕۆ لەدەستـمـان دا. تۆ تەنانەت لە بـەرابـەر مـەرگیشـدا تەزوو بەگـیـانتـدا نەهـات، كەچـی من لە ئاست نووسینەوەی قسەكانتدا لەرز دای گرتووم. وێنای ئەو جیاوازییە گەورەیە بكە!

– گەڕان بـەدوای ڕاستیدا دژوار و زۆر لەسـەر كـەوتووە، هـەر لەبەر ئەمـەشـە گـشت كـەسـەكـان خـۆیانی لێ بەدوور دەگـرن. ئاسـانە سـەرودڵی ئەوانی تر بگرین، وەلێ ئاسان نییە بەرگەی ئەنجامەكانی بگرین. دەبێت ئەوی پێم گوتی ببێتە بـەشێك لە چارەنووس و وردەكاریی ژیانت، ئەگینا گڕ لـە كاغـەزەكانت بەردەدەم و بەبێدەنگیی بەسـاڵاچووان چاوەڕوانی خـۆرگـیـران دەكـەم، تاكـو بوومەلەرزە دێت خۆت و شار هەڵدەلووشێت.

– گەورەترین ئاواتم ئەوەیە بچمە دڵتەوە.

– بەهەر حاڵ، بەپێی ئەرك و خوێن و ویژدان بجووڵێرەوە. لەوە زیاتر نا.

– هیـچ نەبێ من بەم مـردنە ئاسوودەم. ئەوانی تیرۆریان كـردیت دەبێت دانی

پێدا بنێن و داوای لێبوردن بکەن. دڵمان تەنیا بەمە ئاو دەخواتەوە.

– ئەو شەڕە بچووکانەی دژ بەیەک دەیکەن تێکی داون.

لە ساتێک لە ساتەکاندا هەستم پێ کرد، بەخەم و ئازارەوە لە چوارچێوە بڵندەکە ڕامابوو. هیچی نەگوت، وەلێ وەکو کوێرە مارێک پێوەی دابێت، لە ناوەوە دەپلکایەوە.

ئازار و خەم ناشاردرێنەوە باوە مەهدی. لە چەشنی ئاگر، ئەگەر بسووتێنێت، کاریگەریی خۆی لەسەر گۆشتەکە جێ دێڵێت. لە خوێنی ئێوەوە ئەمە فێربووین. خەم مەخۆ. ئەو شارەی هەستانەوەی تۆی نەبینی ڕادەبێت. سپێدەیەکی جوان و قەشەنگ ناچار دەکرێت لەگەڵ گشت شەهیداندا لە دوای ئاپۆرای درێژی تەرمەکەتەوە بکەوێتە ڕێ و سەرلەنوێ بنێژرێیتەوە. بەڵێنت دەدەمێ یەک یەک ئێسقانەکانت دەدۆزینەوە، ژیانت بەبەردا دەکەینەوە و لە نێوان ملیۆنان ئەستێراندا ئەستێرە نازدارەکەت، کە لە داخ دامرکانەوەی دۆستان بەر لە زیادەڕۆیی دوژمنان، خۆی شاردووەتەوە، بدۆزینەوە.

لە نکاوڕا ئەو دۆخەی تێیدا نقوم بووبووم، تەلەفزیۆنەکە بڕی.

**"هاووڵاتییانی ئازیز ئاگەدار دەکەینەوە هێمنی بپارێزن. زانایانی کەشناسی ڕایان گەیاندووە، خەریکە بازنەی خۆرگیرانەکە نزیک دەبێتەوە، بەڵام تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ڕۆژی کشانی بەسەرتاپای وڵاتدا دەستنیشان بکەن. بانگهێشتتان دەکەین لەگەڵماندا بەشدار بن و چێژ ببینن لەم سەمایانەی لە وڵاتی ڕۆژ، وڵاتی دارستان و ئاوی سەوزی ئاوێتە بەڕەنگەکانەوە، هاتوون. تاهیتی، ڕاستەوخۆ لە ئوتێلی ڕۆزفێڵتەوە دەگوازرێتەوە".**

– ئەم ژەنەراڵە خانەنشین کراوەی جگە لە فەرمان دەرکردن هیچی تر نازانێت، بێدەنگی کردین. لە وڕێنەی ئەم تەلەفزیۆنەدا بەدەر لە کڵۆڵیی خۆرگیران، کە خەریک بوو تاریکییەکەی بەنێو کۆڵانەکانی شاردا پەخش دەبووەوە، هیچی دیمان نەدەبینی.

کـات درەنگ بـوو. ئازار مـــەهـدیی دەکـرۆشـت، پاشـــمـــاوەی یـادەوەرییـــە سووتاوەکـەش لە ناخیدا ژەنگ لێی دەدا. لە چرکەسـاتێکدا هـەستم کـرد گرێی هـەست بەتاوانکردن ، ئازارم دەدات.

داوای پەرداخێکی تر قاوەی کردەوە.

– تاڵ بێت. بێ شەکر.

جـگەرەیـەکی پێـــچـــراوم بـۆ پێ کـــرد، چـونکە زۆری حـــەز لـێ دەکـــرد. ئەلبـوحـەفـسـیی مـامم خـوا لە گـوناهـی خـۆش بێت، وای پێ گـوتم، ئەو دەمی تووتنی لە کونی پەنجەرە ئاسنینەکانی بەندیخانەوە بۆ ڕەت دەکرد، بەر لەوەی لە بەنـدیخـانە ڕابکات و بگاتـە لای هـاوڕێیـانـی و دواتر بۆ دارسـتــان، بەپەرۆ کۆنە لە کەلەبەری دیوارەکانەوە ئاوی دەدایێ.

– سەرم ژان دەکات. بووەتە بەردێکی ڕەقوتەق.

مـژێکی قـووڵی لە جگەرەکەی دا، دووکـەڵ بەشـێـوەیەک بەرز بووەوە، دەتگوت ئێـسـتـا شـار و تەلارە ئارام و ئەو ڕووناکـیـانـەی بەدەست ترسـێکی پەنـهـانەوە دەیـانـنـاڵاند، دادەپۆشـێـت. تاوێک تێـفـکری، پاشـــان ســەرلـەنوێ جگەرەیـەکی پێچراوی دەرهێنا. تەماشای دەمژمێرەکەی کرد.

– حوسێن من دەبێت بڕۆم. بۆ بینینی تۆ لە کاتم دزیوە بەدزین. وەلێ بەر لە ڕۆیشـتـنم بیـرم لە شـتـێکی گـرینگ کـردەوە. ئـیـشـێکە و دەبێت بۆمـی بکەیت. لەوەیە زۆرم ماندوو کردبیت، وەلێ تۆ تاقە پشت و پەنای منیت.

– چیت دەوێت داوا بکە باوە مەهدی.

لە دڵەوە وام گوت، ڕەنگە بێ ئەوەی هـەستم پێ کردبێت.

بۆ یەکەمین جارە مـەهدی داوای ڕاسـپاردەیـەکم لێ دەکات. قـەسـتـەم بەخـوا بیگـوتایا کــاری نەکـردە بکـە، بۆ ســاتێک چـیــیـە لێی نـەدەگـەڕامــەوە. مـردن بەباشتر دەزانم لەوەی بەبێ ئومێدی بگەڕێمەوە.

– تەمــاشــا. من برادەری زۆرم هـەبوون. دەخـوازم ڕەوشـی جـیـاجـیـای یەک بەیەکـیــان بزانم. ئـەوانی ناپاکـیـیـان لـەگـەڵدا نـەکــردم. دەمــەوێت بـەدوایاندا

بگەڕێیت و هەواڵیانم بۆ بێنیت.

سەیرم بەپێشنیازەکەیدا هات، کەچی ئینجاش وا هاتە بەرچاوم زۆر مەنتقییە.

– ئەمە شەڕە، لە شەڕیشدا گەلێک لە بەهاکان دەگۆڕێن. ڕۆژگار خەڵک دەگۆڕێت. زۆر ماندوو دەبیت، بەڵام کارێکی باش بۆ من و خۆت و بۆ مێژوو ئەنجام دەدەیت. هەروەها دەبێتە ڕیپۆرتاژێکی کامڵ هەمبەر بەو دۆخەی هەڵت بژاردووە.

بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا هەستم کرد من ڕۆژنامەنووسم. بەر لەم مێژووە، مامەڵەکردنم لەگەڵ کاغەزی ڕۆژنامە زەردەکان و کۆنە ئەرشیفەکەدا بەس بوو. هیچ جارێک هیلاکییەکەم هێندەی ئەمجار نەبوو، زۆرێک لە شتەکان گۆڕاون.

– باوە مەهدی، من تا دوایی لەگەڵ خۆت و ئەوەم، کە خوێنەکەت لە پێناویدا ڕشت. گۆڕەکەت پێ دەزانین و بەڵێنت دەدەینێ، کە لە شوێنە پشتگوێ خراوەکەی خۆی لە ناو دارستان، کە خۆر و بۆمبا سووتاندوویانە، هەڵبگرین.

– بڕوام پێ بکە، ئێمە ڕێگە لەوە ناگرین ئەندامەکانمان و ئێسک و پرووسکمان، کە ئاوێتەی تەختەی کۆنە بوونە، لە سکی گورگاندا کۆ بکرێنەوە. بەهەرحاڵ پێشنیازەکەم تەنیا تکایەکە و زیاتر نییە، دەتوانیت ڕەتی بکەیتەوە.

بەر لەوەی کۆتایی پێ بهێنێت، زەردەخەنەیەکی شەرمنانەی کرد، کە تا ئێستا خۆڵی شار و بێگەردی و ساویلکەیی منداڵێکی بیابانشینی تێدا ماوە.

داوای کاغەزێکی سپیی لێ کردم و هەندێک ناوی نووسی، لەگەڵ مەزەندەکردنی شوێنی دانیشتنیان. لایەنگیریی سیاسی و ئایدیۆلۆجیایان. ئەوی لەم چیرۆکەدا جوانە، ئەوەیە تا ڕادەیەک گشتیان لە یەک ناوچەدا بوون. هەندێکیانم باش دەناسی.

– لە کاتی پێویستدا ناسنامەی ڕۆژنامەوانییەکە بەکار دەهێنم.

– باروودی ئەگەر پێویستت بوو. داوای بکە. بۆ ساتێک چییە دوا ناکەوێت.

دوا مژی لە جگەرەکەی دا . ئەوی مابووەوە کوژاندییەوە، پاشان هەستا . چاوە خەواڵووەکانی بەقورسییەوە هەڵگلۆفت.

– من شەکەتم و درەنگیشە بۆم. تۆ دەبێت هەندێک بنوویت. سبەینێ کاری قورست لە پێشدایە.

بەشکۆیی و لووت بەرزییەکەوە، تەوقەی لەگەڵدا کردم.

– حوسێن لە بڕیاردانتدا لەسەرخۆ بە، تاکو ستەم لە کەس نەکەیت. هەر دۆخە و بڕیاری خۆی هەیە.

– گومان لە دەستپاکیم دەکەیت؟

– هەرگیز. وەلێ لە هەڵەی کوشندە لێت دەترسم.

دوو هەنگاوی لە ناو هۆڵەکەدا هەڵێنان. هەندێک لە شار ڕاما، پاشان بەدوو چاوی هیلاک و ماندووەوە، کە تا نهۆش ترووسکاییان دانەمرکاوەتەوە، لێم ڕاما. نەمتوانی ڕووبەڕوو بیبینم. سەرم دانەواند. چاوانم داخستن. هەینێ دوای کەمێک کردمنەوە شار بەبێدەنگییەکەیەوە لە پێشوازیمدا بوو. کەچی ئەو لەسەر دیوارەکە لە ناو چوارچێوە بچووکەکەیدا لێی نووستبوو. بەئارامی وەستابوو و هیچ دڵتەنگییەکی پێوە دیار نەبوو. چەکە کۆنەکەی، پۆستاڵە قورس و جلە سەربازییەکەی لەبەردا بوو.

جارێکی تر لە خەوندا بینیم، وەلێ قسەی لەگەڵدا نەکردم. مۆتەکە. مژووڵی خڕکردنەوەی ئێسک و پرووسکە بڵاوبووەوەکانی بوو، کە خوێنێکی زۆریان لەبەر ڕۆیشتبوو، دەیویست ڕێکیان بخاتەوە و تیماریان بکات. خوێنەکەی ڕەش بوو. چاوانی لە هەندێک شتی پەنهان بڕیبوو، تەنیا خۆی نهێنییەکانی دەزانین.

کاتێک زیاتر خۆم خزاندە نێو پێخەفەکەوە، لە خەونمدا ئەستێرە شاراوەکان لەودیو هەورە ڕەشەکانەوە، بەر لەوەی خۆرگیرانەکە دابەزێتە سەر گەڕەکەکان و چاوی خەڵکەکە، باسی ڕازەکانی خۆیان بۆ شار دەکرد.

بەشی دووەم

# سەرەتای گەشتەکە

## ڕووخساره نامۆکان

ئەمجاریان هەستم بەشەکەتییەکی زۆر کرد و ئیتر بەرگەی ئەو هەموو دڵڕەقییە ناگرم، کە دەمسمێ و بەتوندی ئەشکەنجەم دەدات.

بەر لەوەی خۆم بەپێویستیی بەردەوامبوون تا کۆتایی ئەگەر چەندێک سەرئێشەشم تووش بێت، قایل بکەم، شێوە دڵتێکچوونێک دای گرتم. پرۆسەی گەڕان زیاد لە مانگێکی خایاند.

دەبێت بەوەی بەسەرمدا هات باوەڕ بکەن، چونکە دڵنیام لەوەی شتەکەتان بەلاوە لەوە سەیرتر دەبێت، کە لە وڵاتی واقواقدا ڕوو دەدات. بەڕۆژەوە ئەم کەسانەم دەدین، بەشەوانیش دوای ئەوەی تیلمە کاغەزەکانی لە بەڕکم نابوون دەردەهێنان، هەوڵم دەدا ورد و درشتی شتەکان بنووسمەوە. بۆ ئاسان دۆزینەوەیان ژمارەم بۆ دانان. بەهەرحاڵ شتەکە تازە نەبوو، لەمێژە بوونەتە ژمارە. کاتێک لە ژمارە یەک بوومەوە، سەرم هی خۆم نەبوو. لە بارستەیەک قورقۆشم قورستر بوو. بەرەو دووەم، ئینجا سێیەم ڕۆیشتم، لەو دەمەدا ئاواتی ئەوەم دەخواست، بەکەسانێک بگەم بەلای کەمەوە پاساوی ئەوەم بدەنێ لە دەرکردنی بڕیارە یەکلاکەرەوەکاندا بوەستم.

لە نێوان ئەم دووانەی دوایییاندا، شێوێکی وشک و برینگ و ئەو زیندەوەرانەی لەسەر هەوا و لە بۆشاییدا دەکشان لە دەرەوەی کاتدا دەژیان.

هەینێ ئەو ئۆتۆمۆبێلەیان بینی گەیاندمی، ڕایان کرد. چونکە وایان زانی من بۆ ئەوە هاتووم لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەم، یاخۆ وایان پێ گوترابوو. دووان لەوانەی ناویان لە لیستەکەدا بوو، نەهاتن. منیش بەوەندە وازم هێنا پشت بەقسەی خەڵکەکە ببەستم، تاکو کەمترین زانیارییش بێت بەدەستی

بهێنم. دەمەویت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم، بڕێک لە قسەی خەڵکەکەم هەڵپاچی، چونکە هەندێک جار دەگەیشتە ڕادەی بەخوا و بەئەفسانەکردن.

لەبارەی یەکەمەوە پێیان گوتم لە شارێکی دوور زیندانییە، خەڵکەکەی لە بەرد و دڵیشیان لە ئاسنە، چاویان لە فسفۆر و سکیشیان جاڵجاڵۆکە، بەبێ ئۆکسجین دەژین، چونکە گەورەکانیان هەڵیان لووشیوە و زەوی و ئاوی دەریاکانیان وشک کردوون.

لەبارەی دووەمیشەوە گوتیان لە بارودۆخێکی نائاساییدا خاکی نیشتمانی جێ هێشتووە، لە دوای خۆیەوە تەرمی ئەوانە ڕادەکێشێت، کە بەبەرچاوییەوە کوژران. زۆریان لە هەمبەر گوت، من بەدووری دەزانم مەهدی کاتێک ئەم هەواڵانە ببیستێت، بڕوا بکات. ئەو دەم گاڵتەی بەخۆم و بەوڕێنەکانمدا دێتەوە. چەندێک زیادەوێژی لەم چیرۆکەدا هەبێت، ئەوا درۆ نییە.

ئەم بەدوادا ڕاکردنەم گەیاندمییە زانیاریی مەترسیدار، زیاتر هەستکردن بەبایەخی پیشەی ڕۆژنامەوانیی تێدا ڕوواندم، کە لە پەڕاوێز و دڵڕەقییەکانیدا دەژیام. ئەو پسوولە مردووەی هەڵم گرتبوو، گەلێک کۆمەکی کردم و لە هەندێک ساتی خەیاڵیدا وام هەست دەکرد، بەم زووانە بابەتەکەم لەو ڕۆژنامەیەی پسووڵەیەکم بەناویەوە هەڵگرتووە، بڵاو دەکرێتەوە.

هەندێک لە موجاهید و بەساڵاچووانی شارەکە یارمەتییان دام، بەتایبەت وەکو خۆیان دەیانگوت، کاتێک زانییان من سەر بەحکوومەتم. تەنانەت یەکیان بردمیە شوێنی شەڕەکان، کە لەو دەڤەرە ڕوویان دابوو، هەرچەندە پرسێکی وا مەگەر لابەلا ئەگینا بەلامەوە بایەخێکی نەبوو.

هەندێک لە بەرپرسانی شارەوانییەکان بەپەرۆشەوە بوون بۆ ئەم بەدواداچوونە، وەلێ ئەوەم باش دەزانی لە کۆتاییدا داوای بەرابەر بەو خزمەتانەیان دەکەن.

ڕەنگە نووسینی وتارێک بۆ نموونە سەبارەت دەستکەوتەکانی شارەوانی و دەست و دڵفراوانیی سەرۆکەکەی و خۆشەویستیی بۆ فەرمانبەرەکانی،

دەربارەی ئاکار چاکی هەندێکیان، یانیش لە هەمبەر وریاییان و چاوە زیتەکانیانەوە، کە کەسی نامۆ لەگەڵ دابەزینی لە پاسەکەدا دەناسنەوە. لەگەڵ هەندێکیاندا تا قووڵایی گەمەکەم کرد. ئەگەر وا لە سەگ نەکەیت بۆن بەئێسقانەوە بکات، ئەوا دەستگیری ناکەیت. دووریش نییە وەکو کاغەزی کۆنە نامیلکەیەک فەرامۆش بکرێیت.

کاتێک بەسەر یەکێکیاندا چووم، بینیم نوقمی کۆمەڵە کاغەزێکی سپی و زەرد و سەوز و سوور بووە. واژۆیان دەکات و دەیانخاتە لاوە. یەکێک لە کارمەندەکانیشی بەشێوەیەکی ڕۆتینی کاغەزەکانی لێ وەردەگرت، ڕێکیان دەخات و دەیانخاتە سەر یەک. خامەکەی تیژ کرد. دەستی بەواژۆ کردەوە. ئەو شوێنەی لەسەری دانیشتبوو، کاغەزی واژۆکراو دای پۆشیبوو، کارمەندەکان پێیدا ڕانەگەیشتن ڕێکی بخەن و بیانخەنە فایلەوە. لەبەر گاڵتەجاڕی و شێتییەکەی لە ناخەوە هەستم بەپێکەنین کرد. لەو کاتەدا ئاواتم دەخواست وتارێک بنووسم. بۆ ڕیسواکردنی خۆی و شێتییە بۆش و بەتاڵەکەی.

ئەم مرۆڤانە پێویستیان بەڕاچڵەکانی توند هەیە، تا سنووری خۆیان بزانن، ئەگینا تا ڕادەی پێ لێ ڕاکشان بڕوا دەهێنن، کە مەزن بوونە، ئەگەر لەسەر حسێبی نەزانییش بێت. تەنیا ئاواتم خواست، وەلێ هیچم نەکرد. ڕەنگە ڕۆژێک بێت و دەرفەتی تەواو ببینمەوە، ئەوی بینیومە بیڵێم.

ئەی خوا! لە دایێک لە دایاکانی جەزایر(٤) دەچوو. تەنانەت سمێڵەکەیشی بەردابووەوە، تاکو بەتەواوی لەوان بچێت.

خواردن. تەنانەت خواردنیشی بەئامادەکراوی بەئۆتۆمۆبێلێکی سەوز لە شوێنێکی دوورەوە پێ دەگەیشت. ئاوی سارد و سازگاریشی لە

(٤) دایاکانی جەزایر: دای، نازناوێک بوو فەرمانڕەواکانی جەزایر هەڵیان گرتبوو، دایاکان لە ساڵانی ١٦٧١-١٨٣٠دا فەرمانڕەوایی جەزایریان کرد. زۆربەیان فەرماندەی سەربازی بوون. لە سەردەمیاندا چالاکیی دەوڵەت لە جەردەیی و بازرگانیی کۆیلەدا خەست دەبووەوە. (و)

تاشەبەردەکانی بیابانەوە بۆ دەهات. خەڵکی شارەکە زۆریان ئازار دام، ئەو دەمی بەرەو شارەوانی دەڕۆیشتم، دەوریان دام، تاکو شتی سەیر و سەمەرەی وام بەبەرگوێدا بدەن، ئەگەر لە بەرابەر هەزار و یەک شەودا دابنرێن، ئەمی دواییان لە ئاستیاندا سەری سوڕ دەمێنێت. قسانیان دەکرد و ماندوو نەدەبوون. ڕقێک لە دڵیاندا هەبوو، ڕۆژانە کەمێک زیادی دەکرد و دەبووە هەوێنێک لە باروت، ڕۆژێک دێت گڕ دەگرێ و ئاگرێک دەنێتەوە تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت. هەرچی هیوا هەیە لە چاوە ساردەکانیاندا نەمابوو.

– کورە حوسێن وەرە ببینە، من نوێنەری دانیشتووانی ئەم شارەم، سەرلەبەرمان داوات لێ دەکەین بڕوا بەم پیاوە نەکەیت. گەورەترین درۆزنە. شەیتانێکی وایە ئەوی لە بنە دەیخاتە بانەوە و ئەویشی لە سەرێیە دەیخاتە ژێرێ. دوا نەوەی بەنی کەلبۆنە، نەفرەتی خوایان لێ بێت.

بەنی کەلبۆن؟ ئەو نەوانەی بنەچەیان نییە. زەویی سەوزانییان نەهێشت و کردیانە وشکانی، ئێستاش دانیشتووانەکەی لەناو دەبەن.

لە دواییدا سەرۆکی شارەوانی ئاوڕی لێ دامەوە. ڕەگی ملی ئاوسابوو. خەریک بوو نیگەرانی هەراسانی دەکردم و دەیشڵەژاندم.

– ئاخرییەکەی ئێمەتان بیر هاتەوە، خوا لە دایک و باوکتان خۆش بێت. کارامەییە ڕۆژنامەوانییەکەتم بیستووە. ئێمە داوای شتی زۆرت لێ ناکەین. وتارێکی جوان لەبارەی شارەوانییەوە بنووسە. ئەگەر دەتەوێت بایی ڕۆژنامەیەک بنووسە، دڵنیابە لە چاو ئەوەی کردوومانە هێشتا کەم دەبێت.

– خوا یاربێت گەورەم، وەلێ ئەمجاریان من بەئیشێکی ورد و حسێب بۆ کراو هاتووم، پێوەستە بەکابرایەکەوە لە ڕۆژانی شۆڕشدا شەهید بووە.

لە نەزانیی خۆی ئەوی دەیگوت بەڕاستی بوو. وای دەزانی گشت لاپەڕەکان لە ژێر دەستی مندان. بەتەنێ خۆم. دڵی ئاوی نەخواردەوە، بردمی بۆ زۆر شوێن، تاکو بەچاوی خۆم ئەو دەستکەوتانە ببینم، کە لە چاوی ڕۆژنامە نیشتمانییەکان بەدوورن. منیش بەڵێنی گەڕانەوەم پێ دا.

گـوتـی، له چاوانمدا سـیـمـای خـۆشـەویسـتـی و منداڵی دەبینێت و من ڕووخـسـاری ئەو شـەهیـدانەی وەیاد دەهـێنمـەوە، کـە سـەر و مـاڵیـان کـردە قوربانی.

پرۆسەکە لەگەڵمدا بەخێرایی تێ دەپەڕی، بۆیە ئەستەم بوو لە سەرەتاوە لە وردەکارییەکان بگەم و تێیدا قووڵ ببمەوە، وەلێ لە دواییدا تووشی سەراسیمە هاتم. چۆن خـەڵک بەشێـوەیەک لە شێـوەکـان بوونەتە گـا. قـاچی دەخـاتـە نێـو کـورسـیـیـەکـەوە لە ترسی ئەوەی کـورسـیـیـەکـە لە ژێر قنگە گـۆشـتـنەکـانیـدا ڕانەکات. هەینێ سەرقاڵی ئەو هەموو کاغەز و واژۆیانە دەبێت، وا دەزانیت لە ئاژانسی ئاسـمـانی کـارمـەندە، ئەگـەر تاقـە ژمـارەیەکی لێ ون بێت، ئەوا کارەسات ڕوو دەدات.

بەر لەوەی شـوێنەکەم جێـهێلم، لێم نزیک بووەوە. مشتێک پارەی کـاغـەزی کەسک و شین و زەردی دایە دەستمەوە. گوتی ئەمە خێر و بەرەکەتی پیاوانی وڵاتە. بەچاو ڕەتم کردنەوە. هەستی کرد لە پێستە ئەستوورەکەی دێتە دەرەوە. لەودیو لێوە گۆشتنەکانییەوە بەزەحمەت بزەیەکی کرد نەگریسی و ڕیسوایی لێ دەباری، بەر لەوەی تاریکی دابەزێتە سەر ڕوخسارە تێکشکاوەکەی، گوتی:

– تۆ لاوێکی ڕەسـەنزادەی. ویسـتم لە نیـەتت بگەم. برات لێـرەیە. ئەگـەر پێویستت بەهەر شتێک بوو، تکایە دوودڵ مەبە.

زمانی لەسەر وشەی لێرەیە داگرت.

ئەوی مـایەی سـەرسـوڕمـان بوو تا ڕادەیەک ئـەم کـارانە لە زۆربەی زۆری وڵاتاندا لەگـەڵمـدا دووبارە بوونەوە. هەمـان بێـسـەرەوبەرەیی. پەنابردن بۆ هەمـان ئامـراز و شـێـوازێک بۆ کـڕینی ویـژدانەکـان، تەنیـا شـوێنێک نـەبێت. گەشـتـەکەم بووە پێکەنین. لـە سـەرەتادا وام زانی ئەو پیـاوەی چاوم پێ کەوت زیرەکـتـرینیـانە. بەزمـانێکی فـەرمـان ئامـێـزەوە داوای پسـووڵەی کـارپێ سپاردنەکەی لێ کردم:

– گوێ بگرە. L,order de Mission کـەم بدەرێ. ئەگینا لە کوێوە هاتوویت

بۆ ئەویٰ بگەڕێرەوە، کاتم نییە بەفیڕۆی بدەم.

وام نیشان دا لێی دەگەڕێم. بەدوو چاوی نیگەرانەوە لێی ڕوانیم. ترس لە نووکی پێمەوە تاکو تەوقی سەر دای گرتم.

– ئەمە لە خۆتەوەیە، یاخۆ بەڕاست بۆ ڕۆژنامەیە.

لەو ساتەدا من وام نیشان دا ناسنامەی ڕۆژنامەوانییەکەم، کە بەدوو زمان ناوی ئەو شوێنەی کارم تێدا دەکرد لە سەرەوە نووسرابوو، کەوتە سەر زەوییەکە. هەڵم گرتەوە. چاوی تێ بڕی وەک ئەوەی بیەوێت ئەودیوی دێرەکان بخوێنێتەوە.

– ئەمە زۆر گرینگە. کەواتە حوسێن مەهدی محەمەد تۆی. ئەو ڕۆژنامەوانە ناسراوە.

وای نواند لەمێژە دەمناسێت. ئەوی تووشی شۆکی کردم، ڕۆشنبیرییە بەرفراوانەکەی بوو (؟). لە سەرەتای ئەم گەشتەمەوە، بۆ یەکەمین جار ڕێکەوتی سەرۆک شارەوانییەک دەکەم بتوانێت پیتەکان لێک جیا بکاتەوە و بەتەواوی ناوی خۆی بنووسێت.

براکەی لەمێژە لە سوپادایە. لە دەوڵەمەندەکانی شەڕە. ئەمەم لە خەڵکی شارەکەوە زانی. تێم گەیاند ئەو کارەی بەمن سپێرراوە شارەوانی نییە، ڕیپۆرتاژەکەم لەسەر یەکێکە، ئەو شەشەمین کەسە لەو ناوانەی لامن.

– هەڵبەت شارەوانییەکان زانیاریی لەسەر گشت دانیشتووانەکەی هەیە. شتی لەم بابەتەی لە دەست دەرناچێت.

– هۆیەکان؟ ناتوانین بێ ئاگەداری لە هۆیەکان و شتە شاراوەکان، زانیاریی وردت لە چەشنی ئەوەی داوای دەکەیت، بدەینێ.

تێم گەیاند من هیچ ناشارمەوە، وەلێ کارێکی ڕاگەیاندن جێبەجێ دەکەم، هەروەک چۆن لە هەموو بۆنەیەکی سەربەخۆیی نیشتمانیدا پێڕەو دەکرێت.

هێند قایلبوونی پێوە دیار نەبوو، کەچی دوای ئەوەی دامیە دەستی پیاوە جێ متمانەکانییەوە گوتی، هاریکاریت دەکەم.

سەیرترین شت ئەوەبوو ئەو زانیارییانەی شارەوانی پێی دام، بەهیچ شێوەیەک ڕاست نەبوون. سەرلەبەریان ئاوەژوو کرابوونەوە. دژ بەو قسانە بوون، کە یەکێک لە بەسالاچووانی شارەکە بۆی کردم. پێی گوتم؛ ئەم خەڵکانە درۆ دەکەن کوڕم. ئەوان لەو شیرەی لە دەرەوە بۆمان دێت درۆ دەخۆنەوە. لەگەڵ هەواڵەکانی ئیستگە و تەلەفزیۆن و کۆمەڵگەی دووڕوودا دەخۆنەوە.

لەم قسانە زیاتری نەگوت. گرێکی سووتێنەر بوو. دواتر لێم ون بوو و لەو ڕۆژە سەیرەدا نەمتوانی تەنانەت پرسیاری ناوی لێ بکەم، وەلێ بەڵێنی پێ دام هەینێ هەلێک ڕێک بکەوێت دیدەنییەکی نزیکم بکات.

سەرۆک شارەوانی شتێکی زیادی نەگوت، ئەوەندە نەبێ قسەکانی لە وڕێنە دەچوون. وەکو سەربازێکی بەزیو، شکستخواردنەکەی جگە لە فەرمان پێ دان و داواکردن بەجێبەجێکردنی، ئەگەر بەدڕیشی بکەوێتەوە، شتێکی تر فێر نەبووبوو. گرینگ قسە بەخۆڕایی دانە بێ ڕاوەستان.

کاتێک ماندوو بووم، ڕاستەوخۆ لێم پرسی:

– گەورەم مەهدی. مەهدی دەناسیت، یاخۆ کەسێک دەناسیت بیناسێت؟

– ئەوە گرینگ نییە. مەهدی پیاوێکی مەزن بوو. وا چاکە هەینێ دەنووسیت، ناوی مردووەکانمان بەباشە بهێنیت. یارانم سوودی زۆرت پێ دەگەیەنن.

– هیچ نەبێت هەندێک بەڵگەنامەم بدەنێ، تا پاساوێک بن بۆ ستایشکردنەکەم.

– من. من لە بەڵگەنامەکان گەورەترم. پێم گوتی ئەو لەوانە مەزنتر بوو، کە کوشتیان. داگیرکاری ستەمکار. تۆ ڕۆژنامەنووسیت و تەنیا ئەوەت لەسەرە بنووسیت. ئەمە پیشەی ئێوەیە ئەی ڕۆژنامەنووسینە.

– بەڵام گەورەم چی بنووسم؟

– پیاوەکانم پێت دەڵێن لەسەرتە چی بکەیت. سوپاس.

بەزمانێکی فەرمان ئامێزەوە وای گوت، وەک ئەوەی لە پڕ پلەکەی بەرز

بووبێتەوە و بەچاوی خۆی بڕوا نەکات. بەر لەوەی دەرچم، درکاندی:

– هەندێک کەس دەناسم لە من زیاتر سوودت پێ دەگەیەنن.

– خۆزگە جەنابی سەرۆک، چونکە من پێویستم بەگشت وردەکارییەک هەیە.

پلی بەدوگمەی سەر مێزەکەیەوە نا، گوێم لێ بوو لە شوێنێکی ترەوە زەنگ لێی دا. چەند کەسێک بەپرتاو خۆیان بەژووردا کرد، دەستم لەسەر دەمم دانا. کتومت لەیەکیان دەکرد. هەمان دەموچاو. هەمان بەژن و بالاّ. پێیەکان. درێژی. ڕەنگی پێست. هێڵەکانی نێوچەوان. ئەو ڕۆیشتنە میکانیکییەی ئەو بیرۆکەیەت لەلا دەروێنێت، کە بوونەوەری ئامێرین و لە شوێنێکی ترەوە دەجووڵێنرێن. گوێیان پان. کەپوویان تەخت. زمانیان لە گیرفانی سەرۆک شارەوانیدا دەنووست. هەینێ داوای قسەی لێ کردن، شتێکیان نەگوت لەوی ئەو زیاتر. لە ساتێک لە ساتەکاندا وام هاتە بەرچاو مێشکیان لە کارکردن کەوتبێت. وا یەکتریان دووبارە دەکردەوە، کار گەیشتە شێوەی لێکچوونی دەربڕینی وشەکانیش.

لە کاتێکدا ئەم ورێنانە دەگێڕمەوە، گومان لەوە دەکەم یەکێک هەبێت بڕوام پێ بکات، کەچی ئینجاش وەکو ئەمەکداری و وەفایەک بۆ مەهدی هەر دەیانڵێم، تەنانەت ئەگەر هەست بکەم قسەکانیش بۆ خۆم دەکەم. جیهان ئەو جیهانە نەبوو، شتێکی تر بوو جیا لەوەی بەسەریدا دەڕۆین و لەگەڵ هەزاران کەسدا هەواکەی هەڵدەمژین. بەر لە دەرچوونم بەتۆزێک شتێکی سەیرم لەگەڵ دارودەستەکەی سەرۆک شارەوانیدا بەسەردا هات. بینیم لە ڕیزێکی گەلێک درێژدا لە شێوەی هێڵێکی ڕاست زۆر بەڕێکی، یەک لە دوای یەک ڕیزکرابوون. دەستی چەپیان لەسەر پاشەڵیان بوو، دەستی ڕاستیشیان درێژ بووبووەوە ناو دەستی یەکێک لەو فەرمانبەرانەی سیمای دیار نەبوو. لە شێوەی ئامێر، لەسەر قسەکانیان پارەی پێ دەدان، پاشان وەک ئاو دەڕژانە مەیدانی شارەوانییەوە، وژەوژی یەکێک شەڕەکەی بەفێڵ بردبێتەوە لە نێوانیاندا بەرز بووەوە. فەرمانبەرەکە جلێکی نیمچە خاکیی ڕووکەشی کردبووە بەر. لەو

دەمی هاتوومەتە ناو ئەم شارەوانییەوە، ئەمە یەکەمین جارە دەیبینم. لە کۆتاییدا کەس نەمایەوە جگە لە من و سەرۆک شارەوانی و ئەو تەمە دەریاییەی سەرتاپای فەرمانگەکەی داپۆشی و سیمایەکی وای پێ بەخشی لە کۆشکەکانی هەزار و یەک شەو نزیک دەبووەوە.

– تۆ قەناعەتت بەوە هەیە، کە پێم گوتیت. خۆشەویستی و ڕاستگۆیی خەڵکەکەت بینی؟ گشت ستایشە باشەکان بنووسە.

– دەیکەم گەورەم دەیکەم.

بەترسێکەوە بەلۆچییەکانی ڕووخسارمدا کشا، وام گوت.

– بەڵام باش تێ نەگەیشتم.

– گوێت لێ نەبوو؟ تۆ ڕۆژنامەنووسیت و ئێمەش ڕێز لە پیشەکەت دەگرین. تۆش لەسەرتە ڕێز لە ئێمە بگریت. بنووسە و تەواو.

– باشە گەورەم. سوپاسی هاوکاریتان دەکەم.

لە هەموو شتەکان نەگەیشتم. ویستم لە گشت شارەکە بپرسم. وەلێ نەمتوانی کەس ببینم. تەنانەت ئەوانەی لە دوورەوە بینیمن، پێش ئەوەی بگەمە لایان هەڵدەهاتن. ئەو دوو کەسەش، کە خۆبەخش قسەیان بۆ کردم، وێنەی دەقاودەقی ئەو کەسانە بوون، کە لە شارەوانیدا بینییانم. بەملکەچکردنێکی بەرچاو و لێبووردەییەکی درۆزنانەوە قسەکانیان دوایی پێ دەهێنا.

– خوا و پێغەمبەر ئاگەدارن سەبارەت بەو بەڕێزە هەر ئەوەندە دەزانین.

پاشان لە دووتوێی جلە کۆنەکانیاندا وەکو برووسکەی لەوتاو لە قوڕی باران دەکوژانەوە.

خەمبار بووم بەوەی ئەو زانیارییانەی دەستم کەوتبوون، هێند گرینگ نەبوون. خۆمم قایل کرد بەوەی بەڕاستی دەنووسم و لە هەمبەر ئەو هەلومەرجەی دەوری سەرهاتی ئەم زەلامە ئەفسانەییەیان داوە، قسان دەکەم.

سەرلەبەیانی زوو هەستام، چونکە ئۆتۆمۆبێل دەسکەوتن لەم شارۆچکەیەدا گیانت دەردەهێنێت. ئەو دەمی لە سواربووندا بووم و ویستم دەرگەکە دابخەم،

کابرایەکی بەساڵاچوو ڕای گرتم. سەرنجی ڕووخساریم دا، وەک یەکێک لە پیاوچاکانی خوام هاتە بەرچاو. پێش ئەوەی بیرم بخاتەوە و خۆیم پێ بناسێنێت، بیرم هاتەوە.

– ئەی خوایە ئەوە تۆی مامە؟ لە کوێ بوویت؟ ئەی پیرەمێرد بۆ بەتەنیا جێت هێشتم؟

ڕاستگۆیی و قسەکانی دوایی‌م بیر هاتنەوە، کە بەدرێژاییی ڕۆژانی لێکۆڵینەوەکەم لە گوێمدا دەزرنگانەوە. بەلێخوڕ و سەرنشینەکانی گوت:

– بەڕێزان جێی ئەم پیاوە پیرە لای خۆتان دەکەنەوە؟

ئۆتۆمۆبێلەکە پڕ لە نەفەر بوو. کابرای پیرە لەسەر سەرکەوتن مکوڕ بوو، چونکە وەکو گوتی، ژنەکەی لە نەخۆشخانەیە و بێ ئەم روحی دەردەچێت.

ویستم هەڵسم تا بێتە شوێنەکەم، کەچی سوور بوو لەسەر مانەوەم.

– بەتایبەت تۆ دەبێت بمێنی. کوڕم لەسەرتە گشت شتێک بزانیت. فەرمانڕەوایانی ئەم دەڤەرە کۆمەڵێک دز و جەردەن، سواری پشتی شۆڕش و شەهیدان بوونە و دوای ئەوە بۆ تەماح هەموو شتێکیان فرۆشت.

– وەلێ مامە...

– شتێک لە مێشکمدایە حەز دەکەم بیزانیت.

ئەو پیرەی ون بوو، ئەوەتا بەسەر پشتی پەڵە هەورێکەوە دەگەڕێتەوە، لە ویقار و شکۆمەندیی زیاد کردووە. دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر شۆفێرەکەم قایل کرد قبووڵی بکات و پێشەکییش ئامادەیی خۆم ڕاگەیاند، هەر سەرپێچییەکیش ڕوو بدات، من لێی بەرپرسیارم. گشت پارەکانی خۆمم خستە بەردەستی، تاکو لە ڕاستیی قسەکانم دڵنیا بێت.

– من بەڕاستیمە بەڕێزم. ئەگەر پۆلیس ڕێی لێ گرتین، ئەوا لە جێی سەرپێچییەکە ئەم پارانە بدە، ئەگەریش بێ گرفت گەیشتین دوایی لێتی وەردەگرمەوە.

کاتێک چاوی بەناسنامەی ڕۆژنامەنووسییەکە کەوت و لە کارەکەم دڵنیا

بوو، شتێک دایگرت لە ترس دەچوو. ناسنامە و پارەکانی بۆ گەڕاندمەوە، ئینجا پشتی ڕاست کردەوە و ئۆتۆمۆبێلەکەی لێژ کردەوە.

– سواربە حاجی. ئیتر بەتەمای خوا.

پاشان بەشێوە گاڵتە کردنێکەوە ڕووی تێ کردم:

– دەبێ لەبارەی گرفتەکانمانەوە بدوێن. بەنزین گرانە و کەچی لای خۆشمان بەرهەم دێت. بەڕاستی کارەساتە.

حاجی بێدەنگ بوو. هەرچەندە لۆچەکانی دەموچاوی واقورمانەکەیان شاردبووەوە. نازانم چی بیری خستمەوە. ئەو مەریەمەم بیر هاتەوە، کە شار لە دەستی کردمەوە. من لە دۆخی مەستیدا نەبێت ناتوانم بەتەواوی بەچاوە سووتاوەکانییەوە بنووسێم. ئەمڕۆش بەکەیلی بیرم دێتەوە، ئاوەزم ئیفلیج و یادەوەریم تێکشکاوە. شتێک لە تۆقین چووە ناو کونیلەکانی پێستمەوە.

حاجی ورتە ورتێکی بەگوێمدا چرپاند و ڕێگەی نێوان من و مەریەمی بڕی.

– شارۆچکەکەمانت چۆن بینی کوڕی خۆم؟

– بەخوا حاجی گیان ئەگەر ڕاستیت دەوێت، هیچی لێ نەگەیشتم. جوانە، وەلێ شتێکی شاراوە دەوری ئەو وردەکارییانەی داوە، کە پێیان دام و ئەوانەشی بەخۆم بینیمن.

– واتا؟

– من لە زەلامێک دەگەڕێم. لە مێژووەکەی، لە ژیانی. دەبوو شارەوانی یارمەتی بدامایا. کەچی هێندەی بەدوومەوە بوون، هێندە یارمەتییان نەدام. بڕوام پێ بکە حاجی گیان، تەنانەت سەرۆک شارەوانی لە قسەکانیدا شتێکی وای بۆ زیاد نەکردم شایانی باسکردن بێت.

– هەموو خەڵکی شار بەدزییەوە باست دەکەن. وا دەزانن چاودێری داراییت و میری تۆی ناردووە. لەگەڵ ئەو کابرایەدا دوایت، کە لێی دەگەڕایت.

– باش تێ نەگەیشتم.

– ئەوە هەمان زەلامە، کە مەهدی و شارەکەی دایە دەم ئاگرەوە. دەیناسم و

گشت خەڵکیش دەیناسن. ئەوانی لەو شوێنەیان دانا پیاوکوژ بوون. خوێنیانی بەکەمترین نرخ فرۆشت و ماڵ و سامانی شارەکەشی کرد بەکۆڵۆنی.

وێڕای ئەوەی درکم بەڕاستیی قسەکانی حاجی کردبوو، سەرم سوڕما. دەچێتە عەقڵەوە یەکێکی وەک ئەو موجاهید بێت؟ لە شەو و ڕۆژێکدا دەپەنمێن و دەبنە گای هۆڵەندی. قەڵەوی و نەزانی. وا دیارە دوو سیفەتی هاوشانی یەکترین.

– بزانە کوڕی خۆم، حاجی دەڵێت، ناوی خۆی و خێزانەکەی گۆڕیوە. دەڵێت ئەو ناوە بۆ خێزانێکی گەورەی وا شیاو نەبوو. ئەوان وەکو بەنی کەلبۆنیان کرد، شارەکەیان کرد بەکۆڵۆنی بۆ کاهین و سیحربازەکان. بەیانی و ئێوارە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن. نەمدەویست قسان بکەم، وەلێ دڵم تەقی. زۆرم پێ خۆشبوو هەینێ بیستم لە دوای سەربەخۆیی کەسێک لەلایەن میرییەوە هاتووە سەردانمان بکات. دوای نزیکەی بیست ساڵ هێشتانەکینێ چیرۆکی سەیر سەیر لەسەر جیهاد دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی لە یەکەمین ساڵی ئازادیدا بین. بۆ سەرجەم خەڵکی شارۆچکەی دووبارە دەکاتەوە، ئەگەر شکۆیی پیاوچاکان و بوێریی لە ڕادەبەدەری خێزانەکەی نەبوونایا، هەرگیز وڵات ڕزگار نەدەبوو.

شەکەتی و ماندوویی بەڕووخساری حاجییەوە دیار بوو، لە چاوانییەوە دەچۆڕانە سەر چاڵی نێوچەوانی و دوو لقی لێ دەبوونەوە و بەڕوومەت و ملیدا شۆڕ دەبوونەوە. پاشماوەی فرمێسک لە چاوانیدا مەیی بوو، تا بوونە بەردەگرکانی ڕەش، چەندێک هەستی بەوە بکردایا لە ناخەوە خەم دەیخوات، چەخماخەی دەدا.

وام هەست دەکرد شتێک دوور لە هاوسەنگیی سروشتیی خۆی دەڕوات. سەرلەنوێ چاوم لە چاوی حاجی بڕییەوە، هێند تیژ بوون، تا لەبیرم چوو جارێکی تر پرسیاری ناوەکەی بکەم. لەبارەی هەموو وردەکارییەکانوە دەدوا، وەلێ شتێک گەورەتر لە ترس و بێ هیوایی لە ناوەوە خۆی دەکوشت.

من باوەڕم نەدەهات، چونکە ئەوی حاجی دەیگێڕایەوە شتێکی لە ئاوەز

بەدەر و باوەڕنەکردەنی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی ئەو لەوانە سووکتر بوون، کە لە شارەوانی کەوتنە بەر گوێم و گەلێکیش لەوانە سادەتر بوون، کە بەچاوی خۆم بینیمن، لەسەر هەمان بابەت و بەهەمان شێواز و گوفتار، بەڵام بەئاواز و لەرانەوەی داستان سەرایانەی قورئانی.

بەر لەوەی لە یادم بچێت، تێبینییەکی بچووک لەسەر ژمارە ٧ هەیە، حەز دەکەم بیرتانی بخەمەوە. دەڵێن لە ناو ژمارەکە خۆیدا ئەفسوونێکی تایبەت هەیە. هەندێکیشیان لەبارەیەوە دەڵێن، لە شارە گەورەکاندا بەچەمەدانێکی گەورەوە بەخۆپەسندییەوە بینیویانە ڕێ دەکات، بەبێ وەستان دەڕوات.

دوای ئەوەی لووتی بەبارمتە لای دەرکەوانەکان داناوە کەوتووەتە ڕێ. ئەوانی تریش دەڵێن، لەو دەمی شارۆچکەکەی جێ هێشت و بەرەو وڵاتە دوورەکان بەڕێ کەوت، تاکو خوێندنەکەی تەواو بکات، هیچ لەبارەیەوە نازانرێت. هەرچی وردەکارییەکانی تایبەت بەژیانین، ئەوەندە ماندوویان نەکردم. وردەکاریی زۆر تایبەتی. ڕەنگە باشتر بوو وازی لێ بهێنرایا و پشتگوێ بخرایا، تەنیا لە کاتی تەنگانەدا بۆ لێکدانەوەی دۆخێک، یاخۆ ڕەوشێکی ژیانی دەربهێنرایا.

بەکورتی وێڕای شەکەتی، زەحمەتییەکی گەورەم لە ئەنجامدانی ئیشەکەمدا نەبینییەوە.

ببوورن لەمەڕ ژمارە ٧ـەوە، چیرۆکێکی تر هەیە ڕەنگە ئاسۆیەکی نوێی لە بەردەمماندا کردبێتەوە. دەڵێن دوای ئەوەی چەقۆی لە گرێی ملی خۆی گیر کردووە، خۆی کوشتووە. وەلێ بارودۆخی شار و ئەو هەلومەرجەی خۆی تێدا سەربڕی، گۆڕابوون و بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە هێند سوودی بۆی نەبوو، ئەوەندە گریا تا بووە پارچە خەڵووزێک و گڕەبا خۆڵەمێشەکەی برد.

زۆرێک لەو زانیارییانە بەخۆڕایی نەدەدران، ئەمەش وای لە زۆرێک کرد چیرۆکی ورووژێنەر دابهێنن، بۆیە لای من تەڕ و وشک تێکەڵ بوون، کەچی ئینجاش توانیم ڕێی خۆم بگرم.

من ئێستا، ئەم ڕێگەیەش وەکو قیامەت لە پێشمدا درێژبووەتەوە، تەواو دڵنیام مەهدی گاڵتەم پێ دەکات و بەپڕوپووچ و دواکەوتوو و وشک بڕوام تاوانبار دەکات.

ئەوکاتی گەیشتم سەرلەئێوارە بوو. دوا سەعاتەکانی ڕۆژ زۆر بەهێوری دوا هەناسەیان دەدا. لەو ڕۆژە قورسەدا وام هاتە بەرچاو شار شتێکی لە پێستی خۆیدا گۆڕیوە. لە سرووتە ئاشنا و نائاشناکانی. خەڵکەکە ماندوو و شەکەتن. وەک ئەوەی بەملشۆڕی و بێ ئومێدی لە شەڕ گەڕابنەوە. خانووەکان بەو کەسانەی لە شوێنانی دوورەوە هاتبوون، ئەتک کرابوون. گشتیان هیلاکن و کەس توانای بەگەڕخستنی مێشکە بچووکەکەی نییە. تەنانەت ئەو شارەش، کە دژ بەسوپای داگیرکەر وەستایەوە و پاشان ڕادەستی هێمنییەکی نائاسوودە و ژاوەژاوێک بوو، بەبێدەنگی و ترسەوە بەرگوێی دەکەوت، هەروەها هەینێ دەسپەڕی لێ دەدا لەزەتێکی لە چێژی سێکس دەکرد.

شار. هەموو کات شار. وام زانی وەکو سەرکەوتوویەک هاتینە ناویەوە، کەچی چون مۆرانە لەسەرخۆ چووبێتە ئێسکەوە، دەرناچێت تاکو تەمەنت لەدەست دەدەیت. بۆنە نائاشناکەی وەکو هەوای بەئۆکسید بوو بەناو خوێندا ڕێ دەکات. ڕقمان لێیەتی، پێ بزانین یان نا خۆمان دەبینینەوە بەرەو تاریکیی ئەستێرەکانی بەکێش دەکرێین.

بیرم کردەوە، بەر لەوەی سەر لە ماڵەوە بدەم، پێش ئەوەی دەرگەکانی ڕۆژنامەکەم بەڕوودا دابخەن، وێڕای ئەو هەموو هیلاکییە، هەندێک زانیاریی ئەرشیفی لە ڕۆژنامەکە وەربگرم. ئاواتم بوو سەر بخەمە سەر سەرین و لێگەڕێم بەخەیاڵ لە دەریای لەزەتدا مەلە بکەم. لەبەر دەرکە پۆلیسێک بەڕوویەکی ساردی ئاسنینەوە ڕووبەڕووم بووەوە. لینجاوێکی زەرد لە چاویەوە هاتە خوارێ، کە هەرگیز دڵنیایی نەدەبەخشی. یەکەمین جارە لە ژیانمدا دەیبینم. سەیرم هاتێ کە داوای ناسنامەی لێ کردم. بەئەنقەست کارێکی وام کرد، تاکو ناسنامەی ڕۆژنامەنووسییەکەم بخەمە بان کاغەزەکانی ترەوە، هەر وەک چۆن لە دۆخە سەخڵەتەکاندا وا دەکرێت.

– تۆزێک چاوەڕێ بکە.

بەشێـوازێک گـوتی بـەر لەو دەرکـەوانی شـارەوانیـیـەکـان و وەزارەتەکـان وتبوویان. ئـەمە یەکەمین جارە حوسێن مەهدی مـحەمەد لەم ڕۆژنـامەیەدا ئاوا بەگومـانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەبەر ئەم دەرگە کۆنە دارینەیەدا هەستم بەخۆم کرد وەک بێگانەیەک بم کاروبـاری دنیا فڕێی دابمە ئەم بەتاڵاییـیەوە. بۆنی ئەو کاغەزەی لە ڕۆژنـامەکەدا بۆنم دەکرد و لووتم پێی ڕاهاتبوو، گەلێک گـۆڕابوو و تا ڕادەیەکی زۆر لـە بۆنی پەڕۆی بێ نوێژ و خـوێنوخـوڕی مـارزای زیندەوەری زاییوی دەکرد.

کاتێک گەڕایەوە، لە نێوان دەستەکانیدا نامەیەک دەشەکایەوە، بەختەتەکەیدا زانیم لە ساسافنداوەیە. کردمـەوە. ئەمە یەکێک لەو نەفرەتانەی تر بوو بەرۆکی گـرتم و ئێـشـەکـەی لەدەست دام. پەیڤـەکـانی وێـرای ڕەقـیـیـەکـەیان هێند نەیانجوولاندم:

**تۆ لەگەڵ خۆتدا شێتم دەکەیت. بەبێ مێشکی و کەم بیرکردنەوەت تێکت دام. ئێـنجـاش بوومـە درۆزنی تەواو. بـەو خـوایە لێت نـابوورم. وا دیـارە تۆ شـایانی ئەو هـەموو خۆشـەویستی و تاسـەیە نیت، کە پێت دەبەخشم. لەسـەر هەمان پێخەف لەگەڵتدا دەنووم و لەو تووڕەییـیەدا دەمهێڵیتەوە و دەسپەڕ لێ دەدەیت، هەی دڕندە. مـەڵێ نا، ئەو پەلانەی بەسـەر جـێیـەکەوە بینیم ئابڕووت دەبەن. نەساغی و لەگەڵ خۆتدا نەخۆشت خستم.**

لە قـاقـای پێکەنینێکی درێژی دا، نەمـزانی گـاڵتـەپێکردن بوو، یان ئێش و ئازار. لـە نـهـێنیی ئەو گـەمـە دزێوە گـەیشـتم، کـە پێـیـان کـرد. هـەڵبـەت وازهێنانەکـەمـیـان پێ ڕاگـەیاندووە. ئەوان شـارەزای هێـزی کـەسـایەتی و دەسـەڵاتی ئەون بـەسـەرمـەوە. شـار لە شـێـوەی هەشـتـپێ پەلـەکـانی درێژن. بەپەنجە و نینۆکەکانی ئادەمی و شـەقامـەکان لووش دەدات. دەنگوەختێک پەیم بەوە برد، کـە سـاسـافندا پرۆژەی خـۆشـەویسـتـیـیـەکی دۆڕاو بوو، لە سـاتەکـانی هەرەسـدا وردەکـارییـەکـان وەک پـەڵە هەور ڕۆژێکی سـووتێنەر بەدەردەخەن. هەرچەندە من بەر لەوەی مـاڵ جێهێڵم و سەفەر بکەم، نامەیەکی

درێژم بۆ جێ هێشت و تێیدا هۆیەکانی سەفەرە لە ناکاوەکەم بۆ ڕوون کردبووەوە. لەمە زیاتر چی دەوێت؟

جارێکی تریش ویستم خۆم بەبارەگای ڕۆژنامەکەدا بکەمەوە، وەلێ پۆلیسەکە مکوڕ بوو لەسەر ڕێگەپێ نەدانم.

– ئەمە فەرمانە گەورەم.

بەدەم زەردەخەنەیەکی قێزەونەوە وای گوت.

داوای ناسنامە ڕۆژنامەنووسییەکەمم لێ کردەوە. کەچی لەهیکڕا زەوقی تێکدام. ئەم جۆرە خەڵکە هەر شتێک پێوەندیی بەوەوە هەبێت دنیات لە بەرچاو ڕەش بکات، ئەوا زۆر بەجوانی پێی هەڵدەستن.

– ناسنامەکەت دەستی بەسەردا گیرا. چونکە لە ڕۆژنامەکە دەرچوویتە.

لە ناخەوە لەوە ژیوان بوومەوە، کە لە پێش ئەم زۆردارەدا هەوڵی چوونە ناو بارەگای ڕۆژنامەکەم دا، خۆ من هێشتا لە کارکردن لە ئەرشیفەکە نەبوومەتەوە. دەبێ ڕێگەیەک بۆ چوونە ژوورەوە بدۆزمەوە.

– باشە، لێم گەڕێ هیچ نەبێ لەگەڵ کاک قاسمدا قسان بکەم.

– کاک حوسێن، ئەمە بڕیاری ئەوە برا.

وەکو لێکۆڵەرێک تاوانبارێکی دەستەوەستان لە داکۆکیکردن لە خۆ دڵگران بکات، ئاوا ناوی بردم.

– چاکە، ئەی کاک مستەفای جێگری سەرنووسیار؟

– لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ لەندەن چوونە.

ئەم کابرایە لە کەلی شەیتان نایەتە خوارێ و منیش ناتوانم لەم شوێنەدا ئاوا قەتیس بمێنم. لەسەر فەرمان بەسەر دەرکردندا ڕایان هێناوە و زیاد لە پێویست گونیان گەورە کردووە.

ژیان لە وڵاتی ئێمەدا ئاوایە، پۆلیسێک، یاخۆ دەرکەوانێک بناسیت لەوە باشترە وەزیرێک بناسیت، چونکە پۆستەکەی لە پۆستی وەزیر جێگیرترە،

پاشـــان بـەهـۆی ئەوەوە کـێت بوێت دەتـوانیت بیــبـینیت، وەلـێ بێ ئەو دەبێت بەبچووکی و ڕەزیلی لای دەرکە بوەستیت.

دڵنیـا بووم ئەم پۆلیـسـە هەرگـیز لە من نـاگـات، ئەگـەر هـەمـوو تەمـەنم لێی بپاڕێمەوە و کێشەکەمی بۆ باس بکەم و تێی بگەیەنم، چەندێک خراپ بم ئەوەم پێ ناکـرێت دەست بۆ ئـەرشـیف ببـەم و شـتی لێ بدزم و دەسـتم تێ نـاچێت بەرپرسەکانی بکوژم. من لە مێرووله لاوازترم و چەکەکانیشم ناسراون، گوانی بەرخ نە قـەڵەو دەکـا و نەیش لە برسـییەتیمـان ڕزگـار دەکـات. ئەو دیوارانەی پشـــتم پێـیــان دابووەوە، لە پڕ بەیەکـجــار نەمــان. سـاسـاـفندا وەک هەر تەشـقـەڵەکـەرێکی سـەر ڕێگە جـوێنـم پێ دەدا. ناسنامـە ڕۆژنامـەوانییـەکەم لێ سەندرایەوە و بوومە هیچ. کارەکەم لەمێژە نەماوە. جگە لەم لووتە درێژە، کە چ سوودێکی نییـە، هیچم نەمـا. هـەروەهـا ئەم زمانەی سـپێدەیەک دەبڕدرێت، ئەم ملـەیش ئـامــادەیە بـۆ بڕین و هـەڵگـیــراوە بۆ ڕۆژێک، ئەگــەر حــاڵ وا بڕوات بەدڵنیاییەوە ئەو ڕۆژە هـەر دێت.

پۆلیسـەکە تـەماشای ڕووخساری نەدەکردم، سیمامی بەلاوە گرینگ نەبوو. ژمارەیەکە و لەم شارەدا بەملیۆنانی وەک ئەو هـەن.

لەبەر دەرکەی پەنجەرەکە دانیشتم. سەرلەنوێ چوکڵەچزێی کردم.

– کاک محـەمەد ئێرە شوێنی پشوودان نییە.

– ناوم حوسێن مەهدی محـەمەدە.

بیــرم لـەوە دەکــردەوە لـە ســەربـانەوە خــۆم بەژووردا بکەم، چـونکـە باش شـارەزای شـوێنەکە بـووم. مکوڕ بووم لەسـەر ئەو کـەرێتییـە گـەورەیە. هـەندێک جار کرمەکەم دەجـووڵێ و دەچێتە سـەرمەوە و هـەر شتێک چاو بیبینێت دەبێتە خۆڵەمێشێکی قورس. ئینجا مل بەگەمژەییەکەوە دەنێم، زۆر جار دوای ئەوەی هـەموو شت بەسـەردەچێت، ژیوان دەبمەوە.

لەپڕ مـەیمـوونیم بینی بەرەو لای من دەهـات. سـوپاسی خـوام کـرد، چـونکە هەسـتم کـرد سـەرکـەوتنێکی بەرچاو ڕووی دا. هـەر کـاتێک ئـەم مـەیموونـییـە

دەبینم یەکسەر گرفتی خانووبەرەم بیر دەکەوێتەوە. هیچ نەما بۆ بەدەستهێنانی نەیکات، کەچی بێ سوود بوو. جارێکیان وەکو خەڵکانی تر خۆی بەخانوویەکدا کردبوو، کەچی هەینێ گەڕایەوە ڕۆژنامەکە و بەکەیفخۆشییەوە باسی چۆنیەتی بەدەستهێنانی خانووەکەی بۆ دەکردن، پۆلیس لەو دەمی ئەو لە ماڵێدا نەبوو هەڵیان کوتابووە سەر ماڵەکەی و جروجامشتەکەی فڕێ دەدەنە سەر شەقامەکە. ئەگەر زوو بەڕێوەبەر پێی نەگەیشتبا، خەریکبوو بەو کارە پۆستەکەی لەدەست بدات و چەند مانگێکی بەندیخانەی بەتەنگەدا بدەن. هەردەم دەیگوت: بێکەسین حوسێن. دەڵێی گیای لە بێخ هەڵکێشراوین، هانا بۆ کێ ببەین؟ ئەوان بەسەربازەکانیانەوە خۆیان بەشار و مەیخانە و یانە و یاریگەکاندا دەکەن و کەسیش نییە هەڕەشەی گرتنیان لێ بکات. خانوویەک تووشی شەرمەزاریت دەکات و ئارەقەی شین و مۆرت پێ دەڕێژێت. داوا لە شارەوانی دەکەم کارتۆنێکم بداتێ بیدەمە شانا و ڕۆژانە بۆ ڕۆژنامەکەی بەرم. هەینێ ئێوارەش دادێت، وەکو سەرخۆشان بچمە سەر شەقامەکان و تا بانگی کەڵەشێران خۆم لەناویدا حەشاربدەم.

سەرنجی ڕووخساری مەیموونیم دا. شتێکی نائاشنام تێدا بەدی کرد.

– بەخێربێی مەیموونی.

– خۆشبیت. دیارنیت حوسێن.

– خوا دوورت نەکات برا. کار هەر کارە. تۆ بەخۆت دەزانیت، لەوە زیاتر شتێکمان نییە خۆمانی پێوە بخافڵێنین.

بەڕاشکاوی تێم گەیاند لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستمدان، پێویستم بەئەرشیفە، ڕەنگە بۆ دوا جاریش بێت.

لە سەرەتادا پەشۆکا، کەچی هێندەی نەبرد گەڕایەوە سەر قاقای پێکەنینەکەی.

– مەیموونی چیتە؟

هەوڵم دا قایلی بکەم، کە من لە پێناوی ئەودا بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی

نائاسایی لە پۆستەکەم کشامەوە و دوور لە حەزی ئەوانەی هەڵیان بژاردم، تا لە سەندیکادا نوێنەرایەتییان بکەم.

– گشت شتەکان بۆ خۆت مەیموونی. لەم ڕۆژنامەیەدا هیچ شتێک بەلای منەوە بایەخی نییە.

بەڕەقییەوە چاوی لە چاوم بڕی. پاشان بەتیزەوە سەری ڕاوەشاند.

– شوێنەکەتم بەتەزکییە بەدەست هێنا. بینیم تەنانەت لەمەشدا درەنگ گەیشتیت.

– مافی ئەوەیان نییە.

زۆر بەهەڕەمەکییانە ئەمەم گوت.

– تۆ پەناگیرکراوی و لیستی ئەو ڕۆژنامەوانانەی بەشداریی کۆنگرە دەکەن لە سەرەوە هاتووە. حزب دەستنیشانی دەکات.

– ئەی ئەو دیموکراسییەی بەردەوام باسی دەکەن؟

– شتێک نییە ناوی دیموکراسی بێت. شتێک هەیە ناوی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانە.

حەمۆ کە لەوبەرەوە شەقامە گشتییەکەی دەپێوا، گوێی لە قسەکانم بوو، قەیرێک لێم ڕاما. ورتەورتێکی کرد:

– تا ئێستاش هەر بڕوات بەم بەچکە سەگ و ئاشەوانانە هەیە؟ حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو.

ڕووخساری مەیموونی گۆڕا. بەوردی دیقەتم دا. من چەندە بێ مێشک بووم حوسێن. مەیموونی بێ کەپوو بوو. لە چاو و گوێیی خرابوو. زمانی هێندەی زمانی بۆقێکی لێ هاتبوو، تا بەنەرمی بقیڕێنێت. ویستی بخزێتە هۆڵی ڕۆژنامەکەوە، وەلێ من بەتوندی دەستیم گرت. ئەستەمە وازی لێ بهێنم. زۆر ئاتاجی ئەرشیفەکەم.

– تکات لێ دەکەم مەیموونی. بەسەری دایکت ئیشم پێتە.

دەستی بەدەستمدا هێنا، تا گەیشتە کاتژمێرەکە. بیرم کەوتەوە، کە جاری پێشوو داوای کرد، کەچی من پشتگوێم خست. یەکسەر لە دەستم کردەوە و خستمە ناو مشتییەوە.

– بیگرە. شایان بەتۆیە. چاکەت بۆم بووە.

ڕێوی ئاسا چاوانی درەوشانەوە.

– ئاوا. پیاو بە و ئێمەش لەگەڵتدا پیاوتر دەبین. دەزانیت حوسێن پێوارییەکەت شتێکی جوان بوو. من ئێستا لەم شارەدا کەسێکی ڕووتوقووت نیم. خانوویان پێ دام و بەم زووانەش کەمتر لە مانگێک ئۆتۆمۆبێلێکی هۆندا ئاکوورپیشم پێ دەدەن. ئەوانی تریش دوایی. تۆ بێ مێشک بوویت وازت هێنا. بەزیرەکی دەتوانیت چیت بوێت لێیان بدزیت. وەکو پێشینان دەڵێن: ئەگەر کەوتیتە بەر جەوری زەمانە، بەسینگێکی فراوان و دڵێکی گەورەوە بەرەنگاری ببەرەوە. کە کەوتیتە وڵاتی مەیموونستانیشەوە، دەبێ مەیموون ئاسا ڕەفتار بکەیت.

لەو ساتەدا حەمۆ لەبەر دەرکەی ڕۆژنامەکە، چون لە نەبوونەوە هاتبێت، بەشکۆوە وێستابوو. نەمزانی چۆن گەڕایەوە.

– مەیموونی تۆ لەسەر هەڵەیت. تەنیا با ماوە نەیدزیت. ئەوان ئەوی تێتدا بوو لێیان دزیت. تۆ فرۆشتت و کڕیت.

بەتوندی سەیری کردم. هەستم کرد هەڵم دەسەنگێنێ، تەنانەت بەپێستەکەشمەوە. ئەندامە لەڕ و لاوازەکانم کەوتنە بەرچاوی خەڵک. بینیم گشت خەڵکەکە لە قاقای پێکەنینیان داوە و دەستیان بەیەکدا دەکێشن، چونکە وەک مەیموون دەرکەوتم. حەمۆ تفێکی ڕۆکردە سەر زەوییەکە. ویستی بڕشێتەوە، کەچی نەیتوانی. دواتر خۆی بەکۆڵانێکی تاریکدا کرد.

– حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو.

مەیموونی هێند بایەخی بەمەسەلەکە نەدا. لەگەڵ ئەو پۆلیسەی هەموو دیمەنەکانی بینی، سەرقاڵ بوو. چرپاندییە بن گوێیەکانییەوە. ناگەهان

چاوانی پۆلیسەکەم بینی چون زیو بەر تیشک بدرێت ئاوا دەبریسکایەوە. هیچی نەدەبینی. سەری بەلای ڕاستدا وەرسووڕاند و ڕەق ڕاوەستا، نە دەیبینی و نەیش گوێی لە شت دەبوو، نەیشی دەزانی چی دەگوت.

مەیموونی گرتی بەدەستمدا و بەرەو هۆڵی ئەرشیف بۆ ژێرزەمینەکەی بردم. پاش ئەوەی لەسەر شووشەی جامخانەکە بەخەتێکی خراپی فەڕەنسی نووسی Ferme pour inventaire (لەبەر ئامار داخراوە)، لە دوای خۆیەوە دەرگەکەی داخست. چیم لێ داوا کردبوو بۆی داگرتم، خۆیشی چووە گۆشەیەکەوە تۆزی سەر ڕۆژنامە کۆنەکانی دەتەکاند و ئامادەی بەرگ گرتنی دەکردن و ڕێکی دەخستن. دەبوو زۆر لەبارەی ئەم کەسانە و پێوەندییەکانیانەوە بزانم. سەبارەت بەدۆخی ژیانیان و پێوەندییە ناڕۆشنەکانیان بەمەهدییەوە.

هەندێک لەو ڕۆژنامەوانانەی زۆریان حەز بەورووژاندن بوو، دەیانگوت هۆی ڕەتکردنەوەی بابەتەکە، ئەو پێوەندییەیە کە مەهدیی بەزەلامێکەوە کۆ دەکردەوە، ئێستا ئەو، کە ئاگای لە دنیا هەیە، لەسەر ترۆپکی یەکێک لەو چیایانەیە، کە دەڕوانێتە سەر شارەکە. ئەم بایەخدانەش بەئەرشیف ڕەنگە تۆڵەی ئێسک و پرووسکەکان بێدار بکاتەوە، کە گڵەڕەشە خواردوونی. هەروەها بەتوندی هێمنیی شارە جوانەکان بشێوێنێت، کە لەسەر نوێنی ئەوانەی ئاگەداری شتەکانن نووستووە.

وێڕای ئەو هەستیارییە بەتینەی لە بەرابەر بۆنی ناخۆش و تەپوتۆزدا هەمە، تا شەودرەنگانێک بەرهەڵستیم کرد.

کاتێک لە ڕۆژنامەکە هاتمە دەرێ، شەقامەکان تەنانەت لە هەناسەی پشیلەکانیش خاڵی بوون. ویستم تەماشای کاتژمێرەکەم بکەم، کەچی بیرم هاتەوە مەیموونی لێی سەندم. شەقام چۆڵوهۆڵە تەنیا لەوانە نەبێت، کە لە ناوەندی ڕێگە چۆڵەکاندا لە ڕقی شار ماونەتەوە. سەرخۆشەکان. وەڕسکەرەکان. درەنگوەخت بوو. ئەمڕۆ چوارشەمووە. مانای وایە خەڵکەکە مژووڵی تەماشاکردنی زنجیرە تەلەفزیۆنیی دالاسن، کە دڵ دەکاتەوە و دەرگە

داخراوەکـان دەخاتە سـەر گـازی پشت. ئێسـتا لاوان خـەون بەشـەوێکەوە لە باخــەڵی بامــێـلا، یاخـۆ سـۆهلینـەوە دەبینن، هـەمـوو ئـافـرەتێکیش لـە ناو جـێـیـەکـەیدا ڕقی لە چارەی جی. ئارە، لێ دڵی بۆ نێـرێتی و فـێـڵـەکـانی لێ دەدات. هەمـووانیش لە خـێـزانـەکەی ئۆینگدا نموونەیەک دەبیننەوە، کە دەبێت سەر بەگشت ماڵێکدا بکات و گەرا لە مێشکی هەمـوواندا دابنێت.

لە شــاردا دەڵێـن، مـاڵـبـاتـی خـوان نـەوتی ئۆینـگ بەخـشـشـێکی زۆری بۆ چێکردنی نەخۆشخانەی جوانکاری لە شـارەکەدا پێشکێش کـردووە. تەنانەت هـەندێک دەڵێن گوایا ئەوان لە پشت ئەو زنجیرە نەخۆشخانە جوانکارییانەی ئەفریقا و ئاسیاوەن.

دووسـبەی ڕۆژی هـەینیی شـووم دێت، کە مـن حەزی لێ ناکـەم. هەندێک هـەر لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە لە مزگەوت دای دەکوتن، تاکو چاکترین شوێنی نزیک لە خـوا و لە مـەلاوە بۆ خـۆیان بگـرن، کـە ئەمـڕۆ لە گوتارەکـەیدا باس لە باشـیـیـەکـانی نـۆک لە کـاتی گـانکردن و هـەنگوینـی سـاغ لە ڕەپـبـووندا دەکـات. ئەمڕۆ لە ڕێی کورسـیدا سـەر دەبێتـە قۆچی قـوربانی. مـامۆسـتـا هـەموو شـتـی لەبارەوە باس دەکات.

هـاوەڵێک لەگەڵ هـاوەڵەکەی تریدا ورتەورتێتی. لە ئـایـندا شـەرم و فەدی نییە. هـەندێکی تریش بەرەو یاریگـەکـان ڕادەکەن و بـۆ مـاوەی هـەفـتـەیەک قـسـانـی لەبارەوە دەکـەن و لـەسـەر ڕووداوەکانی یاریـیـەکـانی تۆپی پێ دەسـتـەویەخـەی یەکتر دەبن:

– قــەســتــەم بـەخــوا ئـەگــەر لایەنگیـری ئـەو ناوبژیـوانە گـەوادە نەبـووایا، بەسـەریاندا سـەردەکـەوتین. کـەر کـوڕ کـەر، بەهـەرزانـتـرین نرخ کـڕیـویانە. لە یارییـەکەدا ئێـوەمان خـستە ژێر پێوە. خوا حـیزی وەک تۆی دانـەناوە. گەمـەکە فرۆشرابوو.

ئینجـا لەپڕ دەست دەدەنە چەقۆ. یاریگەکە دەبێـتە قەسـابخـانە، سـەرلەنوێ مـێـشکەکـان لە ترس و تۆقین لـیپ دەکرێن. یەکـێـک لە سـەرەمـەرگـدایە. ئەوی

تریش دەست لە زامەکانی پشتی دەدا و دەبۆڵێنێت، دەبوو لێیان ببەینەوە. تیپی تۆپی پێیەکە سوور و سپین. ڕاهێنەرە نەفرەتلێکراوە نوێیەکە هەموویانی لە شارەکەی خۆیەوە هێنابوو. سەرسوڕمانی بۆ چییە. تای ئەوانە. لە ئیسپانیا گرمان تێ بەردان کاکە. ئەڵمانیا لە بەرابەرماندا نەیتوانی هەناسە بدات. ئەگەر ئیتاڵییەکان وازییان لەگەڵماندا بکردایا بەخواردن دەمانخواردن. هۆیەکەی فیفایە. گشتیان سەگن. ئەڵمانیا؟ تۆ لە ئەڵمانیا دەبەیتەوە هەی نەگبەت؟ بەخت و شانس لە شاری بەرد.[٥]

لە کاتێکدا شارەکەمان هێشتا شارە کۆنەکەیە و ئێمەش هەر وەک خۆمانین، ئەمان بەربوونەتە گیانی یەکتر، وێڕای ئەوەی لە بەهێزترین تیپی تۆپی پێی ئەوروپیشمان بردەوە. تاکو ئێستاش لە ناوچەرگەی جیهانی سێیەمین. ولاتەکەمان لە نەخشەی ئەفریقیا هەڵنەهات و هەژارییش وا چاومان هەڵدەکۆڵێت. شەقامەکانیش زیاد لە سێ مانگە هەڵکەنراون. بۆڕیی ئاوەکان شکاون. بۆنی ناخۆش زیاتر ئەو ناوەی بۆگەن کردووە. ڕێگە تەنگەکان تەسکتر بوونەتەوە. بەنگکێشەکان، وێسکیفرۆشە فێڵبازەکان وەک جاران هەر لە شوێنەکەی خۆیاندان. هەروەها هێلکەی کولاو و کاکاو فرۆشەکان و گوربە قەڵەوەکانی شەو و ئۆتۆمۆبێلە ڕەشەکان، کە ئەویندارات دەکوژن و لە ترافیک لایتە کەسک و سوور و زەرد و پرتەقاڵییەکان ناوەستن. هیچ شتێک مللیمەترێک چییە نەجووڵاوە.

لە کۆتاییی ئەو شەقامەی دەمبڕی و بەر لەوەی بەو پلیکانەیەی دەیگەیاندمە ژوورەکەم سەربکەوم، دەستێکی توند کە لە ئۆتۆۆمبێلێکی ڕەنگ ڕەشدا دابەزی، ڕای کێشام و تەنانەت بواری هەناسەدانیشی پێ نەدام.

– کاک محەمەد نازانیت خۆرگیران دەستی پێ کرد و هاوکات دەرچوون قەدەغە دەبێت، یاخۆ تۆ جیای لە خەڵکی؟

– کورە برا من ڕۆژنامەوانم و لە ئیش بووم.

---

(٥) پەندێکی جەزایرییە، بەمانای بەختی نووستووەو.

– ئەم قسانە بەقۆمیسەر بڵێ. سواربە.

سواربووم. بۆنێکی ناخۆش دەهات. یەکیان ڕشایەوە و لە وڕێنەکردن نەدەکەوت:

ئای دایە گیان، وا لە گوندی عەجەبم.

ئەو ڕۆژەی لە دارستانەکەدا بووم، پشیلە ئاسا هەڵدەهاتن، لە مەرگ دەترسان. کەچی ئەمڕۆش بوونەتە گەورەی شار. دڵنیا بە بەگران لەسەریان دەکەوێت.

ئەو ڕۆژەی دابەزیمە ناو شار، دیتم لە پێشمەوەن، فەرمانیان بەسەردا دەکردم. حەمۆی برام تۆ لە کوێیت. کوانێ ئەو جیهانەی خەونت پێوە دەبینی. بخۆرەوە و لێی بگەڕێ بۆ پەروەردگار. گۆرانی بچڕە. دەی گۆرانی بچڕە. سبەینێ هەینێ دەمریت، دەڵێن سەگێک ئۆتۆمۆبێل شێلای و بەساردوسڕییەکەوە تەرمەکەت بۆ گۆڕستان دەبەن.

کابرا دەستی بەقوڕگیدا کرد. سەرلەنوێ ڕشایەوە، تاکو چاوە سوور و ڕیخۆڵەکانی دەرهاتن، دواتر بەڵغەمی فڕێ دەدا.

– تف. تف لەم دنیا سەگانییە.

دەمی سڕی و دیسانەوە کەوتە وڕێنەکردن، قسەی وای دەگوت سەرم لێی سوڕمابوو، سەرخۆش بوو.

– ئای دایە. ئەم شارە بەقارەمانی شەهید بوو و ئێستاش بۆ دووەمین جار شەهید دەبێتەوە. نە دڵی هەیە و نە یادەوەری. ڕابە. ڕابە حەمۆ. ئاوی شارە پیسەکان وا نقوممان دەکات.

– وسبە. هەی خوا دەنگت ببڕێ. هەی سەگ.

ئەو پۆلیسەی بەتەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتبوو وای گوت. بەگاڵتە پێکردنەوە درێژەی دایێ:

– خۆت بکەرە شێت، تێر نان دەبیت.

ئۆتۆمۆبێلە ڕەشە ترسناکەکە شەقامە چۆڵ و مردوونشینەکەی دەبڕی.

پشیلەکان چون شتێک بیانتۆقێنێت بەکۆمەڵ هەڵدەهاتن. هەر گۆشەیەک خاڵی بووایا لە پشیلە، مشکان تلیلییان بوو.

هەر کات هەستم بەنادادپەروەری بکردایا ڕووخساری مەریەمم بیر دەهاتەوە. بەڕاستی مەریەم دڵگیر بوو. جاریکیان بەچەند ڕۆژێک بەر لە مردنەکەی ئەو کاتی لەوپەڕی خەمباریدا بوو، پێی گوتم:

– دەزانی ئەویندار لە چەشنی وەرزشوانە، دەبێت لە ترۆپکی بەخششیدا بکشێتەوە، ئەگینا خۆی ڕیسوا دەکات. دەبێت بەم چارەنووسە قایل بم و لە کاتێکدا لە لووتکەی خۆشەویستیدام بۆت، وازت لێ دەهێنم. پێویستە بەر لەوەی لێوەکانم وشکەوە بن، بکشێمەوە.

نازانم بەڕاستی بوو، یاخۆ گاڵتە، لێ لە کۆتاییدا ئەوەی کرد، کە دڵی دەیویست. هاوکات لەگەڵ کشانەوەیدا دوا ترووسکەی ئەستێرەی بەیان، کە سپێدان هەر کە لە خەو هەڵدەستاین دەمانبینی، کشایەوە. خۆزگەم خواست ئێستا لەو چۆڵەوانییەی بەشاری ناو دەبەن، لەگەڵمدا بووایا.

ئەو سەرخۆشەی لە گۆشەیەکدا هەڵیان گرتبووەوە، لە ئۆتۆمۆبێلە ڕەشەکەدا لەگەڵماندا بوو، گوتی:

– ئەگادار بە کوڕی باش، هەڵە نەکەیت. تۆ نووکە جرجیت و بەس. ئەوان شار لە سیسرک و جرج پاک دەکەنەوە. گشت جرجەکان بێ جیاوازی. تۆ داواکراویت، هەروەها من و هەموو خەڵکەکە و تەنانەت ئەم پۆلیسانەش.

بەتوندی سەری بەپەنجەرەی ئۆتۆمۆبێلەکەدا کێشا. ویستی وچانێک بدات، لێ نەیتوانی. لە ساتێکدا ڕۆژانی پڕ لە چەرمەسەریم بیر خۆم دەهێنایەوە، خۆم وەک بێچووە مشکێک هاتە بەرچاو، بۆیە مافی تەواوم بەسەرخۆشەکە دا.

چی بڵێم؟ ئایا ڕێککەوت بوو؟ کەس بڕوام پێ ناکات. من دڵنیام لەوە، مەیموونی نکوڵی لەوە دەکات، کە لە بارەگای ڕۆژنامەکە بینیبێتمی. ئۆف چی بڵێم؟ باشە بۆ ئەم دۆخی ئازارچەشتنە ئێستا هێرش دەکاتە سەر ئەو

خۆشـییـەی مـاومـە؟ ئۆف، با پرسـەکـە بۆ بنکەی پۆلیس جێ بهێڵـین، چونکە هێند لە دۆزینەوەی تۆمـەتی گونجـاو دەستەوەسـتان نین. ئەگەر ڕاست دەکەن، ئەمـــەش بەکـــەمـی ڕوو دەدات، هـەینـێ دەزانن دەرهـەق بەمن هەڵە بوون، لێم دەگەڕێن و وازم لێ دێن، منیش سێ ڕۆژ لەسەر یەک دەنووم.

لەوەیە سـاسـافندا بێت. لەگـەڵ یەکدا پیاسـە دەکـەین و مـەینەتیـیـەکـانی ئەمڕۆمـان بیر دەچێتەوە. ڕەنگە بشچووینایەتە نەخۆشخانەی جوانکارییـەکە. من لە مێـژە خـەون بەدیتنیـەوە دەبینم، لێ ئەمـجـاریـان بووە پێویستیـیـەک لە پێویستییەکانی شێتییەکەم.

فـارگـۆنە ڕەشـەکان هێـشـتـا بەسـەر ڕێگە پڕ لە چاڵی و چۆڵیـیـەکـاندا غل دەبوونەوە. جـارێک نوقـمی ژێر ئـاو دەبوون، پاشـان دەکـەوتنەوە سـەر ئاو و یەکپارچە قوڕ بوون. سەرمـا کەسیرەی کردبووم، هەرچی سەرخۆشەکە بوو، وا دیاربوو ئـەویش بەڕێککەوت لەســەر ڕێگە هـەڵگیـراوەتـەوە، نوقـمـی دەریای وڕێنەکانی بوو:

– مــووحی برام، شــار جــەنگی مــاڵوێرانکـەری بەســەر جــرجــەکــاندا ڕاگەیاندووە. یان ئێمـە یان ئەوان. تەواو. ئەوی دەست بەشـەڕ دەکات بەخۆی کۆتایی پێ ناهێنێت.

داپیرەم، کە کـەمتـەرخـەمی و گـۆڕ زاریان پڕ لە خـۆڵ کـردووە، دەیگوت، بای بیابان بەحەزی خـەڵکی سارد نابێتەوە و ڕۆژانی گـەورەش ناپاکی لە دۆستانی ناکـات. ڕۆژگـارێک گـفـتی پێ داین لەسـەر بەڵێنی خـۆی بێت. چ بەڵێنێک؟ تۆ خـەڵەفـاوی و وڕێنەکانـت بۆ خـۆت و بۆ دەوروبەرەکـەت جـێگـەی مـەترسین. وڵات دزراوە و بووەتـە مــانگایەک دەیدۆشن، تـا چک دەهێنێت. چەندێک بەئـاواتەوە بووم داپیـرەم لە سـاتـی تێکشکـاندا ببـینیـایا، کـە مـەرگ لە هـەوڵەکـانیـدا بۆ گـەڕانەوەی شکسـتی هێنا، بەر لەوەی ئێـوارەیەکـیـان خـۆی مـات بدات و لە خۆیەوە بەرەو پیری مەرگ بچێت. ئەگەر بمتـوانیبایا دەمـژیاندەوە و بۆ ساتێک درێغیم لەگەڵدا نەدەکرد، تەنیـا بـۆ ئەوەی ببینێ و بزانێت کوڕە بچووکەکـەی (بەو ناوەوەی گاز دەکـردم)، تا تەوقی سەری لە تاکە پێـڵاوەکەی ڕاستـەی نقوم

بووه، چەندێک دەیویست بەرەو خەون هەڵبێت، بۆنی بۆگەنیی پێ تێکی دەشکاند. وەلێ داپیرەم دووره و شاریش، یاخۆ دەڵەدێو (ئاوای ناو دەبرد)، یادەوەریی بنجبڕ کردم و باڵەکانی قرتاندم، لە سۆنگەی ئەمەوە لە خەوندا نەبێت ناتوانم لە شەقەی باڵ بدەم و بفڕم.

جەستە لێکترازاوە. چاویش بەخێلی و قیچی دەبینێت. ئەو ڕووخسارانەی دێن و دەچن لە ژمارە نایەن. چەند بەئاواتەوەم بۆ ساتێک خەو بمباتەوە و خۆم وەک شنەبایەکی سەرلەئێواران لە ناو جێگەی ئەویندارانیدا ببینمەوە و بەتەواوی خۆم لە بیر بکەم. کەمێک پشوو بدەم، ئیتر دوای ئەوە با ئاسمان بەسەرمدا بڕووخێت، هیچم نییە لە لەدەستدانی بترسێم. چاوانم لێک دەنێم و سەری خۆم هەڵدەگرم بەرەو شینایی جوان و باعەی بەرخ و باڵندە و ڕووەکە دڵگیرەکان و خەڵکە باشەکان، ئەوانەی بەدەم چوونیانەوە بۆ بازاڕە میللییەکان ڕێگەی بیابان دەتەننەوە. پاشان.. لەو دەمی بەبۆراقەکە لە شەقەی باڵ دەدەم، ئاسمان تەی دەکەم و فریشتەکانیش بەتەنیشتمەوە وەکو گەشتیارێکی ئەمەریکی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا شوێنەکانم بۆ ڕوون دەکەنەوە. ئەی کوڕەکەی عێشە منەوەرە، وڕێنە بکە وڕێنە. لەپڕ هیچ شتێک نامێنێ و خۆم لە تای جەواڵێکدا دەبینمەوە، لە تایەکەی تریش بەردێک بەبارستایی خۆم، یاخۆ کەمێک گەورەتر. سەر تاشراوە و چڵمیش بەو سوێرییەی بەتامەوە شۆڕ دەبێتەوە ناو دەمم. لە کاتێکدا لە ناو جەواڵەکەم لە قەلەقی هێسترەکە هێمنی و ئاسوودەییم پێ دەبەخشێت، هێندە نابات خەوەنووتکە دەمگرێ و بەکەیفی دڵی خۆم دەسووڕێمەوە. ناگەهان..

- هەستە. بڕۆ لای دایکت بنوو، نەک لێرە.

زەندەقم دەچێت. چاوانم زەق دەکەمەوە. بنکەی پۆلیس. دۆخەکەم لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی بیر دێتەوە. هۆڵەکە جمەی دێت لە پۆلیس. هەموویان لەیەک دەچن. بەبێ سیما ڕێ دەکەن. گوێیان زل و کەپوویان هەڵکێشراوە.

هۆڵەکە تەنگ دەڵێی ڕۆژی حەشرە، ئەو کەشاکە دەدا چون لە ڕیزی مردوواندا وەستابین، هەر یەکێک لە ئێمە چاوەڕوانی ڕۆڵی خۆیەتی، هاواری

عزرائیلیش بەڕووخساری بارکراومان بەخەم: کوڕی قەحپەیەل بۆ دۆزەخ. ئەم دنیاتان شێواند، ئێستاش هاتوون بۆ لام تێیدا نیشتەجێ بن. بۆ دۆزەخ. شتێک ماوە دەمترسێنێت. زراوی بردووم. چۆنە ئەگەر وردەکارییەکانی پەروەندەکەی بەدەستمەوەیە هەڵدەنەوە؟ کارەساتە. ئاسانترین تۆمەت: شێتی. لە ساتێکدا گشت وردەکارییەکانم بیر چووەوە و خۆم بەنووسینی سەر دیوارەکەی پشتەوە خەریک کردبوو، بۆ خۆی ڕای کێشام. خەتەکان تا بڵێی قەشەنگ بوون.

دادگە دادپەروەرییە.

لە نێوان ستەمکار و ستەملێکراودا ڕەوایی یاسا هەیە.

کۆمارەکە یاسا و هاووڵاتی دەپارێزێت.

ئەو سەرخۆشەی لە ئۆتۆمۆبێلە ڕەشەکەدا نوستبوو، گرتیان بەیەخەیا و وەکو کیسەی زبڵ، تا ئەم بنکەی پۆلیسە بۆن ناخۆشە بەکێشیان کرد. چاوانی لە چاوی مردوویان دەکرد. بۆ تاقە جارێکیش نەیانپرسی داخۆ دڵی ئەم زەلامە لێ دەدات، یاخۆ کوژاوەتەوە. قولابی چاوم لە یەکیان گیر کرد، خۆزگەم دەخواست سەرنجدانەکەم وەک شیر بووایا. هەستم کرد زۆرم حەز لێیە بڕشێمەوە.

ئەمە یەکەمین جارە دەچمە بنکەی پۆلیسەوە. هەرچۆنێک بێت تا ڕادەیەک ئەز هاووڵاتییەکی چاکم و نیشتمانی خۆم خۆش دەوێت، ئەگەر لێم بگەڕێن باسی خۆمیان بۆ بکەم، ڕەنگە لە سەرەتاوە هەڵوێستیان لە بەرابەرمدا بگۆڕایا. تەنیا لە ڕێگەی ڕێککەوتەوە منیان برد. وەلێ چیان پێ بڵێم؟ ئەرێ ڕاستییان پێ بێژم؟

وێنەکەی سەرۆک کۆمار لە من ڕامابوو. دەموچاوی بەتاڵ و تەمەنی ناکام، لە قژییەوە ئەمەم بەدی کرد. ئاواتم دەخواست دابەزێ و داخی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم، وەلێ ئەو چوارچێوەیەی نیوەی جەستەی داگرتبوو، قایم و لە ئاسنی پۆڵا بوو. دیقەتم دا، پاشان خێرا چاوم لەسەری هەڵگرت، هەستم کرد هانام

بۆ دێنێت. شوێنەکەم گۆڕی و بەتەنیشت سەرخۆشەکەوە دانیشتم. نەیدەتوانی چاوانی هەڵبێنێت.

چیت لە توانادایە بیکەیت حوسێن؟ مێروولەیەکە و لە نێوان ڕێگە تۆقێنەرەکاندا سەرگەردان بووە. گرفتی من ئەوەیە لە ساتی خەمباریمدا کچە هاوەڵەکەم بیر دێتەوە، کە شارە بەردینەکان لە چاویان ڕفاندم و نەیانتوانی لە دڵمی دەربهێنن. هەر لە سەرەتاوە لەوەم ئاگەدار کردنەوە، دەبێ بەرگەی سەرجەم شێواندنەکانی ناخم بگرن. ئەو ڕۆژە ساردەی بەمنداڵی لەسەر شووشە ئاونگ گرتووەکە نووسیم **خۆشم دەوێی مەریەم، دڵم تەنیا بۆ تۆیە.** خەمبار بووم. ڕۆژانێک بوو دەتگوت بەفر باریوە. پاڵتۆ زبرەکەم بەسەر شانمەوە بوو، وێڕای ئەوەش هەستم بەسەرما دەکرد. بەقامکم لەسەر شووشە شێدارەکە خەتم دەکێشا:

**نووکە تا مردن دەخۆمەوە. تاسە و حەز کوشتوویانم. ئەگەر ئەم دڵەی نەهامەتییەکانی شارە بەردینەکان ئازاری نادەن، بەگەن بکەیت، شەو وەک ئاوی زوڵاڵ دێم بۆ لات. ئەویندارە گێژەکەت.**

لەو کاتەدا دەرچووم و هەمان ئێوارەش نەگەڕامەوە. هەر کە پۆلیس بەسەرخۆشی منیان بینی، بەتۆمەتی لە پاشملە قسەکردن و باسکردنی خەڵک و شێواندنی ڕووخساری شار بەنووسینی تێکدەرانە، فڕێیان دامە فارگۆنێکی ڕەشەوە و شەو بەشەقامەکاندا گڕیان دام، تاکو بێدار بوومەوە. تا ڕادەیەک لەگەڵمدا باش بوون. پیاسەکە خۆڕایی بوو. لە دواییدا لە دوورترین خاڵ بەرەڵایان کردم، وام هەست کرد لە ڕوبعلخالیم. پێیان گوتم لە جاری داهاتوودا دەتبەینە بنکەی پۆلیس. وریای خۆتبە. نازانم کەوتمە ناو چەند گۆمە ئاو و زۆلکاوەوە، کەچی لە کۆتاییدا ڕێگەکەم دۆزییەوە و لەگەڵ سپێدەی بەیاندا سەرخۆشییەکە بەتەواوی بەری دابووم، ئیتر منیش بەدڵێکی گیراوەوە گەڕامەوە سەر ڕۆتینی شار.

لە شەقێکی تر دەترسام، کەچی ئینجاش تکام لە پاسەوانەکە کرد بارباسی حاڵی خۆمی بۆ بکەم. بەچاو و قسە ڕۆتینییەکانی، کە ئەزبەری کردبوون،

خەفەتی دامێ. لە دڵی خۆمدا گوتم، حوسێن سوپاسی خوا بکە لە دەوروبەری شاریان فڕێ نەدایت، وەک چۆن بەردەوام دەیکەن.

ئەو پۆلیسەی خوێن لە گیانیدا نەمابوو، گەلێک دڵڕەق بوو. چەندێک ویستم لێی نزیک ببمەوە، ئەوەندە بێ نرخی و کەمتوانایی خۆمم هەست پێ دەکرد.

هەینێ نووستبووم جارێکی تر بەقاچی هەڵی ستاندم.

– خەون قەدەغەیە.

– وەلێ من نەنووستبووم.

– هەروەها قسەکردنیش قەدەغەیە.

– کوا من قسانم نەکردووە.

– نارەزایی دەربڕین قەدەغەیە.

– گەورەم بەخوا بەهەڵە هێناویانم. بڕوام پێ بکە بەهەڵەدا چوونە.

– ئەم قسانە بۆ قۆمیسەر بکە. ئەوانی بەر لە تۆ لێرە بوون هەمان قسەیان دەکرد. من سەرم لێروکانە سپی کردووە، گەمەی وا لەگەڵ مندا مەکە.

دەستم بەدەممدا هێنا. نەخۆشخانەی جوانکاریم بیر هاتەوە. خەریکە کرمەکە لە ناوەوە دەمخوات. لە ناو نەخۆشخانەکەدا چی هەیە؟ هەر کەسێک ویستبێتی ڕیپۆرتاژێک لەبارەیەوە بکات، یان دەریان کردووە، یانیش گواستوویانەتەوە بۆ لاپەڕەی ڕیکلام و پرسە، لەوانەشە بۆ.. ئەرشیف.

– گوێ بگرە کورە تۆ، قۆمیسەر داوات دەکات.

وا بەئەنگوستی ئاماژەی کرد، خەریکبوو بچێتە چاوما.

سەرجەم گرتووەکانیان دەرکرد. هەڕەشەی ئەوەیان لێ کردن، ئەگەر جارێکی تر بخۆنەوە، ئەوا بەگران لەسەریان دەکەوێت. ئەو سەرخۆشەی لە فارگۆنەکە لەگەڵمدا بوو، پیلیان گرت و چون کیسەی زبڵ لە باڵەخانەوە فڕی دەدرێتە سەر شەقام، ئاوایان هەڵدایە دەرەوە.

وام بەمێشکدا هات هاوار و ناڵەیم بەرگوێ کەوتبێت. لەو ساتەی ویستم

دەرگەکە بکەمەوە، لە دۆخی خاوبوونەوەی تەواودا، پاسەوانەکە بەرەو دوا ڕای کێشام.

– بووەستە هەی بەدیۆم. تۆ پەروەردەی دەستی دایکتی هەی کەرە.

زارم هەڵنەهێنا، لێ ئەستێرەیەکی تر لە ئاسمانی شارە خۆماتدەرەکە لە پشت شەرمێکی درۆینەوە تەقییەوە. هەستم بەمەهەدی کرد وەکو لاستیکی سووتاو دەبێتە هەویر و دەبێتە تۆپێکی گڕگرتوو لە ڕق. ڕووم بەرەو دیوارەکە و چوارچێوە هەڵواسراوەکە وەرچەرخاند. سەرۆک بەدوو چاوی گەمژانە و قژی چەرمووەوە چارەی لێک دابوو. بەگەوجییەکی واوە تەماشای دەکردم، چون دۆخی من هەرگیز جێگەی باسی ئەو نەبێت. ویستم پشتگوێی بخەم، لێ هێمنییەکەی سەرودڵی دەگرتم.

– بچۆ ژوورەوە هەی خوا تێلات لەگەڵدا بباتە ژوورێ. قۆمیسەر لە چاوەڕوانیتدایە.

چاوم چووبووە خەو و هەڵی ستاندم. بەرەو هۆڵەکە لێژبوومەوە. چاوانم سوور هەڵگەڕابوون. هیلاک و ماندوو. دڵم لەت لەت بووبوو. هەستم بەژانێکی توند کرد ئەو شتە ڕووناکانەی لە ناخمدا مابوون، دەکرۆژێت.

لە دەرێ، کەش و هەوا سارده و شاریش سرووتە ئاساییەکانی خۆی پیادە دەکات. کەس نازانێت ژمارەی ئەو ئەستێرانەی دوا بەدوای یەک لە ناخمدا دەکشێن، چەندن. بەر لەم ساتە نەمدەزانی، شار بەم سووک و سانایییە خۆشەویستانی خۆی لەدەست دەدات، دووریش نییە مرۆڤ ببێتە پەڕۆ کۆنەیەکی سپی، چاڵێکی چەپەکی دوو بست پان هەڵی لووشێت. مەریەم داخۆ ئەم هەموو ڕووناکییە لەپڕ دەگیرێت؟ کوا مەریەم؟ مرد. کاتێک خەڵکەکە پاش ئەوەی بەبێدەنگی لە دوای تەرمەکەوە دەڕۆیشتن، گەڕانەوە ماڵەکانیان، من ڕام کردە گۆشەیەکی تاریکی ناخمەوە و بێهوودە ویستم بگریم. لۆچەکانی سیما شەکەتەکەیم باش لە یادە، ئێستا چاوە ئارامەکانی لە دڵمدا دەبزوێن. لێوە بەوردی نەخشێنراوەکانی، ورتە ورتیان بوو: با نووکە پێت بڵێم. هەستی

پێ دەکەم. سووک و چرووک نییە. خۆشم دەوێی. خۆشم دەوێی. خۆشم دەوێی و با دنیا بەسەرمدا برووخێت. داپیرەم بەهەڵەدا نەچووبوو کاتێک بەیادەوەری دەدوا: کوڕەکەی عێشە منەوەرە، ئەوین خواپەرستییە. خوا نەفرەت لەو شارە بکات، کە زەردەخەنەکەی لێ ڕفاند و لەو ئۆتۆمۆبێلە ڕەشە بێ ژمارەیەی بۆ ساردیی گۆڕ بەکشی کرد.

– کاک حوسێن بەخێربێی سەرچاو.

چاوانم هەڵێنان. ئەو گۆڕەی خۆم لە پاڵی مات دەدا، نەمدۆزییەوە. وەلێ خۆم لە ناوەندی هۆڵێکی پڕ لە کورسیدا بینییەوە.

دوو شت بەردەوام لە یادەوەریمدا گەورە دەبن: خەمی ئەو دڵەی شەکەت و ماندوو بوو، هەروەها ئەو مەریەمەی کەشتییەکانی خۆی و خۆمی وەستاند و لە ناوجەرگەی ئەم شارەدا، هەینێ دەخەنێتەوە دانی ڕیچ دەکاتەوە و کەڵبەکانی بەدەردەخات، جێی هێشتم. بیرم لەوە کردەوە لەسەر کورسییەکە ڕاکشێم، لێ ترسێکی پەنهان ناخی داگرتم. پرسەکە لە بان ئاستی تۆوەیە حوسێن. مەبە بەجرج.

سەرلەنوێ قۆمیسەر تەماشای کردمەوە، زەردەخەنەیەکی هێمنانەی بەخشییەوە.

– دەزانی حوسێن ڕاستگۆیییەکەتم بەدڵە. من حەز بەنووسینەکانت دەکەم.

– سوپاس گەورەم.

– نەمدەزانی بەم ڕادەیە سادە و ساکار و سەرگەرمیت. دانیشە.

دانیشتم.

– گۆشەکەت لە ڕۆژنامەکەدا نەماوە. شتێکی قۆڕیان لە شوێن داناوە.

دەمویست زوو دەربچم و تا دەگەمە ماڵەوە، ئاوڕ لە دواوە نەدەمەوە و تا مەهدی دەبینم هەناسە هەڵنەکێشم و ورد و درشتی بۆ بگێڕمەوە. شەکەت و ماندوو و دڵیشم تەواو نەبوو.

– گەورەم من سەرخۆش نەبووم.

– من بەوەت تاوانبار ناکەم. خۆ ئەگەر خواردیشتەوە، لە پێناو تەندروستیی خۆت کەمی بکەرەوە. هەر ئەوەندە و بەس.

حەزی بەکوڵی خەنینەوە دای گرتم. پێکەنین. خەنینەوە تا ڕادەی شێتی.

لەتە ڕۆژنامەیەک لە سەرمدا کەوتە هەڵەکە سەما، لەو دەمی بەرپرسان پرۆسەی پاککردنەوەی شار لە خواردنەوە کهوولییەکانیان ئەنجام دا، خوێندبوومەوە:

**نزیکەی نۆ تەن لە خواردنەوە بەگشت جۆرەکانیەوە لە بیابانی وڵاتدا دەڕژێنرێت. بەرپرسان بڕیاری لەناوبردنی ٨٦٢٨ بوتڵ وێسکی و ٢٥٢٤ قوتی بیرەیان داوە. هەروەها بەهەزاران بوتڵ لە جۆرەکانی تر، کە بەڕێگەیەکی نارەوا هاتوونەتە وڵاتەوە. بەر لە دوو مانگ دەسەڵاتداران نزیکەی سێ سەد هەزار بوتڵ و قوتییان لە گشت جۆرەکانی خواردنەوە لەناو بردووە، کە لە ڕێگەی دەزگا هەردەم ئاگادارەکانی گومرکەوە دەستیان بەسەردا گیرابوون.**

– من تەنیا پرسیاری گۆشەکەم لێ کردیت.

پیچەک بیرم کردەوە، هەوڵم دا چیرۆکی وازهێنانەکەم بشارمەوە.

– بەم زووانە دەگەڕێمەوە سەری گەورەم. من لە پشوودام. تەنیا چەند ڕۆژێکە.

بزەخەنەیەک لە لێوەکانی ترازا، بۆنی تیزەجاڕیم لێ کرد.

–ئێ.. لە **شتێک لە ئەرشیفەوە** بۆ گۆشەیەکی ئابڕووبەری وەک **لەگەڵمدا وەرە**؟ گاڵتەجاڕیی قەدەر. ئەوان وا وڵات دەکوژن.

– بەو خوایە. لەگەڵ دەستپێکردنی مۆڵەتەکەدا پاش ئەوەی ناوەکەیان گۆڕی، گۆشەکەیان لەگەڵ ڕیکلام و پرسە و شەوئاهەنگەکاندا تێکەڵ کردووە. ئیتر وایە. ئەمە دنیایە. بەهەرحاڵ لەگەڵ گەڕانەوەمدا گشت شتەکان دەگۆڕم، یانیش دەست لە کار دەکێشمەوە.

دەترسام کابرا بەوە ڕاسپێررابێت بەشێوەیەکی ژیرانەی وا لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکات، چی لە دڵمدایە هەڵی ڕێژم. شتێکی وام نەگوت. ئەو چاوەی لە

پشتمەوە وێستابوو و هەنگاوەکانی دەژماردم، خەریک بوو زەق دەبووەوە. ئەی محەمەد! چاوە سوورەکانی ، کە لە چاوی سەگێکی زەبەلاحیان دەکرد تووشی هاری بووبێت. گشت ڕۆژێک هەستی پێ دەکەم قەبارە و درێژی و پانیی ترسێنەر وەردەگرێت. لە ڕاستیدا من نەمبینیوە، وەلێ ڕۆژانە لە گۆشە ڕەشەکاندا هەستی پێ دەکەم. لە دیدەی منداڵە شێواوەکانەوە. لە پێخەفی سۆزانییەکانی شەقامی مەهدیی کوڕی محەمەدەوە. لەسەر کاشیی بنکەی پۆلیسەکە، بۆنی دەکەم لە پێڵاوی ئەم سەرۆکەی بەهێمنی و گێژووێژییەکەی سەخڵەتم دەکات.

– بەو خوایە حوسێن تۆ لە گشتمان چاکتریت. هیچ نەبێت هێشتا لەگەڵ شەهیداندا دەژیت، دوور لە خراپیی ئەم شارە.

– بەخوا گەورەم، خەمی شار بەخەمی شەهیدان تیمار دەکەین.

– کوڕم، بنووسە و ئاوڕ لە دواوە مەدەوە. شەهیدان لە نێوانماندان. تا ئەم ساتەش ئێسک و پرووسکیان دەنێژین. دوێنێ وایان تێگەیاندین گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیە بەلای کەمەوە هەزار ئێسکە پەیکەری تێدایە. بەڕاستی کارەساتە.

نەمزانی چی وای لێ کردم زێدەگۆیی لە قسەکانیدا ببینمەوە. لێ ناتەواوییەک لەسەر زمانی بوو، ئەمەش وای لێ کردم بڕوام لە بەرابەریدا لەق بێت.

– دەڵێن کەلەشیان هیچ شتێکی تێدا نەگۆڕاوە. تەنانەت سیپاڵەکانیشیان نەخورابوون. تاقە شتێک گۆڕابێت ئەوە بوو، ئەو کاتژمێرەی لە دەستی یەکێکیاندا بوو، لەسەر کاتێک وەستابوو. چاویان، لێویان، جووڵەی دەستیان، کوپی قاوەکانیان، ڕووخساری پرشنگداریان. گشت شتەکان وەکو خۆیان بوون. ئەوانەی ئەم جەستانەیان بینیبوو، کە مەرگیان ڕەت دەکردەوە، وایان دەگوت.

– خوا لە گوناهیان خۆشبێ.

بەلامــەوە قـورس بـوو بڕوا بەگـشت ئەو قــســانە بکەم، کــە دەیگوتن. وەلێ هۆگرییەکەی خۆی بەسەرمدا سەپاند. هەستم کرد یادەوەریی میللی توانای لێکدانەوەی گـشت شـتێکی هەیە، لە ڕەهـەندە ڕیالیـزمییـەکـەیەوە بۆ ڕەهەندە ئەفسانەیییەکەی، کە لەگەڵیدا زەحمەتە هەموو شتەکان وەک خۆیان ببڕێن. شـەهید لە چاو دایکە عێشە منەوەرەوە نموونەیەکی باڵایە و هەرگیز نامرێت، کرم و گڵیش توخنی گۆشتەکەی ناکەون.

– شـتێکی جوانە حوسـێن خەڵکەکە چۆن قسـان دەکەن، پیـاو بەو ئاوایە بنووسێ.

وڵامم نەداوە، لێ لە بـەرابەردا بەچاو هەڵی سـەنگاندم. لە تەوقی سـەرمـەوە تاکو بنی پێم دیقەتی دام. چاوتێبڕینەکەی کردمی بەبەچکە جرجێکی نقوم بوو لە وردەکـارییـەکـانی دۆشـدامـان و ونسـتـانەکـان "مـتـاهات". کـۆشـام بیگەڕێنمـەوە سـەر بابەتەکـەم، چونکە هەسـتم کـرد دڵەکـزێ گەدەم لەتوپەت دەکات.

– بەو خـوایە گەورەم.. مـایەی خـۆشـحـاڵیمـە کـە.. وەلێ من بەهەڵە لێرەم. دەمەوێت هۆی بوونم لەم شوێنەتان بۆ باس بکەم.

– دەزانیـت حـوسـێن، خــۆ منیش لە مـوجـاهیـدە دێرینەکـانم. جــارێک دەتەقــینـەوە و جــارێکیش ورتەمــان لێــوە نـایەت، جــارێکیش هەڵدەچین و جارێکیش دادەمرکـێینەوە. لە کەسانی نەناسـراوەوە هەڕەشـەم لێ دەکرێت، جــارێک دەترسم و هـەندێک جــاریش دەڵێم ئەمــە دنیـایە دەبێت لەگـەڵیـدا هەڵبکەین. دەبزانە تەنانەت پۆلیسیش وێڕای ئەو چەکەی پێیـەتی، لەم شارەدا لە مـەترسی بەدەر نییـە. خـەڵک لە شـەواندا سڵ لە کـوشتن ناکەنەوە. جـاری پێـشـوو تەرمی پـۆلیـسـێکمـان دۆزییـەوە لە شـەقـامی ئازادی فـڕێ درابوو، سـەرەکەیمـان لەوسـەری شـەقـامی ژەنەراڵ شـارڵدا دۆزییـەوە. خـوا دەزانێت چەکەکەی بۆ کوێ ڕۆیشتووە. ئەم دیاردەیە لە شارەکەماندا تازەیە. لەبەر ئەوە هەندێک جـار دۆخی ئامـادەباشی وەردەگرین، چی بێتـە بەردەسـتمـان هەڵی دەگرین و تۆمەتەکەش گرینگ نییە.

– بەڵام گەورەم...

– هەندێک جاریش ڕوو دەدات پۆلیس بترسێ و خۆی لە هیچ نەگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر یەکێکی بینی گۆشتی ئەوی تر دەخوات، یاخۆ کیژێک لە شەقامدا ڕووت دەکاتەوە. چاوانی دەنووقێنێ و بەلایدا تێ دەپەڕێ. ترس پێویستە حوسێن. خوا لە سەرووی هەموومانەوەیە. تەنانەت هاوولاتییانیش خراپ بوون.

بێدەنگ بوو و لە منەوە چاوەڕوانی بەرپەرچدانەوە بوو. چاوانی لە گۆشەیەکی ڕووخسارم بڕیبوون. شتێکم نەگوت پێوەندییەکی گەورەی بەوانەوە هەبێت، کە دەیگوتن.

– گەورەم، زۆر شەکەت و ماندووم. ئاریشەی تایبەتی خۆشم هەن. لە دەست خۆڵبارینی هەوای ژەهراویی ئەم شارە بۆ شارۆچکەکەمان چووم.

متەقی نەکرد، لێ چاوانی هێشتا لە من چەقیبوون. مللیم بەمللیم درێژی و پانیی منیان دەپێوا. ئەوی بەلای منەوە گرینگە ئەوەیە بەزووترین کات و بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە، ئێرە جێهێڵم.

ئەوی لەم پیاوەدا مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە چارە و زمانی ئاماژەی بێ گوناهیی ڕەهای دەدەن. لێ ددانە زەردهەڵگەڕاوەکانی، کە نیوەیان بەمژلێدان ڕەش هەڵگەڕاون، کەشاکێکی ترسناک و ناقۆڵا جێ دەهێڵن. هەرچۆنێک بێت، تاکو ئێستا من شتێکی خراپم نەگوتووە. بەر لەوەی قسانیش بکەم حەوت جار زمانم ئەمدیو و ئەودیو دەکەم. شەقامەکانی شار و ئۆتۆمۆبێلە ڕەشەکان، کە خۆشییەکەی من و مەریەمیان هەڵلووشی، ئاوایان فێرکردم. ئەو چاکییەی لە دەستپێکەوە هەستم پێ کرد، وەکو هەورێکی ئاوس بەسەر ڕووخساریدا دەڕژێت، ڕێ لە نووسینی ڕیپۆرتاژەکەی سەبارەت بەم دانیشتنە ناگرێ.

– کاروباری هاکەزایین، لێ پێویستیشن.

– خۆ هیچمان نەگوتووە.

– گرینگ نییە. ئەوی وتمان بەسە.

پاشان خۆی دایە بان کۆمەڵێک کاغەزی زەرد و سەوز و سوور و ڕەشدا، لەبارەی ناوم، ساڵڕۆژی لەدایکبوونم، پیشەم، تەنانەت لە کوێ بووم، چیم کردووە، ناوی بابم، دایکم، سەرگوزشتەم بەر لەوەی بچمە بنکەی پۆلیسەوە، پێوەندییە جیاجیاکانم، ئەو حزبە نهێنییەی، یاخۆ ئاشکرایەی چوومەتە ناویەوە، سەبارەت بەو لیستەی فریویان دام، لێ نەکردم.

– شتێکی ڕووکەشە و سروشتی کارەکە بەسەرماندا دەیسەپێنێت. تۆ بەخۆت دەزانیت چاودێر هەن و دەبێت شتێک هەر بنووسم. هەر شتێک. بۆ نموونە با بڵێین.. ئێه.. دەڵێین لە شەقامە گشتییەکە تۆیان دۆزییەوە. شەوێ لەگەڵ ئافرەتێکی بەمێردا دەسووڕایتەوە. کاتژمێر.. کاتژمێر.. ئێ. کاتژمێر یەکی سەرلەبەیانی. ژنەکە هەڵهات و تۆش نەتتوانی لە چنگە بەهێزەکەیان و چاوی هەردەم بێداری ئاسایش لە پێناوی هاوولاتیدا، قوتار بیت.

بەچاوێکی نیوە کراوەوە سەری هەڵبڕی.

– ئەگەر پرسیاریان لێ کردیت. بڵێ یەکێک لە سۆزانییەکانی شارە. چاکە.

– ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

– بەهەر حاڵ ئەمە تۆمەتێکی بێ مانایە، زیاد لە کاتژمێرێک بەندکردن نابات. لە نووسینی شتێلی پڕ لە کوێرەوەریی وەک سیاسەت باشترە.

بەخۆم نەزانی تەماشای ئەو پەروەندەم کرد، کە بەژێر هەنگڵمەوە نوستبوو. بێدەنگ بووم. زارم هەڵنەهێنا، ڕەنگە لە ترسی ئەوە بووبێت نەکو دەست بۆ پەروەندەکە درێژ بکات، ئەوجا پرسەکە گەورە ببێتەوە و لە تۆمەتێکی ڕەوشتییەوە ببێتە تۆمەتێکی ڕامیاری و هەر بەڕاستی ئاڵۆز ببێت.

پێی لەسەر ئەوە داگرت، تاکو بەبۆنەیەکی نیشتمانیی گەورەوە لاپەڕێکی ڕۆژنامەکەی بۆ تەرخان بکەم و لە هەمبەر دڵسۆزی و گیانبازی ئەوەوە لە پێناوی ئەم نیشتمانەدا لەسەری بنووسم.

ئەو یەکێک لەو موجاهیدە دێرینانەیە، کە سوود و قازانجیان لە هیچ

نەبینیوە. ئەویش لە شوێن خۆیەوە، چ زانیارییەکم هەمبەر شەڕە بیرکراوەکان و ئەو ڕووخسارانەی شاخ خواردنی و شەڕە بەسەرچووەکان و ئەو ئێسک و پرووسکانەی دارستانەکان سووتاندیان و بەخۆڵەمێشەکەیان گەرم بوونەوە، پێویست بێت، دەمداتێ.

واژۆم کرد و دەرچووم. بەدەرکەوتم و بەزەحمەت جەستەم بەدووی خۆمدا ڕادەکێشا. ویستم خۆم قایل بکەم بەوەی ئەوی لەسەرم تۆمار کراوە، هیچ بایەخێکی نییە. لە ساتێکدا هەینێ هۆڵە درێژەکەم دەبڕی و تەماشای ڕووخساری پاسەوانە شەکەت و ماندووەکەم دەکرد، هەستم بەدوو چاو کرد تیر ئاسا لە پشتم دەچەقن. هەموو شتەکانم گەڕاندەوە بۆ ترس لەوەی گشت هەوڵەکانم بەخۆڕایی بڕۆن و بدرێنە دەم باوە. پرسەکە بووە بەشێک لە من.

دەبوو لە یەکەمین جارەوە ئاگەدار بوومایا و ئەم دەرفەتەم نەدانایێ. ئەوان چاوەڕێی پێ خواربوونەوەیەکی وایانە، تا وەک باڵندە چنگدار و دڕندەکان پەلامارم بدەن. زۆر؟ ئەمە ژیان نییە. ئۆف. وریایی.. وریایی.. ئەی دوای ئەوە؟ داخۆ پرسەکە لە گەوهەردا شایانی ئەم هەموو تۆقینەیە؟ وریایی وای لێ کردم ناوی خوازراو لەسەر ئەو کاسێتانەی قسەی ئەوانەی گفتوگۆم لەگەڵ کردوون، بنووسم. کەس نازانێت سبەی چی ڕوو دەدات. بۆ نموونە لەسەر یەکێکیان نووسیبووم وەردە جەزایری، لەسەر یەکێکی تریش نووسیبووم سەمیرە سەعید، لەسەر سێیەمیش ناوی فەرید ئەترەشم نووسیبوو و لەسەر چوارەمیش عەبدولوەهاب و پێنجەمیش ناوی حاجی ژن فاتمە زۆرۆم نووسیبوو، ئیتر بەم ئاوایە.

ئەگەر مەهدی بزانێت چیم کردووە، سەری لە بریسکە دەدا، بێگومانم لێم ناگرێت. باوە مەهدی ئاگەداری پێویستە پێویست.

شەقامەکە زۆر بەسستییەوە پێشوازیی لێ کردم. بایەکەی سارد بوو. لە دالانی تەلارە بڵندەکەدا، کە قاتی خوارەوەی کرابوو بەبنکەی پۆلیس، سەرخۆشەکە لە خەوێکی قووڵدا بوو. لە کووچە و کۆلانی شارە لە بیرکراوەکەدا دەنگی ناساز و شتی تر لە تەقەتەقی یاریی منداڵانەی دەکرد،

کەوتنە بەرگوێم، هاوکات لەگەڵ خۆشحاڵییەکی سەیر لە پیاوێکی سەربڕاو بەشمشێرێکی ژەنگاوی:

**حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو.**

لە ساتێکدا ئەوی بینیم، ڕەنگە بۆ من و بۆ هەمـوو ئەوانەی وەک مـن، زەحـمـەت بێت دەسـتنیـشـانی بکەن، تێکشکانەکـانی شـار لە ئەنجـامی دیوارەکانی، کە خەریکە لێیـان دەخورێت و یەک بەدوای یەکدا دەڕووخێن و شـەوی سـامناکی بووەتە ئاژەڵێکی ئەفـسـانەیی ترسناک، پاشـان لەپڕ بۆ خـۆرگـیـرانێک وەرچەرخـا، تەنانەت بچووکترین ئاژەڵی وردیلە و مێروویی ترسـاندن. ئەو ڕووخـسـارە گـەشـەی مـەریەمـیش گـۆڕا بەوردە خـۆڵەمـێش شەوباکە گەمەی پێ دەکرد و پرش و بڵاوی دەکردەوە.

بۆ ڕاسـتی دەڵێم، لەوە دەترسـام یەکێکیان ناگـەهان چەقـۆیەک بەزگـمدا، یاخۆ بەسینگمدا، یان بەپشتمدا بکات، تا پاشان بڵێن بەقەدەری خوا مرد. دووریش نیـیـە بکوژەکـەم لە بەڕێکردنی تـەرمـەکـەمـدا بەشـدار بێت و گـوڵی جوانیش لەسەر گۆڕەکەم دابنێت. دوو دڵۆپ فرمێسکم بۆ هەڵوەرێنێت، پاشان خۆی ون بکات، تاکو لە خۆشیی مردنەکەم پێک هەڵبدات. بێ ئەوەی ئاگـام لە خۆم بێت، دەستم بەشوێنی لێدانەکاندا هێنا، کە بۆشاییـیـەکی گـەورەیان خستبووە زگمەوە.

ڕووناکترین شـەقامم هەڵبژارد و بەئاگەدارییـەوە ڕێم دەکرد، تاکو گەیشـتمە ماڵەوە. ئای خوایە هەندێک جار ئەم هەستە نائامادەیە بەشێوەیەکی وەڕسکەر لەگەڵمدا دەکەوێتـە گەڕ. ئەوێ ڕۆژێ، کە مـەریەم کەوت، سـاتێک بەر لەوەی ئۆتۆمـۆبێلە ڕەشــە بێ ژمارەکـە بەدوای خۆیدا ڕای کـێشـێت، قـەلەڕەشـێکی زەبەلاح لە مـێشکمـدا هەڵفـڕی. چڕنووکـەکانی لێ گـیـر کـردن و ویسـتی لە یادەوەریمی هەڵکێشێت. بەر لەوەی چاوەکانم هەڵێنم، قیژە و هاواری مـەریەم لەبری ڕووخساری لە مێشکمدا جێگیر بوو. هەستی شـەشـەم. دەخـەننەوە. هەڵبەت لە ناخی خۆتاندا دەڵێن ئەم کابرایە خەریکە لە مادە خۆڵەمێشییەکەی لەدەست دەدات. بڕوام پێ دەکـەن ئەگـەر بڵـێم هـەندێک جـار لەم هەسـتـە

دەترسم، چونکە حەوانەوەم لێ تێک دەدات. جارێکیان لەو کاتی لە ئەرشیفدا دەگەڕام، هەواڵێکی زانستیم دۆزییەوە زیاتر لەوەی سوودی لێ ببینم ترساندمی، چونکە جەختی لەسەر بوونی ئەو هەستە دەکردەوە. هەواڵەکە لە نێوان پێچەکانی مێشکمدا دەنووست. بەڕاست، من هەواڵی گرینگ بەپەلە وەردەگرم. هەستێکی ترم هەیە نازانم چ ناوێکی لێ بنێم، گشت شتە پڕ بایەخەکان دەپارێزێت: ناونیشان:

**هەستی شەشەم لە مێشکدایە. لە ڕێککەوتی .../.../٨٣دا "تیمێک لە زانایانی زانکۆی مانچستەری بەریتانی، گەیشتە دۆزینەوەیەکی تازە و هەژێنەر، خۆی لە دۆزینەوەی هەستی موگناتیسیی نامۆ، کە لە ناو مێشکدایە، دەبینێتەوە، تاقیکردنەوەکان بەر لە دوو ساڵ دەستیان پێ کرد، ئەو کاتی زانایان چاوی چەند خوێندکارێکی کۆلێجی پزیشکییان بەست و سواری ئۆتۆمۆبێلێکیان کردن، پەنجا کیلۆمەتری بڕی. پاشان دوای وەستانی ئۆتۆمۆبێلەکە لە ناوچەیەکی لادێیی پەڕۆکەیان لەسەر چاویان لادا و داوایان لێ کردن ئاراستەی تەواوی ماڵەکانیان دیار بکەن! لە ئەنجامدا زۆربەی خوێندکارەکان وەڵامی ڕاستیان دایەوە. دوای تۆژینەوەیەکی دوور و درێژ وەڵامی یەکلاکەرەوە هاتە گۆڕێ. زانایان لە کۆمەڵەی گیرفانەکانی پشت لووتەوە، لە پێشەوەی کەللەی مرۆڤ مادەیەکی موگناتیسییان دۆزییەوە، دوای توێکاریی پێنج کەللە سەری کەسانی تازە مردوو، ئێسکی توورەکەی لووتی چواریان ئەم مادە موگناتیسییە بەهێزەیان تێدا بووە. تا ئێستا زاناکان بەدوای نهێنیی ئاسنی موگناتیسیدا وێڵن، کە جۆرێکی زۆر بەهێزە. ئەوی بایەخی ئەم دۆزینەوەیەش بەدەردەخات ئەوەیە، تیمێک لە زانایانی کالیفۆرنیای وڵاتە یەکگرتووەکانیش بەهەمان شێوە هەمان مادەی لە ئێسکی توورەکەی لووتی مشکدا دۆزیوەتەوە. ئەم مادە موگناتیسییەش هەستی شەشەمی مرۆڤە".**

بەرەو ئاوێنەکە ملم نا. ئاواتم دەخواست ئاوێکم بەخۆدا بکردایا و تا نیوەڕوانێ بنووستمایا، کەچی هەستم بەئازارێک لە دەموچاوم کرد. دەستم

بەچەناگەمدا هێنا. گەنگەمووی ڕیشم کەشاکێکی خراپی بەهەر کەسێک دەدا، کە دەیبینیم. پۆلیسەکە لەسەر هەڵە نەبوو. دەتگوت زیندانییەکم و تازە لە گرتیگە هەڵاتووم. دۆخەکە ئەوەی بیر نەبردمەوە، کە قۆمیسەر لەبارەی منەوەی نووسیبوو، ئەگەر ساسافندا ببیسێت، ئەوا یەکسەر بڕوا دەهێنێت، کە من بەبان سۆزانییەوە گیراوم. ئۆف. درۆیەکی دزێو لە تێوەگلانێکی ترسناک چاکترە. بۆڕییەکەم کردەوە تا دەموچاوم بشۆم، کەچی هەر وەکو جاران ئاو بڕابوو. ئاوی کۆکراوەی ناو بوتڵەکانم بەکار هێنا. ژوورەکە بەشێوەیەکی باش ڕێک خرابوو. خاترجەم بووم، کە ساسافندا شەوێکی لێرە بردووەتەسەر، هەڵبەت تا زمانی شلوکوت بووە نەفرەتی کردووم، دواییش گەڕاوەتەوە پایتەخت و گڕکان ئاسا قوڵپی داوە و شتێک لە دڵیدا چەقیوە.

هەینێ لە گەرماو دەرچووم یەکسەر خۆم دایە سەر کورسییە کۆنەکەدا و بەر لەوەی چاوم بچێتە خەو و بچمە دۆخی خەوێکەوە لە مۆتەکە دەچوو، ساتەکانم یەک یەک بیر خۆم دەهێنایەوە.

## گەڕانەوە بۆ هەقایەتە کۆنەکان

بێ ئەوەی تەواو بنووم هەندێک چاوم گەرم کرد، چونکە لە دەوروبەرم چی ڕووی دابوو بەبیرم هاتنەوە. شتێک بەترپەی توندییەوە هەراسانی کردبووم. لە پەنجەرەکەی بەڕووی شاردا کرابووەوە شنەبایەکی سارد دەهاتە ژوورێ. لەپڕ مەهدیم بینی بەتەنیشتمەوەیە. هیلاک و ماندوو بوو. سەری لە نێوان دەستە بەهێزەکانیدا نابوو. بەزەحمەت سەرێشەی شار لە دڵیدا دەنووست.

سەرلەنوێ لە پەنجەرەکەوە تێبینیی بەدمەستەکەم کرد بەدەوری ئەو ئوتێلەی تێیدا بووم دەسووڕایەوە. چارەیەکی شێواو و ترسناکی هەبوو. چاوێکی گەورە لە شێوەی سایکلۆب لە ناوەڕاستی سەریدا بوو لەگەڵ زمانێکی چەماوە و جووتێک گوێی گەورە. ڕووناکییەکانی شار ڕێکوپێک نەبوون. هەندێک لای ڕووناکییەکەی بەهێز بوو، لایەکانی تریش ڕووناکی بەکزی و درەنگ پێیان دەگەیشت، گەلێک جاریش لە نیوەی شەودا دەکوژایەوە. بەدڵێکی توندەوە گوێم لە هەرەسهێنانی دیوارەکانی و گەڕەکە میللی و شەقامەکانی دەبوو، کە ڕۆژانە پێشوازییان لێ دەکردم.

سەرلەنوێ بارانەکە دای کردەوە. بارانی شار جێگەی تایبەتی لە دڵمدا گرتووەتەوە. شار لەو بەیانییەدا وەک مەریەم ناسک بوو. وردەکاریی سیمای منداڵانەی ئەوم بیر دەهاتەوە. باران لە ناوەوە ختووکەی دەدا. لە بان تەلارە بڵندەکانەوە، کە باڵا کورتیی خۆمانی بیر دەهێنایەوە، سووکە تەمێک دادەبەزی. دای دەپۆشین و وای دەپێچاینەوە هێندەی نەمابوو یەکتر بزر بکەین. ئەوە مەریەمە بەڕێوەیە. دڵ دەخوات. ئازارم دەدات. ئازاری خۆیشی دەدات. دەخەنێتەوە. دەگری. بەر لەوەی لەم شوێنە بەپارچە پارچەکراوی جێم هێڵێت، لە ساتێکدا هەر چوار وەرزەکە بەڕووخساریدا گەشت دەکەن. ڕەنگە

تەم شاردبێتییەوە و پاشان بەدەر بکەوێتەوە. هاوار دەکەم: مەریەم! مەریەم! مەریەم! خۆشەویستەکەم وەرە. تۆ لە کوێیت؟ گەمەی وا بەسە، دەمترسێنێت. مەریەم. دەرچۆ، ماندوو بووم. ئیتر بەرگە ناگرم. گوێم لە دەنگی زارۆکانە بەسەر پشتی قامیشەکانەوە ڕادەکەن. وەکو ئاسک لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا بەبان قامیشەوە غار غارێن دەکەن، گیانیان یەکپارچە بەئاوی باران تەڕ بووە، دڵیان بەپەلکەزێڕینە خۆشە، کە لە شێوەی نیوە بازنە بەئاسمانەوەیە.

**بابی خدر بگەڕێوە. بابی خدر بگەڕێوە. بابی خدر بگەڕێوە.**

وەلێ مەریەم، دەنگی تایەکان و ئۆتۆمۆبێلە ڕەشە بێ ژمارەکە، پاشان لێدانەکە، زراویان بردووم. تۆ لە کوێی مەریەم؟ من لە پەلوپۆ کەوتووم. دەبێت لە کونجێکی ئەم جیهانە تەماوییە سەرسوڕهێنەرەدا بیت. ئەوەتانێ وا من هەڵدێم. منداڵ دەبمەوە. دەبینم تۆش بەدوامدا ڕادەکەیت. جلەکانمان بەقوڕی باران و گۆماوەکان، کە شاریان تەنیوەتەوە، پیس دەبن. تەلارەکان و شۆستە و ڕووخساری خەڵکەکە دەلەرێنەوە. خۆت پێمەوە دەنووسێنیت. تۆ ڕادەکەیت و منیش بەدواتدا، لێ ئیتر بەسە هێزم تێدا نەما. لەم تەمە دەرچۆ.

من ئێستا لەم بانیژە کۆنەم، دەترسێم ڕۆژێک بەسەر یەکێکدا بڕمێت و منیش بخرێمە بەندیخانەوە، چونکە دەبوو لەسەر بانیژەیەکی شلوشاوی وادا دانەنیشم. خاوەن ئوتێلەکەش دەڵێت ئاگەدارم کردووەتەوە، کەچی من لە کەلی شەیتان نەهاتوومەتە خوارێ.

ڕووخانی شووراکانی شار. بەکزی و درەنگ دەگاتە گوێم.

– کاک حوسێن بەخێر بێی.

– خۆشبیت باوە مەهدی. دنیا ئاڵۆزە. خەونی ئاسوودەش بووەتە شتێکی ئەستەم.

– وام دەزانی من لە تۆ هیلاکترم، کەچی وادیارە شەکەتییەکەت مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە.

– هەست بەفەرامۆشی و مەرگی لەسەرخۆ دەکەم. لەوە دەکات ئەز هەر لە

منداڵییەوە بەم ئاوایە ڕەشبین بووبم.

– وێڕای ئەوەش ژیان بەختێکی گەورەیە و بەو خراپییەش نییە.

– بەو جوانییەش نییە، کە هەندێک جار وێنای دەکەین.

– بەهەرحاڵ. من ماوەیەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەتم. بەڵکو ئەمە خوایە لە دوای ئەم بزرییەوە شتێکی گرینگ هەبێت. بۆ ساتێک گومانم لەمەدا نییە.

– ساسافندا؟

– هات و گەڕایەوە. ڕەنگە لە کۆتاییی هەفتەدا گەڕابێتەوە.

زیاتر لێم نزیک بووەوە، دواتر بەقامکی ئاماژەی بۆ خوار تەلارەکەوە کرد.

– بڕوانە.

بەدیقەتەوە تەماشام کرد. دەمزانی مەبەستی چییە.

– شتی سەیر ئەم شارە دەکرۆژێت و جوانییەکەی دەسووتێنێت. زۆرم سەیر لە هەڵسوکەوتی ئەم سەرخۆشە بەتایبەت لەم ئوتێلەدا دێت. لەو دەمی شارت جێ هێشتووە چاوی لە شووشەی پەنجەرەکەت بڕیوە. ڕووخساریم نەبینیوە. لێ وا هەست دەکەم ئاوڵە دەموچاوە ناشرینەکەی کونجڕکونجڕ کردووە.

مێشکم داخرابوو. لەوە دەستەوەستانتر بوو بتوانێت ئەم هەموو وردەکارییانە پێکەوە گرێ بدات. تەنانەت دڵیشم هیلاک بوو. جەستەم داهێزرابوو. چاوم بەوردی شتەکانی نەدەبینی. ڕووخسارم سیمای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دابوو. کەنەفت و ماندوو. پێم باش بوو پشوویەک بدەم، وەلێ شتەکە هێند گرینگ نییە. مردنم بەدەستەوەیە بۆ نووستن. وا ڕێک دەکەوێت چاوەڕوانی شتێکی پەنهان و جوان دەکەم و لەولاوە لە گۆشەیەکی شارەوە بۆم دەردەچێت. پێ لەسەر جوانییەکەی دادەگرم، چونکە هەستی ناوەکیم وابوو. وەلێ نووکە لە چاوەڕوانیدا شەکەت بووم. توانای درۆکردنم نەماوە. لەو دیو دەلاقەی دیوارەکانی شارەوە ئاژەڵێکی نامۆی ئەفسانەیی بەتاقە چاوێکەوە سەری دەرهێناوە، چاوەڕێیەتی کەنگێ خەڵکەکە پێڵوویان

لێک بنێن، تا بوومەلەرزە ئاسا لە ناکاو لە پێخەفەکانیاندا ڕووبەڕوویان ببێتەوە. ئەو شتە سەرسوڕهێنەرەی چاوەڕێیمان دەکرد، وای لێ هات لە مەرگی دەکرد. دڵڕەقە، دڵڕەقییەکەی بەڕادەیەکە کوڕی ئادەم بەخۆی نازانێت چۆن وردەکارییەکانی شار پێکەوە گرێ بدات.

ئای مەهدی. تۆ وتت و ئەوانیش وتیانەوە. ئێمە چەشنی گای کۆریداین. لە ناوەندی ئەم وێرانەیەدا کۆتاییی خۆمان دەزانین، ئەوەش دەزانین گەمەکە بەوەشاندنی شمشێرێکی تیژ بەملدا دوایی دێت و لەگەڵ دوو سەرەڕمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ پشت. ئینجاش هەر بەرهەڵستی دەکەین، بەرەنگاری دەکەین و چاوەڕێی ئەو شتە جوانە دەکەین، کە زەحمەتە دەرک بەگشت وردەکارییەکانی بکرێت. مەهدی تۆ بەخۆت دەزانیت، ئێمە یا دەمرین، یانیش دەسووتێین. زۆر بڕوامان بەچارەسەری مامناوەندی نییە.

کاتێک باسی ئەو دەردەسەرییەی لەگەڵ پۆلیسدا بەرەوڕووی بوومەوە بۆ مەهدیم کرد، زۆری سەیر پێدا هات. ماوەیەک بیری کردەوە، وام زانی زمانی بڕاوە، یاخۆ لە تینوێتیدا بەمەلاشوویەوە نووساوە.

– کورە برا، بەخوا سەیرە. ئەو دەیتوانی لە کۆڵت ببێتەوە، بێ ئەوەی ناچاری ئەوەبێت تۆمەتێکی ڕەوشتیت، کە دوور نییە دەستتی تێدا هەبێت، لەسەر تۆمار بکات... ئۆف، ڕەنگە پرسەکەم زیاد لە توانای خۆی بار کردبێت. بەهەرحاڵ ئەگەر من لە شوێنی تۆ بوومایا، واژۆم نەدەکرد.

– بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرپشکی نێوان ئاکار و سیاسەت کرام.

– وایان لێ کردیت ئاوا هەست بکەیت. ئەگەر حەزەکەیان پێچەوانەی ئەمە بووایا، ئەوا بێ ئەوەی ڕاوێژت پێ بکەن دەیانکرد. وا دیارە خەریکە کەمێک لە نامەردیی ئەم شارە دەگەم.

– بەڵام باوە مەهدی دەشێت بۆچوونەکەت ناڕاست بێت.

هیچی نەگوت، وەلێ چاوانی بڕیبوونە جووڵەی کابرا سەرخۆشەکەی وەک چۆن باوشێک کۆنە جل لە کونجێکی پشتگوێ خراوەوە خڕ بکەیتەوە، ئاوا لە

خوارەوەی تەلارەکە گرموڵە بوو بوو. لە چرکە ساتێکدا جیاوازییەکی وام لە نێوان گەشتە پیکەنیناوییەکەم و گەشتەکەی دۆن کیشۆتدا نەبینییەوە. سەیروسەمەرەییەکانی سێرڤانتس بەسەریدا سەپاندبوو کەمتر بوو لە سەیروسەمەرەییەکانی سەرۆک شارەوانی، کە بەدەڤەرەکەدا دەسووڕایەوە دەتگوت یەکێک لە پاشا هەڵگەڕاوەکانی عەجەمە.

ئای مەهدی، چاوەکانت وێڕای دڕی و ڕەنگی گەرمیان، کە لەسەر دۆخێک سەقامگیر نابن، هێشتا منداڵییان تێدا ماوە. تەواو وەک دەریا.

– با دەست پێ بکەین.

– ناوی خوای لێ بێنە.

پەروەندەکە لە بەرچاوی وەک دەرگەیەک بەهەرچوار لای دنیادا بکرێتەوە، وای لێ هات. کۆشام زانیارییەکان، کە وەکو سامانێکی بەنرخ لەو هێزانەی ئەفسانەکان و درۆ و دەلەسە و ئەو ڕیسواییانەی خەریکی ئەو نەختە جوانییەن، کە تێیدا ماوە، ماندوویان کردووە، ڕێک بخەم و بەدوای خۆمدا بەکێشیان بکەم.

– باوە مەهدی، دەبێت بڕوام پێ بکەیت. پرسەکە لەوپەڕی ئاڵۆزی و زەحمەتیدا بوو. دوور نەبوو ئەم سەرەی بووەتە گندۆرە، دابنێم.

با لە ژمارە یەکەوە دەست پێ بکەین.

– برام، چییە خەڵکی ناوەکانیان لەدەست داون؟

– تۆ نازانیت لە دوای تۆوە خەڵک چەند گۆڕاون.

– تا ئەم ڕادەیە؟

– هەموو شتەکان سەرتاپا گۆڕاون. ئێوە بوونەتە ژمارە. تەنیا ژمارە لە تۆماری شارەوانی. مەزنیی خوێن و شەهیدبوون و ئەو پارچانەی زەحمەتە خڕ بکرێنەوە و بخرێنە گۆڕەوە، گشتیان بوونەتە تەنیا ژمارەی یەک لە دوای یەک، هەندێک جاریش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ژمارەیان بۆ دانراون.

ئەو گریمانەیەی لەسەر ژمارە (١)م پێشکێش کرد، هەڵەبوو. ئەو شەهید

نەبووە. وەکو خۆت دەتگوت جووتیاریکی باش بوو. تا ئێستاش لە ژیاندایە. سەرۆکی هەرەوەزیی بەرهەمهێنانی جووتیارانە، دەبوو هەرەوەزیی چاکسازی بووایا، چونکە سەرپاکی زەوییەکانی جەنگەڵن. هەرەوەزکاران هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی هەرەوەزییەکەیان لێ دەکرێت، چونکە بەپێی پێویست قازانجیان بەدەست نەهێناوە. جێی خۆیەتی لێرەدا باسی وردەکارییەکی بچووک بکەم، ڕەنگە سوودی خۆی هەبێت. ژمارە (١) لە هەرەوەزییەکەی سەر بەشۆڕشی کشتوکاڵی لابرا، لەبەر چەند هۆیەک دەڵێت نازانم، کەچی وەکو ئاژەڵ بۆنی پێوە دەکات. دۆخێلێکی نالەبار. قسەیەک دەڵێت ڕۆژانە ئاوازەکانی حەمۆم بیر دەخەنەوە.

**" کوڕم حوسێن. فرمێسک لە چاواندا قەتیس ماون. خەریکە دەبینە دەزگەی تایبەت و ڤێلا و باڕی زۆر چاک و تیاترۆخانە و ڤیدیۆ. مەهدی خوا لە گوناهی تۆ و گشت شەهیدەکان خۆش بێت".**

منداڵی زۆرن. پێی گوتم لەو بڕوایەدا نەبوو مەهدی پیاوێکی ئەوەندە دڵگیر بێت. نازانم لەگەڵ مندا چی ڕووی دا، لێ لەگەڵیدا هەستم بەهۆگرییەکی تایبەت کرد. منداڵەکانی ناخوێنن. قوتابخانەکە گەلێک دوورە. دوو کوڕە گەورەکەی سەفەریان بۆ فەڕەنسا کرد. کچە منداڵەکەشی لە کارگەی ڕستن و چنیندا کار دەکات. لەمانیش گەورەتر، بەکری، لە شارێکی گەورەدا ئیش دەکات و لە کارەکەی ناڕازییە. هۆیەکەی و تەنانەت سروشتی کارەکەشی پێ نەگوتم. دەڵێت ئێمە لەسەر یادگاریی شەهیدان دەژین، تاکو سەرلەبەیانییەک توێشوومان بپێچینەوە و بگەین پێیان. **ئەی پیاوە چاکەکان ئێوە پێشمان کەوتن و ئێمەش درەنگانێک بەدواتاندا دێین.**

زەوی وشکی کرد و وامان لێ هات نەزۆکیمان لە ناخی نەزۆکیدا چاند. بەڵێنی خانوویەکی درابوویێ لەو خانووانەی حکوومەت لە گوند دروستی کردبوو. کەچی دوای دەرکردنەکەی لە کۆمەڵەی هەرەوەزی لە گشت شتێک داماڵرا. سبەینێش بەیەکجاری ناوی دەسڕێتەوە و ئیتر نابێتە هاووڵاتی.

**شۆڕشمان لە کیس چوو و ئەویش ئێمەی لەدەست دا.**

تاسـەی بۆ تۆ هـێندەی دەریا و ئـاسـمـانە، بڕوا نـاکـات بـەتاسـەوەیـە بۆت. سـوێند دەخـوات تۆ دادەبەزیت بـەر لەوەی ئەو مـەهدییـەی خـەڵکی شـار باسـی دەکەن، دابەزێت. ژمارە (٢) و (٣)، هـاوسێن. نێوانیان تەنیا شـیوێکی وشک و برینگ و هەندێک ڕەشـەوڵاخـە. ئا لەوێ توانیم بیانبینم. هەرچی ژمارە (٢)ـە. سی عـەبدولقـادر کوڕی بـازرگانێک بوو. بەچاکی پیشـەکەی فێر بووبوو. ئەم عەقڵیەتە ڕێی لە هەستە نیشتیمانییەکەی نەگرتبوو. لێ پرسەکە خۆییە، کە ئەم دۆخـەی تێدا تەقـاندەوە و بەخۆت لە من باشـتری دەزانیت باوە مـەهدی. لە شەوی پەردەدا بەبەرچاویەوە لاقەی ژنەکەیان کـرد. ڕەتی کردەوە بیـخوازێت و پێـوەندیی بەجـەنگەڵەوە کـرد. شـێـوازی دەرەوەی ئەو کەشـاکەت دەداتێ، کـە خاکەڕا و نەدارە. دەستی بەسـەر موڵک و مـاڵی بابیدا گـرت، کە بەدەسـتییەوە بوون. براکانی لە مـیراتیان بێبـەری کـرد. وێڕای ئەوەش مکوڕە لەسـەر ئەوەی خۆی خۆی پێگەیاندووە. هەروەها جەخت دەکاتەوە:

**کورە برا بۆ درۆ لەگەڵ خۆماندا بکەین. میللەتەکەمان ڕقی لە سۆشیالیزمە. ماڵی وێران کردین. با کـەرتی تایبەت تاقی بکـەینـەوە. تاقە چارەسـەری گرفتە بێ دەرمـانەکـانمانە. نەخـۆیان چالاک دەبن، نـە دەشـهـێـڵن چالاک بین. چی دەخۆیت ئەوە دەخۆین. بەر نەفرەتی خوا بکەون.**

زووزوو سـەر لە پایتـەخت دەدات و هێندەی وردە بەردی سـەر ڕێگەکـان پێـوەنـدیی هەن. هەینێ پرسـیـاری تۆم لـێ کـرد، گـوتی تۆ برادەری بوویت، کـەچی.. بەبێـدەنگی و بەشـێـوەیەکی سـروشـتی چاو و لێـوەکانـی وە لەرزین کەوتن. پاشان خەنییەوە و بەقورسی کەوتە گاڵتەکردن:

– مـەهدی! لەگـەڵ پەروەردگاردا دژایەتییـەکی لەمـێژینـەیان لە نێـواندایە. یەکێکە لەوانـەی پەتای سـووریان هێنایە ئـەم وڵاتە بەپیـتـەوە. نیگەران مـەبە حوسێن. مەهدی خۆشەویستی من بوو.

وشـەکـانی دوایـی بەزۆر پەسـتـرابوونە نـاویەوە. ئەو نازانێت گـۆڕەکـەت لە کـوێیـە، وەلێ مـەزەندەی ئـەوە دەکـات، کــە جــەنگەڵ ئـێـسک و پرووسـکی خـواردبیت. دەڵێت، دەبێت ئەم وڵاتە لە درۆ و دەلەسـەی سۆشـیـالیزم ڕزگـاری

ببێت، تاکو بەبەهێزی ڕابێت و بەرەو پێش لۆقە بکات.

– ولاتمان پان و بەرینە و زەوییەکەی بەرپێژەوە، ئەگەر دەستی ڕاستەقینەی بەر بکەوێت.

خەڵکی شارۆچکە لاچەپەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دایکی خەشم و قینی لێ هەستاوە، چونکە پشتگوێی خستووە. کەچی دەڵێت بەرێککەوت لە گوندە. جار جار دێت بۆ بینینی دایکی، تاکو نزای خێری بۆ بکات. بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە ئەی کوڕی مەهدی محەمەد.

بزەخەنەیەکی زەرد ڕووخساری مەهدیی گرتەوە. بەهێوری سەری ڕاوەشاند. هەستم بەئازار کرد وەک کرمی گۆڕ لە چاوانییەوە دەخزێت، هەروەها بەشتی قورس وەک خەم لە گەروویدا شووشە ئاسا دەشکێن. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

– ژیان ئاوایە حوسێن. هەر کەسە و گەڕایەوە زێدی باب و باپیری خۆی.

– ببوورە باوە مەهدی. زیاتر باسی ئەو تۆمەتەم بۆ بکە، کە دایانە سەرتا. پێوەندیت بەو خانمەی جگە لە هاوارەکەی هیچت بیر نەماوە، چی بوو؟

– برا بۆچی کاتێک لە تۆمەتبارکردنی ئافرەتێکدا مایەپووچ دەبن، پەنا بۆ قسەی قۆڕ و وردەکاریی ئاکاری دەبەن؟ ئەو خاتوونە پیاوی هەبوو و مەرد و موجاهیدێکی گەورە بوو، ولات لەدەستی دا. وێڕای ئەوەش، دەبێت پیاو فێربێت چۆن بەرگەی زەبری کوشندە بگرێت و بەشڵەژانەوە کاردانەوەی نەبێت. دنیا گۆڕاوە. بڕوا بکە حوسێن، ئەگەر ئەم خاتوونە ڕابێت، لە ساتەکانی کلۆڵیدا تف دەکاتە چارەی. چاکم لە بیرە بەچاوی دەیخوارد و منیش نەکەوتمە نێوانیانەوە، تا خۆم لەو تۆمەتە دوور بخەمەوە، کە بەتەوێڵمیانەوە ناوە. مێردی ئەم ژنە تا بڵێی دڵی گەورە بوو، هەستی بەهەموو شتەکان دەکرد، وەلێ لەبەر بەرژەوەندیی گشتی بێدەنگی لێ کرد. ئەم دنیا سەگبابە زۆردارە. عەقڵیەتی بازرگانی تێدا ڕوواوە. ئەو بازرگانە شوانکارەیەی جگە لە بەرژەوەندیی بچووکی خۆی هیچ نابینێت.

– بەردەوام بم، یان هیلاک بوویت؟ خێری گەورە لە دواوەیە.

– نا، بەردەوام بە. ڕەنگە لە هەگبەدا ئەوە هەبێت، کە سەرخۆشت بکات و ئاوەزت لەدەست بدات.

– ئێ.. گەورەم ژمارە (٣). پەروەندەکە هەمە لاپەڕەیە. هەندێک جاریش زەحمەتە بەشێوەیەکی ورد ڕێک بخرێت. بڕێک لە تێبینی و کۆمێنتەکانم بۆ خۆم دەهێشتنەوە. دوور نییە بەلامەوە وابوو بێت، کە هێند بایەخیان بۆ تۆ نییە. ژمارە (٣) هەندێک ڕەشەولاخی لەڕولاوازی هەبوون. لەسەر هەوا و بەرد دەژیان. بەتەنێ لە دوورەپەرێزییەکەیدا دەگوزەرا. قسەی باش نەدەکرد. نیوەی زمانی لە زینداندا بڕابوو. زۆرم سوود لێ نەبینی. وەلێ لە هەندێک کەسەوە زانیم، لەودەمی ئەو لە بەندیخانەدا بووە و منداڵەکانی و ژنەکەی سووتێنراون، دنیا لە پێش چاوی بووەتە بارستاییەک لە خۆڵەمێش. لەو شارەوانییەی ڕۆژەڕێیەک لە ماڵەکەیەوە دوورە، دەڵێن پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردووە بەدەرکەوان دای مەزرێنن، کەچی ئەم ڕەتی کردووەتەوە. هەندێک لە فەرمانبەرەکان پێ لەسەر شێتێتییەکەی دادەگرن، کەچی من تێبینیی ئەوەم لێ نەکردووە. تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم، دەستی ڕاکێشام و بردمیە دۆڵە وشک و برینگەکەوە، کە لە عەبدولقادری جیا دەکاتەوە. ویستی قسان بکات، بەڵام نەیتوانی. تفێکی ڕۆکردە سەر زەوییەکە و لە قوڵپی گریانی دا. هەستم بەتووکی چەرمووی دەموچاوی کرد هەڵدەکرووزێن. پاشان پەنجەی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و شیوەکەی جێ هێشت و زاری هەڵنەهێنا.

– مەهدی تۆ لەگەڵمدایت.

– لەگەڵتام. بیر دەکەمەوە. قسە بکە و بۆ خوای جێهێڵە.

نازانم بۆ ژمارەم بۆ ئەلبوحەفسیی مامم دانەناوە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت پێکەوە بەهەژاری هەڵمان کردووە و دوور نییە وردەکارییەکانیم وەک تۆ زانیبێت. بەستەزمانە هاوینی ڕابردوو لە داخی بەدبەختی و ئێش و ئازار سەری نایەوە. لەو چاڵەی پێکەوە کۆی کردنەوە بەنەبوویی هاتە دەر.

بەخوای مەهدی تا ڕادەی مردن خۆشیدەویستی. بەپیاوی ناو پیاوانی ناو دەبردیت. وێڕای ئەو ڕۆژانەی دەردەسەری زۆری پێ دان، هەردەم شانازیی بەئازایەتی و هەڵاتنە مەردانەکەتەوە لە زینداندا دەکرد، کە بووە مایەی سەرسوڕمانی سەرسەختترین دوژمنت. بەڕۆژ بەزەوییەوە خەریک بوو، بەشەوانیش دەچووە سەر جۆگەکە. خۆشیی بەبەسالاچووانی گونددا دەهات. یاریی کاغەزێنی دەکرد. هەینێ لە گەمەکردندا سەرکەوتوو دەبوو، تەنیا بەسەری تۆ سوێندی دەخوارد:

**توو سەری خۆت مەهدی با پێنج بێت. لێی بگەڕێ با بتەقێت. بەسەری مەهدی نایخۆیت. پێنج و پازدە. گوریس دەهۆنمەوە. ئەمشەو شەوتە مەهدی.**

مەهدی چون لە ئەنجامی خەنجەر لێدان و برین دوا جار ماڵئاوایی لە ژیان بکات، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا.

– خوا لە گوناهت خۆشبێ ئەلبوحەفسیی برام. تۆ ئازیزی منیت. ئێمە پێشت کەوتین و ئەوەتانێ تۆش بەدواماندا دێیت.

پاشان کڕ بوو و هیچی نەگوت، چاوی لە لێوم بڕی.

– ئێ. ژمارە (٤) و ژمارە (٥). نەمتوانی بیانبینم. زیاتر پشتم بەقسەی خەڵکی و خزموخوێش بەست، ئەوانەی نانی سووتاو و ڕۆن و خوێ بەیەکی کۆکردنەوە. ژمارە (٤) سی قوێدرە. ڕۆشنبیرێکی مەزن نەبوو. وەلێ مەشخەڵێک بوو لە هۆش و تێگەیشتن. لە کارگەکانی فەڕەنسا کاری کردبوو، تا بووە کرێکارێکی لێهاتوو. لە ئاسنەڕێ ئیشی کرد، دواتر لە بەندەرەکان و پاشان لە بیناکردن و دوای ئەوەش خۆی گەیاندە مەرسیلیا. لەوێوە سواری یەکەم کەشتی بوو و گەڕایەوە ئەو نیشتمانەی گڕی دەگرت و ئازیزانیش یەک لە دوای یەک دەکەوتن، لەگەڵیشیاندا ئەستێرەکانیان، کە گەرمییان تەواو نەدەبوو، دەکشان. نیشتمان چووبووە خوێنی قوێدرەوە. ویستیان بەرەو بێ ئومێدیی ببەن، بەڵام نەیانتوانی. هەر بەسەندیکالیستێکی گەورە لە کارگەیەکی کەرتی تایبەتدا مایەوە. پێشنیازی ئەوەیان کرد وەکو هەر

دەرکەوانێک بیکەنە دەرکەوان، تا کات لە چاوەڕوانیدا بکوژێت. کاتژمێر لە دوای کاتژمێر بکرۆژێت و کاتژمێرەکانیش ئەوی لە یادەوەرییدا ماوە بخۆن. کەچی ئەمجارەشیان بەمەرامی خۆیان نەگەیشتن. ئەو زیانەی لە سۆنگەی مانگرتنەوە بەر کارگەکە کەوت، وای لە خودان کارگەکە کرد بەحیساباتی خۆیدا بچێتەوە. ئێستا لە شارۆچکە کەس هەواڵی نازانێت. وەلێ گشتیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، بەتۆمەتێکی نادیار خراوەتە بەندیخانەوە و براوەتە شارێک هێندەی خۆر دوورە. ئەو کرێکارانەشی پشتگیرییان لێ کردووە، دوورخرانەوە، یاخۆ بەکرێکاری تر گۆڕراون.

ژمارە (٥)، ئای لە ژمارە (٥). ئێستا لە دەرەوەی زەوی و کاتدا دەژێت. سی جیلالی. ئەو ڕاسپێررابوو سەرت ببڕێ و لە گۆڕیشت بنێت. ئەو بوو چاوانتی بەخۆڵ لێک نا. خەڵک لە دەموچاوە ساردوسڕەکەی و زمانگیرانەکەی، هەینێ دەیگرت چاوانی سوور دەبوونەوە. لە پاشماوەی بنەماڵەیەکی دەرەبەگە. لەگەڵ باوکیدا مشتومڕی بوو و ئەویش لە میرات بێبەری کرد. کاتێک چاوی لە یەکێک لە جەنگەڵە چڕەکاندا کردەوە، لە ملی هەموو ئەوانەی دا، کە ناخۆشی لەگەڵدا هەبوون. ئەودەمی سەربازگەکان و جەنگەڵی جێ هێشت و دابەزییە ناو شارەوە، یەکسەر بووە سەرکردە. ویستی سرووتی تایبەتی خۆی بژێت، لێ سەردەمی سەرکردەیی بەسەرچووبوو. چاخە قرتێکەوتووەکانی بیر کەوتەوە، دوو دڵۆپ فرمێسکی هاتنە خوار. پاشان چوو بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئیتر نەگەڕایەوە. پیاوچاکەکانی خۆش دەوێت و ڕقی لە کەواکبییە. نووکە چاوەڕوانی سەردەمی قڕ تێ کەوتووە.

ئەوانی لە نزیکەوە دەیناسن دەڵێن، بەوپەڕی ئارامییەوە چاوەڕوانە کەنگێ خۆر بگیرێت و زەمەن بگەڕێتە دواوە، تاکو جارێکی تر سەرت ببڕێتەوە و ئەمجاریش لە زمانتەوە دەست پێ بکات، ئینجا گەردنت. دیمەنی خوێن چێژێکی تیژی سێکسیی لای ئەو جێ دەهێڵێت، کەس نازانێت بنەماکەی لە کوێوەیە. مەهدی چاوانی لێک نان. بەرەو گەرماوەکە چوو. تفێکی ڕۆ کرد. گوێم لە دەنگی بوو، دواتر گەڕایەوە تا بەهێمنی دانیشێت. دەستێکی

بەڕیشـەکەیدا هێنا، کە لە ژێرەوە سـپی بووبوو، پاشـان بەگیرفـانە گەورەکـانی جلە سەربازییەکەی، دڵی، چاوە ماندووەکانی.

– بەر نەفرەتی خوا بکەوێت. بۆ گەورەکانی زەماوەنـدێک لە خوێنمـژان ساز دەکـات، تاکـو بـەسـەدان سـەدە وڵات بگەڕێنێـتـە دواوە. ئـەمـانە زوو گـۆڕان حوسێن، چونکە لە گەوهەردا وان. نەفرەتی شەهیدان بەدوایانەوەیە. قیـامەت لە ناخـیـاندا چـەکـەرە دەکـات و بەخـۆڵەمـێشـیـان دەکـات. ئەمـانە شـەهیـد لە گۆڕەکەی دەردێنن و بەبەرچاوییـەوە زینـا دەکەن. کـاتێکیش ئێسـقـانەکـانی لە ئـازاردا دەجـــووڵێنەوە، گـــوللـەی تووڕەیـی بـەســـەردا دەبارێـنن. بەردەوام بـە حوسێن. وا دیارە دنیـا زۆر لەوە قووڵتـرە، کە ئێـمـە وێنامـان دەکرد. زامـەکەش قووڵتر دەبێتەوە.

لە سـاتێکدا، هەسـتم بەکـەژاوەی تەرمـەکـان کـرد لە چاوە شـەکـەتەکانییـەوە شـۆڕ دەبـنەوە. ڕووخسـاری ئـافـرەتـە مـاندووەکـانی شـاریش لاکـێشـە دەبن و شـێـوەی سـەیر سـەیر وەردەگـرن. دۆخـی مـیـتـامـۆرفـۆس. بەقـژیان و بـەجلە خەڵتانی خوێن و ئارەقە و مردنەکانیان، با دەهۆننەوە.

– باوە مـەهدی ئەوانە دەیووسن. بڕوام پێ بکە گـەوادن. کـاری ئێـسـتـایان فرۆشتنی زێی ژنانی شەهیدانە بەچاک و بەخراپ.

مشـتی لە پرچی گیر کرد، کە ناگەهـان چون پارچە خورییـەک، ئاوا چەرموو بوو. ویستی بەیەکجار هەڵی بکێشێت. قسـەیەکی لە زار نەهاتە دەر. بەسەری ئاماژەی کرد بەردەوام بم. کاتێک باسی سـەرۆک شارەوانیم بۆ کرد، کە لووتی دەژەنێتە نێوان وردەکـاریی کـاغەز و واژۆکـانەوە، هـەسـتم بەمـەهدی کـرد بەم قسانەم وەڕس بوو. قژی سەرە سپییەکەی ڕەق ڕاوەستاوە و لە دڵیدا ئەستێرە و ڕووناکییە کزەکانی شار لەرز گرتوونی.

– بەڵا دەنێنەوە، هەرچـەندە ئەو یاسـایانەی سـروشـتی کـارەکـەیان دیار دەکـات زۆر ڕوون و ئاشکران. یان بەلای کـەمـەوە ئاوای دەبینم. خـۆ سـەرۆک شارەوانی پاشا نییە.

– هەینێ پشێوی چارەنووسی خەڵک دەستنیشان دەکات، یاسا هیچ بەهایەکی نامێنێت. تەنانەت شتە بەنرخەکانیش ڕۆشناییەکەیان لەدەست داوە. یاسا بێ کەسانێک، کە شەونخوونی بەدیارەوە بکەن و بیپارێزن، نرخی نامێنێت. بەپێچەوانەوە، لە دۆخی ناتەندروستدا یاسا دەبێتە کۆئەندامێکی دەماریی ئیفلیج بۆ هەموو دەستپێشکەرییەک.

نازانم چی کوڕەکەی خەزرای پوورمی بیر خستمەوە، کە لە شەو و ڕۆژێکدا لە جووتیارێکەوە بوو بەیەکێک لە پیاوانی شار. ددانەکانی لە زێڕ گرتبوون، پێڵاوێکی زلی لەپێ کردبوو لەگەڵ جلوبەرگێکی بێ ڕەنگی ترسناک. زۆر شت بەسەر ڕووخساری ئەو کوڕە لادێییە چاکەدا هاتبوو. چاوەکانی زیاد لە پێویست پیس بووبوون. یادەوەریی هەڵکەندرابوو، کەپوویشی پووکابووەوە، زمانیشی لە ناو گەروویدا نەمابوو. بەخۆی باش دەزانێت هێرشی کردە سەر شار، ڕەشەبا و هەژاری لە گیرفانیدان، سواری پشتی ئەسپە لەڕێک بووە. ئەمڕۆ وای لێ هاتووە لە ئۆتۆمۆبێلێک دابەزێت سواری یەکێکی دی دەبێت. بۆ حەشیشە و وێسکی نەبێت سەر لە گوند نادات، پاشان بەو ئۆتۆمۆبێلانەی ناپشکێنرێن و ژمارە ترسناکەکانیان گەورەترن لە مەودای چاوی پیاوانی گومرکی سنوور، بۆ شارە گەورەکان دەگەڕێتەوە.

هەستم بەپەیڤ و درەختەکان کرد لە ناخی مەهدیدا خۆیان دەکوژن. دەیویست قسەیەک بکات، هەستی کرد شتێک بەپێچەوانەی سرووتی باوی خۆیەوە ڕێ دەکات. سەری بەردایەوە. چاوی لە زەوییەکە بڕی. بەدوای شتێکدا وێڵ بوو، لە ناوەڕاستی ئەم ژوورە تژی لە هەڵچوونانەدا خەم دای گرتبوو.

لەپڕ ئەموستی هەڵبڕی و ڕاستەپێ لە شوێنەکەی هەستا.

– بێدەنگ بە. بووەستە. تۆ قسەی مەترسیدار دەکەیت.

لە چاوانیدا ڕوخساری کونجڕکونجڕی بەدمەستێکی پەنهانی بەدی کرد، لەسەر یەک ڕیتم دەهات و دەچوو و بەشێوەیەکی وا گەمژانە خۆی کردبووە

سەرخۆش، تەنانەت منداڵێکیش بڕوای پێ نەدەکرد. هەندێک شتی زەرد و سەوز و پرتەقاڵی، کە ئەستەمە دیار بکرێن، لە نێوان لێوەکانیدا تێکەڵ کردن و دواییش خستنیە سەر دەموچاوی. دەزانی حوسێن. گوتی؛ کوڕەکەی خەزرای پوورت ترسناکە. لە نێوان ئەو و سەرخۆشدا لێکچوونی بوومەلەرزە و کاولبوونە. بۆ ناشێت دەمانچەی بێدەنگی پێ بێت و هەناسەی شارە گەورەکە کپ بکات؟ بەهێمنی بدوێ. بەهێمنی. منداڵان نەفرەت لە باوکانیان دەکەن. باوکانیش لە منداڵەکانیان نارازین. شەقامەکان لە دۆخی شڵەژاندان، زەحمەتە بپێورێن. ڕووخسارەکان تێکەڵ بووون و خەریکە نارِوونی گشت دەوروبەر دەتەنێتەوە. ئەمە هێمای خۆرگیرانە حوسێن. دوای تۆزێک دەست دەکات بەهەڵلووشینی یەکە بەیەکەی خۆشەویستانی. ئەژدیهای حەوت سەر، کە لەودیو تاشەبەردی کەنارە ئارامەکەوە خۆی مەڵاس داوە، دەردەچێت و هەموو شتەکان هەڵدەلووشێت. حوسێن قسەکانت ڕێک بخە و بەهێمنی بدوێ. من گوێدێری دڵتم و بەر لەوەی بچرپێنی لێت دەگەم. دیوارەکانیش چاو و گوێیان هەن.

– بەڵێ. دڵم لەگەڵتدایە.

– ڕۆشنبیر هەبێت حەمیدۆیە.

ببوورە. تێبینییەکی بچووک. ژمارەیەکی تایبەتم بەتەنیشتییەوە نووسیوە، چونکە جیاوازە لەوانی پێشوو. براکەی لە ئامێزیدا شەهید بوو. نەفرەتی لە شۆڕش و ئەوانی تێیدان کرد. لە ڕێگەی یەکێک لە پایتەختە عەرەبییەکانەوە هەڵات و خۆی گەیاندە پاریس. خەونی گەورەی ئەوە بوو لەم وڵاتەدا ببێتە دادوەرێکی ناودار و سەرلەنوێ داوەریی سەرپاکی ئەوانە بکات، کە بوونە ئەگەری مەرگی براکەی.

دەڵێت: دادگایی هەموو ئەوانە دەکەم، کە ناچاریان کردم دەست لە خوێندن هەڵگرم.

تا ڕادەی پەرۆشی مامۆستا فەرەنسییەکانی خۆی خۆش دەوێت. چەندێک ناویان بێنێت ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە:

گەلی هەڵبژاردەی خوان.

مەزنیی لە چاو و خوێنیاندا دەسووڕێتەوە. ئەوان لە باڵاترین نەوەی مرۆڤن. مەزنترن لە ڕەگەزی ئاری، هەروەها چێژ لە بەراوردی جوانییەکەیان بەجوانیی چاوی کەنعانییەکان دەبینێت. ئەوانی ناسییان بەهەمان شێوە قسەیان لەسەر کرد. بووە خوای شارە گەورەکان. سەرجەم دادگەکانی وڵات لە ژێر فەرمانی ئەودان. لەبارەیەوە دەگێڕنەوە، هەینێ چاوی پڕ دەبێت لە خوێنی دەریای ناوەڕاست و ناڵەی زەریا، سواری یەکەمین فڕۆکە دەبێت بۆ پاریس، کۆتاییی هەفتە لەگەڵ دلبەرەکەیدا دەباتە سەر و سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەمە دەگەڕێتەوە.

هەندێک ئەوەیان لا یەکلا بووەتەوە، کە دادوەرە و بازرگانیی بەدۆلار و ئاڵتوون و کانزای بەنرخەوە دەکات. هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا سەر و ساختیان هەن دەڵێن؛ چەندین خانووی گەورەی لەسەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستدا هەن. گشت هاوینانێک سەر لە شارۆچکە دەدات. ڕۆژێک دوو ڕۆژ و دوای ئەوە بەرەو شارە دوورەکان دەفڕێت. نەفرەت لە هاوەڵە دێرینەکانی دەکات. هەر کاتێکیش باسی یەکێکیان کرا، دەشیرێنێت:

ئای خوا کە نەزانن. ئەوانە گونی خۆیان و گێزەر لێک ناکەنەوە.

تف لەو ڕۆژە دەکات، کە خستییە ئەم شارۆچکەیەوە و ئەو زەمەنەی وای لەم خاکە کرد فرمێسکەکانی منداڵی بخواتەوە. هیچ لە دنیا نەگەیشتن. هەر بەچاو داخراوەیی سەریان نایەوە و دەیانەوێت ئێمەش وەک ئەوان بین. نا. دنیا دیایە. گەردوونیش لە سووڕاندایە. وەرگرە وەردەگریت، ببەخشە دەبەخشیت.

C,est ca la logique de la vie. Laissez nous vivre en paix, merde

پاش ئەوە وەکو کۆنە تراکتۆر خامۆش دەبێتەوە و سوپاسی پەروەردگار دەکات بۆ ئەو تەمەنە درێژەی پێی ڕەوا بینیوە.

– بڕوام پێ بکە مەهدی، حەمیدۆ تێگەیشتووە. لە شارە گەورەکاندا زۆریان

جەختیان لەسەر ئەمە کردەوە.

– وام لێ هاتووە لە هیچ ناگەم. لە کاتی دەست بەتاڵیدا چاوی بەشۆڕشی بەردەوامدا دەخشاند.(٦)

– کەسوکاری دەبێژن خزمەتی گەورەی بەشارۆچکەکە پێشکێش کردووە. چەندین کەسی لەوانەی تێوەگلابوونە کاری حەشیشە و زێڕفرۆشتن و ئەو شتانەی یاسا قەدەغەی کردوون، بە بێ تاوان دەرکرد.

– تۆ وام دەتۆقێنیت چون ئەو هەموو خوێنەی ڕژا بەهیچە ڕۆیشتبێت. خۆرگیران تەواو مافی خۆیەتی ئەم کەلاوەیەی ناومان ناوە شار تەخت بکات. داخۆ دەچێتە ئاوەزەوە قورسایی ئەم یادەوەرییانە بەم ئاسانییە فڕێ بدەین؟ مافی خۆیەتی چۆنی دەوێت وا بژێت. مافی خۆیشییەتی ئەوانی لەگەڵیدا ژیان لە یاد بکات. وەلێ مافی ئەوەی نییە خوێنەکەیان بخواتەوە.

– تاقە کەس نییە بەم ئاوایە بیر دەکاتەوە.

– ئەوان ئەسپێل دەکوژن. ئەو سەردەمە بەسەرچوو، کە خوانێک کۆی دەکردینەوە. هەر کەس و ڕێی خۆی گرت. هەندێک لە ئێمە شەهیدبوون و ئێستا چاو بەمردنەکەیدا دەگێڕنەوە. ئەوانی تر لەبەر سێبەر مێروو ئاسا ئازار دەکێشن. هەندێکی تریشیان کات و ڕێگەیان کورت کردەوە و بوونە بازرگان، یاخۆ بەرپرسی بیرۆکراتی. ئەو جیهانەی من دەمناسی بووە دوو جیهان.

– ماشێنەکە مەهدی، تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت.

شتێکی وام نەگوت شایانی باسکردن بێت.

– بنواڕە حوسێن. هەندێک جار لە خۆم دەپرسم ئەگەر من شەهید نەبوومایا، چی ڕووی دەدا؟ ڕەنگە وەکو ئەوانی تر ڕووخسارم لەدەست بدایا و شار سیمامی ون بکردایا. لەم کاتەی وا گوێم بۆت ڕادێراوە، زۆر لە خۆم دەکەم

(٦) شۆڕشی بەردەوام: لەوە دەکات مەبەستی کتێبی (شۆڕشی بەردەوام)ی لیۆن ترۆتسکی بێت. (و)

له شەهیدبوونم ژیوان نەبمەوە. هەست بەلەخوتوخۆڕایی ڕۆیشتن دەکەم، چونکە ئەو شتەی ڕازی بووم لەپێناویدا زیندەبەچاڵ بکرێم، وردەکارییە خراپەکان شاردیانەوە. بۆی بەتاسەوەین، خەریکە بەپێچەوانەی ڕێ دەکەین. ئەمە ڕێگەی شەهیدان نییە حوسێن. هەندێک جاریش سوپاسی خوا دەکەم، کە مەرگم هەڵبژارد نەکو وەک گیای وشکەوەبوو بخورێم. وێڕای گشت ئەمانە بەردەوام ئەوە ڕەت دەکەینەوە، مقاشی نەخۆشخانەی جوانکاری بەسەر لووت و زمان و مێشک و چاوماندا تێپەڕێت. ڕەنگە ناتەواوییەکمان کردبێت و بووبێتە سۆنگەی بوونی ئەم نەخۆشخانەیە و ئەم دۆخە خراپە. بەرپرسیارێتییەکی گەورەمان لە فراوانکردنەوەی دەلاقەی هەڵەکان لە ئەستۆدایە. حوسێن لەسەرمانە بەوردی چاو بەهەموو شتەکانی دەوروبەردا بخشێنینەوە.

– هەست بەئەستەمیی ڕاستکردنەوە دەکەم. ئەگەر ئەم خوێنە بەبادا ڕۆیشتبێت، ئەوا دوای چەند ساڵێکی کەم پاساوێک بۆ ناوهێنانتان نابینینەوە مەهدی.

لەو کاتەدا کارەبای شار کوژایەوە. ڕووخساری کابرای دەموچاو کونجڕ دیار نەما. بەلامەوە شتێکی سەیر نەبوو. متەقم نەکرد. لەو دەمی بەباشی لە شار گەیشتم، هۆگری ئەم خووە بووم. لێ نیشانەی سەرسوڕمان بەسەر سەری مەهدییەوە، کە هێشتا لە دۆخی هەژاندا بوو، نیشتەوە.

– ڕووناکییەکە نەما حوسێن.

– گەورەم، دەگەڕێتەوە. هەر بەتێپەڕبوونی ئۆتۆمۆبێلی بەرپرسێک، کە لە شتی کتوپڕی ناو کۆڵانەکان دەترسن، دەگەڕێتەوە.

بەر لەوەی ڕستەکەم تەواو بکەم، دەوروبەری شار، پاشان گشت شار سەرلەنوێ ڕووناک بووەوە. کابرای سەرخۆشیش گەڕایەوە و چاوی لە بان تەلارەکە بڕی.

– سەرخۆشەکە یەکێک لەو هەزاران کەسەیە، کە شار ویژدانیانی هاڕیوە.

– بەخوا کوڕم حوسێن توانای بیرکردنەوەم نییە. بەتەواوی دەستەوستانم.

گەلێک شەکەت و ماندووم. بەنوێیی فێر دەبم. ژیان ڕۆژانە فێری شتی نوێمان دەکــات. دەمــەوێت پشــوو بدەم. لەم وێرانەیەدا تەنانەت کــەمــێکیش بێت بحەسێمەوە. حوسێن تۆ بەخۆت لە هەموو کەس زیاتر لە دۆخی من دەگەیت.

– منیش تا ســەر ئێــســقــان مــاندووم. بەدرێژاییی دابڕانم لە تۆ نەحەساومەتەوە. دەمەوێت چاو بەگشت شتەکانی دەوروبەرماندا بخشێنمەوە. ڕەنگە سبەی ساسافندا بێ. بەلای کەمەوە یەک دوو ڕۆژێکی بۆ تەرخان دەبم و هەوڵ دەدەم ئەو تێکست و ئەرشیفەی پێمن تەواو بکەم. ئومێدەوارم لێم نەڕەنجابێت. هەرچۆنێک بێت دڵی باشە. ئەگەر پێویستم پێی هەبێت بێگومان یارمەتیم دەدات، هەرچەندە ئەو لە یەکەمین ساتەوە نەیهێشت بچمە ئەو دۆخەوە. ئەم پرسە هێند گرینگ نییە. دوایی لەبارەیەوە قسان دەکەین. سبەی ئەو دەرفەتەمان هەیە گشت شتە نەرێنییەکان ڕایی بکەین. لەگەڵ گەشتەوەرە بیانییەکاندا سەردانی نەخۆشخانەی جوانکاری دەکەین. بەناو ئەم پەرجووە ڕۆژئاواییەدا دەسووڕێینەوە، کە دەستپێک خەڵک لە دژی کردنەوەی خۆپیشاندانیان کرد و دواییش، دەمبەستیان لە دەم کردن و بێدەنگ بوون.

ژیان وایە مەهدیی کوڕی محەمەد. هەروەک چۆن هەموو کات وات دەگوت. دەبێت لە تاسەکردن بۆیەوە فێربین.

– سی حوسێن شەوت شاد.

– شەوت شاد باوە مەهدی.

پاشان هەستا و لە نێوان وردەکاریی شتەکاندا ون بوو. ڕووخساری لە چوارچێوەکەدا دەدرەوشایەوە. وێڕای ئەو هەموو شەکەتییە ئینجاش زۆر بەزەحمەت نووستم. بیرم دێت لە ڕووخساری دایکم، کە لە شەقامی شارۆچکە دوورەکەدا هاواری دەکرد، چاوم لێک نا. ناوی ئەو شەقامەیان نا، شەقامی مەهدیی کوڕی محەمەد. شەقامی مەهدیی کوڕی محەمەد. ئەسرینەکانی دەسڕین، کە لەو چاوانەدا قەتیس مابوون، هەینێ جەنگەڵەکە ئێسک و پرووسکی مەهدیی شاردنەوە، سپی هەڵگەڕان.

## وردەکاریی ڕۆژانە

وام بەمێشکدا هات هەنگاوێلێک بەزەحمەت خۆیان بەسەر پلیکانە دارینەکەدا بەکێش دەکەن. لێ مەینەتییەکانی مەریەم تەنیا ئەوەندە بواریان دام لە هێڵەکانی ڕووخسارە شەکەتەکەی ڕابمێنم. ئیتر بەرگەی پیواری (غیاب) ئەو ناگرم. هەینێ دەمەوێت لە دەستی بۆ لای ڕابکەم، خۆم لە نێوان مەشخەڵ و شمشێر، دەزگا و چەکووشدا دەبینمەوە.

مەریەم.. مەریەم.. ئۆف حوسێن دیسانەوە گەڕایتەوە سەر وڕێنەکانت؟. ئەم شارە بەردینانە لە شێتی زیاتر هیچیان فێر نەکردیت. بۆچی مەریەم چاو و دڵی داگیر کردوویت؟ لە ساتی فەرامۆشیی منداڵانەدا دەتکاتە پیاوێک بەمەودای پەنجەیەک لە نێوان خۆی و هەرزەکاریدا، وڕێنە بکات. کەمێک زیاتر برا.

نا حوسێن، بەهەڵەدا مەچۆ. تۆ وڕێنە ناکەیت. ئەمە ئەو مەرەکەبەیە، کە پێی دەنووسیت، ئەمەش دڵتە. ئەمەش گۆشتت و پێستەکەتە. حوسێن هەست بەچی دەکەیت بنووسە، ڕەنگە سبەی لە کاتێکی وەک ئەم بەیانییە ساردەدا، خەڵکانێک بێن زۆریان پێکەنین بەقسەکانتدا بێت. دوور نییە یەکیان پێت بڵێت ئەگەر ستالین بوویتایا، ئەوا فەرمانم دەدا تەنیا دوو دانە لە کارەکانت چاپ بکەن، دانەیەک بۆ خۆت و ئەوی تریش بۆ سەر گۆڕەکەی مەریەم. بەڵام حوسێن گیان، ئەوان لە ساتی تووڕەیی و نسکۆدا بەدۆڕاوی دەگەڕێنەوە و کڵاوەکانیان لە سەریان دادەکەنن و ڕاستگۆیییەکەت ڕادەمووسن.

بنووسە حوسێن. چی بەمێشکتدا دێت بنووسە. ڕەنگە سبەی ئەم هەلەت بۆ نەیەتە پێش و کەسێک بێت لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەرئەوەی قسەی جوان دەنووسیت، تیرۆرت بکات. بنووسە و ئەوی تر بۆ ئەوانی تر جێهێڵە. قسەی

خۆت بکە و بڕۆ. بەر لەوەی خۆرگیران بەرچاوی شار بگرێت.

ڕاستییەکەی ئەمڕۆ ڕۆژێکی خراپ نەبوو. یان هیچ نەبێت بەو شێوەیە دەستی پێ نەکرد. من بەپێچەوانەی خدێی خۆمەوە، وێڕای چاو قورسی و ئەو شەکەتییەی لە پەلوپۆی خستبووم و جومگەکانی تێک شکاندبووم، زوو لە خەو هەستام. کەچی ئینجاش، شتێک بەلامەوە زەحمەتە شرۆڤەی بکەم، لە ناو دڵەوە دەمسووتێنێ. شتێک لە دومەڵێکی پیس دەچێت. گشت شتە ڕۆژانەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوە دەچوون. ژیان. دەزگاکان. کەش و هەوا. تەلەفزیۆن، کە زوو کرایەوە. ئێستگە. ئا، ئەم بەیانییە ئێزگە هەواڵێکی خوێندەوە زۆری ترساندم، چونکە بڕوام نەدەکرد دوور نییە خۆرگیران خۆی بەچاوی منداڵانیش بگەیەنێت. گوێ بۆ هەواڵەکە ڕادێرن. بەپەلە وەرم گرت، چونکە زیرەکییەکی زۆری تێدایە. ئەم ڕۆژانە ئەم شتانەی، ئاسایی دیارن کەچی ئاساییش نین، دەمورووژێنن:

**"حکوومەت دەڵێت؛ ترسی ئەوەی هەیە ملیۆنان کەس لەوانەی کەم زانیارین، لە ئەنجامی بێ چاویلکە تەماشاکردنیان بۆ خۆرگیرانی گشتی، کە مەزەندە دەکرێت لەم ڕۆژانەدا ڕوو بدات، تووشی کوێری بێن. هەروەها یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی گوتی؛ ملیۆنان هاوولاتی دەکارن خۆرگیران لە سەرووی ناوەندی ولات و دەوروبەریدا ببینن و کەسیش ناتوانێت ماوەکەی دیار بکات، وەلێ زۆریانی ئاگەدار کردەوە، لە ناویشیاندا شەش ملیۆن منداڵ، کە ڕەنگە هەوڵ بدەن بێ چاویلکە تەماشا بکەن. هەروەها ئەوەشی گوت: زۆرێک لەو هاوولاتییانە کەمێک خوێندەوارن، لەوەیە تەنیا بەچاوی ڕووتەوە چاودێریی خۆرگیرانەکە بکەن. شەش ملیۆن منداڵ لە دەڤەرەکەدا هەن، ئەوانی سەیری خۆرگیرانەکە دەکەن زیاتر زیانیان بەر دەکەوێت. وەزارەتی تەندروستی نەخشەی داناوە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە گوندەکاندا، لەوەیشی وریا کردنەوە کوێریی بەردەوام دوور نییە لە چاودێریکردنی خۆرەوە لە کاتی گیراندا ڕوو بدات. وەزیری تەندروستی ئەوەشی گوت؛ لەسەرمانە ئەوەش ڕوون بکەینەوە، تەماشاکردنی خۆر تەنانەت**

له کاتی **گیرانیشدا هەر تووشی کوێریت دەکا. ئەم خۆرگیرانەش ڕووبەرێکی فراوان لە ناوەندی وڵات و دەوروبەریدا دەگرێتەوە. ئەو گرفتەی تا ئێستا بەردەوامە ئەوەیە زۆربەی وەرزێران چاویلکەی دژ بەخۆریان نییە و ڕەنگە بیانەوێت شوێنی خۆرگیران بکەون. هەرچەندە ئەم دیاردە دەگمەنە، لەلایەن کۆمەڵە میللییەکانی وڵاتەوە بەنوقڵانەیەکی خراپ دادەنرێت".**

حکوومەت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، بەم زووانە کار بۆ دابەشکردنی چاویلکەی تایبەت بەخۆرگیران دەکات، هەروەها داوای لە خەڵکەکە کرد بێدەنگی و هێمنی بپارێزن، تاکو خۆرگیرانەکە تەواو دەبێ و سەنگەرەکان و یاسا عورفییەکان لە شەقامەکاندا هەڵدەگیرێن.

خەڵکی بەکەمتەرخەمییەکی زۆرەوە چاوەڕێی دۆخەکەیان دەکرد. تەنانەت زانایانی کەشناسییش مایەپووچ بوون لە دیارکردنی ڕۆژی خۆرگیرانەکە و ماوەکەی، لێ باش دەیانزانی ڕۆژ هەر ئاوا دەبێت. کاتێکیش خۆر تێ دەقووچێنێ تاریکی جێی دەگرێتەوە. ئەوانەی ئەم دیاردەیە بەنوقڵانەیەکی خراپ دادەنێن، دەزانن لەگەڵ تاریکیدا پیاوکوژ و تاوانکاران و ئەوانەی خەریکی ئاڵوویرن و دۆلار دەگۆڕنەوە، لەگەڵ ئەوانەی فەرمان دەدەن، زۆر دەبن. ئیتر شەقام و سەر شۆستە تاریک و نووتەکەکان پڕ دەبن لەوانەی بەدەست برسێتی و تینوێتییەوە دەناڵێنن. کەس نازانێت کەی دەبێت. وەلێ گشت ئەو بەڵگانەی گەمارۆی شاریان داوە ئەوە دەسەلمێنن، کە خۆرگیرانێکی درێژ ماوە چاوی منداڵان و شارەکە بۆ ماوەیەکی نادیار دادەخات، ڕەنگە ماوەکە کورت بێت، دووریش نییە درێژ بێت. بمبەخشن. من هەندێک جار تەنیا بەنووسینی پێوەندار بەمەهدییەوە واز ناهێنم. بێ ئەوەی هەست بکەم دەچمە ناو وردەکاریی زۆرەوە، هەست بەپێویستیی دەکەم، نەک لە پێناوی ئەوەی ڕیپۆرتاژەکە بەزۆری لاپەڕە و کاغەزە زیادەکانی ئینتەلا بکات. هەنگاوەکانی سەر پلیکانەکە نزیکتر دەبنەوە.

ناگەهان دەرکەکە بێ ئەوەی لێی بدرێت، کرایەوە. هاتە ژوورەوە. لە کەلێنەکەوە ڕووخسارە ساردوسڕەکەی، کە چاوەڕوانی بووم، گەشایەوە.

سـیمـای دڵگیری مـەریەمم بیـر هاتەوە، کـە هـەرچەندێک تەمـاشـای دەکـردم، پیرۆزی و پەیامبـەری لە چاوانمدا زیادی دەکـرد. بۆ ئەوەی بەکەمتـەرخـەم لە ئاسـتیدا تۆمـەتبارم نەکات، پێنووسـەکەم لەسەر تـەپڵەکەکە جێ هێشت. لەو دەمـەوە لە بەرپرسیـارێتییـەکەی لە یەکێتیی ئافرەتاندا بەرز بووەتەوە، وام لێ هاتووە لێی ناگەم. هەموو شتەکان بەلایە خراپەکەیدا لێک دەداتەوە.

– حوسێن تۆ وات لێ هاتووە لێم ناگەیت.

قسـەیەک بوو مێشکمی پێ پڕ کرابوو، تا وام لێ هـات بەبیسـتنی دڵم تێک دەچوو. بەم دوادواییە بەدرێغیکردن لە بەرابەریدا وەکو ئافرەتێک، تۆمەتباری دەکردم. دەیگوت؛ ناکرێت پشت بەئێـوەی پیـاوان ببـەسـترێت، کـاتێک خـۆت دەخـەیتـە بەردەسـتیـان وەکو توێکڵی زەردی لیـمـۆ فڕێت دەدەن و فـەرامـۆشت دەکەن. هـەینێ قـایل دەبێت دنیـای لەبـەر پێدا دەسـووتێن. بۆ ڕاسـتی دەڵێم، زۆر بەلامەوە گرینگ نییە. لێ هەندێک جار لە بەرابەریدا هەست بەلێپرسینەوە و شـتێکی پەنـهـان وەکـو چاوەکانی دەکـەم. هیچ شـتێک لە ناوجـەرگـەی ئەم ئاسیاوەدا سەرکەوتوو نابێت. پیاو ڕۆژانە هەست بەشتەکان دەکات لە ناخیدا هەرەس دێن. ئاسـیـاویش هەرگـیـز بەزەیی نـایەتـەوە. هەردەم دەهـاڕێت. ترشەکان لە گەدە و ڕیخۆڵەکاندا زیاد دەکەن و زامەکانیش پتر.

ناسـیـاوەکـانی سـاسـافندا لـە شـارە دوورەکـەدا زۆرن، زۆرن بـەڵام من ئاشنایان نیم. ئێستـا لە نـاوەندە پیشـەییـەکەیدا کەسـم پێ ناناسـێنێت. دوا جـار بوو یەکیـانم لای بینیـیەوە. گـوتی لە پایتـەخت کـار دەکات و پێـوەندیی بەرفراوانی لە شارەوانیدا هەیە و بەنیـازە بۆ گۆڕینی ناوەکەی لە ساسافنداوە بۆ شـەهرەزاد یـارمـەتی بدات. دەڵێت؛ ناوی دووەم ڕەسـەنایەتیـیـەکی بێ سنووری تێدایە. وێڕای گـشت ئەم تێـبینیـیـانە، هەمـوو کـات دەڵێم لەوەیە کەمتەرخەمییەکە لە منەوە بێت. بەردەوام سەرزەنشتی خۆم دەکەم:

بجـووڵێ حـوسێن، خـۆت کـەم ئەقڵ مـەکـە. سـاسـافندا خـۆشـی دەوێیت. شـەکەتیت و بەشێوەیەکی باش بیر ناکەیتەوە. بەر لەوەی لە دەستت دەرچێت بێرەوە خـۆت. پێش ئـەوەی مـێخت بکێشن و بگـەڕێیتـەوە سـەر تەنیـاییـیـە

کوشندەکەت. چونکە نەخۆش جگە لە خۆی هەمــوو ئەوانی تر بەلەشساغ دەزانێت، ئەگەر لەویش لاتتر بن. من هەندێک جار کە بیر دەکەمەوە ئەم شتانەم بەسەردا دێن. ساسافندا زەحمەتیی ڕێگە لە پایتەختەوە لەپێناو مندا دەکێشێت. کلۆڵییە ئەگەر ئەو لەبەر دەرکە بێت و منیش خۆم بەنووسینەوە سەرقاڵ بکەم. هەست بەگشت ئەمانە دەکەم، وەلێ بمبەخشن ئەگەر پێتان بڵێم جار جار لە خۆم دەپرسم بۆ خۆم لەگەڵ ئەمەدا تووش کرد. بۆ خۆمان لەگەڵ یەکتریدا تووش کرد، ڕەنگە ئەو بۆشاییەی مەریەم خولقاندی هۆکارەکەی بێت. دووریش نییە چۆڵ و هۆڵیی شار بێت. لەوەیە ئەوی یەکەمیان بێت. هەتیوە و لە ئامێزی بەدبەختی و کوێرەوەریدایە. خەم و خەفەت زوو منداڵییەکەی لە بیر بردەوە. ئەم مێشکە تێکچڕژاوە ئازارم دەدات. هەندێک جار ئاوات دەخوازم بەدیاری پێشکێشی نەخۆشخانەی جوانکاری بکەم، بنجبڕی بکەم و یەکجا ڕزگارم بێت لێی. بۆ نموونە لە ئەمەریکادا، گەیشتنە برینەوەی زیاد لە پەنجا ئەندامی مرۆڤ و گۆڕینیان بەئەندامی دەستکرد. پسپۆڕان پێشبینیی ئەوە دەکەن ژمارەی ئەو ئەندامە ڕیشەکێشکراوانەی قابیلی گۆڕانن لەو ژمارەیەی پێشوو تێپەڕێنێت. وەکو هەندێک لە هاوکارە ڕۆژنامەوانەکانم و ئەوانەی لە چایخانە پێکەوە دادەنیشین، دەگێڕنەوە نەخۆشخانەی جوانکارییەکە هەموو ئەم شارەزاییە جیهانییەی لە خۆ گرتووە و بەم نزیکانە دەگاتە ئەوپەڕی پێشکەوتن، کۆتاییی ساڵیش مەزنترین کاری نەشتەرگەریی لەو جۆرە ئەنجام دەدات:

چاندنی تۆڕی تەواوی دەمارەکان لە تاقیگە نۆشدارییەکاندا ئامادە کراوە. هەروەها دەگێڕنەوە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان شارەزاییی خۆیان خستووەتە ڕاژەی نەخۆشخانەکەوە، وێڕای ئەو ڕێکخراوە خێرخوازانەی ئێرە و ئەوێ. ئێستا بەڕێککەوت باسی ئەو شتەم بۆ کردن، کە ماندووی کردووم و هەست بەپێوەندییەکی مەترسیدار دەکەم لە نێوان ئەو و زیندەبەچاڵکردنی مەهدیی کوڕی محەمەد.

– سەرت هەڵبڕە ئەزبەنی. ئێمە لێرەین.

– ساسافندا بەخێربێی.

– شەهرەزاد بەیارمەتیت.

– تەواو. شەهرەزاد. ساسافندا، سی ساڵ بەبادا چوو.

– بارەقە هەر فەرمووومان لێ بکە.

– ماڵی خۆتە ساسا... شەهرەزاد. خۆت چۆنیت و خەڵکەکە چۆنن؟

– لە تۆ باشترم.

بیرم چوو ماچی بکەم. لە شوێنی خۆم هەستام. هەستم بەساردیی لێوەکانم کرد. چاوەکانی بچووک و زەق بووبوونەوە. شتێکی پەنهانیان تێدا دەبریسکایەوە. ماچەکە ساردوسڕ بوو. خوا گەورەی هەمووومانە کیژە منداڵەکە. ناکرێت گڕ لە شتێک بەربدەین توانای سووتانی لەدەست دابێت. بەپێداگرتنی لەسەر دەزگای ژن و مێردایەتی، بەهای خۆی وەکو ئافرەت لەدەست دا. ڕەنگە دۆخێک بێت لە شێتی. ئەو دۆخەی هەینێ ڕووبەڕووی مەریەم دەبوومەوە، هەستم پێ دەکرد، لەدەست دا. بڕوام پێ بکەن مەریەم بێ ئەوەی قسان بکات، من لێی دەترسام. دۆخێک زەحمەت بوو وردەکارییەکانی دیار بکرێن، لە ناخەوە دەیجووڵاندم. هەست بەسووتان دەکەم. گشت شتەکانی ناوی مووچوڕکیان بەگیانمدا دەهێنا. هەینێ بۆ یەکەمین جار وەکو تیشک لە کەلێنێکەوە وێستابوو ویستم ماچی بکەم، خۆم نەگرت. لە نێوان لێوەکانیدا گڕم گرت. ئەو ئێوارە گەرمە تابلێی دڵگیر بوو.. لێم ڕاما. منیش وا سەرنجم دایێ خەریک بوو بەیەکجار بیخۆم. شەو، ئەو دەمی بەتاسەوە بەدووی خۆماندا دەگەڕاین، باسی بێ توانایی خۆم لە ماچکردنی لە جاری پێشوودا بۆ کرد. پێم گوت خەونم بەماچێکییەوە دەبینی، لێ لە چاوەکانی و لە جلە ڕەشەکانی، کە ترسیان لە دڵدا دەڕواندم، دەتۆقیم. کاتێکیش قاقا پێدەکەنی، بووینە جووتێک چۆلەکەی هۆگری یەکتری.

ماچ، ساسافندا بوو هەستی بەساردوسڕییەکەی دەکرد. گڕکان ئاسا هەڵدەچوو. شتەکانی ناخی وەک بەرد کڵپەیان سەند.

ساسافندا لە شەکەتیدا لەسەر کورسییەکە کەوت. سەری هەڵبڕی. چوارچێوەی سەر دیوارەکەی لە قەبارەی خۆی گەورەتر هاتە بەرچاو. وەڕسیی تەواو بەڕووخسارییەوە دیار بوو. شتی ترسێنەر لە چاوانیدا سەمایان دەکرد. ڕۆژنامەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا. کردیەوە.

– ئێ. هەر لە ناونیشانەکەیدا دیارە گۆشەیەکی زیندووە. **لەگەڵمدا وەرە** باشترە لە **شتێک لە ئەرشیفەوە**. نازانم بۆ جەزایری هێندە شەیدای گۆڕە؟

– کچێ ساسا... ببوورە. شەهرەزاد. هەر کەس و گۆرانی بۆ حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەچڕێت. ئەو چێژەی لەگەڵ مردوواندا دەیبینمەوە، لەگەڵ زیندوواندا نایبینمەوە.

– شەوئاهەنگێکی خۆشە حوسێن. لەگەڵمدا دێیت؟

لە شێوەی قسەکردنیدا هەستم بەجۆرە دۆستایەتییەکی درۆینە کرد.

– ئەگەر بزانی چی تێدایە شێت دەبیت. جین مانسۆن، سوهێر زەکی، عەبدولوەهاب دەکالی، عەماری دیالنا و دالیداش بەعەرەبی گۆرانی دەڵێت. دالیدام خۆش دەوێت، چونکە ئاوی ئەسکەندەرییەی بیر نەچووەتەوە. هەروەها ئێوارەخوانێکی نایاب. شتی وات بەدڵ نییە؟

ئەم شتانەی لە چاوانیدا دەڕوێن ماندووم دەکەن. دەزانی خەریکە بەگۆشەی لەگەڵمدا وەرە ناو دەردەکات. لە پایتەختەوە هاتووە و مێشکی پڕە لە ئاوازەکانی دنیا. لە سەرەتادا هەستم پێ کرد لە ناونیشانی ئەو گۆشەیە زیاتر سەرودڵی دەگرتم، کە یادەوەرییەکانی شەهیدانی بۆ شەوئاهەنگ و کەرنەڤاڵی یەک لە دوای یەک گۆڕی، کە تەنانەت بواری بیرکردنەوەشت نادەن. گۆشەکە بەشێک بوو لە وردەکاریی ژیانی ڕۆژانەم. وا دیارە جیهان لەسەر سەر و دەستەکانی دەڕوات. هەندێک جاریش چون مار، لەسەر سکی بەزەحمەت دەخشێت.

– ئینجاش ئەم گۆشەیەت بەدڵ بوو.

– برادەر جیهان لە گۆڕاندایە. لە شوێن خۆیدا نەچەقیوە. دەبێت هاوشانی

برِۆین، ئەگینا خۆمان بکوژین چاکترە.

– بەسووتاندنی یادەوەریمان هاوشانی دەڕۆین.

– حوسێن تۆ گەمە بەئاگر دەکەیت.

– لە پایتەختەوە هاتووی تا ئەم قسەیەم پێ بڵێیت؟

– دڵم بۆت ژان دەکات دەتبینم لە بۆشاییدا ئازار دەکێشیت. تۆش وەکو ئەو خەڵکە بە. ئەوان لە تۆ گەورەترن. بچۆ ئامێرەکەوە. تەنیا جارێک لەم دنیایەدا دەژین.

– تۆ بەپەلە دەگۆڕێیت، زەحمەتە بتوانم هەنگاو بەهەنگاو بەدواتەوە بم.

– تۆش سووریت لەسەر خاوی و مردنی لەسەرخۆ.

– ساسافندا تۆ بەزمانێکی ترسناک دەدوێیت.

– شەهرەزاد بەیارمەتیت.

– گوو بەشەهرەزاد. جگە لە ئاژەڵێک تەنیا پیشەی قسەکردن بێت چی تر نییە. بەدرۆی زل ئەستۆی لە سەربڕین قوتار کرد.

– حوسێن، ئەگەر بوونم لێرەدا وەڕست دەکات، ئەوا هەر ئێستا لێرە ون دەبم.

– نا. نا. وام نەگوت. لێ وا دیارە تۆ لە پایتەخت شیرێک دەخۆیتەوە جودایە لەوەی من دەیخۆمەوە.

– تۆ لێت نەپرسیم چی دەخۆمەوە.

– قاوە. ببوورە.

– نا. کۆکاکۆلا گەلێک خۆشترە.

وێڕای ئێش و ئازار خەنیمەوە.

– بەلای تۆوە گرینگ نییە. شاری پڕ کردووە. ئەمەریکاییەکی ڕەسەنە. چۆن دەتوانێت بەڕووی ماریکاند[٧] بووەستێتەوە؟ خوا ماریکان سەربخا،

---

(٧) ماریکان: مەبەست لە ئەمەریکایە. (و)

دۆستی عەرەب و ستەملێکراوانە.

تەنانەت بەتاقە وشەیەکیش بەرسڤی نەدایەوە. چوومە ژێرزەمینەکە و دوو بوتڵ کۆکاکۆلام بۆ هێنا، بەهێمنی و بەتامەوە بەقامیشی مژین دەیخواردەوە و پەڕەکانی پەروەندەکەی سەر چۆکی هەڵدەدایەوە. خۆی پێ نەگیرا و لەپڕمەی پێکەنینی دا.

– وابزانم تۆ لە من زیاتر حەز بەتەنیایی دەکەیت.

– من ماندووم. ئەم شارە بەدەستەمۆییە دروستکراوەکەی دەمکوژێت.

– ئومێدەوارم سەردانەکەم بێزاری نەکردبیت.

– گەڕاینەوە سەر قەوانە کۆنەکە. بێ مێشک مەبە شەهرەزاد. ساسافندا. تۆ هیلاکی و منیش ماندوو. با لە دەمەقاڵەی پووچ و قۆڕ دوور بکەوینەوە. بەرنامەیەکم داڕێژاوە وابزانم لە شەوئاهەنگەکەت پێ چاکترە. هەینێ تەنیا بووم دامرشت. دوای ئەوەی لە سەرێشەکانی تەلەفزیۆن وەڕس بووم.

– من چۆن بیر لە تۆ دەکەمەوە تۆش هەر وا حوسێن.

ژنێکی سەیرە. هەست بەشتێک دەکات و وام لێ دەکات قەناعەت بەوە بێنم مەبەستم ئەو بووە.

– پاش نەختێکی تر دەچم بۆ گەرماوە میللییەکە، دواتر پێکەوە بۆ باخچە گەورەکە دەچین. لە ئەورووپاوە ئاژەڵی تازەیان بۆ هێناوە، پاشان دەچینە ناو کارە بەجێ و باشەکانی شارەوە:

نەخۆشخانەی جوانکارییەکە. دەڵێن چوونە ژوورەوە تەنیا بۆ گەشتیار و ئەوانەن، کە دەزگا فەرمییەکان دەیاننێرن. خۆم بۆ ئەو فەرمانە ئامادە کرد، کە لەلایەن ئەو ڕۆژنامەیەی کارم تێدا دەکرد، پێم سپێررابوو.

– واتە ساختەکاریت تێدا کرد.

– تەنیا کەمێک.Pour la bonne cause

دەڵێن پرۆژەی نەخۆشخانەکان بەسەر هەموو شار و گوندەکاندا دەگشتێنرێت. تەواوی ئەو زیادە گۆشتانەی سیمای کەسەکان دەشێوێنن،

دەبڕن. لووت و زمان. مێشک دەگۆڕن، چاو گەورە دەکەنەوە تا بەشێوەیەکی وردتر و فراوانتر ببینێت. هەروەها گوێیەکان و ئەندامەکانی تر بەپێی خواستی کەسەکە.

– ئەگەر پێت خۆشە دەڕۆین. وەلێ ئەمجاریان من لە پایتەختەوە هاتووم، تاکو لەگەڵ خۆمتدا ببەم. لەم وردەکارییانەش دوور بکەوە، تۆ پێویستت بەم شتانە نییە.

– ساسافندا دەبێت بزانین چی لەم شارەماندا ڕوو دەدات. ئەوی من هەستی پێ دەکەم، ئاوەز تێک دەدات. پێم گوتی من ماندووت دەکەم.

– واز لەم سەرئێشە خۆڕایە بێنە. تۆ بەقیست خۆت لەناو دەبەیت. ئەگەر پێت بڵێم واز لە ڕیپۆرتاژەکە بێنە، لە بەرچاوت بێ نرخ دەبم، کەچی ئەمجاریش بۆ دوا جار پێتی دەڵێم.

– تۆ بەپێشنیازەکانت ماندووم دەکەیت. تەنیا ئەو داوایەت لێ دەکەم لە بارودۆخی من بگەیت.

– بۆچی ئەوەی بلقاسم پێی گوتیت جێبەجێت نەکرد؟

– بۆچی؟ ئەو کاتی پشت لە خوێنی مەهدیی کوڕی محەمەد دەکەن، ئیتر من کەڕ دەبم. بلقاسم کەسێکی باشە. بەڵام یەکێکە لەوان.

– گەورەم، کەواتە ڕقت لە پایتەختە، دەزانم حەزی لێ ناکەیت. لەوێ لای بەرپرسان واسیدەت بۆ دەکەم تا بتگەڕێننەوە سەر ئیشەکەت. لاپەڕەی ڕیکلام وەربگرە. لاپەڕەی پرسە. چ زیانێک دەکەیت؟ خۆ تۆ بەتەنیا وڵات بنیات نانێیت. کەس گوێت لێ ناگرێت. تۆ میز بەبیرێکی بێ بندا دەکەیت. حوسێن خۆت مەکە  بەدۆن کیشۆت.

– ساسافندا، بەم قسانە خۆت لە من دوور دەخەیتەوە. تۆ بیرەکە قووڵتر دەکەیتەوە.

– شەهرەزاد. تۆش هەوڵ بدە لە من بگەیت. بەرزیان کردمەوە ئازیزم. کارەکەم چەسپا و دەتوانین لەسەری بژین. وادەی خانوویان پێ داوم لە ماوەی

ئەم هەفتەیەدا. با زەماوەند بکەین حوسێن. هێشتا تۆم لە هەموو کەس پێ باشترە. ئەوان بەدوامەوەن. پۆستەکانیان وەک خانەی شارەوانی و بارەگای حزب بڵندە. لێم گەڕێ ئەگەر جارێک و دوا جاریش بێت، بەڕاشکاوی قسانت لەگەڵدا بکەم، بەر لەوەی ئەم شتەی نێوانمان بتەقێتەوە و ئاگرەکەی بەدەموچاوماندا بێت. منیش لە دژایەتییەکی ماندووکەردا دەژیم. خۆشم دەوێیت، بەڵام پایتەخت و ئەو وردەکارییانەی لەوێ تێیاندا دەژیم، ئەوانیشم خۆش دەوێن. دەسەڵات هەر لای خوایە حوسێن.

ساتێک بیرم کردەوە. ئەوی مایەی سەرسوڕمانم بوو ئەو ڕاستگۆییەی بوو، کە بۆ یەکەمین جار ڕووبەڕووی دەبوومەوە. سۆز و میهرەبانیم بۆ قسەکانی هەبوو.

– ساسافندا، ئەوی لەسەر هەڵە بنیات بنرێت، هەر دەگاتەوە سەر هەڵە. منیش هەست دەکەم خۆشم دەوێیت، لێ شتێک وەک مۆرانە ناخم دەکرۆژێت.

– کەواتە چاوەڕێی چیت، بۆ ئەم کاغەزانە فڕێ نادەیت و بگەڕێیتەوە ژیانی خۆشی و سەردەمی منداڵی؟

– گەورە بووین ساسافندا. خەون بەمنداڵییەوە دەبینین، بەڵام ئەفسووس منداڵ نیین. زۆر درەنگ هاتیت. ئەو ڕیپۆرتاژە دەرگایێلێکی بەڕوومدا کردەوە زەحمەتە بتوانم دایان بخەم.

– تاقی بکەوە.

– بێهوودەیە. وردەکارییەکان لەگەڵ خوێندا بەڕەگدا ڕۆدەچن. ئەمەیە ژیانی من، ئەمەش کاری گەورەی منە. ئێستا خەریکە درکی پێ دەکەم، لە نێوان تۆ و شەهرەزاددا خوێن و ئەستێرەتان چوونیەکن. وەلێ حوسێن لەوە دەستەوستان ترە ببێتە شەهرەیار. لە نێوان شەهرەیار و مەهدیی کوڕی محەمەددا ناکۆکییەکی لە مێژینە هەیە ساسافندا.

– حوسێن تۆ مکوڕی لەسەر کەللەڕەقیی خۆت؟!

– تەواو. چارەنووسی خۆم بەمەهدییەوە گرێ داوە. بڕوام پێ ناکەیت ئەگەر

پێت بڵێم مەهدی شتی سەیری سەبارەت بەمردنەکەی بۆ گێڕامەوە.

– بەڵام ئەوەتا ورێنە دەکەیت حوسێن. ئەوە دۆخی شێتییە کوڕەکەی عێشەی منەوەرە. مەهدی مرد. خوا لە گوناهی خۆش بێت.

لە چاوانیدا دووکەڵ و ئاگر دەبینران.

– مەهدی زۆر کاری لێ کردوویت. خۆ ئەگەر من بەسەرهاتی ئەو، کۆتری سەربڕاوی شار بۆ حەمۆی سەرخۆشی مامم بگێڕمەوە، یەکسەر بڕوام پێ دەکات. تۆ شێتم دەکەیت حوسێن. سەرهاتی مەهدیم بەمێشکدا ناچێت.

– شەهیدان قسان دەکەن شەهرەزاد. شەهیدان نامرن. بەر لە هاتنی تۆ من لەگەڵ مەهدیدا بووم.

چنگی لە قژی گیر کرد. پەنجەکانی دەلەرزین. نەیدەزانی چی بڵێت.

– کورە حوسێن خۆت نەزان مەکە. ئەم شێتییە لەناوت دەبات.

– شێتی نییە. بڕوام پێ بکە دۆخی مەهدیی کوڕی محەمەد دۆخێکی تەندروستە.

دەستی بەسەرمدا هێنا. هەستم بەگەرمییەکی بێ پایان کرد. ویستم کەشەکە خۆش بکەم.

– گەڕانەوەت بۆ ڕۆژنامەکە دەخەمە ئەستۆی خۆم. هاوەڵەکانم شتیان بەدەستە.

– پێم نەوتی زەحمەتە بڕوام پێ بکەیت. پرسەکە مل کەچ ناکات بۆ هاوەڵەکانی پایتەختت. لە پایتەخت بەلۆجیکی شەهیدان بیرناکەنەوە. تەنیا حەمۆ لە گشت شتان دەگات. حەمۆی شەهیدی شار، لەسەر پەنجەی پێیەکانی ڕێ دەکات.

– دەبێت بێیتەوە سەر خۆت.

– ئەوان پەیامبەری مافیان. ئێمەش پەیامبەری شێتی، دوایی بیر لە سەرجەم شتەکان دەکەمەوە. ئێستا گشت شتەکان لە هزری خۆتدا بهێڵەرەوە. بەر لەوەی ببمە ولاخێکی گەنیو بابچم خۆم بشۆم. دوای ئەوە

پێکەوە هەوای شار هەڵدەمژین، ئەگەرچی بەئۆکسیدیش بووبێت. دەبێت پێش ئەوەی بخنکێین هەناسە وەرگرین.

بێدەنگ بووم. لە چاوانیدا هەستم بەبێ ئومێدییەکی گەورە کرد. ئەو مشتومڕە کەرە هێور بووەوە، ترۆتفاقم یەکە بەیەکە کۆکردەوە. پشێوی ماڵەکەی گرتبووەوە. بۆنی ناخۆش. ئاو، کە ڕۆژی لە جارێک زیاتر و درەنگ وەخت نەبێ، نایەت. تەنانەت ئاویشیان لە شارەکە بڕی. ئای خوایە. ئەم دۆخە و پشێوییەکەی ئاهەنگی پێشووی یادی شارەکەی بۆ جەژنی شۆڕش بیر خستمەوە. هەینێ سوپا سروودی سەربازیی لێ دەدا، لە شەقامەکاندا تەنیا زرمەی بەکۆمەڵی پۆستاڵ دەبیسترا، خەڵکەکەش بەستڵ و گۆزە و قاپوقاچاغ و دەفری پلاستیکییەوە لە کۆڵانەکانی شار و دەوروبەرەکەیدا بەدوای دڵۆپە ئاودا وێڵ بوون. شەهیدان و شۆڕش و سوپای نیشتمانی و خوێنەکانیان لە بیر چووەوە. نەفرەتیان کردن، وەلێ هەینێ خۆم لەوسەری ڕیزەکەدا بەستڵێکەوە بینییەوە، نۆرەم گرتبوو، تاکو لە کانییەکەی نزیک زبڵدانی شار ئاو هەڵێنجێنم، زانیم لە دوای ئەم پرسەوە شتێک هەیە، دەستەپاچەترم لەوەی لێی بگەم و شی بکەمەوە.

– ساسافندا دوا ناکەوم.

وەڵامی نەدامەوە. سەرقاڵی وردبوونەوە بوو لە ڕووخساری مەهدیی کوڕی محەمەد، کە وای وێنا کرد لە کەسایەتییەکی ئاسایی زیاترە.

لە شەقامەکەدا وەکو کەڵەبابێکی سەربڕاو ڕام دەکرد.

**گەرماوی عاشقان**. گەرماوێکی دێرینی تورکییە. وەکو ساڵی برسێتی و تینوێتییەکە، تێیدا ئاو دڵۆپ بەدڵۆپ حیساب دەکرێت. ئەگەر چەند قرووشێکت لە دەست دەرچێت، ئەوا هەندێک ئاوی زیاترت بەردەکەوێت و بڕێک لەو چڵکەی شار پێی بەخشیویت ڕزگارت دەبێت. هەندێک جار تف لە چارەی دەکەم و لەو ڕۆژەی بینیم بەرتیل لە خەڵک دەستێنن. بەڵام بەشێکی بچووکە لەم سیستمەی سنووری بۆ نییە. منیش هەمان کارم لەگەڵ مەیموونیدا کرد.

کاتژمێر. چاوانی کاتژمێرێکی جوانیان برد.

نازانم چۆن بوو بیرۆکەکەم گۆڕی. چووم بۆ **دووشی شادی**. گەلێک چاکتر و باشـــتـــرە. ئیـــشـــەکـــە لـەوێ کـــاتێکی زۆر نـابـات. پاشـــان زۆرم پێـــویست بەدابەشکردنی بەرتیل نییە، هەتا پیسیی خۆم و ئارەقەی شار بشۆمەوە.

**دووشی شـادی**، دەکـەوێتـە ئەو گـەڕەکـە مـیللـیـیـەی ناوی مـەهدیی کـوڕی مـحـەمـەدی هەڵگرتووە و خـەریکە لە ژێر کاریگەریـی ڕۆژگاردا ناوەکەی کوێر دەبێتـەوە. نزیکەی هـەموو ڕۆژێک سـەری لێ دەدەم. ڕۆژانە هـەست بەقـورسایی ئەو پیـسـیـیـە دەکـەم، کـە بەگـیـانمەوەیـە. چەندێک ڕێ بکەم ئـەو دەنگانە دوام دەکەون، لەگەڵ هـەمـان ئەو بۆنانەی لووت بەرگەی بۆگەنییەکەیان ناگرێت. گوێ بگرە ئەی ڕۆژنامەوانی ئاخـیرزەمان. لەسـەرمـان بنووسـە. تەنیا دە دینارێکە و دەیدەی بەزەویدا. پیرێژنە و بەشێوەیەکی دڵگیر خـۆشـەویسـتی دەکات. خـەڵک بردوویانە حوسێن. درەنگ گەیشتیت. پێویسـتیت بەحەشیشـەیە. بەخوا ژنێکی جـوانە. چاوەکانی بەندی دڵ دەپسـێنن. پیـرەژنە سۆزانییەکانی شارۆچکەکـان جوانترن.

حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیرۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو.

چاوە ونبـووەکـانی حـەمـۆ لە ناوەندی سـیـسـتـمـەکـانی شـاردایە. هـا. ئـەمـە ئەوەیە دوێنـێ یاریی بۆ کـردین. وەرە هـەی قـەحـپـە دایک. چەقـۆ دەردەکـەیت؟ لێمان بردنەوە، بەڵام خەتای کوڕەکەی شـەکامە عەسکەری ناوبژیوان بوو.

بۆ دڵنیایی سـەرم هـەڵبڕی. **دووشی شادی.**

چوومـە ژوورێ. بەر لەوەی کلیلی دووشـــەکـە وەرگـرم پیـاوێکی کـورتـەباڵا ڕووبـەڕووم بووەوە، چـون تازە لـە شـــەڕێکی مـــاڵوێرانکـەردا بـەدەمـــوچـاوی سووتاوەوە ڕزگاری بووبێت، ددانێک لە دەمیدا نەمابوو.

- دە خولەک ماوەت هـەیە، دوای ئەوە دەرگەکەت لێ دەکەمەوە.

- گـرینـگ نیـــیـــە، چونکە مـن لە تۆ بـاشــتــر دەزانم، لە پێـنج خـولـەک تێ ناپەڕێنم. من و گەرماو دژایەتییەکی لەمێژینەمان لە نێواندایە.

هەر کاتێک خۆم دەشۆم، وادەزانم کارێکی گەلەک قورس دەکەم. وەک نانخواردن و چوونە سەر پێشاو. ڕەنگە هەموو ئەمانە بۆ ئەو پێکهاتە هەڵەیە بگەڕێتەوە، کە مێشکمی لەسەر بنیات نراوە.

ئەو کاتی ئاوەکە بەدەموچاومدا دەهاتە خوارێ بیرم لە ساسافندا – شەهرەزاد دەکردەوە. هەندێک جار هەست بەپەندێک دەکەم بەهەڵە لە لێوەکانی دەردەپەڕن، هەندێ جاری تریش ئەو کەشاکەم لا چێ دەبێت، کە بزڕکان و لە دەم دەرچوونە. حوسێن تۆ تەنیا بۆ سەرشکانی خۆت کار دەکەیت.

بەر لەوەی وەڕس بیت تێم گەیەنە. سەرلەبەری گۆی زەوی دژی وشکە بیرکردنەوەکەتن. وا هەست دەکەم ئەوی قسانی تێدا دەکات، بەشە ڕووخاوەکەی ئەم هەست بەژیانکردنەی چاوە پەنهانەکانێتی. ئەم بەشە داڕماوە وەکو دیوارە دێرینەکانی تەروادەیە، ئەگەر ملکەچی بم تێکم دەدات، دواتر بێ ئەوەی هەست بکەم، خۆم وەکو وەچەیەکی خەسێنراو دێتە بەرچاو، بەرەو نەخۆشخانەی جوانکارییەکە مل دەنێم.

دەڵێن نەخۆشخانەکەی ئەم شارە ئەزموونگەریی بوو. بەتایبەت ئەم شارە شالاوێلی ئیسپانیا و فەڕەنسا و تورکیا و ئەوانی تر بینیوە. بەرەنگاریی کرد و نەهاتە سەر چۆک، تا لەو سەرتاشراوە سەیروسەمەرانە بپارێتەوە، کە هەندێک جار لە کوتە شووشە دەکەن و هەندێ جاریش جیاوازییان لەگەڵ تۆپەڵە ئاسنی ژەنگاویدا نییە. ئێستاش ئەوەتانێ قاچییە گەورەکە ئامادە دەکرێت، تا لەگەڵ سەرەتای خۆرگیراندا دابەزێتە سەر کەپووی و بەچەند خولەکێک چەندین لووت و چاوی تێکچوو و زمان و جەستەی هاڕاو فڕێ دەدرێنە ئەو زبڵدانەی دەکەوێتە دەوروبەری شار، گریان تێ بەردەدرێ و بۆ بەیانی دەبنە گەرد و تۆزی ڕەش.

کێ دەزانێت؟ ساسافندا. شەهرەزاد. خوێن گەرمە. ئەو کەفوکوڵەی دەمترسێنێت.

ئۆف حوسێن. داوا لە خەڵکی دەکەیت لە دۆخەکەت تێ بگەن، وەلێ جیاوازی ناکەیت لە نێوان دۆخی سروشتی و دۆخی ناسروشتیدا. دۆخێکی مرۆڤانەیە. مافی خۆیەتی دڵی لات بێت. خۆت گێل مەکە. تۆ نیازت خراپە حوسێنی برام. بۆچی ئەوە ناڵێیت، کە خۆشەویستییەکەی بۆ تۆ وای لێ کرد لە بەرابەر پارێزگاریکردنتدا، بەهەرەسی شتە جوانەکانی ڕازی بێت.

منیش بێزار بووم، تا سەر ڕیخۆڵەکەکوێرە هیلاک و ماندووم. دەبێت لە ڕەوشی من بگات. چونکە ئەم ڕۆژانە من لە دۆخێکی ناسروشتیدا دەژیم. لە گەڕانەوەدا هەوڵ دەدەم گشت شتە پەنهانەکانی بۆ ڕوون بکەمەوە. بەلای منەوە وای لێ هاتووە ڕیپۆرتاژەکە لە سینەمدا هەناسە دەدات. ئەگەر بتوانێت تەنیا ئەم پرسە هەرس بکات، دواییەکەی ئاسانە.

من دڵنیام بۆ پرسی ڕیپۆرتاژەکە کەم ئاڵۆزترە، بۆیە گەرەکە بزانێت ئەگەر ئەم شارە بیەوێت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕێ بکات و بەدروستی بیر بکاتەوە، دەبێت مەهدیی کوڕی محەمەد بگەڕێنرێتەوە ژیان.

نیازی خۆمی بۆ گەڕانەوە سەر فێرکردن بۆ باس دەکەم. کاتێکیش لەم ڕیپۆرتاژە بوومەوە و نووسیمەوە، پێشکێشی کۆمپانیای نیشتمانیی بۆ وەشاندن و دابەشکردنی دەکەم، تاکو بڵاوی بکاتەوە. داوای سەرقەڵەمانەش ناکەم. ئەوی بەلامەوە گرینگ بێت ئەوەیە هەموو ئەوانەی دەزانن پیتەکان لێک بکەنەوە و ئەوانەی دەبینن و دەبیستن، کێشەکەی مەهدیی کوڕی محەمەدیان بەرگوێ بکەوێت.

وەکو جاری جاران دەگەڕێمەوە سەر فێرکردن، هەروەها لە ڕۆژنامەگەریدا دەبمە پشکدارێکی دەرەکی و چارەنووسی خۆمی پێوە نابەستمەوە. خۆ ئەگەر خواستنی بەپێویست زانی، ئەوا دەیخوازم. لەو شارە گەورەیەی حەزی پێ ناکەم دەیگوازمەوە و هەوڵ دەدەین خۆشەویستیی یەکتر نوێ بکەینەوە. خۆ ئەویش دەتوانێت لێرەدا ئیش بکات. بارەگای یەکێتیی ئافرەتانی تێدایە. پێکەوە هەوڵ دەدەین هێلانەیەکی جوان بۆ خۆمان چێ بکەین و جوانیی شار بدۆزینەوە. جوانییەکەی بەشەوان زیاتر دەبێت. بۆ ڕێزگرتن لە هەستی ئەو

دەکۆشم بەپێی توانا ناوی مەریەم نەبەم.

ئۆف حوسێنی برام، من لە مێژە پێم گوتوویت تۆ قوربانیی خەونەکانت و دڵسافییە لادێییەکەتیت. نەختێک لەسەرخۆ بە. ئاڵۆزییەکانی ژیان زۆر لەوە ترسناکترن، کە تۆ ئێستا لە ژێر شوڕەی ئاوی دووشی شادیدایت. کاتێک هەوای مەدەنییەتت بەر دەکەوێت، ڕای خۆت دەگۆڕیت، یاخۆ هیچ نەبێت بەر لەوەی دەست بۆ هەر کارێک بەریت پرسیار دەکەیت.

– کاکە گوێ بگرە. تەنیا خولەکێکت ماوە، دوای ئەوە دەرکەت لەسەر دەکەمەوە.

دەنگی کابرای بێ ددان تێکەڵ بەخوڕەی ئاوەکە بوو.

بەر لەوەی ئەستێرە جوانەکان لە چاوە پەنهانەکانیدا بکوژێنەوە هەوڵی خۆشویستنی دەدەم. نازانم خۆم دەرچووم، یاخۆ دەرکەیان لەسەر کردمەوە! خۆم لە شەقامە جەنجاڵ بەماندووەکاندا بینییەوە، لێژ بوومەوە. ئەم هەموو چڕوچارە سەیرانە لە کوێ کار دەکەن؟ ئەی لە کوێ دەنوون؟ چۆن بیر دەکەنەوە؟ چی دەخۆن؟ گشتیان قسە لەسەر چاککردنی ئابووریی نیشتمانی دەکەن. بەرهەم و بەرهەمهێنان. لەبارەی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو. سەبارەت بەنەخۆشخانەی جوانکاری، کە گرفتی جەستە شێواوەکانی چارەسەر کردووە. ئەو سوورخانانەی لە ڕووخسارە سووتاوەکان خاڵی نابن. کەمایەسییەک هەیە دەبێت ئابڵووقە بدرێت. شتێک هەیە بەپێچەوانەوە ڕێ دەکات. دایکم. عێشەی منەوەرە مۆچیاریم دەکات لەسەر ئەو کێشانە نەنووسم، کە سزای یاساییان لەسەرە. بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسەکە ئامۆژگاریم دەکات بگەڕێمەوە سەر ڕێی ڕاست. ساسافندا – شەهرەزاد بەچاوی تۆمەتبارکردنەوە لێم دەڕوانێت. مەیموونی بەڕوومدا دەخەنێتەوە و بانگهێشتی قاوەخواردنەوەم دەکات و بەسەری باوکی، کە دایکی سەری خوارد، سوێند دەخوات ئەو ڕێگەیەی پێیدا دەڕۆم گیراوە و ئەو پێشتر تاقی کردووەتەوە. زۆرم لێ دەکات قاوەیەکی تریش بخۆمەوە. لەم قاوەخانەیەی سیخناخە لە خەڵک، دەیەوێت بزانێت لێکۆڵینەوەکە بەکوێ گەیشت.

کاتژمێرەکەم لە مەچەکی چەپیدا دەنوێت. ژمارەکانی بەپەرۆشەوە لێم ڕادەمێنن. هەمووان تۆمەتبارم دەکەن و بەشێتم ناو دەبەن.

لە شوێنی خۆم هەستام.

– مەیموونی سوپاس بۆ قاوەکەت.

– پێش ئەوەی بڕیار بدەیت باش بیری لێ بکەرەوە، ئەوەشت لە یاد نەچێت مەیموونی چی پێ گوتیت.

لە ڕێگە لە کوشکێک لام دا، پرسیاری ئەو ڕۆژنامەیەم لێ کرد لە پایتەخت دەردەچێت. گوتی؛ هێشتا نەگەیشتووە.

نووسینی سەر دیواری کوشکەکە ترسەکەمی زیاتر کرد. ئایا شار بەرگەی ئەم هەمووماڵوێرانییە دەگرێت؟:

**کاکەی ڕێبوار بووەستە و سەرنجی ئەم شەقامە و گشت شەقامەکانی تر بدە. کەمێک بووەستە. چیرۆکی سەیروسەمەرە تا ڕادەی تۆقین چێژت پێ دەبەخشێت. قژە سەرت ڕەق ڕادەوەستێنێت. گەوهەرەکانی ئەگاتە کریستی و ئارسین لۆبین و چیز سلاوت لێ دەکەن. دینارێک لە تووە تۆڵەی ساڵێک زانیاریت بۆ دەکاتەوە و سەرسوڕهێنەرەکانی دنیات پێ نیشان دەدات. بەر لەوەی تەواو بێت دانەی خۆت هەڵگرە.**

ئەم کتێبانە شاریان پڕ کردووە. خوێنەرانیشی تا ڕادەی کوێری لە زۆربووندان. لەبەر دەرکەی ئوتێلەکە سەرخۆشە خێلەکەی ڕۆژانە بەدەوری ئوتێلەکەدا دەسووڕایەوە، بەرۆکی گرتم.

– شخارتەت پێیە؟

– فەرموو.

جگەرەیەکی درێژم بۆ داگیرساند. بەخوا سەرخۆشێکی سەیرە، بەدخوو، کەمتەرخەم و جگەرەی کێنت، جگەرەی پڕ لە چێژ (وەکو ڕیکلامەکەی دەڵێت) دەکێشێت.

لە ساتێکدا ئەوەم بەبیردا هات ئەوەی لێ بپرسم، کە ئەو شتە چییە لەم

شـوێنـەدا ونی کـردووە، لێ کـاتم کـەم بەدەسـتـەوە بـوو، پاشـان بوونـی لەم شـوێنەدا تا ئەو ڕادەیە گرینگ نییـە خـۆمی پێـوە مـاندوو بکەم. چی بڵـێـیت دەشێت، ئەی بۆ هەردەم خراپترین نوقڵانە لێ دەدەین؟

بێ ئەوەی هەناسە بخۆمەوە، یاخۆ ئاوڕ بدەمەوە بەپلیکانەکەدا سەرکەوتم. ڕاستییەکەیتان پێ بڵێم، لە ساتێکدا هەستم کرد چاوی سەرخۆشەکە لە سەری دەردەپەڕێت و لە کونی دەرگەکەی بەپەلە کلیلم دابوو، چووە ژوورەوە و لەسەر کورسییەکەی بەرابەرم دانیشتووە و چاودێریی جووڵەی من و مەهدی دەکات و ئەو ڕیکلامەی بەدیواری کوشکەکەی کتێب و ڕۆژنامەکانی پایتەختی دەفرۆشت خوێندمەوە، بەڕووماندا بەرز دەکاتەوە.

## دیوارەکانی نەخۆشخانەی جوانکاری

١

کۆشکێکی سپییە وەک ڕۆژێکی گەرمی هاوین، لە گوومەز یاخۆ لە قەڵایەکی بڵند دەچێت. حوسێن تەماشای پێشی خۆت بکە و ئاوڕ لە دواوە مەدەرەوە. لە هەموو شوێن دەستەکان هەڵساونەتەوە. چاوەکان لە ناختدا چێنراون. دۆزەخ بەدواتەوەیە ئەی کوڕەکەی مەهدی محەمەد. نزیکەی نیوەی تۆز و خۆڵی گۆی زەوی لە دواتەوەیە.

**ئەی خانووە بڵندەکە..**

**هەی شارە جوانەکە.**

**خەڵکی چەندیان خۆش دەوێیت،**

**چەندیش لە ڕێی تۆدا تیچوون.**

مەهدی بەر لەوەی شەهید بێت ئەمەی دەگوت، یا دەبیتە ئافرەت و ئێمەش پیاو، یانیش دەبیتە ڕوقیە ممیس، تفەنگەکانمان دەخەینە سەر شانمان. یا دەسووتێیت، یانیش دەسووتێین. ئای شارە چاکەکە. قووڵییەکەتم پێش نەزۆکییەکەت لە بیرە. مەریەم دەتگوت تەوارە. قووڵاییی چاوەکانت و دەریا و کەنارەکان ئازارم دەدەن، پاسارییەکانیش لە ناو لەپمدا گڕ دەگرن و پاشماوەی شارەکانی ڕۆخ دەریا و دڵگیریی بەردە کۆنەکانی هەرەس دەهێنن.

تەنیایی دەمکوژێت مەریەم. ئێستا لە ناوەندی ئەم وێرانەیەدا هیچ شتێک گرینگ نییە، جگە لە شوێنەواری ڕووخسارە نوورانییەکەت و ئەو سەرنجانەی لەو دیویەوە جیهانێک خۆی مات داوە، کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر بچووکترین شتی.

ئاوڕی دواوە مەدەرەوە حوسێن. ئێستا چاوە سووربووەوەکان و ئامێرە وردەکان هەناسە دەدەن. تۆ بەخۆت هەستی پێ دەکەیت. تیشکی سوور و وەنەوشەیی و بان وەنەوشەیی، کە سینگت دەسمن سەرەگێژەیەکی سووکت بۆ جێ دەهێڵن. ڕاستە و ڕاست بڕۆ حوسێن. هەر بەپێوەش بمرە.

دەمەوێت هەندێک زانیاریتان خۆ ڕەنگە بێ ماناش بن، بیر بخەمەوە. کاتێک من و ساسافندا ویستمان دەرچین، سەرخۆشەکەم بینی، بێهۆش لەبەر دەرکی ئوتێلەکە کەوتبوو. سەری کەوتبووە سەر ئەژنۆکانی. من خۆم باشترین جلم لەبەر کردبوو. ئەمە یەکەمین جارە لەو لایەنەوە دڵی ساسافندا ڕازی دەکەم. ڕیشم پاک تاشیبوو، چونکە کەشاکێکی وای بەڕووخسارم بەخشیبوو، دەتگوت نەخۆشم، یاخۆ تازە لە شێتخانە دەرچوووم.

سەرلەنوێ بەپسووڵەی ئەو کارەی دەبوو ئەنجامی بدەم چوومەوە. دڵم خۆش بوو بەو ساختەکارییەی خەریکە هیچی پێوە دیار نەبێت. بەو بۆنەیەوە، توانیم لە پشت دەرگە ئاسنینەکانی نەخۆشخانەی جوانکارییەکەوە، کە لە شووشەی تێرکراو بەمادەی خاکییان دەکرد، خۆم بەژووردا بکەم. بەو شەقامانەی وەکو ڕۆژانی قیامەت درێژ دەبوونەوە، سووڕاینەوە. پێش ئەوەی بگەینە ئەم شوێنە، بەباخچەی ئاژەڵە هۆگرەکاندا تێپەڕیین. سەگی ئینگلیزیمان بینی. پشیلەی ئێسکقورسی ئەمەریکایی. هەروەها هەندێک لەو باڵندانەی لە کەنارەکانی تاهیتی ڕاوکرابوون.

لە دەرەوە، نەخۆشخانەکە دڵگیر و بەسام دیار بوو. لە شێوەی گوومەز، یاخۆ قەڵایەکی بازنەیی نەخشێنرابوو، تێیدا ڕێز لە داوونەریتی هونەری بیناسازیی ئیسلامی گیرابوو. کۆڵۆمەکان. نەخشەکان. دیوارەکان. شووشەی بەئاڵتوون ڕووپۆشکراو. ڕەنگی فسفۆریی بریسکەدار. ئاوەڕۆی ئاسایی، کە تا دەرێ درێژ دەبێتەوە و ڕاڕەوەکانی باخچەکە دادەپۆشێ و وادەزانین لە بەرابەر کۆشکێکی دێرینی عەرەبیداین.

هەردوو وشەی نەخۆشخانەی جوانکاری بەخەتێکی دڵگیری کوفی نووسرابوون، شەوان ڕووناکییەکەی لەگەڵ ڕیکلامەکانی **فیلیپس و تۆشیبا و**

**گراندیگ و سۆنی و تۆتاڵ**، ململانێیان دەکرد.

ئەوی مایەی سەیرە ئەوەیە وێڕای ئەم ئەندازەیە شتێکی قووڵ و نەبینراوی تێدایە ئەو کەشاکەت دەداتێ، کە ئەم نەخۆشخانەیە زیاتر لە مزگەوتێکی دێرینی ئومەوی دەکات. لەوەش سەیرتر ئەوەبوو، لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ ناو باخچەکە، هەر هێندەی دەرگەکە دەبڕیت، نووسینەکان بەئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی دەست پێ دەکەن. گشت ئیش و کارەکان بەم زمانانە ڕایی دەکرێن. هەڵسوکەوتی خەڵکەکە بەهیچ شێوەیەک عەرەبییانە نەبوو.

شێوازی ئیسلامی و کەوانەکان و نەریتی تەلارسازیی کۆن، هەروەها ڕەنگە فسفۆرییە تازەکراوەکان لای بینەر سامێکی بێ پاساو و کرژییەک لە گەدە و ڕیخۆڵە و مێشک جێ دەهێڵن. تەنانەت من خۆم لە ساتێک لە ساتە سەرکێشەکاندا (کە چەندە زۆرن)، وام بەبیردا هات بیرۆکەی بینینی ژوورەکانی نەخۆشخانەکە ڕەت بکەمەوە. کۆمەڵێک پاسەوانن نوکتە دەڵێن و پێ ناکەنن. لە چاوانیاندا شتێکی شاراوە هەیە لە پەنهانی ئەم نەخۆشخانەیە دەچێت. لە جل و ڕووساردییاندا لەو تەنانە دەکەن، کە بۆ چاودێریی دەرگەی ئاودەستەکان و دیوارە بەجێ هێڵراوەکان دانراون.

شێوازی دەرەوەی نەخۆشخانەکە وا نیشان دەدات، کە چەندین نهۆمە، کەچی کەشاکێکی تایبەت جێ دەهێڵێت، کە تەنیا قاتێکی بڵندە و پیاو کە تەماشای بانی دەکات سەری بەگێژەوە دێت.

چەند ساتێک بەدوودڵی لای دەرگەکە وەستاین.

لە میانەی چاوەکانییەوە لە ساسافندا گەیشتم.

ئەویش لە سەرسوڕمانەکەم گەیشت.

– ئایا پێویستە بچینە ژوورەوە حوسێن؟

– چووینە باخچەکەوە. ئێستا ئێمە دەبینن، ئەگەر دەرچین کارەسات دەقەومێت. ڕەنگە ئیشەکە بچێتە خانەی دەست تێوەردانی ئاسایشی وڵاتەوە.

– واز لەم ئاڵۆزکردنانە بێنە. ئەم قسە زلانەت ترس لە دڵدا دەڕوێنن و لە

ناوەوە دەیهاڕن.

– ئەگەر پێستەکەشم لەدەست دابێت هەر دەچمە ژووریّ.

– من لە دواتەوەم. پرسەکە بەئاسانتر وەرگرە.

– ساسافندا. مرۆڤ هەینێ لە ژیاندا هیوا لەدەست دەدات، دەست بۆ سووتاندنی دنیا دەبات و گوێی لێ نییە. ڕەنگە خۆپەرستییەک بێت لە منەوە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیەتی.

– باشە. با بەبێ ئەم کاغەزە ساختەیە تاقی بکەینەوە، تاکو تۆمەتەکە لەسەر خۆت گەورەتر نەکەیتەوە.

ئای خوایە. بیرم هاتەوە. ڕەنگە داوای پسووڵەی ڕۆژنامەنووسیم لێ بکەن. ئەوە دوا شتە داوای بکەن. کاغەزەکە ڕۆیشت. خوا نەفرەت لەو چارە تاڵە پۆلیسییەی بدات. خەریکە پرسەکە ئاڵۆز دەبێت. حوسێن بەددانت بیکەوە. بیکەوە بەر لەوەی ئێسک و پرووسکت لێک بکەنەوە. پرسەکە بەو سانایییە نییە تۆ بۆی چوویتە.

– من پێم گوتی و ئیتر خۆت بەرپرسیاری خۆتی. هەرچەندە من هێندەی لە تۆ سڵ دەکەمەوە لە خۆم ناترسم. با من یەکەم جار تاقی بکەمەوە، پسووڵەی یەکێتیی ئافرەتانم لایە.

– گرینگ نییە، تۆ بچۆ ژوورەوە ئەوی تر لەسەر من.

– ئای حوسێن. لەگەڵ ئەمانەدا. ئەوی گورگ خوێندییەوە تاژی ئەزبەری کرد.

– ئەی خوا کاتێکی کەممان بەدەستەوەیە. وەرە ژوورەوە.

– باشە. ئومێدەوارم ژیوان نەبینەوە.

ساسافندا پێش کەوت. داوای کاغەزەکانیان لێ کرد. چاوەکانیان سامیان لێ دەبارین، فسفۆڕی بریقەداری ڕەنگاوڕەنگی پێوەیە. چەند وشەیەکی بەگوێی پاسەوانەکەدا چرپاند، لەگەڵ بزەخەنەیەکی نادیاری ئارەزووکردن. مەزەندەی ئەوەم کرد پێگەی خۆی لە پایتەخت پێ ڕادەگەیەنێت، دواتر

پسووڵەیەکی بچووکی لە بەرۆکی کردەوە و پێی نیشان دا.

هیچی نەگوت. بەڕێز و ئیکلام کێشانەوە فەرمووی لێ کرد. لەو شتانەی ڕوویان دا تەنیا شتێک ورووژاندمی. ئەو ساسافندایەی شەرمی دەکرد لەگەڵ پیاوێکدا بدوێت، تەواو سەربەستیی خۆی وەرگرتبوو. هەردەم دەیگوت هۆیەکەی پێکهاتە خراپەکەیەتی. وای لێ هاتبوو بەرگەی بەرپرسیاریەتیی دەگرت، لە هەموو ئەمانەش زیاتر، لە دەرگە فراوانەکانییەوە چوونە ناو گەمەکەوە. پایتەخت چاوە نووقاوەکان دەکاتەوە و شەقامەکانی فێری بەلای گەورە دەکات. نۆرەی من هات.

دەی. خۆت بلەنگێنە حوسێن. ئەوەندەت ماوە سەرت ببەیتە پێشەوە و هەوڵ بدەیت کێڵگەی مینەکە ببڕیت. ساسافندا خوێنساردییەکەی وای لێ کرد بەهێمنی بچێتە ژوورەوە. کوڕەکەی عێشە منەوەرە تۆ ماویت.

پرتە و بۆڵەیەکم کرد. خوا بۆمانی بهێنێت. تەواو وەک دایکمم کرد چون بۆنی مەترسییەکی بکردایا.

ساسافندا، پسووڵەی شەهرەزادی پێ نیشان دان و بەزیرەکی خۆی لە دەستیان ڕاپسکاند. تۆ ماویت حوسێن. بەسەر لاوازیی خۆتدا زاڵ بە و بەر لەوەی ئەوان وەکو پشکۆ بچنە دڵتەوە وەکو تیر تێی تەقێنە، بەڕاستی من خۆم لەو تیشکە ڕەنگاوڕەنگانەی لە چاویانەوە دەهاتن دەترسام. بۆ ساتێک لە شەهرەزاد ڕامام، یەکێک لە هۆڵەکان لووشی دا، تاکو لەگەڵ پیاوێکی کورتەبنەدا، کە لەوەی دەکرد ڕێبەری تایبەت بێت، بگەڕێتەوە. ئەو پێشنیازی کرد بەدوایدا بڕوات، کەچی ئەم ئاگەداری شوێنی چاوەڕوانیی منی کردەوە. من ئەمە لە لێوجووڵاندن و ئاماژەی پەنجەکانییەوە تێ گەیشتم. ڕێبەرەکە ئاگەداربووەوە. لە ساتێکدا هەستم کرد چاوەکانی ساسافندا شتێکم پێ دەڵێن. کابرا پلی بەزەنگی دەرگە شووشە بەندەکەوە نا. کرایەوە. سەرە ڕووتاوەکەی بردە ژوورەوە.

- لە خزمەتتدام. فەرموو.

پێش ئەوەی هۆی لەوێ بوونم لێ بپرسێت، پسووڵەی **بەکار ڕاسپاردنەکەم** نیشان دا. بەدوو چاوەوە وا لێی ڕاما وام هەست کرد تیشکی ئەتۆمی زۆر بەهێزن، توانای دەرخستنی وشە ساختەکانی ئەودیو دێرە بنچینەییەکانیان هەن. لاقەکانم هەڵیان نەدەگرتم. بڕوام نەدەکرد تا ئەم ڕادەیە توانای ترسانم تێدا بێت. کاتێک کاغەزەکەی بردە ژوورە تاریکە پڕ لە ئامێرە وردەکانەوە، کە بۆ یەکەمین جار دەمبینین و لەگەڵ ئەوانی بەپێوە وەستابوون ورتەورتی بوو، هەستم کرد بەفر لە بان مێشکم کەڵەکە دەبێت. بەسەرنجێکی سەرزەنشتکارانەوە لە ساسافندام ڕوانی و هەوڵی دا لە شوێن خۆیەوە شتێکم بۆ بکات. دوو شیمانە جووڵاندیان. یان ترسا لەو ئابڕووچوونەی ئاشکرا ببێت، یانیش لە ئیمتیازەکانی پایتەخت و پۆستەکەی خۆی ترسا.

بەر لەوەی هەر شتێک بکات، کابرا لە ژوورە تەنگەکە دەرچوو، هەمان زەردەخەنەی بەوردی پێوراو بەچاویەوە بوو. خەریک بوو کانزا گەرمەکە لە ناخمدا دەتوایەوە. بەهەرحاڵ. ڕووی ڕێبەرەکە نەتورشابوو، ئەمەش مانای ئەوەیە دەرکیان بەساختەکارییەکە نەکردبوو.

ماوەیەک لێم ڕاما. هەستم کرد هەڵم دەسەنگێنێت.

– فەرموون.

پێشمان کەوت. حەزم دەکرد داوای پسووڵەی بەکار ڕاسپاردنەکەی لێ بکەمەوە، وەلێ نەمکرد. ڕەنگە ترسەکە ڕێی لێ گرتبم. ویستم بەبوێرییەوە (هەرچەندە دەستکرد بوو) لێی بپرسم، تاکو بەگێلم تێ نەگات، یاخۆ بەلای کەمەوە جێگەی گومان نەبم، کەچی چاوە سووربووەوەکانی ژیوانیان کردمەوە.

خێسەی ئەم زەلامە ماندووکەرە. گەلێک بڕوای بەخۆیەتی.

ئەو دەمی خزاینە ناوەوە، سەرم قورس و دڵیشم هەڵشێوابوو. ئەو عارەقەیەی لە ناوەوەمدایە خەریک بوو دەبووە ساردییەکی ژەهراوی. خوا هاوار. ئەو بەگورجییەوە لە پێشمانەوە ڕێی دەکرد. ئێمەش بەقورسی دوای کەوتبووین.

- یاخوا بەخێر بێن بۆ پەرجووی سەدە.

کابرای ڕێبەر بەمیهرەبانییەکەوە، کە شێوە دەستکردییەکی بەرچاوی تێدا بوو، وای گوت. کەچی ئینجاش پێ بزانم یا نەزانم، ئەم بەخێرهاتنە بەس بوو تا وام لێ بکات پەیتا پەیتا لەگەڵ ئەو ڕەوشە نوێیەدا جووت ببم، گشت شتەکان لە مێشکمدا تێکەڵ بووبوون. بڕوا ناکەم پەیان بەساختەکارییەکە بردبێت، ئەگینا هەر لە دەستپێکەوە دەریان دەکردین.

جارێکی تر ئەو دیوارانەی بەدروشم و ڕیکلامی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان نەخشێنرابوون، ورووژاندمیان. کۆمپانیاکانی نەوت و ناوی گەورەترین بەڵێندەرە جیهانییەکان. ناوی بانکەکان. وێنەی چەکە ئەتۆمییەکان بەتوندییەکی زیاترەوە، وەلێ بەسەرسامییەکی کەمترەوە بۆ خۆیان کێشکردم. گەورەترین مزگەوتەکانی دنیا. جوانترین کڵێسا و دێر، کە جگە لە **نۆتردام و دوبارێ و مزگەوتی بومدیەن و مەدینە منەوەرە**، هیچی ترم نەبیستبوو.

لە نهێنیی ئەم تێکەولێکەیە نەگەیشتم. وردەکارییە زۆر وردەکان سنووری مێشکە ماندووەکەمیان بەزاندبوو. ویستم بەلای کەمەوە خۆم قایل بکەم، ئەوی ناوەوە کاری من نییە. لەو دەمی لە پشت ڕێبەرەکەوە (چاوساغ) وێستابووم، تێبینییەکم بەر لەوەی لەدەستم دەرچێت، لە مێشکی خۆمدا تۆمار کرد، کاشی و مووزاییکی نەخۆشخانەکە ئیتاڵی بوون. گڵۆپەکان هی کۆمپانیا فەڕەنسییە جۆراوجۆرەکان بوون. ناوەکەیشی لە نێوان کۆمپانیا ئەمەریکایی و ئەڵمانییەکاندا بەش کرابوو. هەرچی تێبینیی دووەم بوو، لەوە دەچوو ئەو ڕووخسارانەی بەخێرایی بەبەردەمماندا تێ دەپەڕین، شتێلی پەنهان لە دەست و چاوانیاندان. شارەکە هیچ سیمایەکی عەرەبییانەی تێدا بەدی نەدەکرا. ڕەشایی چاو بۆ ڕەنگی شین دەگۆڕا. شتێکی سەیر لە ڕۆیشتنەکەیاندا هەبوو. ئاوڕدانەوەی چەند جارەیان بۆ سەربانەکان سەرنجی بەکێش کردم. بەشێوەیەکی لاپرەسەنانە سەرم هەڵبڕی. دنیایەک لە شتومەکم بینی. شتی سەیر و پڕ لە وردەکاری. پێشبینیم کرد بڕواش ناکەم دەرهەق بەو بەهەڵەدا چووبم، ئەو بۆیە لێرەیە تاکو وێنەی ڕووخسارەکان و پێوانی پلەی هەناسەدان

و جـوولـەی مـیـوانان و دووریش نیـیــە تەنانـەت کـۆنتـرۆڵکردنی شـێـوەی بیرکردنەوەشیانی لەسەر بێت. لەم دۆخەدا دوور نییە بزانن چی لەم مێشکەدا خۆی مات داوە، کە بەئومێد بووم بەبیرکردنەوە ئازارم نەدات. لەم جیهانەدا بیــرکـــردنـەوە تووشـی ڕشــانـەوە و ئـازارت دەکـــات. هـەینـێ ڕێبـــەرەکـــە بەبزەخـەنەیـەکی پێـوراو بەمللیـمـەتر ئاوڕی لـێ دامـەوە، سـام دای گـرتم. وام هەست کرد لە ورد و درشتی ڕاستییەکە ئاگەدارە. هەموو شتێک دەزانێت و هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵمدا بسازێنێت، تەنیا لەبەر شتێک کە لە مێشکیدایە.. نا.. نا بڕوا ناکەم.

حوسێن ئاگەدارت دەکەمـەوە. بێ مێشک مەبە. ڕێگەی ڕاست بگرە. ئەگەر دەتەوێت بەگـێلی بیکە و هەسـتـیـاریی ئەم ئـامـێـرانە و چاوی ئەم کـابرایە مەورووژێنە. لە کاتێکدا شتێکی گرینگت نەبینیوە بەدەستی خۆت خۆت ڕیسوا مـەکە. خـەریکە گەمەکە ئاشکرا دەبێت. لە دوایەوە برۆ. ئەگەر پێویستی کرد بزەی بۆ بکە. وەک چۆن گـەشـتـەوەر و ڕۆژنامـەوانان دەیکەن، دەست بەقـژ و دەمـوچاو و دواوەتدا بێنە. تا ئێـسـتـا پێـیـان نەزانـیـوە، ئەگـینا پێش ئەوەی بهاتیتایەتە ژوورەوە لە دەرکە دەیانگەڕاندیتەوە.

– فەرموون.. فەرموو گەورەم.

تەنیا ئەم قسەیەی دەزانی. ڕێبەر ئەوەندە لەوچەیی و چەنەبازی نەدەکرد.

ئێمەیان بردە هۆڵێکی گەورەوە و وڕاقەوە. ئەو هەستەی پێ دەبەخشیت، کە لە یاریگەیەکی بێ سنووردابن. خڕ دەرگەکانی داخستن. لەپڕ هۆڵەکە بچووک و تەسک دەبـووەوە و هەڵمی لێ هـەڵدەسـتـا. گـشـت شـتـەکـان ڕۆیشـتن و هیچ نەمـانەوە، جگە لـە ڕووخـســاری ئاپۆرەی خـەڵکەکـە نـەبێت، تەنـیـا شـووشـە ڕوونەکـە، کـە لە گـۆشـەیەکـیـەوە نووسـرابوو، مـێد ئن ئەمـێـرکـا لێکی جیـا دەکردینەوە. خـەڵکەکە وا پەسـترابوونەوە دەتگوت لە قووتووە ماسی نراون و دوا بەدوای یەک ڕیز کراون و دە دە لە پێیانەوە بۆ ملیان بەقـەیدی سنووقە چا بەسـتـراونەتەوە. لـە نێـوان هـەر ڕیز و ڕیزێکی تردا پارچە کـانزایەکی خــاو بەهـەمـوو لایەکدا دەجـوولا. کـاتێک لە شـوێنێکەوە پل بەدوگـمـەوە دەنرا، پارچە

کـانزاکـە دادەبەزی و هـاوکـات لەگـەڵیـدا دە کـەلەشی مـرۆڤی پێـچـراو لاردەبوونەوە. گشت ئامێرەکانی ئەم بەشـە مۆری **هۆبەی جوانکردنی لووتیان** بەزمانەکانی تر هـەڵگرتبوو. دەنگی دوگمەی پاڵەپەستۆکە دەبیستریت، ئامێرە سەیرەکان دەستیان بەجووڵە خێراکانیان دەکرد. دە ڕووخسـار بەجووڵەیەکی میکانیکی لە نـاو ئامێرە زەبەلاحـەکەدا، کە سیمـای ڕووخسـاری ون دەکـرد، دەهاتنە پێشێ. لە وردەکاریدا لە تەندوورەکانی یۆنانی دەکرد. دەنگێکی وشک لە شـێوەی کێشانی چەکووش بەدەزگایەکی زەبەلاحدا دەبیسـترا، هـاوارێکی لەگـەڵدا بـوو لە ناخـیـدا ئێش و ئازاری دەیان بوونەوەری هـەڵدەگـرت. بەدوای پرۆسەکەدا خامۆشییەک لە جووڵەی خەڵک و ئامێر و ڕووخسارە پەنهانەکاندا بڵاو دەبووەوە. پارچە کانزا و ئـامێرە زەبەلاحـەکە دەگەڕانەوە دۆخی جـارانی خـۆیـان. لە مـاوەی کـەرتە چرکـەیەکـدا سـەرلەنوێ پارچەکـە لار دەبووەوە و لەگەڵیشـیدا دە ڕووخسـارەکە لار دەبوونەوە و ئامێرەکـانیش دەگەڕانەوە سـەر کـاری خـۆیان. کـەچی لەولاوە، کـە ڕێبـەرەکـە بەپەنجـەی ناوەندی ئاگـەداری کـردینـەوە، خـوێن لـە جـۆگـەلەیەکی بچـووکـەوە دەهـات و دەڕژایە بیـرێکی دەسـتکردەوە. سـەرلەنوێ دە کـەلەشـە پێچـراوەکە بەدەرکـەوتنەوە. کرێنێکی زەبەلاح بەیەکـجا هـەڵی گرتن و خـستنیـە سـەر ئەو تۆپەڵە گـیـایانـەی وامـان نیشان دەدەن، کە لە وەرزی بەهاردایـن.

پزیشکە بـیـانییـەکانی نەخـۆشـخـانەکە دەڵێن؛ گـیا بووژێنەرەوەیە و ئێش و ئازار کـەم دەکاتەوە. دوای ئـەوەی ڕیشـاڵەکـان، کـە پێکەوەی گـرێ داون، لێک دەکرێنەوە، بەچڵێسـییەوە هێرش دەکەنە سەر گیایەکان و دەم و دەستیانی لێ پڕ دەکـەن. دەخـۆن. چاویان سـوور دەبێـتـەوە و سـیـمـایان دەگۆڕێت. پـاشـان تاسـەر ئێسک بەدڵی خـۆشـەوە بەبێ لووت و یادەوەری لە جـامی دەرگـەکانەوە دادەبەزنە ناوجەرگـەی شـارەوە. لەوپەڕی خۆشـیدا فرمێسک تێکەڵ بەپێکەنینە پێوراو بەمللیـمـەترەکان دەبێت. یاخـۆ بەلای کـەمـەوە بەر لەوەی شـەقامـەکـان لووشیـان بدەن، بەم ئـاوایە لە چاوەکانی ڕێبەرەکە گەیشـتین. لەلای ڕاسـتی ئەو ئامێرەی لە تەنووری دەکرد، قایشـێکی پان لەسـەرخۆ دەجـووڵایەوە. لە قایشـی

کارگەی ئۆتۆمۆبێلی دەکرد. پێی دەگوترا لاشین، بەبێدەنگ دەجووڵێتەوە و دەنگی هەر ئەوەتە دەبیسترێ، بەسەدان، بگرە بەملیۆنان پارچە لووتی بەسەرەوەیە و لە دواییدا دەڕژێتە ناو بارهەڵگرێکی گەورەوە، چی شتی بڕاو هەیە لە گشت هۆبە و نهۆمەکان ڕادەماڵێت، چاو، کەپوو، گوێ، چوارپەلە خراپبووەکان، ئەو مێشکانەی زانایان بۆ شارەکەی بەباش دانانێن، هەروەها هەندێک لەو جەستە هاڕاوانەی نەتوانرا جوان بکرێن. ئەوی مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە سەرجەم نهۆمەکان بەبەرزییانەوە، دەتگەیەننەوە سەر شەقامەکەی پشتەوە، تەنانەت بێ ئەوەی مرۆ هەست بکات هەر بەڕاستی لە شەقامدایە. وا دیارە دروستکەرانی ئەم ئامێرانە هەموو شتێکیان لە بەرچاو گرتووە. تەنانەت بچووکترین شت، کە وادێتە بەرچاومان سەرێشەیەکی زیادە بن.

کاتێک ڕێبەرەکە نیشانەی واقوڕمانی بەڕووخسارمانەوە بینی، بەشێوە پرتەوبۆڵەیەکەوە گوتی: ئێوە هیچتان نەبینیوە. پرسەکە لە سەرووی توانای ئاوەزی ئێوەوەیە و زۆر لەوە قووڵتر و ئاڵۆزترە، کە ئێوە بۆی چووون. ئەم تەکنەلۆجیایانە دیارین بۆ جیهانی سێیەم. ئەوە ئەرکی ژیارییە.

من بەم جووڵە بەوردی حیساب بۆ کراوانەوەی ئەم ئامێرانەوە سەرقاڵ بووم. ئەو نەخۆشخانەیەم بیر هاتەوە، کە لە هەمان شوێندا بوو. پزیشکێکی سادە و ساکاری هندی و چەند پەرستارێکی تەمبەڵ بەڕێوەیان دەبرد، کەچی ئینجاش بەشی گەڕەکەکەی دەکرد. منداڵیان سونەت دەکرد. فریاکەوتنی سەرەتاییان (الاسعافات الاولیة) پێشکێش دەکرد. درێغییان لە میرۆکرۆم و حەبی سەرێشە و برینپێچیی سووک نەدەکرد. ئەوەتا ئێستاش بووەتە گوومەز. تەنیا بەبینینی، قژی سەر ڕەق ڕادەوەستێنێت. بەسەدان کەس لە بەردەم دەرگەکەیدا ڕیزیان بەستبوو. قیژە و هاوار و دەمەقاڵێ تا ڕادەی لەیەکدان بەرزدەبوونەوە. کەچی هەنووکە گشت شتەکان بەوادە بۆ دانانە و کار بەکارت دەکرێ و ئیشەکان بەکۆمپیوتەر بەڕێوە دەچن. چاخی کۆمپیوتەرە حوسێن. هەی کوڕی مەهدی محەمەد، جیهان چاوەڕێی تۆ ناکات تاکو چاوە

نووقـاوەکـانت هەڵێنیت. پشـتـێنی لێ توند بکە و برۆ، بەر لەوەی نـوێژی بزر لەسـەر ڕۆحت بخـوێنن و خـەڵکی و دۆسـتـانت لەگەڵ تەرمـەکەتدا ڕێ بکەن، لە کـاتێکدا هێشـتا لە ژیاندایت و لـەسـەر پەنجـەکانت دەڕۆیت. دنیـا بەشێـوەیەکی ترسناک ڕێ دەکات. ئەمانـە لە کوێوە پەیدا بوون؟ ئـەم چاوشینە فسـفۆڕییـانە چۆن هـاتنە ژوورەوە؟ چ دەرگــەیەک لە دەرگــەکــانی شـاریـان بۆ پێـشـوازی لێکردنیان بۆ خرایە سـەر پشت؟ جـارێکی تر لە ڕووبەڕووبوونەوەی وردەکارییە ئاڵۆزەکـاندا هـەست بەدەسـتـەپاچەیی خـۆم دەکـەم. داخـۆ ئەوانی پێش من هـاتوونەتـە ئەم شـوێنە هەمـان هـەسـتی تـرسـناک شـەکـەتی کـردوون؟ دووریش نییە ئامـێرە ئاڵۆزەکان گشت پلەکانی گرژییـەکەی گرتبن؟ ئەوی باش دەیزانم ئەوەیە شار بەشێوەیەکی مـەترسیدار لە ژێر هـەڕەشـەدایە. بەئاواتەوە بووم ئەم تێبینـییانەم وەک چۆن نەریتە، لەسـەر کوتە کاغەزێک بنووسیبایا، وەلێ چاوی ئامـێرەکان، کـە بەپشـتـمـەوە نووسـاون، وایان لێ کـردم جارێکی تـر بیرۆکـەکـە ڕەت بکەمەوە.

بیـرم چـوو بیـرتانی بخـەمـەوە، ئەو ئامـێـرەی لە تەنوور دەچێت، زۆر جـار لەبری تـەنیـا بڕینی لـووت، جـەسـتـە بـەیەکـجـار لووش دەدات. هـەینـێ ویسـتـم پرسیار لەبارەی ئەو بابەتەوە بکەم، ڕێبەرەکە بەچاو و جووڵەی دەستی گوتی:

– مـێشکی دەسـتکرد، زۆر جـار ڕۆڵی سـەرەکی لە دیارکـردنی سـروشـتی جوانی دەگێڕێت. بەدەگمەنیش وەکو بینیم، یەکپارچە جەسـتەکە لووش دەدات و دەیکـاتە هـەویر، دواتـر لەگــەڵ پارچە لـووتدا فــڕێی دەداتە نـاو بارهـەڵگـرە گەورەکـەی لای یەکـێک لە دەرگەکـانی نەخـۆشـخـانەکە وەسـتـاوە. بێگومـان، کەواتە پرۆسـەکە لـە ڕێگەی ڕێککەوت، یاخـۆ هەڵەوە ئـەنجـام نادرێت، هـەروەک من وای بۆ چووبووم، بگرە لە ڕێگەی ئەو مـێشکانەوەی بەوردییـەکی سـەیرەوە حیسـابیان بۆ دەکرا. لەودیوی ئەم ئاوەزە کانزاییانەوە پرۆسـەیەکی تێکچڕژاو هـەبوو، مرۆڤی پەنهان بەڕێوەیان دەبرد و پێشوەخت نرخەکەیان وەردەگرت.

ئەو گڕکانەی لە ناخمدایە خەریک بوو جـۆشی دەدا. ئەگەر پریشک بـهاوێت کارەسـاتە. کەچی ئینجاش لە چاوەڕوانی ئەوانی تردا بێدەنگیم هـەڵبژارد و لە

ناخمەوە تا سەر ئێسک سوور بووم لەسەر وتنی گشت شتێک بەمەهدی، سەرەڕای پێشوەخت زانینم، کە توانای تێگەیشتنی ئەم میکانیزمە سەیرەی نییە، کە من تێیدا دەژیم، یاخۆ بیری لێ دەکەمەوە. زۆر زەحمەتە بۆ مێشکێک لە پەنجاکاندا کوژابێتەوە دەرک بەو وردەکارییانە بکات، کە لە هەشتاکاندا ڕوو دەدەن. سی ساڵ. تەمەنێکە بۆ خۆی مەهدی. بمبەخشە من بەرپرسیار نیم لە دیارنەبوونت. منیش تەواو وەک تۆم. ئەوان شەو و ڕۆژ بۆ پێواربوونم دەکۆشن.

ئەوی مایەی سەیروسەمەرەیە لەم حەکایەتەدا ئەوەیە، نازانم نەهۆمەکە بەتەواوی بڵند بووەتەوە، یاخۆ قاتی سەرەوە دابەزیوە، یانیش ئێمە خۆمان بەرزبووینەتەوە. لە ناکاو خۆمان لە نهۆمی دووەمدا و لە هۆبەیەکی نوێی تایبەت بەجوانکاریی چاودا بینییەوە. ئەوان چاویش دەگۆڕن مەریەم. چاوەکانت چەند مۆن و گەرمن کچی باش. لەم شارەدا جگە لە ئابڕووچوون شتێکی تر نەماوەتەوە. تەنانەت چاوە جوانەکانیشیان بەکلۆڵیی خۆیان تێکداون. چاوەکانت دەیانگەڕاندمەوە منداڵی و دەنگدانەوەیەکی تایبەتییان بەبارانی زستانی دەبەخشی، کاتێک خەم و پەژارەکانی شاری دەشوشتەوە. ئێستا بایەکان لە مێشکمدا بەتوندی وژەیان دێت. شەو چون دێو و درنج ئاوا ترسناک بووە. وەلێ دڵگیریی ڕووخسارت تا ئەم ساتە وەکو ئەستێرەیێلێک قەشەنگییان دوایی نایەت، لە بەرچاومدایە. ئەم ترسە پەنهانە ساردیی گۆڕەکەتم بیر دەخاتەوە و ئەم بارانانەش مەریەم ئەوەم بیر دەخەنەوە، کە تۆ دڵە بچکۆلەکەم بوویت. جوانترین شت بوویت، هەینێ کەشوهەوا ڕەنگی دەکردیت.

– تۆ گوێ بگرە. دەمت چییەتی؟ بجووڵێ.

ساسافندا وژەوژێکی دا بەگوێمدا و سەرنجێکی ساردی تێ گرتم.

– برۆ. نابێت سەرت سوڕبمێنێت. ڕەوتارە دەشتەکییەکەت ئابڕووت دەبات. تەنانەت لە وەستانەکەشتدا شارستانی بە.

– فەرموون. فەرموون.

ڕێبەرەکە ئاراستەی کردین. دەڵێن بەپێی ئەو ڕێبەرەی خەریکە بزە مانادارەکەی نیگەرانم دەکات، لەمێژە دەستیان بەلێکۆڵینەوە لە کێشەکە کردووە، کە زەحمەتە ڕۆژەکانی دیار بکرێن. لە کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەشیاندا گەیشتنە ئەوەی دەکرێت چاو بگوازرێتەوە و بەپێی خواست گەورە بکرێتەوە. ئەم ئەزموونانەی سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە، زۆریان لە تەمەن و ماندویەتیی پزیشکە بیانییەکان برد. بەم ئاوایە زۆر بەئاسانی دەکرێت نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە، گواستنەوەی چاوی ڕاستە بۆ ناوەڕاست. هەرچی چاوی چەپەیە دەکرێت لە پشتەمل جێگیر بکرێت. یاخۆ چاوێکی دەستکرد لە جێگەی دابنرێت، توانای جووڵەی ئازاد و خێرای هەبێت، بێ ئەوەی جوانیی شوێنەکەی لەدەست بدات. بەم شێوەیە لە توانای مرۆڤدایە بەهرەی تایبەتی هەبێت و گشت شتەکان ببینێت و بەئازادی و بێ ئەوەی ناچاری ئاوڕدانەوە بکرێت، بێ و بچێت (کابرای ڕێبەر وشەی بەهرەی تایبەتی ڕوون نەکردەوە و ئێمەش پرسیارمان لێ نەکرد). لە هەموو ئەمانەش زیاتر، مەرج ئەوەیە، ئەوی نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکرێت، بەلای کەمەوە دە ساڵ بێ لووت ڕێی کردبێت. سەرەنجام، ئەوی کەپووی درێژە ئەم نەشتەرگەرییەی بۆ نابێت. لە شاردا ئەو کەسانە هەن، کە مەرجەکانی ئەم نەشتەرگەرییە بیانگرێتەوە. ئەمە شارە کوژراوەکەیە. تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێن. دۆخێکی قورسە، ئەستەمییەکی نیمچە سامناکە.

ئا. بیرم چوو. بمبەخشن ئەو ئاوەزەم نەماوە بەشێوەیەکی سروشتی بیر بکەمەوە. لە یادم چوو پێتان بڵێم، وێنەکێشان و نووسین لەسەر پارچە کاغەز قەدەغەن. تۆمارکردن بەشێوەیەکی میکانیکی دەبێت و هیچ پێوەندییەکیشی بەکاغەز و قەڵەمەوە نییە. جارێکی تریش لە یادم چوو وردەکارییەکی بچووکتان سەبارەت بەنەشتەرگەرییەکە بیر بخەمەوە. ئەو چاوانەی شوێنیان دەگۆڕێت، ئامێری تایبەتیان دەخرێتە سەر، کە توانای ناردن و هەڵگرتنی تیشکی ئەتۆمییان هەن، دەتوانن یەکێک بەهەزاران کیلۆمەتر لە ژێر زەویدا

نووسـتـبـێت، بدۆزنەوە. پاشـان زەڕەبینی دیودەری پارێزراو لە تۆز و خـۆڵ و مـێـروو و هـەوری دەخـرێتــە سـەر. بۆیە کـاتێک تەمـاشـات دەکـەن هـەست بەسـەرەگێژە و ئازار لە سینگتدا دەکەیت. لە هەموو ئەمانەش زیاتر، لە چاوە نووقـاوەکـانیـان، کـە پێسـتـەکـەت و دڵ و ئێسکەکـانت دەسـمن، باشـیـان دەناسیتەوە.

لە کـاتـی نەشـتــەرگـەریدا خــەڵک نـابەسـتــرێتــەوە، هەر وەک چۆن لە نەشتەرگەریی جوانکاریی لووتدا بینیمان. بەئارەزووی خۆیان سەریان دەبەنە ناو ئامـێـرێکی شـووشـەیی پڕ لە تۆز و خـۆڵی دەگمـەنەوە. ملیش بەمـەنگەنە ڕادەکێشرێت، نایەڵێت سەر بەئازادی بجووڵێتەوە. ئینجا پزیشکەکە دێت، کە لە جلە ڕەشـــــەکــــەیدا تـەنیـــا چاوی دیارە. بـەڕاست جلـی پـزیشـک و یاریدەدەرەکانی سەرتاپا ڕەشن. لە چەمەدانەکەی ئامێرێک دەردەکات لە درێل دەکات، پاشان بەرینەی ئامێرەکە لە کەلەکەی گیر دەکات و ناوەستێت، تا لە پشـتـەسـەریـەوە دەرنەچێت. ئەوی لەم کـارەدا خـراپە ئەوەیە دڵـتـێکچـوون و ڕشـانەوەی تایبـەتـی لێ دەبێتـەوە. خـوێن تێکەڵ بەو شلـەچڵـمـیـیـە زەردە و ئەو مێشکە دەبێت، کە بەشێکی زۆری بەسـەر بەرینەکەوە نووساوە، لەگەڵ ئێسکی هەلا هەلا بووی سـەر بـەدەموچاودا هاتووەتە خوارێ و دۆخـێکی پڕ لە ترس و تۆقینی لە دەروونی تەماشاکەردا دروست کردووە.

ئەو نەشـتـەرگـەرییـە لای ڕێبـەرەکە ئاسـاییـیـە. تـاڵە موویەکی لە جـەسـتـەیدا نەجووڵاندووە، کەچی من ڕیخـۆڵە و دڵ و گەدەم ژان دەکەن، ژاوەژاو دەردەکەن و هـەلا هـەلا دەبن. دوای ئـەم نەشـتـــەرگـەرییــە چاوەکـان زۆر بـەئاســانی بەمژەرێکی پلاستیکی دەردەهێنرێن. پاشـان بەوردی تەمـاشا دەکرێن. ئەگەر باش بوون ئەوا لەو دوو کونەی بەرینەکە کردنی دەچەسپێنرێن، ئینجا شـوێنی چاوەکـان بەکـاغـەزی لینج لە چەرمـی مـرۆڤ دەکـات، پڕ دەکرێتـەوە، لە کـەرتە چرکـەیـەکـدا وشک دەکـرێنـەوە. پاش ئەوەی هـەندێک ڕێنـوێنی بـەسـەر ئەوی نەشتـەرگەرییـەکەی بۆ دەکرێت، دەخوێنرێتـەوە، لە دەروازەی نـهۆمـی دووەمەوە دەخــــزێتـــە خـــــوارەوە، وەک ئـەوەی هـەر هـیـچ نـەبـووبـێت. ئەوی مـــایـەی

سـەرسـوڕمـانە، ئەم چاوانە مـەگـەر لەو سـنوورەی ڕێنوێنـیی توندیان بـۆ بێت دەبینن. ئەو ڕێنوێنییـانەش لە کەسـێکەوە بۆ کـەسـێکی پتـر دەگـۆڕێن، ئەمـەش بەپێی ئـەو گـۆشـانـەی لـە شـارەوە بۆیان دەنێـررێن، تا دەبێـتـە جـرجـێکی چاو شووشـەیی.

تێبینییـەک پێویسـتـە بیزانن. لە کـاتی پێوانی مـەودای لاتەنیشت و خـاڵی ناوەندی، کـە دەبێت چاوەکـەی لـێ دابنرێت، هەڵەیـەک ڕووی دا. پێـوانەکــە مللیمـەترێک، یاخۆ تۆزێک کەمتر کەم دەرچوو. پسپۆڕەکە هەوڵی دا لە ڕێگەی ئاوەزە کـانزاییـیەکانی بەردەستی هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە، کەچی نەیتـوانی. هەمــوویان نیــشــانـەی ســووریان ڕەوانە کــرد و دووکــەڵێکی چڕیان نارد. پزیشکەکە گـەلێک لێهاتووانە چەکمـەجـەکەی کردەوە. چاوم لێ بوو. سـوێند دەخـۆم شـتـێکم بینی لـە خـوێن دەچوو لە چاوە شـینـەکـانـی دەهاتن. کـۆنە تەورێکی دەرهێنا و دابەزییـە بان سـەر. لە پێشـەوە بڕیی و پاشـان کـردیە دوو پاژەوە. ئەوی ســەیر بوو خـوێنـی لـێ نەهات، بەڵکو دووکـەڵێکی چڕی ڕەش لە شـێوەی بازنە لە دەلاقـەیەکی بڵندی دیوارەکـەوە هەسـتا. کـەچی تەرمـەکە بوو بەهـەویر و کـــەوتـە ناوەڕاســـتـی قـــایشــــە جـــوولاوەکـــەوەی دەچـووەوە ســـەر بارهەڵگرەکـەی لەبـەر دەرکـەی نەخـۆشـخـانەکـە وێسـتـابوو، تاکـو دوایی لە سـەرانگوێلێکی گـەورە لە دەوروبەری شـاردا بسـووتێنرێت. لە ناو ئـەم ئامـێرە گەورەیەدا وا هـەست دەکەیت گشت چاوەکـان تفەنگ ئاسا ڕوو لە تۆ کرابن، لە هەمان کاتیشدا هـەست بەوە دەکەیت کەس بایەخی تایبەتت پێ نادات.

هۆبەی گـوێ گـۆڕین کـە لە تەنیـشـتـەوە بوو، هێند سـەرنجی ڕانەکـێشـام. نەشــتــەرگــەرییــەکــەی وەک ڕیخــۆڵکە کــوێرەیە زۆر ئـاســانـە. ئەوانـی بۆ نەشـتـەرگـەرییـەکە هـەڵبـژێرراون گـوێ لە دەرەوەی نەخـۆشخـانـەکە لە یەکێک لە دووکـانە بیانییـەکانی شـارەکـە دەکڕن، تەنیـا بۆ لێکدانی دێن. گـوێی درێژی لە پلاستـیک دروست کراو، تا ڕادەیەک لە گـوێی کـەر دەکات، وەلێ بەبێ تووک. لە دروسـتکردنیدا چاودێریی ئەوە کـراوە گشت تـایبـەتمەندییـە پێویسـتـەکـانی زۆر بەڕوونی دەنگ وەرگـرن. هـەینێ سـەرکـەوتینـە هۆبەی سـێـیـەم، کـە تایبـەتبـوو

بەگۆڕینی مێشک، لە ڕێگەی ئاسانسەرەوە نەبوو، بگرە سواری تیشکێکی سوور بووین. دەستپێک هەستم بەسەرەخولێ کرد، لێ هێندەی نەبرد نەما و گەڕامەوە دۆخی ئاسایی خۆم. ئا لێرەدا وردترین نەشتەرگەریی بەهەستەوەرترین ئامێر دەکرێت. یەکەمین تێبینی تۆمار بکرێت ئەوەیە، مێشک وەک لووت و چاو و گوێ نییە. فرێ نادرێتە بارهەڵگرەوە مەگەر لەوپەڕی پلەی هەڵەکردندا بن، ئەمەش زۆر بەدەگمەن ڕوو دەدات. لە دۆخە تایبەتەکاندا کاتێک پزیشکان بڕیاری دەرکردنی دەدەن، دەخرێنە سنووقی شووشەیی تێکەڵ بەزێڕ و پلاتینەوە، دوای ئەوەی بەگرینگی پێدانێکی زۆر و بەهێمنییەکی تایبەتەوە لە ناو پەمۆدا دادەنرێت، دواتر بەلوولەی تایبەت، کە ڕاستەوخۆ دەچنەوە سەر تونێلێکی نهێنیی نەخۆشخانەکە، دەنێررێن تاکو لە پێکهاتە دەگمەنەکەی بکۆڵنەوە. دەڵێن مێشکەکان تەنیا بۆ لێتۆژینەوە دەنێررێن و سەرلەنوێ دووبارە دەکرێنەوە. وەلێ ئەوانەی شارەزای باشی شارەکەن دەڵێن؛ تاقە مێشکێک لەو مێشکانە نەگەڕاوەتەوە نەخۆشخانەکە.

هەستم بەناتەواوییەک کرد لەو جاڕدانە خۆڕاییيەی ڕێبەرەکە مێشکی سەری پێ بردبووین. ویستم بەهەندێک پرسیار جاڕسی بکەم، لێ بەر لەوەی زارم هەڵێنم لە چاوانیدا خوێندمەوە **لەم هۆبەیەدا پرسیارکردن قەدەغەیە**. تەنیا ڕێبەرەکە مافی ئەوەی هەیە کەنگێ لە چاوی میوانانی دەستەپاچەیی بینی ڕوونکردنەوە بدات. لە مێشکی خۆمدا تێبینییەکی ترم پێش ئەوەی لە بیرم بچێتەوە، تۆمار کرد ئەویش ئەوەیە، ئەم هۆبەیە ڕیزبەستنی گەورەی تێدا نەبوو، لەم بەشەدا ڕێ بەکەمایەسییەکی کەم دەدرا نەشتەرگەرییان بۆ بکرێت.

لە بەدبەختیی خۆم من نیوەی نەشتەرگەرییەکەم بینی، ئیتر نازانم دوای ئەوە چی ڕووی دا. وام زانی کارەبا بڕا. هیچم نەدەبینی. دەڵێم هیچم نەدیت چونکە ساسافندا دەیگوت هەرگیز کارەبا نەبڕاوە. ڕەنگە لە ساتێک لە ساتەکاندا مێشکم لە کارکردن کەوتبێت، ئەوەش جیاکەرەوەیەک بوو لە نێوان جیهانی ناوەخۆیی و دەردیسەرییەکانی جیهانی دەرەوەدا. بەر لەوەی دەستە پەنهانەکان دابەزن چاوم بگرن و خۆم ببینمەوە هەوای شەقامە ساردەکە

هەڵمژم، پزیشکەکەی جلی ڕەشی لەبەردا بوو بینیم دەست بەدوگمەیەکی بێ ڕەنگەوە دەنێت، تا مشارە کارەباییەکە بجووڵێنێت، ئەو سەرەی لە شێوەی نیوە بازنەدا بەدوو پارچە ئاسنی هاوتەریب بەستراوە، دەکاتەوە. پێش ئەوەی بیرم بچێت بیرتانی دەخەمەوە، گرفتی من بیرچوونەوەیە. بەر لە ئەنجامدانی هەر نەشتەرگەرییەک سەر بەتیشکی ڕەنگاورەنگی ئەتۆمی دەپشکنن. زۆر جاریش ئەگەر مەرجە پێویستەکانی تێدا نەبێت نەشتەرگەرییەکە ناکەن. ئا، تەنیا لەم دۆخەدا ئەوی نەشتەرگەرییەکەی بۆ ناکەن نایگەڕێننە ماڵەوە یاخۆ بۆ شەقام، ئەمەش هۆیەکەی مەگەر تەنیا خۆیان بیزانن. دەیخەنە ناو ئاسیاوێکی گەورەوە، هاوار ناکات، لەگەڵ لینجاوێکدا، کە هەندێک ترشەڵۆکی تێدایە، تێکەڵ دەکرێت. ئینجا دەڕژێتە ئاوەڕۆیەکی تایبەتەوە، کە لە ئاسن چێ کراوە، تا لە بارهەڵگرە تایبەتەکەدا کۆتایی دێت.

کاتێک پزیشکەکە لە بڕینەوە دەبێتەوە، بەوریاییەکی واوە مێشکەکە دەردەهێنن، وەسف ناکرێت. لە پەڵەخوێنی پاک دەکاتەوە و هەوڵ دەدات توێژاڵە خۆڵەمێشییەکە بپارێزێت. دەخرێتە لۆکەوە، پاشان دەخرێتە سنووقێکی شووشەییەوە، هەواکەی بەرەو ژێرزەمینێکی تاریک و نووتەکی دەبات، لەوێشەوە بەفرۆکەیەکی تایبەت دەگەیەنرێتە فرگە.

پێش ئەوەی سەرەکە یەکجاری قەپات بدرێت، پارچە گەچێک لە شێوەی مێشک دەخرێتە ناویەوە، چی ئامرازی وردی وەرگرتن دەڵێی تێیدایە. نەشتەرگەرییەکە بەو وردییەی خۆیەوە کاتێکی زۆر نابات. ڕێکخەری ورپاکردنەوەشی پێوە دەبەسترێت لە ڕێگەی پێوەندیی شەپۆلی بەئامێرەکەوە، جگە لەوی نەشتەرگەرییەکەی بۆ کراوە کەس بەشوێنەکەی نازانێت، لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانێت پێوەندیی بەنەخۆشخانەوە بکات و لە کاتی پێویستدا پێچەوانەکەیشی دروستە. دەڵێن ئەوی ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ دەکرێت یادەوەری و برادەر و خزم و کەسوکاری لە بیر نامێنێت. ساسافندا ئەمەی بۆ پشتڕاست کردمەوە. گشت شتەکانم بەچاوی خۆم بینی، لە کاتێکدا لەو ساتەدا بەناچاری لەوێ نەبووم.

جارێکی تر پێتانی دەڵێمەوە، کە من نەشتەرگەرییەکەم بەتەواوی نەبینی، چونکە لە بەشی چرکەیەکدا کارەبا بڕا، یاخۆ وام مەزەندە کرد. هەینێ چاوم هەڵێنا خۆم لە نێوان شەقامی درێژبووەوەی نێوان دووشی خۆشی و یادەپەیکەرەکەدا بینییەوە. بایەکە بۆن بۆگەنییەکانی ڕادەماڵی. شەڕم بیر کەوتەوە. شارەکەشم بینی لە ژێر تاریکییەکی ئەنگوستەچاو و نووتەکدا، کە لەگەڵ خۆرگیرانە داهاتووە دوورەکەدا لە ئاسماندا گەورە دەبووەوە، لە گیانەلادا بوو و دەمرد. بیرەکان وشکیان دەکرد و خەڵکەکەش لەسەر دڵۆپێک ئاو یەکتریان دەکوشت. نیوەیان لەو کاتی دەیانویست لە ئاوی دەریا بخۆنەوە لە تینووواندا مردن. شارەکە گسکی لە ئالاکانی دەدا و بۆ خوا بەدوای داگیرکەرێکدا دەگەڕا، تا چەند ساڵێکی دی دەستی بەسەردا بگرێت.

شەڕ سەر بەهەموو ماڵێکدا دەکات. گڕ لە شار بەردەدا و گشت سامانەکەی دەسووتێنێت و دنیایەک خوێن و خەم و کەسەر جێ دەهێڵێت.

ساسافندا بەدەم بزەخەنەیەکی زەردهەڵگەڕاوەوە گوتی:

– هەموو شتێکمان بینی. تەنانەت وردەکارییەکانیش.

– لێ من نەشتەرگەرییەکەم بەتەواوی نەبینی.

– ئەوان چاوەکانتیان نووقاند، چونکە بیرکردنەوەی خراپت ماندووی کردن.

– ئۆف Tu fabules trop.

بەتوندی و بڕوابەخۆبوونەوە گوتی:

– نەخۆشخانەکە توانای گۆڕینی هەموو شتێکی هەیە. ژیار پێشکەوتووە حوسێن. لە ئێستاوە بۆ ساڵی دوو هەزار لە تاقیگەکاندا بەتەواوی دەگەنە گۆڕینی مرۆڤ بەمرۆڤێکی ئامادەکراو.

– بەو شێوەیە ئیتر پێویست بەخواستن و منداڵ هێنان ناکات. تەنانەت سیمای شارەکەش دەگۆڕن و ئەو کات دەیکەنە ڕووکارێک بۆ ڕیکلامی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و شێوازێکی دیمان بۆ دروست دەکەن نە شارە و نە گوندیشە.

– ئیـتــر دایکان نـاچار ناکــرێن نۆ مــانگ ئاوس بن. ئەو گــرێی هـەست بەتاوانکردنەش، کە بەدرێژاییی تەمەن بەدوامانەوەیە، نامێنێت.

هەوڵم دا بیـرخـۆمی بێنمــەوە ئەو کـاتی کـارەبا بڕا چی ڕووی دا؟ کـەچی نەگەیشتمە ئەنجامێک. سەیرم هاتێ. وام هەست کرد تیشکێکیان ئاراستەی سەرم کرد و یادەوەریی لە بیر بردمەوە.

٢

بەڕاشکاوانە دەڵێم، بڕوام بەو قسـەیەی دوایـی ساسافندا نەکرد. ئەسـتـەمـە ئەوی لەو دەمی شـەقامـەکەی لای مـاڵەکەیمان دەبڕی پێی گوتم، ڕووب دات. داخۆ دنیا ئاوا خراپ بووە؟ حەمید بەم ئاسانییە بکەوێت. حەمید مەشـخەڵی شـارەکـە بـوو. سـاسـافندا سـوێند بەسـەری مـەهدی دەخـوات، کـە بەچاوی ناسـیـوێتـیـیـەوە ئەو دەمی مـێـشکیـان دەگـۆڕی و لە ڕێگەی ژێرزەمـینەکـەی دەگەیشتەوە فڕگە بۆ دووریان دەنارد، لە هەر ساتێکدا بێت گێلی دەیگرێتەوە. دەمی تەواو داچەقابوو. بەکەیفی دڵی شار دەجـووڵایەوە. مـەشـخـەڵێک بوو، ئاگــرێک بوو لە بیـرکــردنەوە. سـاســافندا لەودیو جـامــە تێکەڵ بـەزێڕ و پلاتینەکەوە بینیبووی مێشکێکی لە گەچ دروستکراوی لەگەڵ وردترین ئامێری بۆ دەخەنە کەللەوە.

بڕوام نەکرد. وەلێ لە خەڵوەتێکدا لە شار، چاوم بەحـەمید کەوت. نەیناسیم. دۆستێکی وەفادار بوو. لەگـەڵ یەکدا خەممان خـوارد و باسـی ڕابردووی نان و نمەککردنی مـاڵە لـە تەنەکـە دروسـتکراوەکـانی یـەکـتـریمان کـرد. سـیـمـای نیشانەی ژیریی پێوە دیار نەبوو. لە گەمژەیەک دەچوو، بەزەحمەت ڕێی دەکرد، بای گـەرم دەیدا بـەبنا گـوێیدا. چاوانی لەسـەر هیچ ڕەنگێک، یاخۆ شـوێنێک نەدەگیرسانەوە.

کاتێک لە ماڵەوە دانیشتبووم. هەستم کرد گشت ئەو شتە جوانانـەی شار بەدرێژاییی دوو دەیە نـەیتـوانی لە دەسـتـمـیـان بکاتەوە، لەدەست دان. ئای

خوایە. داخۆ شار گەیشتە پایزی پێشوەختی؟

تۆ لەکوێیت حوسێن، ئەی نەخۆشخانەکە لە کوێندەرێیە؟

ئەو دەزگا ترسێنەرەیە، کە لەپڕ بەگەورەیی بەدەرکەوت. ئەم ئامێرە زەبەلاحانەمان پێ دەگات و لە وردەکاریی ڕۆژانەمان سەر و دڵمان دەگرێت. لە ساتێکدا لەو دەمی دەچوومە ئاودەستەوە دۆخێکی پڕ لە ترسی بێ پاساو دای گرتم. بینیم چاوەکانی حەمید تا چوومە ژووری بەدوامەوە بوون، کاتێکیش گەڕامەوە سەر جێگەکەم، بەتەنیشتمەوە دەنووستن.

بریقە فسفۆڕییەکە ترسێنەرە. ساسافندا بێدەنگ بوو، لە داخ کەوتنە لە ناکاوەکەی حەمید، بەدەست ئازارەوە دەپلکایەوە. نازانم بەڕاستی بوو یان نا!

– بەستەزمانە. لێ کێ دەتوانێ لەبارەی جەستەی لێی بپرسێتەوە. کورە برا مافی خۆیەتی. دنیا دڵڕەقە. ئەو نایەوێت قۆچ لە دیوارێکی ئاسنین بدات.

– هەڵبەت من دەمەوێت قۆچ لەو دیوارە بدەم. ساسافندا بیرکردنەوەت دەمترسێنێت.

– حوسێن، تکات لێ دەکەم. من شتی خراپم بەمێشکدا دێت.

– وەک چی؟

– تکایە. نامەوێت لەدەستت بدەم. تۆش وەکو خەڵکی بستێنە و بدە.

– گشت شتێکیان لێ سەندمەوە و جگە لە ماڵوێرانی هیچی تریان پێ نەبەخشیم.

– چی دەخوازیت بڵێ، منیش بۆ بەدەستهێنانیان یارمەتیت دەدەم.

– هیچم ناوێت. با بابمم بۆ بگەڕێننەوە، کە لە هیچە ئاوات دەخوازێت. لەوە زیاتر داوای هیچ بژاردنێکیان لێ ناکەم.

– تۆ هەر بەڕاستی شێتیت. واز لەم دۆزی لێکۆڵینەوەیە بێنە و تەرخانبە بۆ کاروباری تایبەتی خۆت. ئێمە داهاتووین. ئێمە لە پێش هەموو ئەم وڕێنەکردنانەتەوەین. مەهدی تێر مەرگ بوو، تۆش دەمکوژیت و خۆتیش دەکوژیت.

– لەم شارەدا هیچ شتێکم بەلاوە گرینگ نییە ئەم لێکۆڵینەوەیە نەبێت.

بێزار بووم. چاوەکانی حەمید لەو بێ گوناهی و خۆکردیەی تێمدا مابوون هەراسانیان دەکردم.

– تۆ لە کەلی شەیتان نایەیتە خوار. منیش ئیتر بەرگەی ئەم دۆخە ناگرم.

– ئازادیت.

– دەزانم. باش دەزانی ئەم وشەیە بڵێیتەوە.

حەمید لە چەشنی تیشکێکی مردوو لە مێشکمدا شکایەوە. ساسافندا بێ سوود مکوڕ بوو، چونکە سەرم زین کرد و تا مردن سواری بووم. مسیردییە و وەکو شاوییەکان کەللە ڕەقە.

لە خەڵوەتەکەمدا لەگەڵ وردەکارییەکانی یادەوەریمدا، نەمدەزانی دۆزی مەهدی دەمگەیەنێتە ئەم هەموو سەرێشە و ئازارانە. دوور نییە ئەگەر بمزانیایا لە پشت ئەم ڕووخسارانەوە ئەمانەم بەسەر دێت، ئەوا لە بەراییەوە خۆم لەم تۆژینەوەیە دوور دەخستەوە. کەچی ئینجاش گشت ئەمانە ڕوویان نەدەدا.

شار لەو هەڵانەی دەرۆستی کردمان بیری ناچێتەوە. هەینێ ئەویش هەڵە دەکات، چەند ستەمکارە، تەنانەت ڕێی پرسیارکردنیشمان لێ دەگرێت. چاوی وەکو بەردی دۆڵە شینەکان ڕەقن.

– ئای ساسافندا. ملی ئەم ڕێگەیەم گرتووەتە بەر و مکوڕم لەسەر بڕینی.

– حوسێن قسەکانت ماندووم دەکەن. ماندووم دەکەن. ماندووم دەکەن.

سەری خستە نێوان لاقەکانییەوە. بەزەحمەت ویستی بگرییێت، کەچی دڵۆپێک فرمێسک نەڕژایە سەر ڕووخسارە سوورهەڵگەڕاوەکەی. هەموو شتەکان لە ساتی خەمباریدا گۆڕان، کە بەبێ هیواییەوە ویستی بەرەنگاری بکات. لە پێخەفەکەی نزیک بوومەوە. وەکو پارچە بەفر سارد بوو. کەچی ئینجاش زۆر نووستین. لە ڕاستیدا هێند حەزم بەسێکسکردن نەبوو، هەرچەندە هەستم بەسووتانی جەستەی لە ژێر چاوەکانمدا کرد.

منجەمنجێکی کرد:

– تۆ پشتگوێم دەخەیت.

– وادیارە ئێمە بۆ یەک نەخوڵقاوین.

هێندەم درێژە بەقسان نەدا، چونکە سەرقاڵی بیرکردنەوە بووم لە ڕوخساری حەمید، کە لەودیو شووراکانی هۆبەی مێشک گۆڕین و مەهدی و شتەکانی ترەوە، کە ئەستەمە دەستنیشان بکرێن، دەخورا.

ساسافندا لە شەکەتیدا هەنسکە هەنسکی بوو. بەدۆڕاوی لەسەر سینگی دابەزیم. ئەمجارەیان لە جارەکانی پێشوو زیاتر ئازارم کێشا، ئەویش بەهەمان شێوە. ڕووخساری لە کەلەشیم دوور دەخاتەوە. نەمدەتوانی یەکیان بخەم، ئەگەرچی لە کردندا لەگەڵ مەریەم هەستم بەبێ توانایی نەدەکرد، ئەو مەریەمەی شار و ئۆتۆمۆبێل و ئەو تەمەی لەپڕ بەرچاوی شاری گرت، لێیان ڕفاندم.

متەقی نەکرد. گڕی تێ بەربووبوو. دەستی خستە ناوگەڵییەوە. ناڵاندی و ئازاری کێشا. چاوەکانی سووردەوە بوون و وەکو پارچە پەڕۆی دەم با دەلەرزی. زەرد هەڵگەڕا. پاشان حەوایەوە و خاوبووەوە.

– تۆ نەساغیت.

زارم هەڵنەهێنا، چونکە ئەو ژانەی لە ناخمدا بوو زۆر بەخێرایی دەیکرۆشتم. بەلامەوە زەحمەت بوو سەرنج بدەمە قسەکانی. ئەو ئێوارە ساردە لەبری خەوتن لە هەمان جێگە لەگەڵیدا، بەدەستپەڕلێدان تۆمەتباری کردم. خەنیمەوە. زۆر پێکەنیم، وەلێ پێکەنینەکەم وەک کا بەخێرایی سووتا و تێکەڵبوو بەلوورەی ساسافندا و هەورەتریشقە و دەنگی ئەو سەرخۆشەی وەک برووسکە لە پەنجەرە شکاوەکەوە هاتە ژوورێ، هەروەها ورتەی ئەو ڕووخسارە پەنهانانەی دەرگەکەیان کرد بەدوو بەشی نایەکسانەوە.

– هەستە هەتیو. بەدکار ئەمڕۆ قیامەتت لێ هەڵدەستێت. خوا تا کێو نەبینێت بەفری تێ ناخات.

چون بێچووە پشیلەیەک منداڵان بەکلکی هەڵیان گرتبێت، ئاوا بەڕووتی لە پێخەفیان دەرهێنام. خەریک بوو لە ناو دەستیان بەجووڵە دەکەوتم. بەچکە جرجێکی ناو کا بووم، کە هێشتا مووی لێ نەهاتبوو و سەیری بەمەدا دەهات.

– چرکەیەکت بەدەستەوەیە تاکو جلە پیسەکانت لەبەر بکەیت و پاشان...

کاتی تەواوم بۆ بیرکردنەوە و تەماشاکردنی ڕووخسارە بەهەویر بووەکەیان نەبوو، کە خزایە ئاودەستەکەوە. زۆریان پێکەنین بەقوونی ڕووتم هات، ددانە زەردە قێزەونەکانیان بەدەرکەوتن. بەڕێگەوە وێنەکەی مەهدیم پێچایەوە. دوای ئەوەی بەباشی پشتێنی پانتۆڵەکەم توند کرد، خستمە ژێر کراسەکەمەوە.

ویستم شوێن و کاتم دیار بکەم و یادەوەریم ڕێک بخەمەوە. لێ بێهوودە بوو. نەمتوانی شتێکی وا بکەم شایانی باسکردن بێت. دەستەوستان بووم لەوەی بگەمە دیارکردنی بیرکردنەوەم و چوارچێوەیەک بۆ یادەوەری و هۆشیاریم دابنێم.

چی بەسەر ئەم شارەدا هاتووە، تاکو ئاوا بەخێرایی شێت ببێت؟

بەر لەوەی بیر لە شتێکی بەرجەستە بکەمەوە، بەتوندی کێشایان بەپشتمدا.

– وەرەوە سەرخۆت. کاتمان نییە بەفیڕۆی بدەین.

دەستپێک وام زانی بوونیان لام بەجلی پەنهانەوە ڕەنگە ڕێککەوت بێت، کەچی ئێستا دڵنیا بووم کارەکە داڕێژراوە. ئەوان ناوی باوکم و گشت دەوروبەرەکەم دەزانن.

ساسافندا ئەوەی پێ سەیر نەبوو. وێدەچێ من وام هەست کردبێت. وەک من فەرمانی یەک چرکە بواریان بەسەردا نەدا. بەهێمنی جلەکانی لەبەر دەکردن. هێمنییەکی هێند گەورە کێوەلییەتێکەمی ورووژاند. شەرمی لە ڕووتییەکەی نەدەکرد. هێورییە ساردەکەی لە ناخەوە ئازاری دەدام. جلەکانی لەبەرکردن. جەستەی حەزبزوێنتر بەدەرکەوت. بەهیچ شێوەیەک ئاگایان لەو نەبوو. چاویان لەسەر جووڵەکانی من و لاتەنیشتی خۆیان بوو، کە دەمانچە

ساردوسڕەکانیانی لێ نووستبوو. هەینێ تەواو بووم گەورەکەیان فەرمانی دا دەرچم. دەستیان لە ساسافندا نەدا، کەچی منیان بەپاڵ کردە دەرەوە.

سەرخۆشەکە پێش من لەوێ بوو؟ ئای خوایە. نا. نا. چاوێکی ترم پێیدا خشاند. بەخوای خۆیەتی. چاوێکم بەپشتەسەریەوە بینی، کاتێکیش بەدەم بزەخەنەیەکی نەگریسەوە ئاوڕی بەلامدا دایەوە، چاوەکەی تریم بینی بەناوەڕاستی تەوێڵیەوە بوو. جارێکی تر ڕەتم کردەوە ئەوی بەچاوی خۆم دەیبینم بڕوای پێ بکەم.

بەدوای یەکدا دەرچووین. ساسافندا پاش ئەوەی دەرگەکەی بەئارامی و خوێنساردییەوە داخست، دوا کەس بوو دەرچوو. لەبەر دەرکی ئوتێلەکە سەرخۆشە خێلەکەی بەبینینی ڕاهاتبووم بەرچاوم نەکەوت. دەبێ شوێنەکەی بۆ شوێنێکی تری شار گواستبێتەوە، لێ زبلڕێژێک، کە پاڵی بەعارەبانەیەکی کۆنەوە دەنا وەکو ڕێبوارێکی شەکەت و ماندوو بارگەی لێ خست. لەبەر دەرکە وەستا، یەک یەک سەیری تەلارەکانی دەوروبەری ئوتێلەکەی دەکرد و خۆی لە بینینی ڕووخسارمان دەپاراست، کە سیمایان لە ناو تاریکیی شاردا ون بوو.

سەرم بەرەو ماڵەکەم هەڵبڕی. بیرم نییە چیم بینی، لێ باشم لەبیرە ساسافندا بیری چوو بوو گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە و جێیەکە خڕبکاتەوە.

بەشی سێیەم

# هەرەسهێنانی شار

## ژێرزەمینە داخراوەکانی شار

جگە لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو هیچ شتێک بەدی ناکرێت.

پێم گوتی، هەوڵدە بەبیری خۆتی بهێنیتەوە. هەوڵ بدە.

ئەم مێشکە تا ڕادەی تەقینەوە و لەت لەتبوون پڕ لە پارچەیە. وام لێ هاتووە زەحمەتە بەئارەزووی خۆم سەرم بجووڵێنم. هیچم بیر نایەتەوە. بڕوام پێ بکەن هیچم بیر ناکەوێتەوە. نە چۆن هاتمە ئەم شوێنە و نەیش چۆن شەوم بەڕێ کرد. کات هێند بەخێرایی دەڕوات لەوە گەورەترە ئاوەزم قبووڵی بکات. تەنانەت ڕووخساری مەریەمی هەردەم شەیدا، لە کاتی شکستهێنانمدا سەبووریم پێیدا دەهاتەوە، لە گەرمەی خۆشییەکی کوژراودا ونبوو و منیش تا سەر ئێسک نوقمی ئاگری ئەو شتە لەناکاوانە بووم، کە هەرگیز بەزەییان پێمدا نایەتەوە.

ئێستا هەناسەم لەبەر بڕاوە، بەزەحمەت هەناسە دەدەم. هەرچەندە دەستم بەری ناکەوێت، وەلێ هەست دەکەم ئارەقە بەدەموچاومدا دێتە خوار. لە ناوەندی ئەم ژێرزەمینە نووتەکەدا پیاو دەترسێت ئەو نەختە هەناسەیەش لەدەست بدات.

حوسێن! داخۆ بێ هیوایی چووەتە ئێسکتەوە، لە کاتێکدا تۆ بەرەنگاربوونەوەت بەپێویست دەزانی؟ ئەی ئەو خۆرەی ئاگری شار ڕەشی کرد، هێشتان یادەوەریت زیندووە. ژیانی ئەوە ئەم هەموو چەرمەسەرییەت بەسەردا دێنێت. هەینێ ئەو بمرێت تۆش بەدوایدا دەمریت. حوسێن، ئەگەر مرۆڤ ئازار بکێشێت، مانای وایە هێشتا توانای قووڵی هەیە بۆ پیادەکردنی سرووتی ژیان. هەوڵ بدە یادەوەریت بخەیتە گەڕ. هێشتا لە نێوان تۆ و شاردا

کات ماوە بۆ قسەوباس و گفتوگۆ.

ڕاستە پەنجەرەی بچووک و شکاو نەماوە، لێ توانای ئەوەت هەیە لێیەوە دەرچیت. ئەو سەرخۆشە خێلەی هەردوو چاوی خرانە ژێر نەشتەرگەریی گۆڕانەوە، هەرگیز لە تۆ باشتر نییە. لەسەرتە بەر لەوەی بەددانە تەختەییە کرمێ بووەکانی شار بهاڕێت، تۆ شار لە ژێر کەڵبەکانیدا دەربهێنیت.

ئەمە سێیەمین جارە دەکەویتە هەڵوێستی واوە. جاری یەکەم بردتیان، لەو دەمی خۆت لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا دابوو بەزەویدا، وات دەزانی شاریش بەتەواوی وەک شارۆچکەکەتان موڵکی خۆتە. ئەوە یەکەمین هەوڵت بوو بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی تەندروست لە نێوان خۆت و ئەو کۆڵانەی نیشتەجێی بوویت و زیاد لە نیوەی تەمەنت پێ بەخشی. کەچی سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا. خراپ بەسەرتدا شکایەوە و ناچار کرایت بەشەوان گشت ڕێگەکانی شار ببڕیت و ترسیش ئێسکی سینگتی قرچ چرچ دەشکاندن.

ترسی شار لە یادەوەرییەکانی منداڵی بەهێزتر بوو، کە لەو شارەی بەهێمنی لە نێوان دوو چیای بەرز و کەناری دەریادا خۆی مات داوە، بەدوای خۆتدا بەکێشت کردن. هەرگیز. هەرگیز. وەکو مەریەمی لە دڵدا شیرین نییە، گوێ لە وڕێنەکانت بگرێت. ئەو کاتی کەمە. تاکێک پێڵاو. پێی دەڵێیت چێژێکی زۆرت لە لەوەڕاندنی ڕەشەوڵاخەکاندا دەبینی و بەبچووکیی خۆت لە قەرەی کتێب دا و بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستایت و ناچار بوویت بەپێ حەوت کیلۆمەتر ببڕیت، تا بگەیتە مزگەوت، ساردیی زستان و بارانەکەی لە جەستە لەڕ و لاوازەکەتیان دەخوارد. قوڕی سپیت بەو تەختە دارە کۆنانەدا دەهێنا، کە وشەی قورئانیان لەسەر نووسرابوون و دەتسڕینەوە، وات لە فەقێی گوند دەگەیاند، هەمووت لەبەر کردوون، کەچی لە ناوهێنانی دایکت زیاتر، کە لە ژێر بارانی زستاندا لە برساندا دەینالاند، هیچت نەدەکرد.

ئای عێشەی منەوەرە، تۆ شاژنی دنیا بوویت. کوڕی مەهدی داخۆ شار گوێت لێ دەگرێت، ئەگەر پێت گوت تۆ لە قوتابخانە دێرینەکەی شارەوانی بوویتە، کە داگیرکەر جێی هێشت و ئەو ڕۆژەشی ئامادەییت تەواو کرد،

چوویت دیواری ماڵی ئەو پیاوچاکەت ڕامووسی، شارۆچکەکەی لە چاوپیس و بوومەلەرزە ، کە ئاژەڵە ماڵییەکان لە دوورەوە بۆنیان دەکرد، دەپاراست. لەمەش زیاتر دەڵێیت. هەموو یەکشەمووانێک خۆت بەعەبا پانوپۆڕەکەی داپیرەتەوە دەنووساند. کاتێکیش ماندوو دەبوویت، دەتی پەستایە چاوێکی توورەکەکەوە و شتێکیشی هێندەی کێشی تۆ، یاخۆ کەمێک زیاتر دەخستە چاوەکەی ترەوە و بەناو شارۆچکەکەدا ڕەت دەبوو و تۆش خەوەنووچکە دەیبردیتەوە.

ئەی ئەحمیدای کوڕە دراوسێ، کە پارچەی مین هەلا هەلای کرد؟ ئەو کات هێند نەگریایت، لێ چون گوربەیەکی تەنیا و لاتەریک هەستت کرد تۆش لە ژێر هەڕەشەی مەرگدایت.

دوای چەند ڕۆژێک کاتێک خۆت بەتەنیا لە بەردەم ئەو یارییانەدا بینییەوە، کە ئێمە لە تەلدڕ و قوتووە ماسی و شیر، کە تۆ لەسەر زبڵدانی ماڵە دەوڵەمەندەکانت ڕاو دەکردن، دروستمان دەکرد. گریایت. گریایت، تاکو کێڵگەی مینەکانیش، کە تۆ کردبووت بەمەیدانی گەمە و داگیرکەران لەم دەڤەرە سەرسنوورییەدا جێیان هێشتبوو، گریانەکەتیان بیست. ئاواتت دەخواست وەکو مێرووله بچووک بوویتایەوە و بگەڕایتایەوە ناو سکی دایکت و تەنیا بەمەرج دەربچوویتایەوە. ئەو ئێوارەیە لە کۆنە پێخەفێکدا زوو نووستیت. دایکت پرسیاری نەکردیت، چونکە بیری لە نانی شێوانت دەکردەوە، تۆش پێت نەگوت، سەیرت بەخۆتدا هاتەوە بەتەنیایی خۆت لە بەرابەر تەپۆڵکەیەک تەل و قوتووە ماسی و قوتووە شیری بەتاڵدا بینییەوە.

داخۆ شار بەم هەموو وردەکارییانە دەزانێت؟

نا حوسێن، ئەم شارەی خۆشت دەویست، هەرگیز ئامادە نەبوو گوێ لە وڕێنەکانت بگرێت. ئەو کاتی لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا خۆت بەعەردیدا دابوو، بیرت دەکەوتەوە و وات دەزانی گشت جیهان موڵکی تۆ و برادەرەکانتە، هەڵنەستایت تاکو بەتوندی کوتەکی پۆلیس بەر سەرت کەوت، لەگەڵ ئەو جوێنانەی پێیان ڕاهاتوون.

– بجووڵێ. لاچۆ لەسەر ڕێگە هەی خوا تەمەنت ببا.

دەستی گرتیت. هیچت نەگوت، نەفرەجایەک بوو وەک فیل. سواریان کردیت و لە دەوروبەری شـاردا بەرەڵایان کـردیت. لەو دەمـی دەکـۆشـایت ئەو ڕێگەیە بدۆزیتـەوە، کـە دەتگەیەنێـتـە مـاڵەوە، وات هەست کـرد یادەوەریت لەدەسـتت هەڵاتووە.

هەوڵت دا. وەلێ سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا و هیچت لە بیر نەما.

بۆ ئێـوارێ جـارێکی تـر هەسـتت بەتـەنیـایی کـردەوە و هەمـان کـۆنە هەست دای گرتیتەوە، ئەو دەمی ئەحمێدات لە نێوان تۆز و خۆڵ و پارچەی میندا ون کرد.

زەحـمـەتـی، گشت زەحـمـەتـیـەکـە لە چۆنیـەتی تێگەیشـتنی ئەوەدایە، کـە بەسـەرم هات، ڕەنگە پێش من بەسـەر زۆر کەسـدا هاتبـێت و بەسـەر ئەوانی دوای منیشـدا دێت. چونکە زۆرن. من بەر لەم مـێژووە نەمدەزانی لێکۆڵینەوە لەسەر شەهیدان دەشێت یادەوەری و سیمای ڕووخسارم ببات.

دەبێت مـادە خۆڵەمێشییەکەم بەگەڕ بخـەم. ئەم توێژاڵە تەنکەی تا ئێسـتا هەڵنـەدراوەتەوە. جگە لەوە لـەسـەرمـە خـۆم بۆ پارێزگـاریی ئەم لووتـە مـاندوو بکەم، کە وەختی لێکردنەوەی هاتووە، هەروەها مێشکیشم، کە بووەتە تۆپەڵێک گەچ.

وام لێ هـاتووە گـومـان لە بچـووکـتـرین شت دەکەم. تـەنانەت پەنجـەرەکـانی ماڵـەکەشم. دەرگـە. ئەو پێخـەفەی لە دوای خـۆمەوە بەناپوختـەییم جێ هێشت. سـوپـاس بۆ خـوا، خــەریکە شــتـەکـانم بیـر دەکـەونـەوە. باشــتـرین شـتـێک بەشـێـوەیەکی نەسـتـی کـردبێتم ئـەوەیە گڵـۆپەکـەم بەڕۆشنی جێ هێـشت، لەو دەمی لـە مــاڵەوە دەرچووم، وێـنەکــەی مــەهدی مــحــەمــەدم بـرد. دوای ئەوەی پشـتێنەکەم تونـد کرد خـستمـە ژێر کراسـەکەمەوە. ئەوی تووشی سـەرسـامی کردم ڕەوشی ساسافندا بوو.

بمبەخشن ئەگەر قسەکانم دووبارە بن. من دەمەوێت یادەوەریم تاقی بکەمەوە.

هیچ واقـوڕمـانێک بەڕووخـسـارییـەوە دیار نەبوو، وەک ئـەوەی چاوەڕوانی شـتێکـی وا بێت. من حوسـێنی کوڕی مـەهدی مـحەمـەد، سـوێند دەخـۆم دەعبا گەنم ڕەنگییەکەیم بینی، کـەچی لە بەرابەریدا هـەستم بەهیچ شـاوەتێک نەکرد. سـەرقـاڵی جـەسـتـە ڕووتەکـەی خـۆم بووم. هێندەی منیـان وەڕس کـرد ئەویان هێندە بێزار نەکرد.

ئای خـوایە! ئەم چاڵە تـا ڕادەی ئاوەز لەدەسـتـدان مـاندووکەرە. کرم ئێسکە شکاوەکەم دەکرۆژێت. وا دیارە لێیان داوم ئەگینا پاساوی ئەم هەموو ئازارەی گیانم چییە. ئێ ئەی چی تر؟

هـەینێ لـە بەرابـەر بەڕێـوەبەری بنـکەی پـۆلیـسـەکـە وەسـتـام هـەسـتـم بەخۆشـییـەکی کۆنینە کـرد ئەمشـەو بۆم دەگەڕێتـەوە. دەیمناسـی. بەڵێنم پێ دا گۆشـەی شـتێک لە ئەرشـیفەوە بژێنمـەوە و گۆشـەی خۆهەڵقورتێنی لەگەڵمدا وەرە هـەڵگرم. پێـشـتـر بەڕێککەوت پـێک گـەیشـتـین. مـاندووبوونێکی زۆرم نەویست بـۆ بیرکـەوتنەوەی. بەر لەوەی تۆقـەی لەگـەڵدا بکـەم ناسـیـمی و پێش ئەوەی دەستم بەر دەستی بکەوێت، دەستی کێشایەوە.

چاوە شـووشـەییەکانی سـەرخـۆشـەکە ڕقم هەڵدەسـتێنن. وێڕای ئەوەش لە ناخـمـدا هـەسـتـم بەشـادییـەک کـرد هەڵەکـەسـەمـای بوو. ئەمـەش ڕێی پرسیـارکردنی لێ نـەگرتم: دەبێ ئەمـجارە چیم لەسـەر بنووسرێت. هـەڵبـەت هـەمان تۆمـەتی ڕەوشـتی دووبارە ناکرێتـەوە. خـۆشـییـەکـە گـۆڕا بۆ خـۆشـیی یەکـێک بڕیاری لەسـێدارەدانی بـەسـەردا درابێت، دوای ئـەوەی لە ملی دەدەن، زەلامێک دەستی هـەڵبڕێت و کاغەزی بێ تاوانیی پێشکێش بەدادوەران بکات.

– سی حوسێن. محەمەد هەر خەم و خەفەتە.

بەڕێوەبـەری بنکەکـە، کـە هـەر لە یـەکەمـین دانیـشـتـنەوە بەدڵم نـەبوو، بەدەم بزەخـەنەیەکـەوە ئەمـەی گـوت و لە نێـوان ددانەکـانیـدا پرشـوبڵاو بووەوە. من وەسـتابووم. هـەستم بەسـەرمـا و بەڕووتی دەکرد. کەچی سـاسـافند بێ ئەوەی داوای دانیشتنی لێ بکرێت، لەسـەر کورسییە ڕیشـوودارەکەی تایبـەت بوو بۆ

میوانە شکۆدارەکان، دانیشت. بەشێوەیەک دەجووڵایەوە وەک ئەوەی شارەزای باشی شوێنەکە بێت. چەندم حەز لێ بوو لە ساتی فەرامۆشیدا ڕازەکانی دیدەی بزانم. وام هاتە بەرچاو لە گشت کاتێک پەنهانترە. ئەوی زیاتر لەسەر دڵم گران بوو، قۆمیسەر بردیە خانوویەکی بچووکەوە و نزیکەی نیو کاتژمێر مانەوە، پاشان گەڕانەوە، ئەو دانیشت و منیش لە دۆخی تاوانکارێکدا بووم، تاوانێکی گەلێک گەورەی کردبێت.

– حوسێن. جاری پێشوو پێم گوتیت یاری بەئاگر دەکەیت. بیرۆکەی لێکۆڵینەوەکە لە بیر خۆت بەرەوە و ئەوانی تر لەگەڵ لایەنەکانی تردا بۆ من جێهێڵە.

– دەنگت نزم بکەرەوە. مەهدی لە سینگتدایە و گوێی لە قسەکانت دەبێت.

زۆرێک لە وردەکارییە شاراوەکان بەڕوویدا شکانەوە.

– وا دیارە کارەکان گەیشتوونەتە خاڵی نەگەڕانەوە. شێتی دۆخێکە و تێیدا هەیە. زەرەیەک ئاوەز لە مێشکتدا نەماوە.

تەماشای دەرەوەم کرد، قۆمیسەر لە هۆڵەکەدا لەگەڵ یەکێک لە هاوەڵەکانیدا دەدوا، منیش بەدەرفەتێکی چاکم زانی بۆ درێژەدان بەقسە.

– پێم گوتی تۆ زۆر لەوە بچووکتریت ئەم گەمە دزێوە بکەیت، کەچی کاتێک کەللەڕەقی دەتگرێت، تەنیا گوێ لە قسەی خۆت دەگریت. نەفس گیرۆدەی خراپەیە حوسێن. بۆ خاتری خوا تا زووە وەرەوە سەر خۆت.

قسەکانی لە ناخەوە هەژاندمیان. وام لێ هات نەختێک سام دای گرتم، وەلێ دەبوو دژ بەم ساتی دوودڵییە بجەنگم. بەسەری تۆ مەهدی ترسام. ئەو تۆمەتە چییە ئەمجار تۆماری دەکەن؟ قسەکەی مەهدیم بیرکەوتەوە:

ئەگەر لە شوێنی تۆ بوومایا واژۆم نەدەکرد. من واژۆم کرد. قۆمیسەر یاخۆ ڕەیس، وەکو هاوەڵە نزیکەکانی گازی دەکەن، ئەمجار ڕووخۆش نەبوو و تەنانەت نەیگوت دانیشە. خەریک بوو وەک حوشتری سەربڕاو بکەومە سەر چۆک. ئاواتم دەخواست لە بەردەمی ساسافندادا هەستم بریندار نەکات.

چونکە هەرچۆنێک بێت دۆستمە. خۆشی دەوێم و ڕێزی لێ دەگرم، هەرچەندە هەندێک جار وا هەست دەکەم بۆ یەک نەخوڵقاوین. وێڕای ئەمانەش، وام زانی وەکو جاری پێشوو بەرم دەدات، کەچی نەیکرد. هەستم کرد درۆ لەگەڵ خۆمدا دەکەم. گشت شتەکان ئاماژەی ئەوەیان دەدا ماڵوێرانییەکی گەورە ڕوو دەدات. هەر دوو پێم پەتی بوون. سەرما و چیمەنتۆ. ئەو خۆشییەی بەڕووخسارمەوە بوو خەریک بوو دەوەری. بیرم کردەوە لەخۆمەوە دانیشم، کەچی ژیوان بوومەوە. ئەگەر دانیشتم و پێی گوتم هەستە؟ ئەوجا هەڵوێستم چۆن دەبێت؟ شکستخواردنم لە بەرابەر ساسافندا دوو قات دەبێتەوە.

سەرنجی ڕووخساری ساسافندام دا، مکوڕ نەبوو لەسەر ناوهێنانی بەشەهرەزاد، چاوەکانی وەک ئەم پیاوە ساردوسڕ بوون. بەر لەوەی لە ڕووخساری ورد ببمەوە دەرگە کرایەوە، زەلامێکی سەرڕووتاو خۆی بەژوورەکەدا کرد. قەڵەوییەکەی قێزەون بوو. ورگێکی ئەستووری هەبوو. هەینێ ساسافندا بینی بەڕووی خۆشەوە لەبەری هەستا. باوەشی لێ دا. کابراش دەستی خستە سەر شانی. ناڕەزایی دەرنەبڕی، بەگرە بەدەم زەردەخەنەوە دەرچوون. تاقە قسەیەکی ساسافندا، کە تا ئێستا لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە و قۆمیسەریش وەکو سەگی ماڵی چۆن بەکلکی وڵام بداتەوە، سەری بۆ لەقاند. گوتی:

– ڕەیس دەگەڕێمەوە.

هیچ شتێک لەوانەی ئاواتم بۆی دەخواست بێتە دی، ڕووی نەدا. هەستم کرد خەریکە ساسافندا لەدەست دەدەم. من هەر بەپێوە بووم، قۆمیسەریش بەر لەوەی ساسافندا دەرچێت، بەچاوی تەواوی جەستەی لستەوە.

– چاوەڕێت دەکەین شەهرەزاد، بیرمان نەکەیت.

– چۆن ڕەیس لە بیر دەکرێت؟

ئەوی پەستی کردم تەنانەت ئەو ناوەشی دەزانن، کە تەنیا من دەمزانی، یاخۆ بەلای کەمەوە بەلای منەوە وابوو. یەک دوو پەروەندی کۆنی هەڵدایەوە و چەند تێبینییەکی تێدا نووسین و هەندێک کاغەزی خستە دووتوێیانەوە.

شـتێکی زۆر سـەیر سـەرنجی ڕاکـێشـام، ئەو کـاغـەزەی بەدەسـتـیـیـەوە بوو بەخێرایی لوولی نەدا، وەک ئەوەی لێ بگەڕێت گشت شتێک بزانم. پێش ئەوەی لە واقــوڕمــاندا پڕ بـەدەم هـاوار بکەم، بـەخـدێی خــۆی بەدەم زەردەخـەنـەیەکی دروستکراوەوە، هەر لە چەناگەیەوە تاکو هەموو ڕووخساری گرتەوە، گوتی:

– سی حوسـێن، دنیـا نەنووسـتـووە وەکـو تۆ وێنای دەکـەیت. ئـەمـە ئەو ڕێ پێدانەیە، کە جەنابت پێی چوویتە ناو نەخۆشخانەی جوانکارییەکەوە.

– باشە چی تێدایە؟

ویستم وا نیشان بدەم ئاساییم.

– خـــۆت گـــێل مـــەکـــە بـرادەر. دەزانم تۆ زۆر زیـرەکـــیـت. بەمـــە دەڵێن سـاخـتـەکـاری. پێم نەگـوتیت تۆ یاری بەئاگـر دەکـەیت. ئەگـەر تا ئێـسـتـا نەسووتابن ئەوا پەنجەکانی خۆت دەسووتێنیت.

– وەلێ گەورەم. وادیارە گشت شتەکان لنگەوقووچ ڕێ دەکەن. تۆ بەخۆت..

ئەی خـوایە ئەمـە چیـیـە؟ تەنانـەت تۆش ئەی قـۆمـیـسـەری بۆش و بەتاڵ؟ جارێکی تر تەماشای سیمایم کردەوە، خەریک بوو پەیتا پەیتا ون دەبوو. چی بڵێم؟ چۆن جاری پێشوو، کە هاتمە ئێرە تێبینیم نەکرد؟ ترسێکی تەواو دای گرتم. شـوێنـی سـاخـتـەکارییەکە لـە پسـووڵەکـەدا وا گـەورە بووەوە پێـویسـتی بەزیرەکـیـیـەکی وا نەدەکـرد، تا پیـاو گـەمـەکـە ئاشکرا بکـات. گشت ئەمـانەم بیرچوونەوە. گەڕامەوە سـەر ڕووخسـاری قۆمیسـەر. وشـەکە بەبێ ئاگایی لە زمانم ترازا. لە ترساندا دەلەرزام.

– گەورەم کەپووت لە کوێیە؟

نەمزانی چی بوێرییەک وای لێ کردم ئەم پرسیارە بکەم. وڵامی نەدامەوە.

– ئـاشکرا بوویت حــوســێن. شـــار بـەپێـــچـــەوانەی بۆچوونـی تۆوەیـە، نەنووسـتووە.

کەواتە ئەو یەکـێک لەوانەی نەخـۆشـخـانەی جـوانکارییـە. لە جـاری پێشـوو زیاتر دام بـەبان سـەری خـۆمـدا، چونکە کـاتێک سـەری دانەواند هێـڵـەکـانی

لەحیـمکردنی ئێسـقـانەکـانیم بینی. ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێت مـشـارە کارەباییەکە بەسەر کەللەیدا تێ پەڕیوە. گازم لە دەستی خۆم دا، تاکو هاوار نەکەم. گوێم لە خشەخشێک بوو لە خشەخشی ڕادیۆیەک دەچوو، لەسەر شەپۆلێکی ون دانرابێت. بەر لەوەی بەچاوەکانی بمڕووشێنێت، بینیم دەستی دەخاتە بۆشاییەکەوە لە باخەڵی، نەمتوانی بەتەواوی دەستنیشانی بکەم، بەترسیشەوە پرتەوبۆڵەی بوو.

– لای ئێمەیە. نا. نا. م م م. شوێنێکی باشمان بۆ ئامادە کردووە. هیچی نەکـردووە. وا دیارە هێـمن و بێ وەیە. م م م. گـەورەم پەروەردەیەکی چاکی دەکەین.

پاشان دەستی لە باخەڵی دەرهێنا.

ئەمە ئەو دوگمەیەیە ڕێبەرەکە باسی دەکرد. جگە لە خاوەنە ڕاستەوخۆکەی کەسی تر ناناسێت. ئەم تێبینییەم تۆمار کرد، بەو هیوایەی چوومەوە ماڵەوە لە کوتە کاغەزێکدا بینووسمەوە.

سەرلەبەری پەروەندەکەم لەسەر مێزەکە بوو.

ئێستا فەرامۆشکردنت لە فەرامۆشکردنی حوسێنی کوڕی عەلی دەچێت. کوا ئەو خۆشییە گەورەیەی، لەو ڕۆژەی لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا بوویتە بەهیوای دووبارە بوونەوەیت؟ کوا ئەو هەژانەی خەڵکی دەگەڕێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست؟

بەگوێی مەریەمتدا دەچرپاند وەک چۆن شەو بەگوێی شاریدا دەچرپاند.

ئەی مەریەم ئەی کیژە چکۆڵەکە. ئەگریجەکانت سوارچاکەکان کۆت و بەند دەکەن.

چاوەکانیشت مەشخەڵن و شۆڕەسواران دەگلێنن.

مەریەم! تۆیان برد، هەنووکەش ئەوی لە خۆشییە وردەکان ماون، دەبەن.

زمانی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس وای لێ هات هەر بەڕاستی بانگەشەی ترسی دەکرد.

– وێنەیەکم لەبەر پەروەندەکەت گرتەوە و بۆ گشت لایەنە تایبەتمەندەکانم نارد، تەنانەت بۆ نەخۆشخانەش، تاکو لێکۆڵینەوە لەسەر ئامانجە شاراوەکانت بکەن.

– بەڵام پرسەکە شایانی ئەم هەموو ماندووبوونە نییە.

– تۆ وای تێ دەگەیت. لەم شارەدا هیچ شتێک لە چاومان ون نابێت. ئاگەدارمان کردیتەوە و سوودت لەم دەرفەتە وەرنەگرت. چاومان لێت بوو، چونکە هاوەڵی ئافرەتێکی ڕێزی دەگرین و تۆ شایان بەو نیت.

– بیرم نایەت منتان ئاگەدار کردبێتەوە.

– جاری پێشوو باش دەمزانی تۆ لە کارێک لە شارەوانییە دوورەکان گەڕاویتەتەوە، لە بەرژەوەندیی مرۆیەک بەشەوان سەردانت دەکات، بۆ ڕێبزری ناوی خۆی ناوە مەهدی محەمەد. لە ڕۆژنامەکە وازت هێنا، گۆشەکەشتیان گۆڕی، چونکە توخنی ئاسایشی وڵات دەکەوتییەوە. لەمە زیاتر چیت دەوێت تاکو بڕوا بهێنیت ئێمە نانووین.

زارم هەڵنەهێنا، وەلێ لە ئێسقانی سەری ڕامابووم، کرابووەوە و جارێکی تر لەحیم کرابوو.

ئای گەورەم قۆمیسەر، ئەگەر پێت بێژم مەهدی ڕاستەقینەیە و هەڵبەستراو نییە، بڕوام پێ ناکەیت و تۆش وەک ئەوانی تر  تۆمەتی شێتیم دەخەیتە پاڵ. تۆ لەوە ناحاڵیتری بزانیت دوور لە شار چی ڕوو دەدات. گەورەم تۆ مەگەر لە نەخۆشخانەوە بۆت دەستنیشان بکەن، ئەگینا تێ ناگەیت. بەدەر لەوە، چاوانت نابینن و گوێیەکانیشت نابیستن.

ئەی شار، مۆتەکەکەت تا سەر دڵم دەیەشێنێت.

قۆمیسەر، یاخۆ ڕەیس وەکو کەسە نزیکەکانی گازیان دەکرد، گەڕایەوە سەر پەروەندەکە و پەڕە بەپەڕەی هەڵدایەوە. ئێرە. ئێ. نا. ئێرە نا. ئێرە. ئێرەش نا.. ئەو بوو لێی دەگەڕا. لە ناکاوڕا چاوانی بەشێوەیەکی سەیر زەق بوونەوە. گەورەم چی لە پشت ئەم چاومۆڕبوونەوەیەدا خۆی حەشار داوە؟

– جاری ڕابردوو لەگەڵتدا بووم، کەچی ئێستا؟ شتەکەت گەورە کردەوە برا.

– گەورەم تۆ دژ بەخۆت دەوەستیتەوە. بەر لە ساتێک گوتت، لە گشت ئەو وردەکارییانەی لێم شاردبوویتەوە، ئاگەدار بوویت.

– کەچی ئینجاش. هەینێ لەگەڵ خۆمدا تەنیا دەبوومەوە، دەکۆشام پاساوت بۆ بدۆزمەوە. دەزانم لە کارەکەت دەرکرایت، یاخۆ وازت هێنا. ئەوە شتێک نییە. گرینگ ئەوەیە لە ڕۆژنامەکەدا ئیش ناکەیت و بۆ دیتنی ئەرشیف نەبێت سەردانی ناکەیت. پیشە کۆنەکەت. پرسەکە تاکو ئێستاش هیچ مەترسیدار نییە، وەلێ تێیدا قووڵ ببیتەوە، ئەوە گەلێک ترسناکترە و چاودێران لێت خۆش نابن.

– باش لێت نەگەیشتم. چاودێران، یاخۆ یاسا؟

– چاودێران بەسەر یاساوە. خوێنت پێ هەڵدەهێننەوە. لە ئێستاوە دەبێت ئەو کەسایەتییە بناسیت، کە لە بەرژەوەندیی کار دەکەیت. بێگومان مەهدی محەمەد نا، چونکە ئەگەر ڕاستیش بکەیت، کەس توانای بڕوا پێکردنی نییە. هەمووویان دەزانن وا بۆ بیست ساڵ دەچێت گڵ و بەردی گۆڕ ئێسک و پرووسکی مەهدی دەخۆن.

سەرم خستە نێوان دەستەکانمەوە. ئاوەز قبووڵی ناکات جیهان لە خراپیدا گەیشتبێتە ئەم ڕادەیە. ئەستەمە شار کتوپڕ پێستەکەی داماڵێت. هەروەها ئەستەمە لە شەو و ڕۆژێکدا لە جرجێکەوە، وەک پۆلیس بەو ناوەوە گازمان دەکات، ببمە پیاوێکی مەترسیدار لەسەر ئاسایشی وڵات، کە بۆ دەزگای نەناسراو کار بکات.

چ وڵاتێک لە سۆنگەی زەلامێکەوە چەند بەتوانا بێت، هەرەس دەهێنێت؟

حوسێنی بەستەزمان، کێ گوێی لە هاوارت دەبێت و پرسیارەکانت هەڵدەسەنگێنێت؟

سەرت بەشانازییەوە هەڵبڕە و بشیرێنە، تاکو ئاژەڵە دڕندەکە لە دەریای حەوتەمینەوە ڕادەبێت، کە شینیی ئاوەکەی تێکەڵ بەمادەیەکی سوور بووە و

دوکتۆرانی بواری زانست مکوڕن لەسەر ئەوەی خوێنە.

– لەم دۆخەدا، تۆ لە هەموویان چاکتر دەزانیت من بۆ تەواوکردنی پەروەندی مەهدی چووم، نەک بۆ شتێکی تر.

– ئەمە نهێنی نەبوو. لێ لە بەرژەوەندیی کێدایە کوڕەکەی عێشەی منەوەرە؟ بەهەرحاڵ ناچاری ڕاستی گوتنت ناکەم، چونکە ئەو پرسە هەرگیز کاری من نییە. بەرگریکردنت بۆ شوێنێکی دی هەڵگرە. فرمێسکەکانت پاشەکەوت بکە بۆ ئەو ئامێرە وردانەی گشت ئەو هەواڵانەی لە مێشکتدان پێتی هەڵدەهێننەوە.

هەستم بەمووچڕک و سەرما کرد لە پێمەوە بەرەو سەرم هەڵدەکشێت، هەروەها بەو گەرمییەی لە دڵمدایە، چون خوێن لە زام بتکێتەوە، دادەبەزێت تاکو لە نینۆکەکانمەوە دەرچێت.

بێننەی بەرچاوی خۆتان. وێڕای ئەو دۆخی لەپەلوپۆ کەوتنەی سەرتاپای جەستەی داگرتبووم، بوێریم نەکرد داوای دانیشتن بکەم. کتومت وەکو مەیموونێک لە ناو کۆمەڵێک ئاژەڵدا لە ڕۆڵەکەی لە سێرک بووبێتەوە، پاشان وەستابێت چاوەڕێی خاوەنەکەی بکات، تاکو فەرمانی دەرچوونی بداتێ. کەچی خاوەنەکەشی سەرقاڵی چێژوەرگرتن بێت لە هاڕژنی چەپڵەی تەماشاکەران.

خوێن لە گیانمدا وەستا. مەزەندەی ئەوەم دەکرد دوای چەند ساتێک ببمە شێوەیەک لەو شێوانەی ئەو پەیکەرە ناوزڕاوەی ناو ئەم هۆڵەی خۆم تێدا حەشار داوە.

ببوومە پارچەیەک بەفر و مەییبووم.

کاتژمێرێک لە کات تێپەڕی بەر لەوەی ساسافندا – شەهرەزاد لەگەڵ کابرا سەرڕووتاوەکەی قەڵەوییەکەی و ورگی ڕووخساریان شێواندبوو، بێتە ژوورێ. نەمزانی لە کوێوە هاتن. لە شەقامەکانەوە. لە ماڵەکانەوە. یاخۆ لە هۆڵی کۆبوونەوەکانەوە؟ بیرم لە خراپییەکەی نەکردەوە، کەچی ئینجاش پرسیارم کرد.

کـابـرا لەو دەمی هـاتووەتە ژووریٚ وەکــو پیــرە پشــیلەیەک چۆن لە نـاکـاو مشکێکی بەدەمەوە بێت، ئاوا دەم و لێوی دەلستەوە.

کـەمتـرین سـەرسـامی بەڕوویەوە دیار نـەبوو. دەبوو دەرچوونەکـەی بۆ ئەوە بووایا تا نەگەڕابایەتەوە.

ڕەیس بەخێرهـاتنی کردەوە و جـارێکی تر نـیگای چاوەکـانی لەسـەر مـەمکە قیتەکانی چەسپی. پرسیارێکی کتوپڕی لیٚ کردم، چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد.

– واز لەو شـتـانـە بێنە، کـە بـواری تایبـەتمەندیی ئێـمـە نین. ئـەو شـەوە لە کۆڵانە تاریکـەکەدا لەگەڵ ئافرەتەکەی کـەوتنە دۆخێکی خراپـەوە، چیت دەکرد؟ نـامـانـەوێت نـاوەکـەی بزانین، تاکـو شـەرمـەزار نەبیت. وەلیٚ دەمـانـەوێت هـۆی بوونی تۆ لەگەڵیدا بزانین، بەتایبەتییش لەو شـوێنەدا، تۆش ڕۆژنامـەوانێکی و بەپابەند و شێلگیر ناسراویت.

– وەلیٚ گەورەم تۆ بەخۆت دەزانیت...

لەهیکرا بیٚ پێشەکی وەک گرکان هەڵچوو. تەنانەت گرکانەکانیش بەدووکەڵ ئاگەدارت دەکەنەوە، کەچی ئەو وای نەکرد. بەر لە هاتنەژوورەوەی ساسـافندا هێمن و لەسەرخۆ بوو.

– چەنـدێک پـرسـیــارت لیٚ دەکــەم وەک ئەوەی باوکت بم وڵام دەدەیتــەوە؟ بەڕاسـتی نـاتوانم گـشت جـارێک بۆت داپۆشـم. لە جـێی نووسـتن لـەگـەڵتـاندا نەبوومە، تاکو لە شوێنی تۆ وڵام بدەمەوە.

وشـە و چاوە جوانەکان لە گەروومدا تاسان. خـوایە چی بەمێشکیدا دێت؟ ئەوشتانەی خۆی بۆی پێشنیاز کردووم و بوونیان نییە، لام قووڵ دەکاتەوە.

– پیٚ لەسەر زانینیان دادەگرم.

بەچاوشۆڕییەوە تەماشای ساسافندام کرد. هیچ بایەخی پیٚ نەدام.

– گەورەم ئەمە ڕاست نییە.

– حـوسـێن، بەهـیچ شـێـوەیەک قـبـووڵ ناکـەم بەگـێلم بزانـیت. ئەو ڕۆژەی گـرتتـیـان گـشـت شـتێکم تۆمـار کـرد. لەسـەر کـۆنووسـەکـەشم واژۆ کـرد. وەرە

شەهرەزاد. ئەمە واژۆی ئەو نییە؟

قسەی نەکرد، وەلێ سەری ڕازیبوونی لەقاند.

ئەوی ئەو شەوە لەبارەی منەوەی تۆمار کردبوو بەدەنگی بەرز خوێندییەوە، منیش ڕەتم نەکردەوە، چونکە بەوەی قایل کردم، کە تۆمەتی ڕەوشتی لە بەرابەر تۆمەتی قووڵتردا هیچ نییە. ئەوان حیسابیان بۆ هەموو شتێک دەکرد و منیش لە نهێنییەکانی ئەم شارە دوور بووم. ویستم گشت شتەکان بۆ ساسافندا باس بکەم. کەچی بەنیگای تۆمەتبارکردن و زەردەخەنەیەکی تیزەجارانەی دوور لە سەرسامی ئازاری دام. تەنانەت من خۆشم زمانم لاڵ بوو و نەمتوانی قسان بکەم. لە زمانم گەڕام، بینیم وەکو شیر لە ناو گەروومدا دیار نییە. ویستم دەری بهێنم، کەچی نەمتوانی سەری زمانم بگرم. چاوەکانم شەکەتن. دڵم وەکو پارچە کەتانێکی سووتاو لە قەفەسی سینگمدا خۆی گرمۆڵە کردووە. بێهوودە کۆشام زیاتر هانی خۆم بدەم، چونکە پێوەندیم بەساسافنداوە بەیەکجاری لە ژێر هەڕەشەدا بوو. هیچ نەبێت نەمدەویست بەم ئاوایە لەیەک جیا ببینەوە.

ئەوان سوورن لە بەگەزەندەکردنم بۆ جرجێکی نابووت. بەهەر شێوازێکی چەپەڵیش مکوڕبوون لەسەر گۆڕینی بۆ شەهرەزاد. درۆکە هەڵبەستراو بوو.

– وەلێ گەورەم تۆ بەخۆت گوتت...

– من هیچم نەگوتووە. من دەمەوێت بزانم. پرسیارەکەم ڕوون و ئاشکرایە.

سەیرم بەوەڕسییە ترسناکەکەی و چاوە زەق و بەو پەڵە خوێنانەی سەر ددانە زەردەکانیدا هات.

– تۆمەتەکە تەنیا ئاکاری نییە، بگرە دەزووی جاڵجاڵۆکەییشی هەن.

– بەڵام...

– تکایە ئامادەی گوێبیستی درۆ نیم. بەهەرحاڵ دادگەی تایبەت هەیە بۆ کێشەکەت. بەهیوام زیرەکیی خۆت لە بەرابەریدا بنوێنیت. تەنیا کاری من لێرەدا ئەوەیە بنووسم. چی شتێک هەست بکەم ڕاستە بینووسم.

دوای ئەوەی هەندێک هێمای نووسین، کە من تێیان نەدەگەیشتم، دەستەکانی بەیەکدا کێشان.

فەرمانی دانیشتنی پێ دام. هەستم کرد لاقەکانم دەلەرزن.

فەرمانی واژۆکردنی پێ دام. منیش بێ ئەوەی بزانم چی نووسراوە، واژۆم کرد. ساسافنداش وەکو شایەتحاڵێکی دانیشتنەکە واژۆی کرد.

دیسانەوە دەستەکانی بەیەکدا کێشان. کابرای سەرڕووتاوەی تێکسمڕاو قۆڵەکانی لێ هەڵماڵین.

- باربۆ بیبە بۆ گرتیگە. خافڵی نەکەیت.

لەو دەمی خەریک بوو تامی دانیشتنەکەم لە لا خۆش دەبوو، پشتملیان گرتم.

- پێشم بکەوە. ئەمڕۆ خوێنت دەخۆمەوە هەی قووندەر.

زۆر قسەی ناشرینی تری پێ گوتم، کە ناتوانم دووبارەیان بکەمەوە. گشتی جوێن بوو بە باب و دایکم و و ئەو تۆوەی لە منداڵدانیدا ئازاری پێوە کێشت، تاکو بوومی.

پێش ئەوەی دەرگەکەم بەڕوودا دابخات و دابەزمە ئەم چاڵەوە، ڕەیسم بینی دەستی بەسەر شان ئافرەتێکەوە بوو ناوی شەهرەزاد بوو. وام هاتە بەرچاو ڕووتوقووتە. تەماشایەکی کردم. بزەی نەهاتێ، لێ بەشێوەیەک لە قاقای پێکەنینی دا شلە خۆڵەمێشییەکەی ناو دڵمی بزواند، پاشان ددانەکانی چیڕ کردنەوە و وەکو پیرە سەگ مەمکەکانی شۆڕبوونەوە و ئامادەی پەلاماردان بوو.

سەرم ڕاوەشاند. نا، ئەستەمە، ساسافندا نا. شەهرەزاد. لەو دەمی بەبەردەممدا ڕەت بوو، لە ڕووخساری ورد بوومەوە. ئەی خوایە. ئەوەتا وەکو پوولی دۆمینە یەک یەک دەکەون. بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا و بەدرێژاییی ئەم هەموو ساڵە، بۆم دەرکەوت ساسافندا بووەتە شەهرەزاد و لەبری شەهرەیار سەری ببڕێت، کەچی لووتی بڕیوە و لە ڕەگەوەی هەڵکێشاوە.

ویستم بەدوویدا بچم، کەچی کابرا ساسافندای پەستابووە یەکێک لە ژوورە تەنگەکــانەوە. دەنگ و ئـاخ هـەڵکێـشــان و هـەناســەبڕکـێکانی لەو دەمـی لە خـۆشـیــانـدا دەپلکایەوە، ئاگـریان تـێ بەردام.. ئۆف.. ئۆف.. زیـاد ڕەیس.. زیاتر، مـەوەسـتـە.. ئای چەند خـۆشیت.. چەند بەتـامیت.. Ah comme c,est bon.. oui.. oui.. encore

لەو کـاتی بەپلیکانەکانی ژێرزەمـینەکـەدا دادەبەزیم، دەنگە پچـڕ پچـڕەکەم دەبیــست: ئـای ڕەیس تۆ نەبـوویتـایا.. جـارێکی تریش لە ژیانی سـۆزداریدا شکستم دەهێنا. نەمدەویست بچم بۆ ئەوپەڕی سنوور. ئیشـەکەی من دوایی هات. لە ڕێگە لە نەخـۆشـخـانەکـە لادەدەم، تا نەشـتـەرگـەریی جـوانکاری بۆ چاوەکانم بکەم، دواتر دەگەڕێمەوە پایتەخت. کارەکەم چاوەڕوانمە. من لە ژێر فەرمانتانـدام گەورەم. کەنگێ پێویستتان پێم بوو، تکایە دوای مەخەن.

بەر لەوەی ئاوڕ لە شـوێنـەکەم و ئـەو بۆنە ناخـۆشانەی دەوروبەرم بدەمـەوە، جیڕەی دەرگـە ئاسنینە بڵـندەکەم بەرگـوێ کـەوت، کە کـابرای سـەرڕووتاوەی قەڵـەو لێی داخستم. لە دەنگە نادیارەکان ترسـام، دوای ئەوە چاوانم لێک نان، شـتـێکی وا گـرینگم بیـر نایـەت، کە بەسـەرمـدا هاتبـێت. ئـەوی توانیم بیـری خـۆمی بهـێنمــەوە، شــتـێلی بەســەریەکـدا چڕژاو و تێکەڵ بەچڵـمی لووتی هـەڵکەنراو و کێم و زوخاوی مـێشک و گوێ و سووریی چاوە گۆڕاوەکان و ئەو ڕووخسـارانەی سـیـمـایان لەدەست داوە و وردەکـارییە ونبـووەکـان و ئێـسک و پرووسکی ئەو شـارەی لـەبەر دەرکـەکـانی نەخـۆشـخـانە شـووشـەییـیـەکـە تووڕدرابوون. پاشـان ئەم ژێرزەمـینە بۆن ناخـۆشـە. بیـرم لـە نهـێنیی یاریی مـیکانۆ دەکردەوە. دەسـتم بەگەمـە بەو خـەڵکانە دەکرد، کە دەمـناسین، بەڕیز یەک لە دوای یـەکم دادەنان. هـەینـێ یەکـیـانم دەخست وەکـو کۆنـە دیوار یەک بەدوای یەکدا دەکەوتن. نەمدەزانی داخۆ سـەرەتای شەوە، یاخۆ تێپەڕیوە. لەم چاڵەدا هـەمووان چونیەکن.

تاریکیـیـە گـەورەکـە. ڕەنگە خـۆرگـیـران دەسـتی پـێ کـردبێت، ئەمــەش نیشانەکانێتی.

بێنەوەی بیر خۆت حوسێن. زیاتر بیر بکەوە. شتێکت بیر نەکردووە بشێ تۆماری بکەین؟. یادەوەریت ماندووە، وەک ئەو خەڵکانەی بەدرێژاییی تەمەنیان گشت شتێکیان لەدەست دا تەنیا حەزی ژیان نەبێت.

دژایەتی لە نێوان من و ئەم شارەدا لەدەست دەرچووە. شەکەتی گشت گیانی تێک شکاندووم و سەرەڕای هەموو هەوڵە سەرنەکەوتووەکانم، نەمتوانیوە پێڵووم لەسەر یەک دانێم.

گەڕامەوە سەر گەمەکەم، کە دەستم پێ کردبوو. ئەوانی گومانم لە چاویانە بەرێکی یەک لە دوای یەکیان دادەنێم و ئەمجاریان پاڵ بەدوایەمینیانەوە دەنێم، ئیتر بەیەکجار دەکەون. چەندین جار پرۆسەکەم چەند بارە کردەوە، تاکو سەرباری سەرما و برسییەتی و بۆنی بۆگەنی و ئەو یادەوەرییەی ماندوو بوو و شکا، خەو بردمییەوە.

## دوایەمین گفتوگۆ نهێنییەکان

خۆکوشتن حەزێک نییە لە دۆخی لەدەستدانی هاوسەنگی لەگەڵ شارێک لە شارەکاندا دات گرێت. دەردێکە وەک مۆرانە لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە لەگەڵ یەکێکدا گەشە دەکات، کاتێکیش خوێن دەزێتە ناویەوە، دەتەقێت و مردن ڕوو دەدات. هەندێک جار بیرم لەم پرسە کردووەتەوە، لێ ئەمجاریان شوێنێکی گەورەی لە مێشکمدا گرتووە و ئازارم دەدات. ژانی زیاترم پێ دەگەیەنێت، چونکە نەخۆشییە. شتێکم بیرکەوتەوە سەبارەت بەخۆکوشتن خوێندبوومەوە:

**"دوور نییە دۆزینەوەیەکی زانستیی نوێ ببێتە هۆی زانینی ئەگەرەکانی پەنابردن بۆ خۆکوشتن، داخۆ کەمیی هەندێک مادەی کیمیاویی دیارکراوە لە مێشکدا وا لە مرۆڤ دەکات خۆی بکوژێت؟ ئەم مادە کیمیاوییە گرینگە پێی دەگوترێت سیرۆتۆنین، ئەمەش پێک هاتووە لە ئەندامێکی ناردنی دەماری بەرپرسی گواستنەوەی نامەیە لە شانەیەکی دەماریی دیارکراوەوە بۆ یەکێکی تر.**

**بەپێی تۆژینەوەکانی دوکتۆر مایکڵ ستانلیی مامۆستا لە زانکۆی واین ستریت لە دیترۆیت، دەڵێت ئەو کەسانەی دەبنە قوربانیی خۆکوشتن، هۆیەکەی بۆ ناتەواوی مادەی سیرۆتۆنین لە مێشکیاندا دەگەڕێتەوە.**

**ستانلی بەئەنقەست بەراوردی مێشکی نۆ کەسی دانیشتووی شاری نیویۆرک لەوانەی پێشتر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، لەگەڵ مێشکی نۆ کەسدا دەکات، کە بەهۆی ترەوە مردوون، دەرکەوت مێشکی خۆکوژان بەڕێژەی ٤٤٪ شوێنی کەمتر تێدایە، چونکە مادەی سیرۆتۆنین دەتوانێت پێوەندیی بەشانە دەمارییەکانەوە بکات، ئەمەش نیشانەی کەمیی مادەی سیرۆتۆنینە. ئەنجامی یەکجاری ئەم لێکۆڵینەوەیە توانای پەرەپێدانی پشکنینی خوێن بەپێویست**

**دەزانێت، بەڕادەیەک دەکـــــــرێت لـە ڕێگەی ئـەم پشـکـنینـەوە ئـەو دۆخـی خۆکوشتنانەی ئەگەری ڕوودانیان زیاترە، بزانرێت.**

**ئیــتــر دەتوانرێت چارەســـەری خـــۆکــوشتن بەمـــادەی ئەڵتـــرازۆدۆنی دژ بەخـەمۆکی لەگەڵ دەرمـانێکی تـاقیکراوەدا بەنـاوی زمیـلادین بەکـار بهێنرێت، هـەروەهـا سیرۆتۆنینیش زیاتر بەرهەم بهێنرێت".**

ئەم وردەکـارییـانـەم لـێ قـبـوولْ بکەن. بڕوام پـێ بکـەن ئەمـە خـۆدەرخـسـتنی زانسـتی نیـیـە، بگـرە ئەمـە یادەوەریمـە. هـەندێک جـار گشت شـتـێک لەدەست دەدات، تەنانەت پێـوەندییـشـی بـەجـیـهـانـەوە. لێ ئـەو پارچە کـاغـەزانـەی لە مـێشکدا دەنوون، پیشـەی ڕۆژنامـەوانی، هـەدەم دەمێنن، تەنانـەت لە خراپـترین دۆخـدا. هاوەڵـەکانم گـاڵتـەیـان پێ دەکردم. کەچی ئـینجـاش لەمـەدا دڵنەواییم دەبینییـەوە. بەتایبـەت ئەگـەر هـەواڵەکـە گـرینگ بووایا و مـێشکیـشـم جگە لەو شـتـانـەی پێوەنـدیی تایبـەتـیـان بـەژیانی تاقـەت پرووکـێنی ڕۆژانەمـەوە هـەیە، چیتی وەرناگرت.

لە سـاتێک لە سـاتەکـانی تێکشکـانـدا هـەستـم بەخـۆم کرد، کرمم. کرمـێک و خۆی گرمۆڵە کردووە و بێهوودە هـەوڵی دەرچوون دەدات.

پاشـان چی دەبێت ئەگـەر من خۆم بکوژم؟ خـۆ کـەعبـە کـەچ نابێت! ئۆهـۆ، تۆ فـێـر نابیت. تۆ هـەمـوو کـات وایت حـوسـێن، لە چرکەسـاتـی تێکشکانتدا وەکـو ئەوی لە لێـواری مـەرگـە، ئاوات دەخـوازیت بەخـۆشـەویسـتـیـیـەکی زیاترەوە بگەڕێیتـەوە سـەر پێـڕەوکـردنی سـرووتەکـانی منداڵی. ئارام بە حـوسـێن. پێویسـتـە لەسـەر ئەیوب لە دژوارترین هـەڵوێسـتـدا هـەناسـە بدات. سـاتێکە و دەڕوات. تۆ ئێـسـتـا لە منداڵدانی سـەردەمی دووەم دێیتـە دنیـاوە. حـوسـێن چارەنووست ، کـە بەدرێژاییی تەمـەنت ژێرچەپۆکە بوویتـە، ئەوەیـە گـەردنت لە گـاڵتـەجـاڕییـەکـانی ژیان پتـەوتر بێت. هـەڵبـژاردنـەکەت قورسـە، وەلێ ناچاری پیـادەکردنییت، تەنانـەت ئەگـەر ژیانیشت لەسـەری لەدەست دابێت. من تا ئـەم ساتەش هـاووڵاتییـەکی ئاسایی بووم، کـە وردەکارییەکـانی ژیان ونیـان کردبوو، کـەچـی هـەنووکـە خـەریکە دەبیـتـە بوونـەوەرێکی مـرۆیی تر. چارت ئـەوەیە لە

ناوەندی ئەم گۆڕەپانەدا تیشک ئاسا بووەستیت و بارودۆخەکە چەند خراپ بوو نەشکێیت. ئەوی چاوەڕوانتە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کە تۆ بۆی چوویت.

– قسە بکە حوسێن. لە زۆر کاتدا بێدەنگی زمانی شکستخواردنە.

– مەهدی، گوێت لێمە؟ دەمبینیت؟

– من بەتەنیشتتەوەم حوسێن.

– مەهدی براکەم من تا سەر ئێسک شەکەت و ماندووم. دەتەوێت چی بڵێم؟ تۆ بەخۆت گشت شتێک دەزانیت. چی بکەم؟ مێشکم لە کار کەوتووە. من لەسەر تۆ تاوانم دراوەتە پاڵ.

ڕووخساری لە ناوجەرگەی تاریکییە ئەنگوستەچاوەکەدا دەدرەوشایەوە.

جارێکی تر بیرۆکەی خۆکوشتنم بەمێشکدا هات، وەلێ لە یەکەمین بنکەی پۆلیسی مێشکمدا قۆڵبەستم کرد. بەدبەختترین هەڵوێست مرۆڤ بەرەنگاری ببێتەوە، بێ ماناییەکانی ئەم دنیایەیە.

– وابزانم خۆرگیرانە. ئەی خوایە! خەریکە ئەم سەرمایە هەراسانم دەکات. ڕەوشی سالآنی پەنجاکان دێنێتەوە بیرم، ئەو کاتی ئاو بەهۆی کلینیکسی لووت سڕینەوە لە کونی بچووکی پەنجەرەکانی بەندیخانەوە بەدزییەوە دەردەکرا و ئەو دەمی تەلدڕەکان بەتوندی لە گیانمان دەچەقین و جرجەکانیش بەڵگەنامە نهێنییەکانیان لە ژێرزەمینێکەوە بۆ ئەوی تر دەگواستنەوە. خۆرگیرانە حوسێن. زۆر بەشێلگیری بیری لێ دەکەمەوە. شتێک دای گرتووم لە حەزی متبووی ڕشانەوە دەکات. سەرماکەی دەڵێیت چزووی مێشوولەیە.

– مەهدی، منیش خەریکە ماندوو دەبم. نازانم زۆر بەرگری دەکەم ، یاخۆ چەکەکەم لەبەر دەرکی نەخۆشخانەی جوانکارییەکە دادەنێم و پاشەکشێم لە دەزگاکە و بەزینم لە بەرابەر ئەم شەقامانەی بەنەخۆشیی پیس پڕبوونەتەوە، ڕابگەیەنم. هەینێ خۆرگیران دێت بێگومان چالاکیی شار ڕاناوەستێت و نەخۆشخانەی جوانکارییەکە گشت کارە بنەڕەتییەکانی خۆی ڕایی دەکات. سوپایەکی ئامادە کردووە لە لووتبڕاو و گوێپان و چاو شووشەیی و ئەو

مێشک گەچینانەی بەهێما نەبێت نابزوێن.

– حوسێن، ئەم نەخۆشخانەیە تایبەت بۆ ئەم قۆناغە چێ کراوە، تاکو بەیەکجاری ئەوی لە ڕووخسار و سیمای خەڵکی ئەم شارەدا ماوەتەوە هەڵکەنرێن و هەوڵ بدرێت بکرێن بەمەیموون. ئەوان گشت شتێک لەبارەی تۆوە دەزانن. بۆیە لەسەرتە خۆت ڕاهێنیت چۆن بیر بکەیتەوە و چۆن ساتی سەخڵەتی ببڕیت. لەم نەخۆشخانەیەدا ئاسان نییە نوقلانەی چارەنووسی خۆت و خۆم لێ بدەیت، وەلێ وێڕای ئەوەش دەبێت بەبەهێزی بمێنینەوە.

– تۆ بەشێوەیەک دەئاخێویت وەک ئەوەی هەبیت. تۆ بوونت نییە.

– بوونم هەیە و زیاتریش. من لە تۆدا هەم و ئەوانی ترم بەلاوە گرینگ نییە. تۆش ئیشەکە تا ڕادەی بێ ئومێدی گەورە مەکەوە. گومانم لەوەدا نییە چاوەکانت تیژن.

ساتێکم بیر کردەوە. هەستم بەخۆم کرد بەڕاستی بەلای ئاڵۆزیدا لادەدەم.

– دەیانەوێت دوای ئەوەی کوشتتیان لەمنت برفێنن. دروستە، تاکو ئێستا تۆمەتێکی مەترسیدار نییە بتوانێت هیلاکم بکات، چون بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسەکە هەڵوێستەکەی بۆ وێنا کردم. لە کۆنووسەکەدا تۆمەتێکی ئاکارییان بەسەرمدا دا، جگە لەوە شتێکی تر نابینمەوە گرینگییەکی وای هەبێت. ئا بیرم چوو، تۆمەتێکی تریش هەیە. ساختەکارییەکە.

– فێر بە ئەو دەمی دەیانەوێت بتشکێنن، خۆت ماندوو نەکەیت.

Tous les coups sont bons.. بیر لەوە بکەرەوە، کە خۆتی لەسەر بەکوشت دەدەیت.

وەکو هەنجیرەوشکە چرچ دەبوومەوە. هەستم بەخۆم کرد درۆزنترین پیاوی دنیام. درۆ لەگەڵ خۆم و دەوروبەرە تێکشاوەکەمدا دەکەم. وادیارە من هێشتا لەوە نەگەیشتووم، کە گشت شتێکم دۆڕاندووە. ئۆ! هیچم لەدەست نەداوە جگە لەو شتەی لە بناغەدا ئامادەی لەدەستدان بوو. ڕووخساریم بیرکەوتەوە ساسا.. ببوورن شەهرەزاد، دۆخێکی قووڵی خەمۆکی و خەمباری دای گرتم،

که پێستی بەڕادەیەک کون دەکردم هەستم پێ دەکرد ئێسکم هەڵدەکۆڵێت.

– بڕوا بکە مەهدی براکەم، تەنانەت ساسافنداشم لەدەست دا. بەبێ مێشکیی خۆم چۆن مەریەمم لەدەست دا ئەویش ئاوا. باشە جگە لەم لە کیس چوونە یەک لە دوای یەکە چارەسەری تر نەبوو؟ هەرچەندە من دوای تێکشکانەکانی سەرەتا، هەستم بەشتێکی قورس کرد لەسەر دڵم لادەچێت. ڕەنگە هەر لە بناغەدا بۆ یەک نەبووبین و دنیا و قەدەریش، بێجگە لە ڕاستکردنەوەی گەوجێتییەکانیان شتێکی نوێیان نەکردبێت.

مەهدی هێشتا بەتەنیا خۆی لە کونجێکدا پەستیبوو. هێمن. گوێم لە خشەخشی کاغەز بوو. زانیم جگەرەی قامیش دەپێچێتەوە. بۆنە ناخۆشەکەی بەلووتمدا هات. تەپاڵەی وشکەوەبووی بیرخستمەوە، کە بەمنداڵی دەمانکێشا.

ئێستا مەهدی وای لێ هاتووە گشت وردەکارییەکانی ژیانم دەزانێت. لە منداڵییەوە، کە لەگەڵمدا نەژیا تاکو کوێرەوەرییەکانی ئەم ساتە. من بەسروشتی خۆم کەمدووم، لێ ئەمجاریان هەستم بەحەزی نەبڕانەوە کرد، تا خۆرهەڵاتنی دوای خۆرگیرانێکی درێژ و بەر لەوەی ئامێرە دداندارەکەی تایبەتە بەبڕینی زمانی درێژ بەسەر زمانمدا ڕەت بێت. هەرچی مەهدییە هەر وەک خۆیەتی، هیچ شتێک نییە هێمنی و بێگەردییەکەی شێلو بکات. هەر وەک وێنەکەیە. چۆنم وێنا کردبوو ئاوایە. چاوانی پڕ لە هێز و خۆشەویستی بوون، خەرمانەیەک لە نووری پێغەمبەران دەوری دابوون.

جارێکی تر کە وردەکارییەکانی تەنیاییم کاوێژ دەکردنەوە، بیری خۆکوشتنم بەمێشکدا هات. وام هاتە بەرچاو ژیان زۆر بێ مانایە. گومانێلێکی زۆر لە تەندروستیی ئاوەزم گرتمییەوە. ئێش و ئازار بەهەڵپەوە خانەکانی مێشک دەخوات. ترسام تیشکێک چووبێتە مێشکەوە و تواناکانی بیرکردنەوەی دروستی شێواندبم. هەموو شتێک شیاوە.

بۆ ئەوەی لەو گێژاوی ترسە دەرچم، مەهدیم بیر خۆم هێنایەوە. لە چرکەیەکدا بەسەر ئەم تاریکییەدا شکامەوە، هەستم کرد مەهدی هەمان ئەو

مەهدییەیە گشت خەڵک چاوەڕوانین. ئەم بڕوا بەخۆبوونە لە کەسایەتییدا ڕێککەوت نییە. خاوەنی دوو چاوی تیژە و گەلێک سیفاتی پیاوچاکان و ئەو پێغەمبەرانەی ستەمیان لێ کراوە، تێیدا هەن. هەست بەهەموو بۆچوونەکانی لەسەر دڵم دەکەم، چونکە هەموو کات ڕاست و کاریگەرن.

– ئای مەهدی، هەڵە نەبوویت. سالانی مەرگ فێریان کردیت بەهەڵەدا نەچیت. نادیارییە کتوپڕ و پەنهانەکەشت ویقاری زوڵم لێکراوی پێ بەخشیویت. زیندەبەچاڵ کرایت و ئەوەتا ئەی مەسیحی لەخاچدراو سەرلەنوێ دەژێیتەوە. کابرای سەرخۆش مەست نەبوو. ساسافنداش شەهرەزاد بوو. سوێند بەو سەرەت، کە لەپڕ سپی بوو، ئەو زبڵڕێژەی کۆنە عەرەبانەکەی پاڵ دەنا زبڵڕێژ نەبوو.

– گوێی مەدەرێ. تۆ لەوە زیاترت نەگوتووە، کە بەڕاستت زانیوە.

– وەلێ مەهدی بەتاوانێک تا ئێستا نازانم سروشتی چییە، داوەریم دەکەن. دوور نییە تۆش لە دادگەی ئاسایشی دەوڵەت بەتۆمەتی چەواشەکردن و ئاژاوەنانەوە و شێواندنی سرووتی مردووان داوەری بکرێیت. لەو بارە خۆڵەی بەسەر دڵتدا درابوو، دەرچوویت و گەڕایتەوە، تاکو وڵات و ئەو بەڵێنانەی پێش ئەوەی چاو لێک بنێن، پێتان درابوون، ببینیت.

– حوسێن فێر بە چۆن دەبیت بەپیاو. چۆن بەرگری لە خۆت دەکەیت. ئەوی ئەم سیفەتانە لە خۆ بگرێت، دەشزانێت چۆن بەرگری لەوانی تریش بکات. لە کاتێکدا لەو چاڵە ساردەی تۆیان خستە ناویەوە ڕاکشاویت، چۆن بوویت هەر وا بەپیاوی بمێنەرەوە.

– مەهدی تۆ لە من گەورەتریت. زۆریش گەورەتر. تۆ هەینێ چاڵەکەشت بەدەستە ماندووەکانی خۆت لێ دەدا، هەر نەکەوتیت. ببوورە، ڕەنگە کاتێک گۆڕەکەت لێ دەدا زۆر لە مردن ترسابیت، لێ دڵنیام دوای ئەوەی خۆڵ چاوەکانی داخستیت، هەموو شتێکت بیرچووەوە، تەنیا ئەو نیشتمانەت بیر نەچووەوە، چون پیاو شەیدای ژن دەبێت، تۆش ئاوا عاشقی بووبوویت. تۆش

وەک ئەوەی بۆ ساتێک سەرخەوێکی شکاندبێت، چاوەڕوانی ئەوە بوویت تا سەردەمەکەت دەگەڕێتەوە. دەمێکیش پاش چاوەڕوانییەکی زۆر گەڕایەوە، تۆش لەگەڵ هەور و تەم و خەمەکانیدا گەڕایتەوە.

تاریکی، ئاخ. ئایا ئەمە نیشانەی ئەو خۆرگیرانەیە، کە کتێبە کۆنەکان باسیان دەکرد؟ وا دیارە سەردەمی تاریکی درێژە دەکێشێت.

خەون تێکەڵ بە ئاگایی بوو. هەروەها بەڕووی مەهدیشدا، کە هێمنی و تووتنە میللییەکەی جێیان نەهێشت.

دیسانەوە چاوم هەڵگڵۆفاند. تاریکییەکی ئەنگوستەچاوە جگە لەو دەلاقە بچووکە نەبێت ڕووناکی و هەوای لێ دێنە ژوورێ. لە شوێنەکەی خۆم هەستام. وام زانی لە ماڵم بۆیە دەبێت بچمە سەر پێشاو. لەم چۆڵەوانییەدا بەدەر لە چاڵێکی بچووک، کە لە گۆشەیەکەوە کراوە، بۆنی بۆگەنی و مێرووی ژەهراوی لێ دەردەچێت، چ ئاودەستێکی تێدا نییە. لەگەڵ بوونی مەهدیدا پرسەکە ئاڵۆزتر بوو. ماقووڵ نییە. وەک یەکێک شتێکی بەنرخی ون کردبێت بەدەوری خۆمدا دەخولامەوە. هەستی بەتەنگاوبوونەکەم کرد. بەلای دیوارەکەدا وەرچەرخا، یاخۆ بەلای منەوە وابوو. هەینێ خۆم بەتاڵ کرد، دڵم ئێشا. ئایا تا ئەم ڕادەیە مرۆڤ بێ نرخ دەبێت؟ ویستم سەرم بتەکێنم، کەچی نەمتوانی. زۆر لەوە قورستر بوو من بۆی چووبووم.

هێشتا لە نێوان چاڵەکە و تاریکی و پیسییەکاندایت، لەگەڵ دەموچاوە گەرمەکەتدا، هەی کوڕی دایە. هێشتا دڵم لە ناو دەستەکانتدایە مەهدی. ساسافندا _ شەهرەزاد، گەڕایەوە پایتەخت. ماڵەکە دراوە بەسەر یەکدا، دەرگەکە داخراوە، لێ شکاوە. ڕووخسارە پەنهانەکان بەزەیییان بە دێرینیی تەختەکانیاندا نایەتەوە. حەمیدی مەشخەڵی شار مێشکێکی گەچین لە سەریدایە. گەمژەیەک بەکەودەنی خۆی پاڵ بە ئۆتۆمۆبێلێکی هۆندایەوە دەنێت، کە هۆبەی تایبەتی ئارایشتکردنی مێشک پێی بەخشی، لە نەخۆشخانەی... و ... و ... لیستەکە درێژە. تاقە برادەرێکم لەم شارەدا مابێت تۆی مەهدی. تەنیا تۆ. دەبێت تا مردن دەستەوداوێنی یەکتر بین.

وەڕس مەبە لە دریێغیکردنم، هێشتا مندالْم. تا ئێستاش شیری وشک بووی مەمکی عێشە منەوەرە لە نێوانماندایە و پێوەندییەکی تەواو نەبوو و ترس لە تۆ و ئەو خوێنەی سەرلەئێوارەیەکی تاریک لە دارستانێکی چۆڵدا ڕژا، لەگەڵ ڕووخسارە نادیارەکان و ئەو ئێسک و پرووسکانەی لەگەڵ بای بیاباندا چوون. کەسیش نازانێت لە کوێ نێژران.

تۆ تا ئێستاش هەر پێغەمبەریت. گۆڕەکەشت پەڵە هەورە. هەینێ گزنگ دەدات کۆچ دەکات، کاتێکیش شەو بەتاریکییەکەیەوە هات، دەوەستێت، لەگەڵ بانگی کەڵەشێریشدا ڕۆژێک سەفەرە یەکجارییەکەی دەکات کەس پێی نازانێت. وەکو باران دادەبارێتە سەر ئەم خاکەی خەریکە خۆشییەکەی وشک دەکات.

هەینێ دادەبەزیت، حەزرەتی مەهدی، سواری پشتی ئەسپەشێکەی بووە و ئەو شتە کۆنانەی مایەی هەڵهێنانەوەن بەشمشێرەکەی دادەپاچێت. من خۆم دەزانم و تۆش لە هەمووان باشتر دەزانیت، تۆ یەکێک لە سەروەرانی ئەم سەردەمەیت. تۆ لە شێوەی مەسیحی ستەم لێکراویت، ئەوانی تۆیان فرۆشت، پێکی مەرگت دەنۆشن. بەڵام بەر لەوەی لە گەروویان بچێتە خوار، سەیریان دێ لە هیکرا لە شەوئاهەنگەکەدا دەتبینن. بەرەو دەرگەکان تاو دەدەن، شەقامە بێدەنگەکان دەیانگرێتە خۆ. ڕووخساریان سیمایان لەدەست داوە. ئافرەتەکانیان ڕووتوقووتن. بادەی شەرابەکان لە دەستیان دەشکێن. میدالیاکانیان لە مسی ساختەن و چاویان لە شووشەی تێکەڵ بەوردە ئێسکی مردووانە.

ڕادەکەن. لەرز دەچێتە دڵیانەوە، بەهەموو هێزیانەوە دەشیرێنن:

مەهدی گەڕایەوە. مەهدی گەڕایەوە. مەهدی گەڕایەوە. شەقامەکان نایانگرنە خۆیان. دەگەڕێنەوە خانووەکان، ئەوانیش نایانگرنە خۆ. بەرەو دارستانەکان ڕادەکەن و ئێسک و پرووسکیان دەسووتێن. مەهدی گەڕایەوە. مەهدی گەڕایەوە. مەهدی گەڕایەوە. خۆیان بەگڵەکەدا دەکەن، دەیانتفێنێتەوە، تاکو سەگە بەرەڵاکان بیانخۆن. لە نهێنیی ئەو گەڕانەوە سەیرە و ئەو ژانەی

زیاد لە بیست ساڵە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، نەگەیشتن. کەسیان دڵی خۆیان بۆ نەکردیتەوە و نەکۆشا پرسیاری ئەو پەڵە خوێنانەی جلە کۆنەکانتیان گرتووەتەوە بکات، هەروەها ئەو پێڵاوە تەنگانەی پێیەکانتیان داڕزاند و هەر نەدڕان. هەموویان بەردێک لە بەردەکانی شێوی ئەم شارۆچکەیەی لە ڕوح و گەشتە تەواونەبووەکەتی خواردەوە، ناهێنن.

– بێدەنگییەکەت درێژەی کێشا حوسێن. چیتە وا بێدەنگیت؟

– بیر لەم وردەکارییانە دەکەمەوە، کە تازە بەتازە لێیان دەگەم.

– وا مەڵێ حوسێن. خەریکە لەم شارە داخراوە دەگەیت. من باش دەزانم ئەگەر هەینێ دەردەچیت شار دوا کلیلی خۆی پێشکێشت دەکات و شەقام و کۆڵان و خەڵکە باشەکەی ناچار دەکات ڕات مووسن. دارستانەکانمان خوانێکی دڵگیرت بۆ ساز دەکەن و منیش بەڵێنت دەدەمێ، کە بەتەنیشتتەوە بم. کوڕی خۆم ئەوە بێ ئومێدییە کوێرت دەکات، لەوە بترازێت دنیا لە سەرووی چێژی خەڵکەوە دەبێت.

کوڕی خۆم! ئەڵڵا! چەند بەگەرمی لە زاری مەهدییەوە دەرچوو. لە نێوان من و ئەودا زەمەنێک لە قاتوقڕی و مردن و گڵی ناپاک هەیە. وشەیەکە لەگەڵ مانگا لەوەڕاندن و تەلدڕ و میندا تێکەڵ بووە کە ڕوحی ئەحمیدای حەبیبەی پوورمی دەرهێنا . ئەو وشەیەی شیری سووتاو و مەمکە چرچبووەکانی وەک چاوی هەتیویان لێ هاتووە، خواردیان. کوڕەکەم! لە مەهدییەوە چێژم لێ نەبینی. تەنیا لەو کتێب و نامانەوە نەبێت، کە لە وڵاتە دوورەکانەوە، بەر لەوەی بگەڕێتەوە و شەڕی ماڵوێرانکەر هەڵی لووشێت، بۆی دەناردم. ئەوەتا ئێستاش بەزەماوەند و منداڵبوونی نوێ و تاسەیەکی تیشک ئاسا دڵ داگیر دەکات، قەبە دەکرێتەوە. هۆرە و گۆرانییەکانی شارۆچکەکەت تا ئێستاش نمی تەڕی ئاوازیان وشک نەبووە.

خۆشت بوێت حوسێن. هێند مەهدیت خۆش بوێت، تاکو سەرت دەسووڕێت، هەتا شێت ئاسا دەکەویت، کەس لەسەر شێتییەکەت لێت ناپرسێتەوە. هێشتا

بواری زۆر مــاون بۆ ئەوین و خــۆشی. هێــشــتــا دەروازەی شــارە دێرینـەکـان بەڕووخسـارە ماندووەکەتدا دانەخراوە. خۆشت بوێت. حوسێن تا دەتوانیت، هێندەی خــۆر و دەریا، بارتـەقــای هەمــوو دنیــا خــۆشـت بوێت. وەلێ دڵت لە ڕووناکی بەتاڵ مـەکەوە. خۆر لە شـوێنی خۆیەتی و زەویش لەبەر خـاتری کەس لە سووڕانەوە ناوەستێت. مەریەم بێ گوناهـە و مەهدییش بێ تاوان.

– من لە بێدەنگییەکەت ناگەم.

– ڕاسـتییەکـەی، دڵنیـا نیم بەسـاغی لەم چاڵە دەردەچم. بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیـسـەکـە گـوتی، خـوێنم پێ هەڵدەهێننەوە. لەم قسـەیە زیاتـر چیت دەوێت. ئەوان سوورن لەسەر بەدواداچوونی کێشەکەم تا ئەوسەری.

– هەر کــە بێ ئومــێـد بوویت ئـەوان ســەرکـەوتن بەدەست دەهـێنن. وات لێ دەکـەن یادەوەریت لەدەست بدەیت، تاکو پـرۆسـەی لە بێخ هەڵکێـشــانی لووتە درێژەکەت کارێکی ئاسان بێت. بەم یادەوەرییە زیندووەت کارەکانیان لێ ئاڵۆز دەکـەیت. زەحمـەتە بۆت لـەسـەر چوار پێ بڕۆیت و لەو گـیـایەش بـخـۆیت، کـە نەخۆشخانەی جوانکاری بەنەخۆشەکانی دەدات.

– لێیـان ناگەڕێم. بەناوی دەستوور و پەیمانی نیشتمانی و گشت ئەو یاسا کۆمارییانەی ناتوانن پێ بەهەموویاندا بنێن، لێیان ناگەڕێم.

– لەســەر پیـاوکوشـتن و بیرچوونەوە ڕاهاتوون و هیـچ یاسـایـەکیش نییـە ڕایان گـرێت. مـەحـاڵە. ئـەوان خـۆیان یاسـایـان داڕشت و هەر بەخــۆشـیـان یەکەمین کـەسن پێی بەسەردا دەنێن و پێشێلی دەکەن. ئایا ئەو دەمی چاویان گرتیت و نەشـتـەرگەریی گۆڕانی مێشکیان بۆ کردیت، توانیت بیانوەستێنیت؟ ئەی ئەو کـاتی دەرگـە و پەنجـەرەکـانـیـان بەسـەردا شکانـدیت؟ ئەی ئەو کـاتی تۆمەتیان بۆ هـەڵبەستیت؟ هـەوڵ بدە ببیتە خۆت و بەس.

– تا مردن بەڕوویانـدا دەوەستمـەوە. دەڵێم چیرۆکی ئەو ئافـرەتەی بەشـەو لە یەکـێک لە شــەقــامـەکـانی شــار لەگـەڵمـدا بینیــان درۆیە. دەڵێم شــەهرەزاد شکۆمەندی سـووتاندم و مەهدییش کەسایەتییەکی ڕاسـتـەقینەیە. دەڵێم من بۆ

بەرژەوەندی شەهیدان و پێغەمبەران کار دەکەم. خۆ ئەگەر گەورەشیان کردەوە دژ بەکارە چەپەڵەکانیان دەوەستمەوە و چی نهێنییان هەیە ئاشکرایان دەکەم.

– ئەمە ئەگەر وا دابنێین دەرفەتی ئەوەت دەدەنێ داکۆکی لە خۆت بکەیت.

– تەنیا نیشتمانی ئەوان نییە و خاکەکەشمان مەزرایەکی تایبەت نییە.

– هیچ نەبێت بەلای ئەوانەوە وایە، لێ ئەوی باش نایزانن ئەوەیە تۆ خۆت وایت، کوڕی ئەم خاکەیت و قەناعەتی تەواوت هەیە داوای مافی خۆت لە کامەرانیدا بکەیت. ناتوانن زەوی بەیەکجاری بگۆڕن، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتییش بیشێوێنن.

– بەهەرحاڵ. من هێشتا لەو بڕوایەدام شتێکم نەکردبێت هێمنیی شار دژم بجووڵێنێت. ئەگەر دەیانەوێت با لەسەر ساختەکاری لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکەن. لەسەر تۆمەتی ئاکاری. دانی پێدا دەنێم. لێ پرسەکە بەم ئاڵۆزییە نییە. من ناپاکیم لە خاکی ئەم وڵاتە شیرینە نەکردووە، تا پێم لە یاریگەی شارۆچکەکەدا بچەقێ و هەموو خەڵک شەیتان ئاسا بەردبارانم بکەن.

– ئەمە ئەگەر جارێکی تر وای دابنێین لە ناوەندی بازنەی ئەو تۆمەتانەدا ماونەتەوە. بەهەرحاڵ هێند گرینگ نییە. ڕەنگە پرسەکە لە ئاڵۆزکردنەکانمان گەورەتر بێت. تۆ بەڕێگەیەکدا ڕۆیشتیت خۆت هەڵت بژاردووە. تا کۆتایی لەسەری بڕۆ. دەبێت بەهانەی ترس لە مێشکتدا بکەوێت، ئەگینا پاساوی بوونمان پێکەوە لە چەقی ئەم بەدگۆڕانەدا چییە. شوێنی ڕاستەقینەی ئێمە ئێرە نییە. تۆ شوێنت ڕۆژنامەکەتە. شوێنی منیش گۆڕستانی شەهیدانە.

– بەیارمەتیت مەهدی. هەندێک جار وا هەست دەکەم تۆ پێچەوانەی سەردەم و قەیرانەکەتی.

– تۆ بەهەڵەدا ڕۆیشتوویت حوسێن. بوێرییەکەتم بەدڵە. سەردەم و قەیرانی من لەوە ئاڵۆزترە تۆ بۆی چوویت. تۆ نەوەی ئەم ڕۆژگارە لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکەن، هەرچی منم شەهیدان و زیندووان پێکەوە لێم دەپرسنەوە، خۆ ئەگەر

هەڵەیەکی بچووک لە هەڵسەنگاندندا ڕووی دا، ئەوا هەمووان نرخەکەی دەدەنەوە. ئەگەر دەزانیت. سەردەمێکی دڵڕەق بوو، وەکو ئەو خوێنەی بەخۆڕایی ڕژا. ئەرکی سەرشانم ئەوەیە خەم و خۆشیم بەم شوێنە ببەخشم. من ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێ گەیاند و بەردەوامیشم لەسەری، دەشترسم ئەگەر زیاتر لەو دەرفەتەی پێم دراوە مامەوە، ببمە پیرەمێردێکی پەککەوتەی دانیشتوو لە پاڵ یەکێک لە پیاوچاکان، خەریکی بیسمیلا و لاحەولە وەلا و وێرد وتن بۆ خوایەک بێت، لە چۆڵەوانی لە یادی کردووە. چاوەڕوانە کەنگێ عیزرایل بێت ڕوحە بەسالاچووەکەی بکێشێت. دەترسم تۆ و سیمای دەموچاوم لەدەست بدەم. لێم بگە حوسێن. زۆر ئەستەمە ئێسک و پرووسکی شەهیدێکی زیندەبەچاڵ کراو تووڕ هەڵدەیتە ژێرزەمینێکەوە لەگەڵ زبڵداندا جیاوازیی نەبێت. من ناخوازم سەردەم و قەیرانەکەم بەسەر تۆدا ڕەنگ بدەنەوە. تەنیا دەمەوێت تێت بگەیەنم، تاکو هەڵە نەکەیت و بەدرێژاییی تەمەنت پەشیمان بیت. تەنیا لە هەڵسەنگاندندا بەهەڵەدا چووین، ئەوەتا بەچاوی خۆت دەبینیت، تا ئەمڕۆش نرخەکەی دەدەینەوە و بەئێوەش هەمان نرخ دەدەینەوە. پرسەکە ئاڵۆزە حوسێن پێویستی بەخۆشدوویی و خۆش ڕەفتاری هەیە. پێویستە پشوو بدەیت، تاکو سپێدەی شار دێت و دەتبات بۆ ئەو شوێنەی دەبێت بۆی بڕۆیت. دەبێت منیش تاوێک بحەسێمەوە. هەرچۆنێک بێت، ناتوانن بەو ئاسانییەی وەک خۆیان بۆی چوونە بمانبەن بۆ سێدارە. دەبینیت.

عانێک گۆشەگیر بوو، گوێم لە پرخەی بوو و دواتر هەر نەمبینییەوە. لە ساتێکدا هەستم بەبچووکیی خۆم کرد. کابرا تەنیا کەمێک لە داخی دڵی هەڵڕشت، نەمپرسی چۆن دەرچوو. بەر لە پرخە برانەکەی دەستم بەچوارچێوەکەدا هێنا. بەتاڵ بوو. دوای ساتێک هەستم بەگەرمییەکەی کرد وەکو تیر لە سینگم دەچەقێت. دەستم پێدا هێنا. ئەوە خۆشیی سەرەتای دۆزینەوەی ئەو شتە جوانانەیە، کە گەرمییان ئازارمان پێ دەگەیەنن. لە ناو سینەمدا بوو. گوێم لە ناڵە و دەم بەیەکدادانی مردنی بوو، دەتگوت لرخەی زەلامێکە لە چاڵێکدا بەتۆپزی پێی لێ نرابێت، سەربڕابێت و لە نێوان مەرگ و

ژیانداس، خوێنی لەبەر بڕوات.

دەبێت سەرخەوێک بشکێنم. لە ساتی بێدەنگی و خامۆشیدا دەنگە دەنگی پەنهانم لە بانەوە بۆ دێت تێکەڵ بەهاواری کپکراو و حەپەی سەگ دەبن، کە کەشی شارۆچکە دوورەکەم و باران و بۆنی قاوە و گەنم کوتان و تەرمی ڕۆژانە و بازبازۆکێی زارۆکان و کەفی شیر و یەکەمین واقەی زارۆکم بیر دەخەنەوە.

– هەستە هەی دەیوس، گەورەکانت چاوەڕێتن. ئەوان کاتیان بەنرخە. وەخۆت کەوە.

هاوارەکە تێکەڵ بەزرەی زنجیری قورسی دەرگەکان و ئەو ڕووخسارانە بوو، کە لەم تاریکییەی دڵ و مێشک ماندوو دەکات، نەمتوانی سیمایان دیار بکەم.

## ئەو دادگاییەی پێش خۆرگیرانەکە کەوت

ئەو دەمی بەپاڵ بردیانمە هۆڵی دادگاییکردنەکەوەی تژی بوو لەو دەموچاوانەی پەنهانی دای گرتبوون، ڕووتوقووت بووم و جلەکانم بەدەستمەوە گرتبوون. لەم دادگە شکۆدارەی گەورەییەکەی دەتترسێنێت، پیاو یادەوەریی، یاخۆ ئەگەر شتێک لە یادەوەرییدا مابێت، لەدەست دەدات. مادە خۆڵەمێشییەکەی کە بەزەحمەتییەکی زۆر گڕ دەگرێت. هەست بەبچووکی خۆی دەکات، تاکو دەبێتە جرجێکی بێ دەسەلات.

ئێستا بیرم دەکەوێتەوە سواری بارهەڵگرێک بووین. پەنجەرەکانی داخرابوون و پارچە ئاسنیش لەو چالانە زۆرتر بوون، کە چەندین شەو و ڕۆژی لەیەکچووی تێداماینەوە. ئەگەر ئەو کونانە نەبوونایا لێیانەوە تەماشای دەرەوەمان دەکرد، هەر دەتگوت گۆڕستانێکن بۆ خۆیان. لەو کونانەوە پاساری و وڵسات. چیاکان. ئەو سروشتەی تا چاو هەتەر بکات ڕاکشاوە. هۆرەی شوانەکان، کە دەتیانبردەوە سەردەمی منداڵی. گشت ئەمانەمان دەبینی. شەو و ڕۆژێک بەڕێوە بووین. هەینێ دابەزاین گڵۆپەکانی شار، کە شەکەتییان پێوە دیار بوو، هەڵبووبوون. ڕووناکییەکی کزیان دەدا، لە ڕۆیشتنمان بەرەو چاڵە تازەکە و پێش ئەوەی بچینە دادگەوە، مەهدی ڕووخسارێلێکی بینی کەپوو و چاویان نەبوون. ئایا شار هەموو توانایەکی ژیانی ون کردووە، تا وای لێ بێت لە کوشتندا هونەر بنوێنێت؟ خەریکە ئەو بنەماڵەیەی وڵات و خەڵکیان بەدەستەوەیە، دەگەڕێتەوە سەر بنەچەی مەیموونیی خۆی. داخۆ ئەگەر داروین لێرە بووایا چی دەکرد؟ هەڵبەت لێکدانەوەی ڕەگەز و مێژووەکەی لێ ئاڵۆز دەبوو.

بەترس و سامەوە وەستاون.

هەمووان بەپێوەبوون تاکو دادوەر فەرمان بەدانیشتن و کردنەوەی یەکەم و دوا دانیشتن دەدات. چوارمشقی لێی دانیشت. چەند سەلکە پیازێکی لە پێش خۆی دانا و دەستی بەخواردنیان کرد. پێشینان دەڵێن پیواز ئارەزووی ئاخاوتن دەکاتەوە. لە گشت ئەمانەش زیاتر دادوەر زۆری حەز پێیەتی. کوڕەکەی عێشەی منەوەرە ئەمجاریان خۆت ئامادە بکە. ئەوان مکوڕن. ئەی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسەکە پێی نەگوتیت و تۆ هەوڵت دا بەدرۆی بخەیتەوە؟ شمشێر لە دڵەوە دەتبڕێت، ڕەنگە بواری بەرگری لەخۆکردن و دەرفەتی ناشتنت نەبێت، تاکو چاوەکانت سەرلەنوێ بەدگۆڕانی شار نەبینن. حوسێنی کوڕی مەهدی محەمەد، لەخۆڕا دەکۆشیت لەوەی ڕوو دەدات بگەیت. ئاوەزت لە بەرابەر ڕەوشێکی پێشوەخت ئامادەدا سنووردارە.

دادوەر شیراندی. بۆنی تیژی پیاز لە زاری دەهات.

– بیرکردنەوە، گاڵتەکردن، فێربوون، کەمکردنەوە، زیادکردن، تەقاندن، بەبەردکردن، شۆڕشکردن، ستایشکردن، لێکدانەوە، سەرجەمیان کاری قەدەغەن. دانیشن.

دیسانەوە لە شوێنەکەی جووڵا.

– ئەی ئامادەبووان و نائامادەبووان. بەناوی وڵاتەکەمەوە، کە... ئەوەی... هەروەها... هەروەها بەناوی ئەو شەهیدانەی... ئەوانەش... هەروەها... دادگەی ئاسایشی وڵات، کە... هەروەها... ئەمەش... هەروەها ئەمەش... ئەمەش هیچ نەبێت دەلالەتی... خوای مەزن ڕای سپاردووین بە... هەروەها بە... دیسانەوە بە... خۆ ئەگەر.. ئەوا دادپەروەربن... خوا ڕاستی فەرمووە. کردنەوەی یەکەمین و دوا دانیشتن ڕادەگەیەنم. دانیشتنەکە ئاساییە و ئومێدەوارین بەزوویی و بەڕوونی ببڕێتەوە و پێویستی بەپرسیاری زۆر نەبێت. تکا لە پارێزەران دەکەم دادبینییەکانیان لە کورتی ببڕنەوە. ئەمە تکایە و ڕەنگە لەگەڵ دادگاییکردنەکەدا ببێتە فەرمان.

لە هیکرا. دڵم خۆش بوو. لە بەراییدا سوپاسی پەروەردگارم کرد لەو

خۆشگوزەرانییەی پێی بەخشیوین، چونکە کێشەکە پێویستی بەبایەخی زۆری دادگە نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە هێند گرینگ نییە و ئەوەندە کات نابات. واتا دۆخێکی ئاساییە. بەڵام بۆچی ئاسایشی دەوڵەت؟ دادوەر سووره لەسەر برینەوەی کێشەکە بەزووترین کات، تا هەر کەس بگەڕێتەوە سەر کاری تایبەتی خۆی. لێ ئەو پرسیارانەی ناخیان دەکۆڵیم، وایان لێ کردم بەخۆمدا بچمەوە. هەڵبەت دۆزەکە بەو ئاسانیە نییە، کە من وێنام دەکرد، ئەگینا پاساوی ئەم هەموو قەرەباڵغی و ئەم پەروەندانە چین، کە لە ناو لەپی دەنوون و سەلکە پیوازەکانی ئارەزووی خواردن دەبزوێنن لای ئەون. پەروەندی مەهدیی کوڕی محەمەد لە پەروەندە گرینگەکانە. پرسیارم نەکرد چۆن بەر لە ئێمە گەیشتنە ئەم شوێنە. چونکە لەودەمی نەخۆشخانەکەم بینیوە شتێک لە مێشکمدا نەما ناوی ئەستەم بێت. بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت لە چرکەساتێکدا دەتوانن بتکوژن و گیانت بەبەردا بکەنەوە. پێویست وایە. ئەگەر شار لەسەر پێویست وایە بڕوات. ڕێزی پەروەندەکەیان دەگرت و بەچاو دەیانپاراست، چونکە تایبەت بەکەسێکە بەشێک لە مێژووەکەمان پێک دەهێنێت. حوسێن تۆش هەندێک جار وڕێنە دەکەیت.

ئەگەر شارەکە شاری شەهیدان بووایا و مەهدییش شەهیدێکی ئاسایی بووایا، گریمانە لەسەر پێیەکانی دەوەستا. بەهەرحاڵ، نە قۆڵبڕ و نەیش ساختەکار بوو و تەنانەت دزێکی ئاساییش نەبوو. ئەمە تۆ وا وێنای دەکەیت حوسێن، لێ قەناعەتەکانیان جیاوازن. وەکو شار بەلۆجیکی تر بیر دەکەنەوە. لەسەرخۆت بە بەر لەوەی لە ئاسمانی پان و بەریندا بفڕیت و باڵەکانت بشکێن.

ئەو پارێزەرەی کاری داکۆکیکردنەکەی پێ سپێررابوو لە شێوەی سەرتاشین و ڕووتییەکەم ناسیمی. هێند گوێی پێ نەدام. لەگەڵ تاقمی دادگەدا گوێی لە پرتەوبۆڵەی دادوەر دەگرت، کە نیشانەی ماڵوێرانی و ترس بەڕووخسارە ساردەکەیەوە دیار بوو. پارێزەرەکە کاتێک دادوەری جێ هێشت توخنی من نەکەوتەوە، وەلێ تەنیا لە دوورەوە هەندێک تێبینیی نووسین. بەدوو

چاوی تیژەوە تەماشای دەکردم. وەکو وێنەکێشێک دەیویست بەوردی دەموچاوێکی ئافرەتانە بەرجەستە بکات. بەردێک بەدەستی ڕاستییەوە بوو لە خەڵووزی دەکرد. چی بەمێشکیدا بهاتایا لەسەر تەختەیەکی سپیی تۆمار دەکردن. توانایەکی سەیر و بێ سنووری هەبوو لە جووڵاندنی چاوەکانی و جێگیرکردنی هەر یەکێکیان لە گۆشەیەکدا. جووڵانەوەکانی منی دەبینی، لە هەمان کاتدا دادوەر و تاقمی دادگەی دەبینی و قسەکانیانی دەبیست. پێیەکی لەسەر کورسییەکە دادەنا و ئەوی تر لەسەر زەوییەکە گیر دەکرد. دادەبەزێت. زۆرم سەیر هاتێ. قاچەکانی بەرز دەکاتەوە و لەسەر سەر دەوەستێت، تا بەپێچەوانەوە بمبینێت. هەڵدەستێتەوە، جووڵەی وەرزشیی تایبەت دەکات. لاقەکانی دەکاتەوە. دەستەکانی بەلای ڕاست و چەپدا دەجووڵێنێت. شتێک لە گیرفانی دەردەکات و دەیخوات. لە سەرەتادا وام زانی حەڵوایە، یاخۆ تۆو یان فستقی سوودانییە. بەئاسانی دەیجاوی. بەوریاییەوە لێم نزیک بووەوە. چەند تێبینییەکی لەسەر ئەو تەختەیە نووسی، کە بەدەستییەوە بوو، پاشان سەرلەنوێ دەستی بەبەرکیدا کردەوە، شتێکی دەرکرد و کردیە دەمییەوە. ئینجا مشتێکی تر. هەندێکی لێ کەوتە سەر زەوی. دوای ئەوەی گشت تێبینییەکانی لەسەر من نووسی چرپاندی بەگوێی دادوەردا. ئەو شتەی لە دەستی کەوت سەرنجی ڕاکێشام. قاچم درێژ کرد. ڕام کێشا. لە ناو دەستم سەرنجم دایێ. هێند پێویستم بەکات نەبوو، تاکو بزانم چییە. خەریک بوو پڕ بەدەم لە پرمەی گریان بدەم. سەرم گووشی، تا لەو تەقینە بەهێزە بیپارێزم، نەکو لە ناو ئەم دادگە سەیرەدا پارچە ئێسقانەکانم جێهێڵم. دەچێتە عەقڵەوە شتی وا ڕوو بدات؟ کا. پارێزەرەکە کای دەخوارد. بۆ خاتری خوا کا. دیسانەوە سەیرم کردەوە. نا. نا. لەوی بەبەرچاومەوە ڕوو دەدات ناگەم. بۆ دوا جار تەماشام کردەوە. کای ڕزیو، بەلای کەمەوە ساڵێک بەسەریدا تێپەڕیبوو.

کاتێک لای دادوەرەوە دەرچوو هێشتا دەیجاوی، مانگا ئاسا کاوێژی دەکرد، وەلێ وەکو جاری یەکەم ڕووخۆش نەبوو. بەتەنیشتمەوە دانیشت.

سەرنجی گیرفانە هەڵاوساوەکەیم دا. پڕ بوو لە کای هاڕاو. بۆنی بۆگەنی لە دەمی دەهات. وەکو پیرەکەر دەئاخاوت. بەوردی لە چاوم وردبووەوە، دەتگوت دەخوازێت هێماییلی پەنهانیان تێدا بخوێنێتەوە.

– گوێ بگرە کورە. دادوەر سوورە لەسەر زوو کۆتایی هێنان بەم پرسە. تاکو ماندووت نەکەین و بەڕاستییش کاتمان کەمە. تۆ بەخۆت دەزانیت... دەبێت یارمەتیم بدەیت.

بەزەحمەت لێی گەیشتم، چونکە قسەی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا کاوێژی دەکرد. وێڕای ئەوەی زەحمەت بوو ئەوی بەبەرچاومەوە ڕوو دەدات بڕوای پێ بهێنم، کەچی بڕوام بەهەموو شتەکان کرد. وای لێ کردم لە ناخەوە هەست بەترسێک بکەم، نەمدەزانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. مکوڕبوونی لەسەر پرسەکە گرینگ بوو. مانای وایە کێشەکەم بەو قورسییە نییە، کە من بۆی چوومە. لێ ئەم کەشەی بەپێچەوانەوە ڕێ دەکات، مایەی دڵنیایی نییە و ئەو کەشاکەمان لا جێ دەهێڵێت، کە لە هەر ساتێکدا بێت شتێکی کتوپڕ ڕوو دەدات.

دادوەر دەستی لە بان لووتی دا. چاویلکە بچووکەکەی ڕاست کردەوە. دەمی تەواو داچەقاند، سەلکە پیازێکی بەتەواوی قووتدا. پێش ئەوەی قسان بکات لەم کەشە تازەیە زەندەقم چووبوو. بەڕاشکاوی پێتانی بڵێم ڕووتییەکەم وەڕسی کردبووم. هەندێک جاریش وا بێزم لە خۆم دەکردەوە ئاواتم دەخواست بڕشێمەوە. لێ بەتێپەڕبوونی کات لەگەڵ دۆخەکەدا ڕاهاتم و هەرگیز پرسیارم نەدەکرد. تەنیا بیرم لای ئەو ساتە بوو، کە بەرەو لای دادوەرم دەبەن، تاکو دان بەشتەکاندا بنێم. حوسێن بۆ تۆ زۆر قورسە، چونکە تۆ بوویت شەرمت دەکرد بەبەرچاو مەریەم خۆت ڕووتەوە بکەیت، ناوچەرگەی شار، ساسافنداش. خەمۆکی و هیوا بڕانە. قنگت دەبینن حوسێن. لە دادگەیەکدا بەچووکە ڕەپبووەکەت دەخەننەوە، چونکە هەموو شتێکی هەڵساو قەدەغەیە. وەکو پارێزەرەکە پێی گوتیت، بەر لە دەستپێکردنی دادگە ناچاری هەندێک جووڵەت دەکەن، تاکو لە دروستیی ئاوەز و نیازپاکیت دڵنیابن، وەکو نووستن لەسەر

مـێـز و بڵـندکـردنی هەر دوو قـاچت. نووشـتـانـەوە تا ئەوپەڕی، تـاکـو قنگت بەجـوانی نـیـشـانی تاقـمی دادگـە بـدەیت. دە جـار، یاخـۆ زیاتـر خـولانەوە لە هەمان شوێندا. ڕاکردن بەناو هۆڵەکەدا...

ئەو کورسییەی جلەکانمی لەبان بوو ئارام بوو.

لە ناو جلـەکـانمدا چوارچێوەکـەی مـەهدی، کـە بۆ سـاتێک چییـە لێم جـیا نەدەبووەوە، نووسـتـبـوو. زیاتر بیـر لە ئامـادەبوونی ئـەو دەکـەمـەوە وەک لە بیـر کردنەوە لە خۆم. دەبوو سیپاڵەکانم لە چاڵەکەدا جێهێشتایا، کەچی بەزەییان پێـمدا هـاتەوە و بەهـەوڵ و کـۆشـشی پـارێزەرەکە ڕێگەیان دام جلەکـانم لەگـەڵ خـۆمـدا ببـەم، هـەرچـەندە دەسـتـپـێک پرسـەکـەیـان بەیەکـجـار ڕەت کـردەوە و بەلادان لە سرووتی دادگـەکانی ولاتیان دانا. پـارێزەرەکە چەندین جار جـەختی لەسـەر ئەوە دەکردەوە:

کوڕم کـارەکە لە دەرەوەی یاسـادایە، لێ زۆر کۆشـام، تاکـو توانیم ڕێگەیەکی یاسـایی بـدۆزمـەوە بۆ ئەوەی ئەم دەرفـەتـەم دەست بکـەوێت، کە هـەرگـیز دووبـارە نابێـتـەوە. ئای خـوایە بـۆنی بۆگـەنیی کـا خـەریکە بەهێـوری تـووشی لە هۆش خۆچوونم دەکات و دەرِشێمەوە. لە ولاخێکی پیری دەکرد. دادوەر جـارێکی تر لە شـوێنی خـۆی جـوولایەوە، بێ ئەوەی دەست بـۆ ئەو سـەلکە پیـازانەی لەسـەر مـێـزەکـەی پێـشـی کـەڵەکـە کـرابـوون، ببـات، سـووربوونێکی دروسـتکراو بەڕووخساریەوە دەبینرا.

– دەمـانەوێت تاوانبار زوو نزیک بێتەوە و بەو شـتـانە هەڵسێت، کە تەواویی ئاوەزی دەسەلمێنن.

پارێزەرەکـە لەسـەر هـەق بوو حـوسـێن. کـوڕی دایکم تۆ لەسـەر ڕێگەی ڕاستیت. پارێزەرەکە ڕاست دەکات. تەمـاشـام کـرد. بزەخـەنە بەچاوەکـانییـەوە دەبینرا. وەکو منداڵێکی تەمبەڵ مامۆستاکەی واقی لێ وڕ بمێنێت لەوەی چۆن ئەو هۆنراوە زەحمـەتەی لەبەر کردووە، بەڕوویدا خـەنیمـەوە. سـوپاس بۆ خودا. پێش ئەوەی شتێکی سەیر، یاخۆ نامۆم تووش بێت، ئەو ڕایسپاردبووم. هەینێ

لە جێی خۆم هەستام، تەواوی جەستەم سوور هەڵگەڕا. ترسام. کابرای پارێزەر بەبێزارییەوە بۆ لام ڕای کرد، زراوم چوو. کاتێک چرپە چرپی بوو بەگوێمدا و جەختی لەسەر وشەکان دەکردەوە، بەرگەی بۆنە ناخۆشەکەیم گرت.

– بێ مێشک مەبە. تۆ تاوانێکی نوێ دەخەیتە سەر تاوانە زۆرەکانت. گشت ستراتیژی بەرگریکردنەکانت، کە من ئامادەیان بووم، تێک دەشکێنیت.

– تێ نەگەیشتم سەروەرم. داخۆ شتێکی دژ بەدادگەم کردووە؟

– ڕەپ و ڕاست مەوەستە. هەندێک داچەمێوە و تکایە سوور هەڵمەگەڕێ. بەکۆمۆنیست تۆمەتبار دەکرێیت. وام لێ مەکە دەست لە کار بکێشمەوە.

ئەمە گاڵتەجارییە. شانۆگەرییەکی خراپە. ئەمە چییە؟ دام بەسەر خۆمدا. بەتوندی قسەکەی پێ بڕیم.

– دادوەر تۆی دەوێت. کاتی گفتوگۆ نییە. لە سەرکەوتنی دۆزەکە یارمەتیم بدە.

من هیچ شتێک نەبووم. ویستم زیاتر بێباک بم. هەستم بەخۆم کرد لە قەبارەی ئاسایی خۆم بچووکترم. بەترسەوە ئاوڕێکم لە پارێزەرەکە دایەوە. بەجووڵەی دەستی و بەدەم کاوێژکردنەوە، کە ئارەزووی ڕشانەوەی تێدا بزواندم، هانی دام.

– ئەوی پێم گوتی وا بکە. کوڕی مەهدی، بەر لەوەی بتنێرن بۆ شێتخانە ئاوەزت بخەرە گەڕ و کەرێتی نەتگرێت.

ناوی بابم لە ناوی خۆم باشتر دەزانن.

– بچەمێرەوە بەر لەوەی دادوەر بتبینێ و فەرمانت بەسەردا بدات. هەروەها پێش ئەوەی گۆشتت ئەنجن ئەنجن بکەن و تیزاب داتڕزێنێت و بتدەنە دەم زێرابەکانی شار. داچەمێرەوە.

ئەوی پێی گوتم وام کرد. دارخورما ئاسا بەشکۆمەندییەوە ڕێم نەکرد، وەک وێنام دەکرد. جوانیی ئەو خاکەی، کە چاویان لێک نایت، دادگە شێواندوویەتی

و لاقە زەبەلاحەکان پێیان لەسەر داناوە. چاوانم نووقاندن و وا بزانم زۆر گریام، پاشان دەستم بەجێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پارێزەرەکە کرد، کە لە ناو ئەم دادگەیەدا جگە لە جووڵەکانی من هیچی تر نەدەبینی. دەترسام ئەوانی لەوێ ئامادەن پێم پێ بکەنن، لێ وادیارە کەس حەزی بەتەرمەکەی من نەبوو. پرسەکە بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی تێپەڕی. هەینێ لە بەرابەر دادوەردا وەستام، هەستم بەسام و هاتنەوە یەکی ڕیخۆڵەکانم کرد. بۆنی ئەو پیوازەی لە دەمیەوە دەهات دڵی تێکدام. لە خراپیی جۆری پیازەکە ئاو بەچاوانمدا هاتە خوارێ. ئاوڕم لە ئامادەبووان دایەوە. چاویان زەق کردبووەوە. دەستێکم لەسەر دواوە و بەدەستەکەی تریشم چووکم شاردەوە، کە خەریک بوو ڕەپ دەبوو. دادوەر جاڕس بوو. ئامادەبووانیش لەگەڵیدا وەڕس بوون. بەبێزارییەکەوە وای بەسەردا شیڕاندم، ئارەقە لە تەوێڵییەوە هاتە خوارێ.

– شەرمت بەخۆت بێت هەی گەزندە. شەرم بکە. قێزەون. دەستەکانت لابە.

بەر لەوەی لایان ببەم، پارێزەرەکە بەبۆنە ناخۆشەکەی دەمیەوە هاتە بەر لووتم.

– تکایە کوڕەکەی مەهدی. تکایە خۆت نەزان مەکە. ڕسقی منداڵەکانم لەسەر ئەم دۆزەیە.

دەستەکانم لێ کردنەوە. ڕەوشەکە گەڕایەوە دۆخی سروشتی خۆی، من لە وتەوتی ئامادەبووان دەترسام و دادوەریش ئارەقە بەهەنیەیەوە هیشک بووەوە. پارێزەرەکەش گەڕایەوە سەر کرانەوەکەی یەکەمی.

– کوڕەکەی مەهدی چیت دەوێت بیڵێ. تا دەتوانیت لە کورتی بیبڕەوە. داوات لێ دەکەم کورتی بکەیتەوە.

دواتر مژووڵی پیاز داکرماندن بوو، لە پاڵیشەوە پەروەندەکەی هەڵدەدایەوە. تەماشایەکی خەڵکەکەی کرد. هەموویان سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و سەیرکردنی ئەلبوومی وێنەدار و کتێبی پۆرنۆگرافی[٨] بوون. پارێزەرەکە لە

(٨) پۆرنۆگرافی: ڕووت. ئەو کتێبانەی باس لە سێکس دەکەن. (و)

نێوان کورسییەکاندا ون بووبوو، وەلێ بۆنی ڕزیوی کایەکەم بۆ هات.

لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ هەستم بەتەنیایی و لەخۆچوون کرد، ئینجاش بەزمانم چۆن لە ناو سکمدا ون دەبێت. هەروەها هەستم کرد گشت شتەکان دەگۆڕێن و لۆجیکێکی تر دادگە بەڕێوە دەبات. سەرجەم شتەکان ناڕوونییان تێدان، ئیتر چی بڵێم؟

دادوەر چاوانی ڕووەو من بڕین.

– تەواو بوویت کوڕم؟

– نا.

– چاکە، پەلە بکە.

سەرلەنوێ کۆمەڵێک لەو کاغەزانەی بەردەمی تەماشاکردن. من هێشتا دەستم پێ نەکردبوو. کەچی ئەو لێی دەپرسیم داخۆ لە قسەکردن بوومەوە یان نا؟!!.

وا دیاربوو دادوەر، پارێزەرەکـــان، بریکارەکـــانی وڵات، دەرکـــەوان و ئامادەبووان مژووڵی کاروبارێک بوون هیچ پێوەندیی بەو شوێنەوە نەبوو. کەس بەدۆزی حوسێنی کوڕی مەهدیی کوڕی محەمەد نازانێت. هیچ کەسێک. پرسی ئاکاری پێویستی بەم هەموو قەرەباڵغییە نییە. تۆمەتی سیاسی لەم کەشە سەیرەدا ئەنجام نادرێت. پرسی ساختەکاری چ پێوەندییەکی بەدادگەی ئاسایشی دەوڵەتەوە هەیە؟

ئاخ حوسێن. چاوەکەم دنیا سەر بۆ لۆجیکی دادگەکان شۆڕ دەکات. لۆچیکێکی تر، کە تۆ نایزانیت. کورە برا بەڵگەنامەکان لەژێر دەستیاندایە و دەتوانن چۆنیـــان بوێت ئاوا بڕیار دەربکەن و تەواو. بڕوام پێ بکەن لە چرکـەســاتێکدا ژیوان بووم لەوەی خـۆم نەکـوشت. بەلای کـەمــەوە ئاواتم دەخواست بەزووترین کات لەناو بچم. خوایە گیان، پارێزەرێک کا بخوات ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئەی دادوەر، پێوەندیی بەسەلکە پیازەوە چییە؟ پاشان ڕووی قسەم لە کێ بکەم؟ کێ گوێ بۆ ئەو هاوارەی ناخم ڕادەدێرێت؟ کێ مەهدی لە

سـینەم دەردەکـات؟ ئـەی ئەم خـەڵکە، بۆچی بەم شـێـوە سـەیرە سـەرقـاڵی خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئاست نزمانەن؟

کێ گوێ لە قسەکانت دەگرێت، هەی چۆلەکەی بەهەشت؟

تۆ شەکەت و ماندوویت. ئەو چاوانەش، کە بەدوای جووڵانەوەکانتن کێوین.

بۆچی هەر هێندەی دادوەر چاوی دادەگرێ و خۆی مـژووڵی پەروەندەکـانی بەردەمی دەکات، ئـەم خـەڵکە بێدەنگ دەبن؟ ئەی تۆ حوسێن، ئەی کوڕی ئەو مەهدییەی چاڵی دارستانەکان و شەو و تینوێتی و مردنی خۆڕا نوقمیان کرد. پێگەی تۆ لە ناو ئەم هەموو هەراوهەیبەڵێیەدا چییە؟ تاقە دەبەنگیت ئەوەیە پەیتا پەیتا بەم بەدگۆڕانەی شـارت زانیـوە. چاوت بەسـەر ئەم وردەکـارییـە هەستـەوەرانەدا کرایەوە، کە ئـەگەر قـووڵبـوونەوەت لە کـێشـەکـەی مـەهدی نەبووایا، پێیـانت نەدەزانی و سـەرنجیـان ڕانەدەکێشـایت. هـاوڕێ، تۆ لە پەڕاوێزدا بوویت و ئێستـاش دادگەکانی شار هەوڵی کوشتن و ناوسڕینەوەت دەدەن.

ئای حوسێنی برام، ئێستا شمشێری پیاوکوژان و سترانە شێواوەکانیان لە پشتتـەوەن. کێ لەگەڵتدا دەوەستێت ئەی کوڕی ئەو عێشـەی منەوەرەیەی سەرباز و دەڵاڵ و گومانلێکراوان بەپێڵاوەوە چوونە سەر سینگی. حوسێن تۆ بەخراپترین شێوە دەمریت، کەچی ئینجاش ناڕازیت بەدۆخی حوسێنی کوڕی عەلیت بچـوێنن. هەردووکتـان تا سـەر دڵ و مـێشک و ئێسک ستـەملێکراون. پرسـەکە زۆر لەوە گەورەترە، کە ئاوەزی ماندووت وێنای دەکات. دەتخەنە ناو کـەشی ترس و تۆقـینـەوە. مـەهدیت لە بیـر بێت، بەر لـەوەی خـۆڵ چاوانی بنووقێنێت، هێشتا دەستی لە چەرمەسەرییەکانی شارۆچکەکەی بەر نەدا. باش بزانە ئەوان گەمەی بێزراوت لەگەڵدا دەکەن و دەبێت بەرهەڵستی بکەیت، پێش ئەوەی گشت گەڕەکە میللییەکانی خۆشت ویستن، هەروەها ڕووخساری مەریەم، کە لە مێشکت جیا نابێتەوە، دەرت بکەن.

تەماشاکە حوسێن! دادوەر. تەنانەت دادوەریش گوێت پێ نادات. ئەوی تۆ

دەیڵێیت کێ دەینووسێتەوە؟ هەموو شتەکان ئەو کەشاکە دەدەن، کە پێشتر بڕیارەکە ئامادە کراوە. هیچ چارەیەکیشت بەدەستەوە نییە، یا دەبێت ببیت، یاخۆ نەبیت. یا قسە بکەیت یان نەیکەیت. بەچی دەست پێ دەکەیت حوسێن؟

دادوەر مشتێکی توندی بەمێزەکەدا کێشا و ساتی تاسەکردنی شێواند، ڕاست بوونەوە و چون بەدوگمە ئیش بکەن چاویان لە تۆمەتبار بڕی.

– کاتمان کەمە. تەواو بوویت؟

– بەڵام گەورەم. زمانم هەڵنایەت.

– ئەگەر نەشتەرگەریمان بۆ زمانت بکردایا، لێت دەبووراین و گشت شتێکمان لە چاوتدا دەخوێندەوە.

ڕێبەرەکە هەینێ بەدەم چەپڵەیەکی قایم و مۆسیقای سروودی نیشتیمانییەوە هاتە هۆڵەکە، وای گوت. لە دەنگی ناسیم. لێ ئەمجاریان ڕووخساری مۆن بوو. بەدەستی ئاماژەی کرد. خەڵکەکە و تاقمی دادوەری دانیشتن. سڵاوی لە هەمووان کرد، پاشان بەتەنیشت دادوەرەوە، کە دیسانەوە مۆڕەیەکی لێ کردم، چوارمشقی لێی دانیشت.

– زمانت درێژە. پرسەکەش تایبەت بەتۆیە. قسە بکە.

– بۆ نموونە لەبارەی چییەوە؟

– لەبارەی گشت شتێکەوە و لەبارەی هیچ شتێکیشەوە. بۆ نموونە لەبارەی پەروەندەکەوە.

دوای ئەوەی پارێزەر دای بەسەر شانمدا و ڕۆیشت، تاکو جارێکی تر لە کۆتاییی هۆڵەکەدا ون بێت، من گوڕێکم بەبەردا هاتەوە.

– ئا.. ئا.. پەروەندەکە. بەڵێ.. بەڵێ.. پەروەندەکە.. بەنیاز بووم لێکۆڵینەوەیەک لە بەرژەوەندیی ڕۆژنامەکەدا بکەم.. کەچی..

دیسانەوە دادوەر وەڕس بوو، هاواری کرد و بەڕوومدا هەڵشاخا، تا لیک و بۆنی دەمی گەیشتنە لام.

– ئەم شتانە باش دەزانین. دەزانین سەفەرت کرد، تا لێکۆڵینەوە لەگەڵ

شـارەوانییـە جـیـاجـیـاکـاندا بکەیت. تۆش بەرپرسی ئەرشـیـفـەکـەت بەکاتژمێرەکەی دەستت کرێ، یاخۆ هیچ نەبێ هەوڵت لەگەڵدا دا، کەچی ئەو نیشتمانپەروەرێکی گەورە بوو و فریودانەکانی تۆی ڕەت کردەوە. کەسێکیش بەدرۆ ناوی خۆی نابوو مەهدی بەشەوان سەردانیی دەکردیت. گرینگ نییە. هیچ شتێک گرینگ نییە. کێشەکە ئەوە نییە تۆ پسووڵەی چوونە ژوورەوەت بۆ نەخۆشخانە بەساختە دروست کردبێت. ئەمانە شتێلێکن بەر لە ڕوودانیان دەمانزانی. ئەوی دەمانەوێت بیزانین، ناوی ڕاستەقینەی ئەو کەسەیە، کە بەنهێنی مامەڵەت لەگەڵدا دەکرد. لە هەموو ئەمانەش گرینگتر، کێ لە پشت ئەو کارەوە بوو؟ ئەگەر تەواوی ئەمانە تێ بگەین، ئەوا خێرا بڕیارەکەمان دەدەین. خۆت و ئێمەش دەحەسێینەوە.

– تەنیا حەزێکە و هیچی تر نا. بەو خوایە تەنیا حەزێکی تایبەتی خۆمە گەورەم. شێتی، بۆ بەیادهێنانەوەی ئەو شەهیدانەیە، کە هەندێک جار دانیشتنەکان بەناوی ئەوانەوە دەکەنەوە. ئەمەش شتێکی تازە نییە. لەو ڕۆژنامەیەی من کارم تێدا دەکرد، ئیشی من ڕیپۆرتاژ بوو. زیاد لە دە ساڵە من کار دەکەم و کەسێک بێزاری نەکردم گەورەم، باشە ئێستا بۆ گشت دنیا دژ بەمنن؟ ئەی مەهدی یەکێک لە شەهیدە دڵسۆزەکان نەبوو؟ گەورەم جەنابی دادوەر تێم بگەیەنن. ئەو بابمە. بەخوای مەزن هەر ئەوە و کەسی تر نییە. مەهدیی کوڕی محەمەد. نا. نا. ئێوە تێ ناگەن. ئاوەزتان بەتەواوی گۆڕاوە.

– کوڕەکەی مەهدی خۆ تەنیا خەریکی ئیشی تۆ نابین. پارێزەریش جگە لە تۆ کێشەی تر هەن. بەکورتی، بەگێلمان مەزانە هەی خوا لێت ڕازی بێت. دۆزەکەت هێندە ناهێنێت پیاو ئەم بەیانییەی سەرلەبەر بۆ بدۆڕێنێت. بۆ ئەوەی کێشەکەت بۆ کورت بکەینەوە، داوات لێ دەکەین ناوی ئەو لایەنە بهێنیت، کە پشتگیری لە پرۆژەکەت دەکات، دواتر بڕیارەکە دەدەین. ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆ. پەنا بۆ تۆ خوایە.

ڕێبەرەکە بێدەنگ و خامۆش بوو. ئامێری سەیر سەیری بەدەستەوە بوون. لە چرکەساتێکدا وام هێنایە بەرچاوی خۆم بووە ئەستێرەیەکی سەرشێت و

دەکـەوێتـە بـان سـەرم و دەیکاتە دوو بەشـی نایەکسـانەوە. بـەگـوێی دادوەردا چرپاندی. بەناڕوونی بەرگوێم کەوت.

– گەورەم... دەزانم چۆن ڕاستیی پێ هەڵبهێنمەوە.

– فەرموو ئەی...

پاشان لێوەکانی توندکردن و ناوی خۆی نەگوت.

بەو ئامێرەی لە ناو دەستـەکانیدا بوو تیشکێکی بەهێزی ئاراستـە کردم. دەنگێکی وا سـەیری دەرکرد، وای لە ئامادەبووان کرد گشـتیـان ئەبڵـەق بن. پاشان دادوەر بەبزەیەکی شێوە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– ئەمە دەتوانێت یارمەتیی ئەو و ئێمەش بدات.

هەستم بەئازارێکی وەڕسکەری تیشکەکە کرد، خەدەنگ ئاسا مێشکمی سمی. بۆ ماوەیەکی بەتەواوی دیار نەکراو کوێر بووم و لە شوێن خۆم بێ ئەوەی جووڵە بکەم، تاسام. هیچم نەبینی، نەمزانی ئەمجاریان ماوەکەی درێژ بوو، یاخۆ کورت. ئەوی باش بیزانم، ئەوە بوو دۆخی خەڵکەکە بەهیچ کلۆجێک نەگۆڕابوو. تەنانەت چاویشیان لەو کاتەی تیشکی ئەو ئامێرە سەیرەیان ئاراستە کراوە، نەپرووکاون.

کابرای ڕێبەر سەری بەلای دادوەردا لار کردەوە. ساسافندام بیر کەوتەوە. خۆزگەم خواست تف بکەم، لێ ترسام تفەکەم ببێتە بۆمبێک و لە ناو دەممدا بگیرێت و تۆمەتێکی تریش بخەمە پاڵ ئەو تۆمەتانەی لە دژم کۆکراونەتەوە.

– ئەزبەنی، وا دیارە مێشکی بەشێوەیەک کار دەکات جیایە لە مێشکی خەڵکانی شار. بیرگەی جگە لە شتی ئاسایی هیچ شتێک ناشارێتەوە، دومەڵێکە دەبێت بناسرێت و بنجبڕ بکرێت. وا دیارە ڕاستی دەڵێت. هەوڵ دەدەم جارێکی تر لە دومەڵەکە ورد ببمەوە.

هەستم بەئاگرێک کرد لە ئێسقانی سەرمەوە کڵپە دەکات. ویستم هاوار بکەم لێ بەهیچ شێوەیەک نەمتوانی. نەگەیشتمە هیچ شتێک. وام هەست کرد مێشکم مشتێک خۆڵەمێشی سووتاوە و ژیانێکی تێدا نییە شایانی باسکردن

بێت. دومەڵەکە سەرلەنوێ هەڵی دایەوە. هەستم بەجەستەم کرد سوور هەڵگەڕا. بەر لەوەی ئاوڕ لە پارێزەر بدەمەوە، بەباڵای کورتییەوە خۆی هاویشتە بەر لووتم و لیکاو لەگەڵ کای ڕزیوی کوتراودا لەملا و لەولای دەمیەوە دەردەپەڕین.

– تکایە خۆت مەخەرە هەڵوێستێکی خراپەوە. قوڕەکە خەستتر مەکەوە. تو شیری دایکت ئیشی قۆڕ مەکە. خۆت لە سوورهەڵگەڕان بپارێزە. نانی منداڵەکانم لە ئەستۆی تۆن.

ئەمە دوا قەوانە، زۆری دووپات دەکاتەوە. ئەی دوای ئەوە؟ ئەی ملی من، لەسەر چی وەستاوە؟ لەسەر لەپی ئەژدیها؟ لەسەر ملبڕ. لەسەر دەستی دادوەر. گوێی مەدەرێ. کێشەی تۆ خواردنی منداڵەکانتە؟ کەچی ئینجاش سەرلەنوێ هانم دا و بەڵێنم دایێ هەموو شتەکان بخەمە ناو دەستی دادگەوە. سەروەرم، ئەوی بیزانم و ئەوەشی نەیزانم هەر دەیانڵێم. تەنیا زارتم لێ دوورخەرەوە، چونکە هێندەی نەماوە لە ناو ئەم دانیشتنەدا، کە لەوە دەکات شکۆدار بێت، بڕشێمەوە. تەنیا لێم بگەڕێن با هەر پێنج نوێژەکەم بەیەک جار بەقەڵا بگێڕمەوە، بەر لەوەی بڕیارەکە دەربکەن، هەڵبەت ئەو ساتەی سەرەتاکانی بەسەر شارەوە دیار دەدات، ئازارتان دەدات. لێم گەڕێن با دایکم بیر خۆم بهێنمەوە. هەروەها منداڵی و مەریەمی خۆشەویستم، چۆلەکەی شارە تێکشکاوەکە.

دەنگی هەراوزەنای سەر شەقامە گشتییەکان بێداریان کردمەوە. هۆڕنی ئۆتۆمۆبیێلەکان. تەقە. هاواری نارێک. سروودی نیشتمانی. شارەکە خەریک بوو لە دەرەوە ئاهەنگی سەربەخۆیی دەگێڕا. کەرنەڤاڵەکان شەقامەکانیان گرتبووەوە. پیاوانی پۆلیس بەڕووی هاموشۆکەران و تەماشاکەراندا دەیانشیراند. ڕێگە. ڕێگە بکەنەوە. کوێرایيت دایێ، لای خۆت بووەستە. تەماشای پێشی خۆت بکە. منداڵان و فیشەکە شێتە. ڕیزی موجاهیدەکان بەدیشداشە کۆنەکانیانەوە. چەپکە گوڵ، کە لەسەر گۆڕی شەهیدان دادەنرێن. خۆرگیران، وەکو داڵی گۆشتخۆر زەبروزەنگ لە بەرابەر شاردا دەنوێنێت.

دوای ماوەیەک ڕەنگە کورت ببێتەوە و ڕەنگیشە درێژ.

دادوەر لە بیرڕۆییەکەم جاڕس بوو.

– ئێمە بۆ خزمەتی تۆ لێرەدا نیین. خێراکە. ئاهەنگمان لە پێشە. ئەمڕۆ جەژنی سەربەخۆییە. بکەوە خۆت. ناچارمان مەکە دڵڕەقیت لە بەرابەردا بنوێنین، ئێمەش باوکین و دەمانەوێت لە دۆزەکەتدا تا بتوانین دادپەروەر بین.

– دەدوێم گەورەم. بڕیارم دا وردترین شتیشس بگێڕمەوە. هەینێ لەگەڵ هاوەڵەکەمدا، کە ناوی خۆی لە ساسافنداوە بۆ شەهرەزاد گۆڕی، خۆشەویستیمان دەکرد، بردمیان. وام زانی پرسێکی ڕەوشتییە، چونکە تا ئەو ڕۆژەش نەمخواستبوو، کەچی لە بنکەی پۆلیس کارەکەیان ئاڵۆز کرد...

– وتم ئەوی لە ناختدایە. ئەم هەقایەتانە باش دەزانین. پرسیارەکەمان ڕوون و ئاشکرایە. تەنیا وشەیەکە.

– ئەگەر وڵامم نەداوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر گوتم نازانم؟

– بڕیار دەردەکەین و کۆتایی بەدانیشتنەکە دێنین. ئینجا بۆ ئاهەنگەکە دەچین.

– لێ گەورەم ڕێبەرەکە بەخۆی و ئامێرە سەیرەکەیەوە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، بۆیە داوای شتێکم لێ مەکەن نایتوانم.

پارێزەر دوای ئەوەی لەو گونیە نایلۆنانەی لە گۆشەیەکی هۆڵەکە دانرابوون گیرفانی پڕ لە کا کرد، سەرلەنوێ ئاوڕی لێ دامەوە. بەتەنیشت چەندین کۆمەڵە کاوەوە بوو، کە لە ژێر دەستی تاقمی دادگە و تەنانەت جەماوەری ئامادەبووشدا بوون.

دادوەر دیسانەوە لە پەنجەی پێمەوە تاکو تەوقی سەرم لێم ڕاما، پاشان چاوی لە چووکم بڕی، کە خەریک بوو ڕەپ دەبوو. نازانم جۆری ئەو تاوانە چییە، کە دوای چەند ساتێک بەرەو ڕوومی دەکاتەوە. هەستم کرد زەوییەکە شەق دەبات. لاقەکانم دەکەونە نێو ئەو درزانەی وەکو تەرمی پیاوێکی تینوو دەمیان بەش کردووەتەوە. وام هەستکرد نیوەی خوارەوەم کەوتە ناویەوە.

شـەرم دەیکوشـتم. چـاوەڕوان بووم مـەهدی، کـە لە نێـو جلەکـانمدا نووسـتبـوو بەهانامەوە بگات، کەچی هیچی نەکرد.

باوە مەهدی پێش ئەوەی شتێک ببێت بجووڵێ. بەناوی تۆوە ڕیسوا دەکرێم. هەروەها بەناوی تۆوە نیوەی خـوارەوەی جـەسـتـەم دەخەنـە ژێر گڵـەوە. چییـان پێ بڵـێم، تۆ بەشـەوان سـەرت لێ دەدام؟ وەکو سـاسـافندا پێم پێ دەکـەنن و بەشێتم دەزانن.

دادوەر دوای ئەوەی پێنج قـاژە پیـازی داخـرمـاند، جـارێکی تر دەسـتـەکـانی بەیـەکدا کـێـشــان. دادوەرەکـانی تر و پـارێزەر و بریکـارەکـانی وڵات هـاتن و چەشنی تاقمێکی سەربازی خۆشییان بەکوودەتاکەیاندا بێتەوە، لە دوای ئەو و ڕێبەرەکەوە وەستان.

نازانم پێوەندیـی بەمەوە چییـە، سوقراتم بیـر هاتەوە، لەو دەمی دوای ئەوەی ژەهرە تیژەکەی نۆشی، دوا هـەناسـەی دەدا.

هـەمـــــووان لـە چاوەڕوانیی ئـەوەی دادوەری دادوەران چ بـڕیـارێـک دەدات، بێـدەنگ بـوون. هیچ تێ نەگـەیشـتم و نەمـدەتوانـی وێنای هیچ شـتـێک بکەم. دادوەر هەتا ڕێبەر بەگوێیدا نەچرپاند دەستی بەیەکدا نـەکێشا. داخۆ شـتێکی تایبەت لە جووڵانەوەکانم، لە چاوم، لە یادەوەریم، لەو کەڵکەڵانەی سنووریان بۆ نییـە، گەیشـتبن؟ داخۆ کابرای ڕێبـەر شـتێکی نوێی لە ڕێگەی ئامێرەکەیەوە لە مێشکمدا خوێندووەتەوە؟

کاتێک بەقسـە هـات ددانە تۆقێنەرەکانی وا جیرکردنەوە، هێمنیی ڕووخسـار و زمانی، چاوە شینەکانی بەدەرخستن.

– پێچ و پەناکـانی مێشکی شـتێکی مـەترسیداریان لە تەندروسـتیی شـاردا شـاردووەتـەوە. ئامێـرەکە بەشـێـوەیەکی حـاشـاهـەڵنەگر بۆی دەرخـسـتـم، کـە دومــەڵەکــە جگە لـە ڕووخــســـاری پـیــاوێک، قــەڵافــەت و جلوبـەرگ و چەک و ئێـسـقـانەکـانی لە دەمـوچاوی کـابرایەک دەکـەن، خـەڵکەکـە ناسـیـیـان و بەشەهیدیان لە قەڵەم دا.

پەڵە هەوری خەم و پەژارە، یاخۆ شتێکی لەو بابەتە دادوەریان داگرت.

– گەورەم ڕێبەری بەڕێز پێشنیازی چی دەکەیت؟ کێشەکە درێژەی کێشا و دەمانەوێت دوایی پێ بهێنین. دەتەوێت بڕیارەکە بخوێنمەوە؟ دوێنێ لای ئێوە لە نەخۆشخانە ئامادەم کرد، یاخۆ ساتێکی تریش چاوەڕێ بکەین.

– دەبێت ئەم دومەڵە ڕیشەکێش بکەین، تاکو بەدادپەروەری دادگایی بکەین. نامانەوێت پاکی و بێگەردیی دادگە لێخن بکات.

مەهدی بووەتە دومەڵ؟؟؟ لە هیچ ناگەم و ئەمجاریان کۆششم بۆ نەکرد تا لێی بگەم. بەتایبەت لەم ساتەدا پرسیارم نەکرد داخۆ لە نێوان ساتێک و ساتێکی تردا چی ڕوو دەدات. منیش وەک ئەو خەڵکە لە دادگەیەکەوە چاوەڕوانی دەرچوونی بڕیار بووم، لە دادوەر زیاتر کەس قسەی تێدا نەکرد. بەتەنیا جووڵەکان ئەوەیان ئاشکرا دەکرد هەر یەکێک لەم خەڵکە چۆن بیر دەکەنەوە.

دادوەر لچی سڕییەوە. دەستی لەسەر تەوێڵە پانوپۆڕەکەی دانا، کە لە ئەنجامی لەحیمکردنی ئێسکەکانیدا درزەکانی دیار بوون. وەک یەکێک چۆن لە ڕیخۆڵکە کوێرەیدا کرمێکی بیابانیی ئازاربەخش بجووڵێتەوە، ئاوا قوونی بادا.

– ئەوەی سەروەرم تێبینیی کرد، وا نیشان دەدات لە دۆخێکی عەقڵیی ناسروشتیدا بیت.

– بەڵام گەورەم. تۆ بەخۆت دەبینیت من لەوپەڕی هێزی ئاوەز و جەستەمم، خۆ ئەگەر لەڕی بەگیانمەوە دیار بێت، ئەوا لە سۆنگەی چاڵە تاریکەکە و برسێتییەوەیە.

– پێویستە لە هەر بارودۆخێکدا بێت دادگاییت بکەین، لێ بوونی ئەم دومەڵە مایەی نیگەرانییە و نامانەوێت ستەمت لێ بکەین.

– هیچ دومەڵێک لە مێشکمدا نییە.

– نا. ئەگەر ڕاستت دەوێت دومەڵەکەت ترسناکە.

هێند بەتوندی گوتی، دیوارە تەختەییەکانی هۆڵەکە لەرینەوە.

– لەمەش زیاتر، دومەڵەکەت مایەی گومانە. بۆیە دەبێت بنجبڕ بکرێت.

بەر لەوەی جارێکی تر بەرگری لە خۆ بکەم، پارێزەرەکە هێشتا دەرپێیەکەی لە پێ نەکردبوو و تاراتی نەکردبوو، بەغار لە پێشاوەکە دەرچوو. دەمی پڕ لە کای گەنیو بوو. هاتە ژوورێ، داوای بەزەیی و سۆزی لە دادگە دەکرد و هەوڵیشی دەدا قایشەکەی توند بکات.

– گەورەم. گەورەم دادوەر. ئەی گلێنەی چاوی ئەم نیشتمانە ئاسوودەیە، تکات لێ دەکەم. داوا لە ڕێبەری بەڕێز دەکەم خولەکێک بواری من و نوێنەرگرەکەم (موکل) بدەن. تەنیا خولەکێک، پێش ئەوەی هەر بڕیارێک بدرێت گفتوگۆ دەکەین. بەڵکو بتوانین ئەو نارۆشنییەی دۆخی ئەوی گرتووەتەوە، بەدیار بخەین.

دادوەر لە هەردوو چاوی درەوشاوەی ڕێبەری ڕوانی. ئەمی دوایی سەری ڕازی بوونی لەقاند. دادوەر سەرلەنوێ بەهێمنی و گومانەوە لەسەر کورسییەکەی قیت بووەوە.

– شتێکی لەم بابەتە دادگە دوا دەخات و تۆ بەخۆت دەزانیت کاتمان کەمە، وێڕای ئەوەش بواری خولەکێکت دەدەینێ، بەو هیوایەی دادگە بەقسەکانی تۆ و دانپێدانانەکانی ئەو کۆتایی پێ بهێنێت.

ڕای کێشامە ئەو گۆشەیەوە، کە گونیە کایە ڕزیوەکان و گیای لێ دانرابوون. بەو مشتەی دەیخوارد فریوی دام.

– فەرموو. ئەمە دروستکراوی بیانییە، وزەیەکت پێ دەبەخشێت بەدرێژاییی ژیانت هەستت پێ نەکردووە.

– سوپاس گەورەم. ئەگەر جگەرەیەکم بدەیتێ بەسمە.

– باشە. فەرموو.

جگەرەیەکی مارلبۆرۆی پێ دام. بۆنی زۆر خۆش بوو، کەچی هەستم بەنیکۆتینەکەی کرد لە ناخمدا بۆ دۆخی تێکشکان دەگۆڕێت.

– پێم ناڵێیت چیت لە مێشکدایە. چییان دۆزییەوە؟ من لە ئاودەست بووم.

بەر لەوەی بەشێتت تاوانبار بکەن و منیش لە پۆستەکەم دەربکرێم، دەبێت گشت شتێک بڵێیت. کوڕم وەڵامم بدەرەوە. چیرۆکی ئەم دومەڵە چییە؟ من ناچارم کردن وێڕای کەپووە هیلاکەکەت و چاوە وەڕسکەرەکانت و ئەو سیپالانەی لەگەڵ خۆتدا هەڵیان دەگریت، لەگەڵتدا لێبوردوو بن. تکات لێ دەکەم وەک بەڵێنت پێ دام، ڕاست و ناڕاستیان بۆ ڕوون بکەرەوە.

– من هەرچی خۆمم لێیان ناگەم. زمانیان زمانی من نییە. دومەڵ لە ناو مێشکمدا نییە. من مەهدی محەمەد لە یادەوەریمدایە. مەهدییش شەهیدە نەک دومەڵ.

– لەسەرتە بگەڕێیتەوە دادگە و هەوڵ بدەیت لەم وێنەیە ڕزگار بیت، تاکو بتوانن بڕیار دەربکەن. ئەگەر بۆ خۆتی ناکەیت، ئەوا بۆ منی بکە، کوڕی مەهدی.

– تۆ دەمشێوێنیت گەورەم. ناتوانم.

– دەتوانیت. کەمێک گیا، یاخۆ کا بخۆ و خۆت بەوڵاخ بزانە. هەموو شتێک بەخێرایی تێ دەپەڕێت و دڵنیام بەرت دەدەن.

– ناتوانم. ڕەتی دەکەمەوە ببمە وڵاخ. تەنانەت ئەگەر بشمەوێت ئەوا لەوە دەستەپاچەترم شتی وا بکەم. خوا گەورەیە. هێند گرینگی بەبڕیارەکە نادەم.

خەریکبوو خوێن لە مێشکمدا جۆشی دەخوارد. من کا بخۆم؟

– لە یەخەم بەرەوە گەورەم. چی دەکەن بکەن. زمانمان یەک نییە.

– کەواتە داوای دواخستنی دادگاییەکە دەکەم، تاکو بەیەکجاری ئەم وێنەیە لە مێشکتدا دەردەکەیت. دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ڕێبەرەکە. تۆ بەم ئاوەزەتەوە ئابڕووی دادوەر و ئامادەبووانی بەڕێزیش دەبەیت.

– بەڵام گەورەم پارێزەر، گەوهەری کێشەکە پێویستی بەم هەموو دواکەوتن و ترسە نییە. من هاووڵاتییەکی زیاد لە ئاساییم.

– تۆ داوونەریتی دادگە نازانیت. کێ بچێتە ئەم شوێنەوە، دەبێت بەبێ

یادەوەری و بەبێ دڵی دەربچێت.

لەوپەڕی کورسییەکانەوە ژنێک ئاوڕی لێ دامەوە، جوانییەکەی بەندی دڵی دەپساند. زاری هەڵنەهێنا، وەلێ بەچاوە درشتەکانی پێستی داماڵیم. چاوی لە شوێنێکی دیارکراوی جەستەم گیر کرد. زمانی دەرکرد، قامکەکانی تەڕ کردن، بەر لەوەی بەقوولاییی سینەیدا هەتا ناوکی بیانخزێنێتە خوارێ ، پاشان لنگی کردەوە و کەوتە ئاخ و ئۆف. پارێزەر هەستی بەو دۆخی ئاگر تێبەربوونە کرد، کە بەدەستییەوە دەمناڵاند، لە کاتێکدا لە ڕەوشێکدا بووم دەبوو گشت شتەکان تێیدا داچەمێنەوە.

– نا! ئەمە زۆرە. بەرەپبوونەوە ڕووبەڕووی دادوەر دەوەستیت؟ ڕازی نابێت بەم شێوەیە بتبینێت. داوا دەکات چی شتی زیادەت لە گیاندایە ڕیشەکێش بکرێن. کوڕی خۆم تۆ زیادەگۆیی دەکەیت لە تیزەجاڕیت بەم دادگە مەزنە.

– من نیم بەڵکو هەستەکانمن. ناتوانم بەرگەی فریوەکانی ئەو ئافرەتەی لە بەرابەرمدایە بگرم.

– تۆ کۆیلەی غەریزەکانتیت. لێرە جێی شتە وەستاوەکان نابێتەوە. ژیان ئەوانی تر دروستی دەکەن. ئێرە خۆدانەدەست و ملکەچییە بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

خەریکبوو ترس و سام دای دەگرتم. چۆکەکانم دەلەرزین. دڵەکوتێ دای گرتم. دەسووتێ و دەبێتە بارستاییەک لە خۆڵەمێش و بای کووچە و کۆڵانە میللییەکان پەرشوبڵاوی دەکەنەوە.

– بەناوی خوا. بۆ دوایەمین جار گوڕ بدەرە خۆت، شتێک بخۆ و خێرا ترسەکەت دەرەوێتەوە.

ئەمە کارەساتە. لە چرکەساتێکدا بەجدی بیرم لە خواردنی کا و دەرچوون لەم بەدگۆڕانە کردەوە، لێ هەستم کرد ددانەکانم یەک یەک دەشکێن و وەکو کۆنە دیواری پڕ لە قوڕ و بۆشایی دەکەون. هەینێ بەڕووتی و پێ خاوسی بەرەو لای دادوەر هۆڵەکەم بڕی، گشت خەڵکەکە سەیریان پێدا هات. وەکو

قـەلەڕەش تـارمـایی واقـوڕمـان بەبان سـەریانەوە بوو. گـشـتـیـان لـە ناخـەوە پرسیاریان دەکرد. لەوەی بەبەرچاویانەوە ڕووی دەدا بڕوایان نەدەکرد.

پەنا بـۆ تۆ خـوایە، پاراسـتن هـەر لای خـۆتە. ئەی مـحـەمـەد ئۆمـەتەکـەت لە لەناوچوون بپارێزە، چۆن چووکی پیاوێکی تاوانبار لە هۆڵێکدا هەڵدەستێت، کـــە لێـــوانلێـــوە لـە خـــەڵکی ڕێزدار و نـوێنـەرانـی وڵات؟ چۆن؟ چاوە شووشـەییەکانیان دەخورێنن. بەڵام هەڵوێستیان وەک خۆیەتی. تابلـۆکە وەک خۆیەتی و نەگۆڕاوە. تاقە شـتێک هەستم بـەگۆڕانی کردبێت، هەنگاوەکانمن، کە زیاد لە پێویست گەورە بوونەوە، هەروەها ئازادییەکەشم.

**ئای لەو کـــارەســـاتە. ئەمـــە لە دادگـــەیەکی شکۆمـــەنددا ڕوو دەدات؟ لەسێدارەدان. لەسێدارەدان.**

چرپە چرپەکان بوونە دەنگی بەکۆمەڵ، پڕ بەدەم دەیقیـژاند. هەستم کرد لە بەرزیی دەنگەکان و توندییان خوێن لە گـوێیەکـانم هاتن. ترس و سـامـیـان خـسـتـە دڵـمـەوە و ناخـیـان ونجـڕ ونجـڕ کـردم. دەنگەکـان دیسـانەوە بەرز دەبوونـەوە، تاکـو هۆڵەکـە بیـانگەڕێنێـتـەوە دەم و گـوێی خـاوەنەکـانیـان. لەسێدارەدان. لەسێدارەدان. هیچ شـتـێک بەلای منەوە جێگەی بایەخ نەبوو. کۆشـام ئاوەزم بەکار بهێنم، کە خـەریکبوو لە بەرابەر دیمەنێکی دادگاییدا، کە لە ژیانمدا بـۆ یەکەمین جـار دەمـبـینی، هاوسـەنگی لەدەست دەدا. دڵنیـا بووم خـۆرگـیران لەم شـارەوە دەسـتی پێ کـردووە. ئەوەیشـی ئێسـتـا ڕوو دەدات، دیمەنێکە لە دیمەنەکانی.

ویستم لە بەرابەر دادوەردا ڕاسـتـەپێ بووەسـتم. بەدەسـتم چووکم داپۆشی. لێ تەنانەت شـتێکی وەک ئەمـەش جۆرە بەرەنگاربوونەوە و شـێتییـەکی تێدا بوو، بۆیە وای لە دادوەر کرد لە پێستی خۆی دەرچێت.

– شەرمت بەخۆتدا بێت هەتیو؟ بەسە ئیتر پا مەخەرە سەر زگمان.

قـســەکـەی زۆر نـاشـرین بـوو، کـەچی ئینجـاش زۆری نەورووژاندم. ئیـتـر نەمزانی بۆ. لە چرکەساتێکدا خۆم هاتە بەرچاو ڕووبەڕوو لە بەرابەر سەرۆکی

تاقمێکی بێ ناونیشان و ناسنامە و بێ ئامانج وەستاوم. نا. نا. شتێک هەیە بەشێوەیەکی ناسروشتی بەڕێوە دەچێت. پیواز. کا. داچەمینەوە. دومەڵ. ئێستاش زمانی بالآی دادگە. لە ساتێک لە ساتەکانی چاوچوونە خەومدا ڕووخساری دادوەرم بەرچاو کەوت. بووبووە سەگێکی هار. پاشان بووە کەتە گورگێک، ددانە تیژەکانی چەشنی شمشێری خێڵ، هەرگیز لە کالآن هەڵناکێشرێت مەگەر بۆ سەرپەڕاندن دەربهێنرێت، پاشان دەگەڕێنرێتەوە شوێنی خۆی، جیڕی کردنەوە و بەدەرکەوتن.

کاتێک دادوەر بەو دۆخە شڵەژاو و ڕەوشە خراپەی پێی گەییبووم بینیمی، خەریک بوو ئاوەز لەدەست بدات. لە شوێنەکەی ڕاستبووەوە. لەهیکرا بیست سەلکە پیازی بەتوێکڵەوە ئاودیو کرد، تا وای لێ هات دەمی لەگەڵ کۆنە مەنجەڵێکدا هیچ جیاوازیی نەبوو. کەچی بزەی گاڵتە پێداهاتنەوە لێوەکانی ڕێبەری گرتەوە، کە چەناگە و ئەو دەموچاوەی بێ تووک بوو، خوراندن.

پێش ئەوەی دادوەری شڵەژاو زاری هەڵێنێت، لەپڕ پارێزەر وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە، هاتە لامەوە، لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت و بەدەستەکانی دەلالآیەوە.

– سەروەرم دادوەر. گەورەی خۆشەویستم. دڵ و دەروون باش. تکاتان لێ دەکەم لەبەر نەبوونی مەرجی پێویست دادگاییەکە دوا بخەن.

پاشان لای لێ کردمەوە. تاوێک سەرنجی ڕانی دام، ئینجا چاوی لە مێشکم بڕی، کە خەریک بوو بەتوندی جۆشی دەدا. دیسانەوە سەری بەلای دادوەردا وەرسووڕاند.

– تکاتان لێ دەکەم. ئەی برادەر. ئەی باوکی بەسۆز و گەیشتوو لە سەرجەم وردەکارییەکانی ژیان. ئەی پەروەردەکاری مەزن. گەورەم دادوەر تۆ پێشەنگمانی و ئێمەش کۆیلە. ئەو پێیە بچووکە نەرمونیانە جوانانەت ڕادەمووسم....

دادوەر دوای ئەوەی بەشێوەیەکی وەڕسکەر چاوی سوور بووەوە بەتوندی

قسەکانی پێ بڕی. کەچی ئامادەبووان لە هاڕەی چەپڵەیان دا بۆ ڕێبەر، کە مژووڵی چڵم دەرکردنی لووتی و پاسکردنی مەگەزێکی شینی گەورە بوو. دڵی ئۆقرەی نەگرت، تا کوشتی. هۆڵەکە لەرییەوە.

– پارێزەری دەغەڵ گوێ بگرە. دەبوو پێشتر بیرت لەم شتانە بکردایەتەوە نەک ئێستا. بڕۆ خۆت و بریکارەکەت گەوادی بکەن. لەگەڵتاندا گەلێک نەرم بووین. جلوبەرگ. کەپووی درێژ. دومەڵ. هیچ نەماوەتەوە تەنیا ئەوە نەبێت پەنجە بکەن بەقوونماندا، تاکو چێژ لە ئاخ و ئۆفمان ببینن. نا. نا. واتا نا. بڕیارەکە دەردەکەین و بڕوا ناکەم ڕێبەرەکە لەم کێشەیە لەگەڵمدا جیاواز بێت. ئەوی لەم تەمەنەدا بەبەتاڵی جێی دێڵین، یەکێک دێت و بۆمانی پڕ دەکاتەوە. ئەوی بۆمی پڕ دەکاتەوە هێشتا لە دایکی بەرنەبووەتەوە. گەمەکانت دوور لە من بکە.

ڕێبەرەکە جارێکی تر سەرقاڵی شاردنەوەی مێشەکە بوو لە تەپڵە جگەرەکەدا. من خۆم هیچ لەم زمانە پیسە ناگەم. چاوم بەگشت وردەکارییەکاندا گێڕا، تاکو بزانم داخۆ من لە دادگەم، یاخۆ کەوتوومەتە دەست کۆمەڵە پیاوکوژێکەوە.

ڕاستییەکەی هەوڵم دا شتێک بدۆزمەوە تا وا لەم خەڵکە بکات دادوەر بن، کەچی نەمتوانی. مێشکم لە هەموو بیرکردنەوەیەک وەستا. پارێزەرێکی دەغەڵ. بڕۆ گەوادی بکە. قامکەکان. میروو. بۆ ساتێک قێزم هاتەوە، پاشان گەڕامەوە سەر دۆخی یەکەم، هەینێ پارێزەرەکەم بینی لەسەر زەوییەکە دەگەوزا و بەشێوەیەکی شێتانە دەگریا پڕ بەدەم هاواری دەکرد، تا پەیتا پەیتا قژی هەڵوەری.

– ئای سەروەرم دادوەر. بەگیانی شەهیدە سەربەرزەکان. شەهیدان. دادگاییەکە دوابخە. بڕیار دەرمەکە، تاکو وردەکارییەکانی ئەم بەڕێزە دەزانین. بەڵێنیشتان پێ دەدەم بۆ جاری داهاتوو بەوردی بیزانم. تکاتان لێ دەکەم گەورەم، تکای تۆبەکار هەر بۆ خوایە.

دوای ئەوەی دادوەر دەمـوچاوی بەپیـاز خـوراند، چاوانی پڕ لە فـرمـێسک بوون.

– شـەهیدان. بۆچی بـەشـەهیدان دەمگریت کابرا؟ شـەهیـدان سـامـانی ئەم نەتەوەیەن. ڕازی دەبین. هەستە. ئێمە ڕازی دەبین، کەواتە کێ شـەهیدان ڕەت دەکاتەوە؟ لەگەڵ چەسپاندنی تۆمەتی دەستبردن بۆ ئاکاری شـار و ئاسایشی وڵات. بڕیاریش دەرناکەین، تاکو ئەندامـەکانی ڕیشـەکێش نەکرێن، دوای ئەوە دەرفەتی قایلکردنی بۆ تۆ جێ دەهێڵین.

پارێزەر بڕوای بەخـۆی نەدەکـرد. وام هاتـە بەرچاو خـۆی دەخـاتە بەرپێی دادوەر و پێـڵاوەکـانی دەلێـسـێـتـەوە، کـەچی نەیکرد. بەغـار چووە ئەوسـەری هۆڵەکە، کـەوتە ماشـینەوەی گونیـە کـا و گیـایەکـان. تا لێ نەبووەوە هەناسـەی نەدا. بەدەنگی بڵند وەکو یەکانە قرتێنەی دایەوە.

– سوپاس بۆ خوا. سوپاس بۆ خوا. سوپاس بۆ خوا بۆ نیعمەت و خێراتی.

– ئامادەبووانی بەڕێز، ڕێبەر ڕادەسپێرین تاوانبار ببات بۆ نەخۆشخانەی جـوانکاری، بۆ بڕینەوەی ئەو شـتـە قـۆڕانەی ڕێی لێ دەگـرن قـسـان بکات و ڕاستی بڵێت.

لە شـوێن خـۆی ڕابـوو. تاقـمـی دادگـەش هـەمـوو بەیەکـجـار لـە دوایەوە هەسـتان، وەلێ ڕێبـەرەکە هەر دانیشـتبوو. گشت چاوەکان لە دەمی دادوەر و سەری ڕێبەریان دەڕوانی.

– بەڕێزان، بەناوی ئـەو شـەهیدانەی گیـانی خـۆیان لە پێناوی نیشـتـمـاندا بەخشی، ڕای دەگەیەنم دانیشتنەکە دوایی پێ دێنین و (....).

پێش ئەوەی دوا ڕستەی تەواو بکات، لەپڕ هۆڵەکە دوای تەقینەوەیەک گوێی کەڕ دەکرد، بەتوندی لە بناغـەوە لەرییـەوە. دەنگێک دەتگوت هەورەتریشـقـەیە. وەک بریسکە، لێ نە بریسکە و نەیش هەورەتریشـقـە بوو. لە شـتـێکی دەکـرد ناونانی ئەستەمە. گشت گڵۆپەکان کوژانەوە، پاشان دوای چرکەیەک یەک یەک پێ بوون. ترس و بیم ناخی ئامـادەبووانـی گـرتـەوە و لە خـوێن هێنـەری ئەم

بارستە مرۆییيانەی لە شار و دەرەوەی شاردا هێنرابوون، خوێن تێکەڵ بەئاو بوو. سەرجەم ئامادەبووان بۆ چەند چرکەیەک تووشی کوێری هاتن. کەس بەتەواوی هۆیەکەی نەزانی، لێ ئەوانی دادگاییيەکەیان بینی، دەڵێن بەرگی حوسێنی کوڕی مەهدی سووتا و لەگەڵیدا ئەو کورسییەی جلەکانی لەسەر بوون، سووتا. بڵێسەی ئاگر بەرز بووەوە. دەتگوت ئاگری دۆزەخە. ئینجا لەپڕ، جامی چوارچێوە بچووکەکە تەقییەوە و جەستەیەکی لێوە دەرچوو، پڕ لە برینی دەم کراوە و دەماری پچڕاو و لەمێژ سووتاو بوو. لە سەرەتادا ناڵە ناڵی لێوە دەهات. پاشان لەپڕ لە گۆشت و خوێن و دەمار و خوێن هێنەرەکانی ڕزگار بوو و بووە ئێسکە پەیکەرێک وەک ئەوەی بیست ساڵ بەسەریدا تێ پەڕیبێت. تاقمی دادگە بەڕوویاندا شیڕاند، ئەویش بەترسەوە لە کونجێکی دادگەکەدا لەو شوێنەی پاشماوەی گونیە کا و گیاکانی لێ دانرابوو، کە پارێزەر هەمووی لووش کردن، خۆی مەڵاس دابوو.

– بەڕێزان ئیتر درۆ بەسە.

ئەم بریسکەیە لە کوێوە دێت؟ بڕوام نەدەکرد مەهدیی کوڕی محەمەد توانای ئەم شێوە گۆڕینەی هەبێت، کە خوێن لە خوێن هێنەرەکان دەوەستێنێت.

– بەناوی هەموو مردووە ستەم لێ کراوەکانەوە تکاتان لێ دەکەم، کۆتایی بەم گاڵتەجاڕییە بهێنن. ئەگەر دەتانەوێت بەمەرگ، بەهەڵواسین و سووتاندن، بەلەداردان، بەیاساکان، بەگوللە، کۆتایی پێ بهێنن، دوایی پێ بهێنن و شەهیدان بۆ شەهیدان لێگەڕێن. وازیان لێ بهێنن با بنوون، چونکە پڕوپاگەندە شەکەت و ماندووی کردوون. پشتیان هێند پای بەسەردا نراوە چەماوەتەوە. لێیان بگەڕێن با بنوون، لە گۆڕەکانیاندا شکستیان هێناوە. تووڕە و تۆسن بوونە و ئەگەر ئەو گڵە نەبێت دای پۆشیون، دەگەڕانەوە.

واز لە شەهیدان بێنن بۆ شەهیدان. لە ئاسۆدا خۆرگیرانێک دەبینم شارەکە لە هەناسەی خۆشەویستانی خاڵی دەکاتەوە. چیا سەرکەشەکان دەبینم هەرەس دێنن و دۆڵەکانیش پڕ بوونە لە خوێن. پڕن لە خەڵووز و ئاگر. تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێت. شار دەبێتە خێڵە سەرەتاییيەکان و خۆشیی بە

بەخاکەکەیدا دێتەوە. جیهان بەسەر خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە. پیاوکوژ دەبێتە بێتاوان و بێتاوانیش دەبێتە پیاوکوژ. ئەوانی ئەمڕۆ دادگاییان دەکەن، دەبوو ئەوان دادگایی ئێوەیان بکردایا. ئێوەن تا سەر ئێسک لەسەر هەڵەن نەک ئەوان. تەواو.

بەلۆترەوانییەوە دەستەکانی بەیەکدا کێشان. ترقەی ئێسقانەکانی هاتن. بۆنێکی ناخۆش لە هۆڵەکەوە هات. ئامادەبووان لە ترساندا گوو و میزیان بەخۆیاندا کرد.

– تەواو. ئێمەتان ناشت؟ تاجە گوڵینە و وێنەکانمانتان لە سەرمان دانا و پێکی مەرگی ئێمەتان هەڵدا! نەمردین. بواری شەهیدبوونیان پێ نەداین و ئێستا وەک هەر هاووڵاتییەک لە هاووڵاتییانی ئەم شارە داوای دەکەین.

دادوەریش لە شوێن خۆیەوە لە نووکی پەنجەیەوە، تاکو تەوقی سەری لەرز گرتبووی. بەئاسپایی بەترسەوە دەستی بۆ قاژە پیازێک درێژ کرد. خستییە دەمییەوە. گوێم لە خرچەی بوو بەنەرمی لە ژێر ددانیدا دەهات. پاشان لە ئێسکە پەیکەرەکەی پشت تاقمی دادگاییەکە ڕاما. ئێسکە پەیکەرە بێدەنگە ئارامەکە، خەریک بوو گۆشت و بەز و خوێن و پێستە و جووڵەی دڵی بەبەردا دەهاتەوە. سووری خوێن کەوتە گەڕ. کابرا چاوی هەڵێنا.

دادوەر چاوی زەق بووەوە. گوزەرێکی بەناو دڵ و دەروونی خۆیدا کرد. بەگوێی ڕێبەردای چرپاند. لێی نەگەیشت. دیسانەوە بەگوێیدا چرپاندەوە. سەرشۆڕی بەچاوییەوە دەبینرا.

– مەهدی دەگەڕێتەوە. مەهدیی کوڕی محەمەد سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە. نا. نا. مەهدی مرد. لە دارستانەکە سەرمان بڕی و خستمانە ژێر گڵەوە. نا. تەرمەکەی داڕزا.

مەهدی جووڵا و لەگەڵیدا تاقمی دادگە بەرەو دواوە جووڵان. هەر یەکە و دەیویست وەکو گورگ لە دوای ئەوی ترەوە خۆی مەڵاس بدات. کەس لە وردەکارییەکانی کێشەکەی نەدەزانی تەنیا دادوەر نەبێت، کە لە هەمووان

سەرسامتر بوو. سەرجەم ئامادەبووان لە ناخی خۆیاندا لەبارەی جووڵەی دەموچاوییەوە، کە خەریکبوو لە جاران زیاتر دەشێوا، پرسیاریان دەکرد.

- سی جیلالی، ئەی دادوەری دادوەرانی ئەم زەمانە، وابزانم ئێستا ناسیمت. مەهدیت ناسی، کە دارستان و زایەڵەی شیو و دۆڵەکان لەناویان دا. دەمناسیت، هاوڕێ من باشت دەناسم، ئەمەش وای لێ کردم بتەقێمەوە. ناوی نهێنیت سی حەمیدۆیە. جگە لەم بێدەنگی و ڕووخسارانە هیچ لە نێوانماندا نەماوە، هەروەها چرکەساتی ترس و کا، کە لەسکتاندا نووستووە. تەنیا ئەوی کا لە ورگیدا بێت لە ئاگر دەترسێت. تۆش دار لە ورگتدایە.

دادوەر لەو چرکەساتەی تووشی کوێری هات، تووڕە و تۆسنی دای گرت و هەستی کرد شتێکی گەرمیش لە گەدەیدا دەسووتێت. بڕوای بەوە نەدەکرد، کە بەبەرچاوییەوە ڕووی دەدا. لە خەڵکەکەی پرسی داخۆ ئەوی ئەم دەیبینێت ئەوانیش دەیبینن؟ ئەوانیش بەو سەرەی، کە زیاد لە پێویست بچووکەوە بوو بوو سەری ڕەزامەندییان لەقاند. وای زانی خەون دەبینێت. هەوڵی دا ئەو وێنەیە لە چاوانیدا بسڕێتەوە، لێ زەبەلاحییەکەی هەژاندی. کێشای بەسەر مێزەکەدا، بەڵام دەستەکانی هێند لاواز و سیس بوون دەتگوت قامیشن.

- سی حەمیدۆ مافی خۆتە براکەت خۆش بوێت و نەفرت لە هەموو شۆڕش بکەیت. تفبارانی بکەیت، لێ مافی ئەوەت نییە سواری ئێسقانەکانی ببیت و بیکەیتە کەشتی و بەهۆی ئەوەوە کۆچ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەیت، کە زۆرت حەز لێ دەکرد، تا لەپڕ ببیتە دادوەر و فەرمانڕەوایی شارەکان بکەیت و سەرلەنوێ بەکەیفی دڵی خۆت جیهان دابڕێژیتەوە و دادگایی ئەوانە بکەیت، کە ناچاریان کردیت خوێندن جێ بهێڵیت. ئێمە ناچارمان نەکردیت دوامان بکەویت. سەرپشکمان کردیت، کەچی تۆ تەنانەت لەگەڵ خۆشتدا ترسنۆک بوویت. ئەوەت پێ باش بوو، کە نەکوژرێیت. لە ئێسقانە گڕگرتووەکانی براکەتەوە دەرچوویت. ئێستا یەکتر باش دەناسین سی جیلالی حەمیدۆ. هیچ کەسێک لێکمان جیا ناکاتەوە، تەنیا ئەم خۆرگیرانە نەبێت، کە خەریکە لە ناکاو دەدات بەسەر ئەم شارە دۆڕاوەدا. ئایا مافی ئەم ئێسکانە نییە، کە

بەناپاکت تاوانبار بکەن. ئایا ڕەوا نییە ملت بگرین و بتبەین بۆ سەربڕین، یاخۆ هەڵت واسین، هەروەک ئێستا بەحوسێنی دەکەیت؟ نەخۆشخانەکە تێک دەدرێت. ئێوەش وەکو کۆنە بەرد لەگەڵیدا دەڕووخێن.

خۆرگیران هەموو شوێنێک دەگرێتەوە، مرۆڤەکان ئابڕوویان دەچێت و دەبنە هیچ و تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێن، وەلێ ئێوە یەکەمین کەس دەبن سەریان بخۆن. ئێوە بەم خۆپەرستییەتان، ئامێرێکی دۆزەخکردەی ئەوها دروست دەکەن نەئاوەدانی دەهێڵێ و نەیش بەزەیی لە ناو دڵی مرۆڤدا. دوژمن دەبێتە دۆست و دۆستیش دەبێتە دوژمن. داخۆ بەو ماڵوێرانییەی دەیکەن، دەزانن؟

چەندین جارم سەر بەدیوارەکەدا دا، تاکو بیرم بێتەوە. ئای حوسێن چەند بێ مێشکی. یادەوەریم لەدەست دا. کەواتە ئەمە ئەو سی حەمیدۆیەیە، کە لە شارۆچکە بەشوانی ڕای کرد و بەسەر باڵی باوە وەکو دادوەرێکی مەزن گەڕایەوە، زۆری بۆ خەڵکی شارۆچکە کرد و گەلێک لەوانەی بەهۆی بازرگانیی مادە بێ هۆشکەر و یاساغکراوەکانەوە گیرابوون، قوتار کردن.

ئەمە ئەو سی حەمیدۆیەیە، کە لەگەڵ مەهدیی کوڕی محەمەددا بوو. مەهدی بووە ئێسک و پرووسک و ئەمیش دەستی بەسەر هەناسەکانی شاریشدا گرتووە. هەر بەڕاستی مەترسیداری و دەتوانم ئەمە لە بەرابەر ئەنجوومەنی دادگەشدا بڵێم.

دادوەر لە چاوانی خۆی دڵنیا بوو، کە ئەم پیاوەی لە بەرابەریدا وەستاوە مەهدیی کوڕی محەمەدە بەگۆشت و خوێنەوە، نەک کەسێکی تر. سی حەمیدۆ ئەو شتانەی دەدیتن، کە ئێمە نەماندەتوانی بیانبینین، لەو شتانەش دەگەیی، کە ئێمە پەیمان پێ نەدەبرد. کەچی پێکەوە بەبرسێتی و نانی جۆ و قاوەی تاڵ و زامەکان و ئەو پەتاتەیەی بەکاڵی دەخورا، هەڵمان کرد. گشت ئەو شتانە ئاوێزانی یەکتری بوون. هەڵوێستەکان گۆڕان و ڕۆژگاریش گۆڕاوە. لنگەوقووچ بووەتەوە. هەندێک جاریش مار ئاسا لەسەر سک دەخشا، لێ لە گشت دۆخەکاندا لەسەر پێیەکانی نەدەڕۆیی.

مـەهدی تاوێک بێـدەنگ بوو. لە مـاوەی دادبینیـیـەکـەدا (مـرافـعـە) تاقـە وشـەیەکی پێ نەگـوتم. بەهیـچ کلۆجـێک نیگای نەکـردم. لە چاوە خـوارەکـانی ئامادەبووانی دەڕوانی. بەئازارەوە دەینالاند. ئەو خـوێنەی لە قەپێلکی چاویەوە دەهات تێکەڵ بەکێم و فرمێسک و لینجاو بوو. هەنسک و پرخـەی لە هۆڵەکەدا بەرز بوونەوە. دەمـی بەش کــردەوە. ویسـتـی پڕ بـەدەم هـاوار بکات، کــەچی نەیتوانی. ویسـتی لە شـوێنی خـۆیدا بجـووڵێت، سـەرکـەوتـوو نەبوو. هـەوڵی دا بفـڕێت، هـەمـوو پەنجـەرەکـان داخـرابوون. دەسـتی لە کـەپووی دا. سـەرلەنوێ دەسـتی پێدا هێنایەوە، بینی لە شـوێنی خـۆیدایە. بەجـووڵەیەکی مـیکانیکی ئامادەبووان دەسـتیان بەلووتیـاندا هێنا. هیـچیـان نەبینییـەوە. گوێیـان درێژ بووبوون. چـاویان پلاسـتیکی، یاخـۆ شـووشـەیی بـوون. مـێـشکیـان پارچە گەچێکی ڕەق بوو. کاتێک سەریان بۆ ئەو شـوێنەی مەهدیی لێ وەستابوو بەرز کردەوە، هیـچیان نەبـینییـەوە جگە لـە چوارچێوەیەکی بەتاڵی لە هـەمـوو لایەوە شکاو.

دادگـە دوای دوودڵـیـیـەکی زۆر گـەڕایەوە سـەر وتووێژەکـانی. سـەرلەنوێ دانیـشـتنەوە و ویقـار و ڕێزی دروسـتکراویان نیـشـان دا. بەدزییـەوە، لە ناو هۆڵەکـەدا بـەدوای مـەهدیدا دەگـەڕان، تاکـو دووبارە بەبەرچاوی خـەڵکەوە لە سـۆنگەی شـێواندنی حـەسانەوەی دادوەر و بڕیار بەسـەردراو و فـەرمـانڕەوا و ناپاکـیی نیـشـتـمـانیـدا، کـە مـاوەیەک پیـادەی دەکـرد، دادگـایی بکـەنەوە، لێ چەندیان کرد و کۆشا نەیانبینییەوە.

ئەوی من بینیم. دەڵێم من، چونکە هـەر یەکێک لە ناو ئەم دادگەیەدا شـتێکی جیاوازتری لەوی دی بینی. لە بەشێکی چرکەیەکدا، مەهدی دوای ئەوەی گریا، بووە ئاگرێکی بڵێسەدار و بەتوندی شووشـەی پەنجەرەکانی شکاند و دەرچووە دەرەوە. لە دەرێ پاش ئەوەی بڵـێـسـە ئاگـرەکـان یەکـیـان گـرت و بـوونە ئەستێرەیەکی بچووک لە نێوان هەزاران ئەستێرەدا، کە بەسـەر شـەوی شارەوە چەقین. هـەندێکی تریش لەوانـەی ئـامـادەی دادگــاییـیـەکــە بووبوون، دەڵێن پۆلیـسـەکـانیـان بینیـوە بەفـەرمـانی دادوەر لە چوارچێوەکە دەریان هێناوە و

بەزنجـیـری ئەسـتـوور دەسـتـەکـانیـان شـەتەک داوە و خـسـتـوویانـەتە ژێرزەمینێکەوە لە گۆڕ چووە.

تاقە کەسێک لەوانەی بینییان دەیخەنە ژێرزەمینەکەوە، شوێنەکەی لە بیر نەبوو. چونکە بۆ یەکجاری یادەوەرییان لەدەست دابوو. هەندێکیشیان دەڵێن؛ زۆر بەئاسانی کوژایەوە و دیار نەما، بۆیە دادوەر و مەلایانی گوند فەتوای ئەوەیان دا هەتا ساڵێک تەماشای ئاسمان نەکرێت، تاکوترووسکەی نامێنێت. بەشەو و بەڕۆژیش لە گۆڕستانی شەهیداندا لێی بگەڕێن.

هەینێ نەیاندۆزییەوە، ئێسک و پرووسکی گۆڕستانەکەیان دەرکرد و لێی ورد بوونەوە، وەلێ هەموو ئێسکە پەیکەرەکان لەیەک دەچوون، تەنانەت لە وردترین شتدا. دەیانگوت سەرجەمیان بۆیە دادگایی کراون و سزای سووتاندنیان بەسەردا دراوە، چونکە دەستیان لەگەڵ لایەنێکی نەناسراودا تێکەڵ کردووە و کاریان بۆ کردوون. ئیتر لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا دانراون، کۆمەڵکوژ کراون و فڕێدراونەتە قووڵاییی ئۆقیانووسە دوورەکانەوە.

هەندێکیش بەسەری شار سوێند دەخۆن عانێک لە هۆڵەکە دەرچوون، لە شەقامە تاریک و نووتەکەکانی شاردا بەدوای لووتیاندا، کە نەخۆشخانەی جوانکارییەکە بڕیبوونی، دەگەڕان، دیتیان مەهدی لەگەڵ هەزاران پێغەمبەر و شەهید و منداڵدا قۆڵی لێ هەڵماڵیبوو و چاکی کردبوو بەلادا، ئەو دیوار و باخچانەی دەرماندن، کە دەوری گوومەزی نەخۆشخانەکەیان دابوو.

حەکایەتەکان دوور و درێژن.. درێژ لە چەشنی ڕووباری خوێن. وەکو ڕۆژانی قیامەت.

ئەوی ماوەتەوە بیڵێم ئەوەیە، دادوەر بەر لە کۆتایی هێنان بەدانیشتنەکە، دیسانەوە لەرز گرتبووی. جلەکانی لەبری بۆنی ناخۆشی پیاز، چڵکن بووبوون و بۆنی میز و پیساییان لێ دەهات.

چون دەستی لێ وەشێنرابێت، وڕێنەی دەکرد.

– ت.. ت.. تۆ.. مەتەکە لە دۆسی دیال حوسێنی کوڕی مەهدیی کوڕی

مـحـەمـەد تۆمـار دەكـرێت. توخن كـەوتنی ئاسـايشی وڵات و ڕێكخـسـتنی كۆمـەڵێک شـەڕانگێـز دژ بەنیـشـتـمـانی ئازیز. بێ ئەمـلا و ئەولا سـەپێنراوە. سیحر لای ئێمە نايخوات. جگە لە ئەفسوون شتێكی تر نییە، ئەم تۆمـەتەش دەخـرێتـە سـەر ئەوانی تر و دوابەدوای ڕیشـەكـێشكردنی شـتـە زيـادەكـان بڕیارەكـە دەردەچێت. ئێـمـەش لەگـەڵ خـۆمـانـدا دادپەروەر دەبین و لەگـەڵ.... خۆماندا...

دەیویست بڵێت خـوا لە گـوناهی شـەهـیدان خـۆشـبـێت، لێ لە گـەڕانەوەی مـەهـدی ترسـا، بۆیە ئەو شـێـوازەی گـۆڕی، كـە دۆخی هـەرەسی نـاخی بەدەردەخست.

كـاتێک چاوم هەڵهێنا، لە دادوەر و پارێزەرەكـان گـەڕام. كـەسم نەدۆزییـەوە. لە گـۆشـەیەكدا پەروەندەكەیان جڕ و وڕ دەكرد و لە قـاقـای پێكـەنینیـان دەدا. پاشان پارچە كاغەزە بچووكە دڕاوەكانیان یەک بەیەک دەسووتاند. پیواز و كا و گیایەكە و شتەكانی تر، نەمتوانی دەستنیشـانیـان بكەم و بزانم چین، لە نێو خۆیاندا بەشیان دەكرد.

مـەریەمم بیرهـاتـەوە، هەسـتم بەگـۆشـەگـیری و تەنیـاییـیـەكی كوشندە كرد، ئاواتم دەخواست پڕبەدڵ بگریم، بەڵام فرمێسكەكان یاخی بووبوون لێم. گشت شتەكان بوونە لوورەی گورگە دڕندەكان و شاریش بووە پاشـۆڵێک خـۆڵەمێش.

لە دەرەوە، وێڕای تـاریكیی خـۆرگـیـران، تەپڵی ئـاهـەنگەكـان گـوێیـان كـەڕ دەكرد. قسەكەی ئەلبوحەفسیی مامم بیر هاتەوە.

**لەدەسـتـمـان چوويت مـەهديی برام. مـايەپووچ و نامـەردان بەخـوێنەكـەت فێربوون.**

ئەو دەمی ئەمەی گوت، لەوپەڕی بێ ئومێدی و ئازاردا بوو.

كـابـرای ڕێبـەری چـەک بەدەست، دوای ئـەوەی مـشـتـەكـۆڵەیەكی توندی بەپشـتـمدا كـێشـا و لە خـەونی منداڵی و هـەواڵەكـانی شـارۆچكەی دەركـردم، بەتوندی بەرەو پێش پاڵی نام.

– برۆ ئاوڕ نەدەیتەوە. بەرەو پێش برۆ. یەک، دوو. یەک، دوو.

سەرم وەرنەسووڕاند. ڕۆیشتم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەودەمی چاوم لە خاکەکە چەقی بوو، پێلاوێکی زۆر زلم بینی، زرمەی هەنگاوی سەربازەکان بەشێوەیەکی مقەستی بەدوامدا دەهاتن. بەئاگا و بێ ئاگایی دەستم لە لووتم دا، پاشان لە چووکم، گوێم. هەستم کرد لە ژێر ترپەی ترسناکی هەنگاوەکانیان بچووک دەبمەوە، بچووکتر، تاکو دەبمە مێروولە، تەنە شاراوەکانی دەوروبەریشم گەورە و فراوانتر دەبوونەوە. بەچاویان شوێنەوارەکانی منیان لەناو دەبرد. سەریان دەگەیشتە حەلحەلەی ئاسمان. بەکلاوە ئاسنەکانی سەریان دەستیان بەر هەر ئەستێرەیەک بکەوتایا، دەیانسڕییەوە.

شارەکە لە ژێر پەردەی تاریکیی خۆرگیراندا ئاهەنگی جەژنی سەربەخۆیی دەگێڕا. دەنگی تەپڵەکان بەرزتر دەبووەوە و جووڵەی مارشە سەربازییەکان لە گوێمدا دەزرنگایەوە. لە هیکڕا ئیستگە نیشتمانییەکان بێدەنگ بوون و جگە لە حەکایەتەکانی داپیرەم، کە دەچووینە جێگەوە بۆی دەگێڕاینەوە، هیچم بیر نایەت. ئەو دەمی تاریکی باڵی بەسەر شاردا دەکشێت، شەهیدان دەگەڕێنەوە. وەکو دڵۆپە باران زیاد دەکەن.

گوتی: با دەستمان و حەکایەتە جوانەکانمان و کۆرپە تازە بووەکان بۆ پێشوازییان لەبەر دەرکی دەروازەی شارە ئاسنینەکاندا بەرز بکەینەوە. پۆل پۆل لە دارستان و ئەشکەوتەکانەوە دێن. ئەو سروودانە دەڵێنەوە، کە سەرباز پێش ئەوەی بچێتە شەڕێکی ڕەواوە، دەیڵێتەوە.

لەو دەمی لە تاریکیدا بەرەو نادیار ڕێم دەکرد، گەواهی دەدەم، کە پیاوکوژانم بینی. دیتیانم لە شێوەی مەرگ لە سەربانە قرمیدکراو و پەنجەرە شکاوەکانەوە دەچنە سەر جێگەی زارۆک و ژنانەوە و چاوە شووشەیییە گەورەکانیان لە کەلێنی پەنجەرە و کونی دەرگەکانەوە دەخزانە سەر تەوێڵ و پشتەملیان.

ئەوەتا تاریکی شار دەتەنێتەوە. خۆرەکە بووەتە بازنەیەک لە تاریکی. بەسەری ئێوە سوێند دەخۆم، لەو ساتانەدا خۆرگیرانم بینی لە گەرمەی ڕۆژدا بەیەکجاری دەنیشێتەوە سەر شار و پەیتا پەیتا سیمای دڵگیری لەدەست دەدا و ئاوا دەبێت. لە یەکێک لە گۆشەکانی ئاسمانی ئەم شارەدا، لەپڕ دەنگی حەمۆم بەرگوێ کەوت، گۆرانییەکەی خۆی دەگوتەوە و ئاوێتەی مارشی سەربازی و ئەو تەپڵانەی دەکرد، کە گوێیان کەڕ دەکرد:

**حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆیی. حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەبا چوو.**

نازانم بینیم یاخۆ نا، کەچی ئێنجاش لە بیرمە چاوەکانیم بینی فرمێسکیان دەڕژاندن لەگەڵ شتێلێک لە خوێنی مەییویان دەکرد. قورس و گەرم وەک ئەم خۆرەی لە بان خانووە نەوییەکاندا سووتا. لە هەموو ئەمانەش زیاتر، بڕوام پێ ناکەن گەر پێتان بڵێم مەهدیم بینی دڵی گڕی گرتبوو و بووە ئەستێرەیەکی ڕاستەقینە لە نێوان ئەو هەزاران ئەستێرانە شەوی شاردا. ئەستێرەکان دوور بوون، لە هەمان کاتیشدا بەهێوری نزیک دەبوونەوە، تاکو گشت لایەکانی بەدەر کەوتن.

ئەوی بەسەرمدا هات ئەوە بوو، لەپڕ هەنگاوەکانم قورس بوون و جەستەم زەبەلاح دەبوو، ئەستێرەکانیش کەوتنە قسە و دنەیان دەدام. زمانیشم زیاد لە پێویست دەجووڵایەوە و پێڵاوە زلەکانیش لە دوامەوە بچووک دەبوونەوە و شتێکیش بەرەو ڕێگەی ئەستێرانی ڕادەکێشام.

# مردوو له بێشکەوه بۆ گۆڕ

ئای! لەوی بەسەرمدا هات بڕوا دەکەن؟ ببوورن، ئەوی لە شێتخانە و نەخۆشخانەی جوانکاری بەسەرمدا دێت؟ ئەوە چیرۆکێکە لەوە خراپترە، کە بۆم گێڕانەوە، ڕەنگە ئەگەر تەمەن ڕێم بدات و پەروەردگار چەند ساڵێکی تری پێ ببەخشێم و ئاوەزمی کەمێک لە زیان پێ گەیشتن پاراست، بۆتانی دەگێڕمەوە. دەیگێڕمەوە، چونکە بێ حەکایەت هەڵناکەم.

هەرچی ئێستاشە، هیچ شتێک نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت گشت ئەوانی دەوروبەرم بەشێت دەزانم و لە نێو ئەم هەموو مرۆڤە بێ ناسنامانەدا، تەنیا خۆم بەهۆشیار دەزانم.

چاوانم لێک دەنێم و هەوڵ دەدەم لەسەر ئەو شێتییەی بۆیان هەڵبژاردووم، بنووم، تاکو ئەو وێرانکارییە گەورەیەی چون بەڕەی ڕەش گرێ گرێ دەچنرێت و ئاوێتەی ڕەنگی خەیاڵی دەکرێت، نەبینم.

**"لێرەدا ڕووداوەکانی ساڵی پەتا گەورەکە، لە مانگی گەڵازەردان و ترس و لەرزدا، لە دامێنی سەرزەمینی شام و وڵاتی جەزایردا بەکۆتا هاتن. کە بەگوێرەی ساڵنامەی فەرەنگی دەکاتە پایز و زستانی ساڵی ١٩٨٥".**